# ڕۆژنامەوانی

## پیشەی ڕەوشت و لێهاتوویی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕۆژنامەوانی

## پیشەی ڕەوشت و لێهاتوویی

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:
شاخەوان کەرکووکی عەبدولرەزاق بۆتانی
گۆران سەباح بەفرین ئیسماعیل



ناوی کتێب: ڕۆژنامەوانی، پیشەی ڕەوشت و لێهاتوویی
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: شاخەوان کەرکووکی، عەبدولرەزاق بۆتانی، گۆران سەباح، بەفرین ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٥٤
هەڵەگری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: مەلا شاخەوان
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٠٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێشەکی

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

ڕۆژنامەوانی پەیامە، پەیام ڕاستگۆییە، ڕاستگۆیی دڵسۆزییە، دڵسۆزی لێهاتووییە، ئیتر ڕای کێشە تا دەگەیە ئەوەی کە مەرجی یەکەم و بناخەی سەرەکیی ئەم پیشەیە پسپۆڕییە، واتە خوێندەواری و زانست یان زانینی پیشەکە بەگوێرەی پرەنسیپە ڕاستەکانی خۆی. نەک هەر ڕۆژنامەوانی بگرە لەم سەردەمەدا، هیچ پیشەیەک نییە بێ بوونی پسپۆڕی و شارەزاییی تەواو ئەنجام بدرێت. داوودەزگاگەل بەجۆرێک داوای بەڵگەنامەی زانستی و ژینامە لە هەر کەسێک دەکەن کە بۆ کارکردن ڕوویان تێ دەکەن، بوار بۆ ئەملا و ئیملا ناهێڵنەوە. هەڵبەتە ئەنجامدانی هەر پیشەیەک بەکارایی و لێهاتوویی، جگە لە پسپۆڕی، عەشق و خولیا و سەوداسەریشی دەوێت. بێ ئەوەی مرۆڤ ئەوینداری کارەکەی خۆی بێت داهێنان ڕوو نادات. بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کە ناویان ناوە پیشەی ماندوێتی، یان پیشەی ماندوێتی نەناسین.

لە کوردستانی ئێمەدا، ڕۆژنامەوانی بەباری ژمارەییدا تەواو چووەتە پێش. ڕۆژانە بڵاوکراوەی تازە لە دایک دەبن. لە هەلومەرجی ئازادیدا دەرفەت لە پێش هەر کەسێکدا کراوەیە بڵاوکراوە دەربکات، یان ئێستگەی ڕادیۆ و تیڤی دابمەزرێنێ یان سایتی ئینتەرنێت بکاتەوە و چۆنی بوێ هەواڵ بووەشێنێ و بۆچوون دەربڕێ. بەڵام کاتی سەرنج دەدەی زۆربەی ئەم بەلاڤۆک و ئێستگانە لە ڕووی پیشەوانی (مهنی)یەوە لاوازن. هەروەها ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن بنەما سەرەکییانی ئەم کارە باش نازانن، لەبەرئەوەشە بەردەوام بیروبۆچوونی خۆیان زاڵ دەکەن بەسەر ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن. ڕۆژنامەوانی یەکەمین پێناسەی ئەوەیە کە دەڵێ: گەیاندنی زانیاری بەبێلانەیی، ئینجا گەیاندنی بیروبۆچوونی هەمەجۆرەی لایەندار لەسەر بناخەی زانیارییەکانی پێشوو.



لای ئێمە کارەکە لە سەرەتاوە بەهەڵە و چەواشەیی دەست پێ دەکات. ئەوانەی کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن، لە سەرەتای دوو سێ ڕستەی یەکەمەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن کە دژ یان لایەنگری ئەو هەواڵەن وا پێشکێشی دەکەن. دەبێ بزانین کە لایەنداری هەواڵ دەکوژێ، نەک هەر دەیکوژێ بگرە سیفەتی هەواڵیشی لێ وەردەگرێتەوە و دەیکات بەجۆرێک لە ڕاگەیاندنی حزبییانەی دژوار. ئەوانەی کاری ڕۆژنامەوانی بەم جۆرە دەکەن، بەر لە هەموو شت ڕەنجی خۆیان بەبا دەدەن، دوای ئەمە سەر لە خەڵک دەشێوێنن و ڕێی دروستبوونی بۆچوونیان بۆ ناهێڵنەوە. بەکورتی هیچ ئامانجێک ناپێکن.

دەشێ لێرەدا کێشەی ڕاگەیاندنی ئەمڕۆی کوردستان لە دوو سێ ڕستە کۆ بکرێتەوە، ئێمە کۆمەڵگەیەکین تازە پێ دەنێینە ناو قۆناخی دیموکراسییەوە. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی جڤاکی دیموکراسیش بریتییە لە ئازادیی بیروڕا. هەڵبەت سەکۆی ئازادیی بیروڕاش ڕۆژنامەوانییە بەهەموو لک و پۆپەکانیەوە: دیتەنی، بیستەنی، نووسەنی. بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی داهاتوو ساغ و تەندروست و بێوەی بێت، دەبێ هۆشیاریی خەڵک لە ئاستێکدا بێت بتوانن بڕیار بدەن، بۆ نموونە لە هەڵبژاردندا دەنگ بدەن بەکێ، کام بەرنامە پەسند بکەن، یان چۆن پاڵەپەستۆ بخەنە سەر دەسەڵات بۆ ئەوەی هەندێک جار بڕیارێک بدات یان بڕیارێکی خۆی بگۆڕێت. کورتەی قسە بێ هەبوونی ڕۆژنامەوانییەکی کارا و کاریگەر، ڕای گشتی دروست نابێت.

با سەرنجێک لە دنیای دەوروبەر بدەین، ئەو وڵاتانەی ڕای گشتی تیایاندا لە ئاستی بەرپرسیاریدایە، ژیان لە هەموو ڕووێکەوە خۆشگوزەرانترە، ئابووری دەڵێی، ڕۆشنبیری دەڵێی، یان لە ڕووی سیاسییەوە کەش ئارامە و هەموو شت لە لەنگەری خۆیدا وەستاوە. بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەشدا کە ڕای گشتی گەوجانە و حولحولییە، ژیان لە هەموو ڕووێکەوە پەشێوە. بەکورتی و پوختی، هەبوونی ڕۆژنامەوانییەک کە بتوانێ ڕای گشتی بەئاراستەی باشدا ڕێنوێنی بکات، یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ڕاست و تەندروست کە کۆمەڵگەی دیموکراسییە.

لەم کورتەیەدا ناتوانین لە بایەخ و گرینگییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی بپێچینەوە.

ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆ بووە بەپێناسەی ژیان. مرۆڤ خۆی و ژیانی خۆی لە ڕاگەیاندندا دەدۆزێتەوە. تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا نەبێ، کە ڕاگەیاندنێکی شەل و گێڕ قوت بووەتەوە، کەس نازانێ پەرۆشی چییە یان وێڵی دوای چ ئامانجێکە. لاپەڕەی ڕۆژنامەکان پڕن لە ڕیسواکردن و درێوکردنی ئەم و ئەو، زانیاریی چەوت و چەواشە، پەسن و ستایشی ناپێویست. ڕاستە دەبێ درێو درێو پێشان بدرێ بەڵام هەندێک جار بگرە زۆر جار لێرەدا جوانیش درێو دەکرێ. ئەمەش لە نەزانینەوە دێ، نەزانیش لەم سەردەمەدا واتە لەنگبوونی بەرپرسیارەتی.

مرۆڤ ناتوانێ هەمیشە گلەیی لەم و لەو بکات و دەستی چەوریان بەسەردا بسڕێتەوە. ڕۆژنامەوانانی کوردستان ناهەقیان نییە و کەس ڕێنوێنیی نەکردوون. هێشتا پەیمانگە و کۆلێجەکانی ڕاگەیاندن لە ئاستێکدا نین بتوانن کادیری باش و لێهاتوو، هەروەها بەگوێرەی ژمارەی پێویست دابین بکەن. خولی مەشق کەمە، گەلانی دراوسێمان، ئەوانیش ئەزموونی باش و دڵگیریان زۆر نییە تا بۆمان بنێ بەرێپێشاندەر. ئیتر دۆخەکە بەجۆرێکە تا ماوەیەکی درێژی تریش گۆڕانی بەسەردا نایەت و هەر لە هەمان بازنەدا دەخولێینەوە.

دەمێنێتەوە یەک ڕێگەی چارەسەر کە بۆ ئەم قۆناغە بەدەردی ئێمە دەخوات. ئەویش وەرگێڕانی هەندێک کتێبە بۆ فێربوونی پیشەی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەکی دروست و بەگوێرەی ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو. ئەم کتێبەی بەردەست یەکێکە لەو نموونانە و زۆریش بەکەڵکی ڕۆژنامەوانانی لاو دێت. خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر شتی گرینگیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێ ڕۆژنامەوانی پیشەی ڕەوشتە، ڕەوشتیش واتە هەستی بەرپرسیارەتی لە لای مرۆڤدا لە ئاست دەوروبەرەکەی، مرۆڤێک نەتوانێ بەرپرسیار بێت ناتوانێ هەڵگری هیچ پەیامێک بێت، بێگومان ناشتوانێ ببێت بەڕۆژنامەنووس.

**٨ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٧**

# ئازادیی دەربڕین

ئازادیی دەربڕین زۆربەی جار بە چەمکێکی جەوهەری دادەنرێت لە دیموکراسییە لیبراڵە نوێکاندا، کە تیایاندا ئازادیی دەربڕین وەک قەدەغەکار و یاساغکارێک بۆ نەهێشتنی سانسۆر و چاودێری ڕەچاو دەکرێت. مافی ئازادیی دەربڕین لەژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا لە ڕێگەی هۆکارگەلێکی بێژماری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە مسۆگەر کراوە و، بە شێوەیەکی بەرچاویش لە مادەی ٩ی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و مادەی ١٠ی پەیماننامەی ئەورووپای مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە واری جێبەجێکردندا کەموکوڕییەکان لە زۆرێک لە وڵاتاندا هەر بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە. زاراوەی هاوتای ئەم زاراوەیەش کە ئازادیی ڕادەربڕینە هەندێک جار بە زاراوەیەکی باشتر ڕەچاو دەکرێت وەک لە ئازادیی دەربڕین چونکە ئازادیی دەربڕین تیایدا مەبەست تەنیا قسەکردنی زارەکی نییە، بگرە ئەم مافە بەم شێوەیە لێک دەدرێتەوە کە پارێزگاری لە هەموو کردارێکی گەڕان و وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکەکان بکات بە چاوپۆشی لەو ناوەندانەی بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارانە بەکاردەهێنرێن.

ئازادیی ڕادەربڕین مافێکی ڕەها نییە: هێشتا حکوومەتەکان ڕەنگە هەندێک جۆری زیانبەخشی ڕادەربڕین بە قەدەغەکراو بژمێرن. لە ژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا، سنووردارکردنی ئازادیی دەربڕین پێویستە بگونجێت لەگەڵ تاقیکردنەوەیەکی سێ برگەییی توند و تێیدا سەرکەوتوو بن: پێویستە ئەو سنووردارکردنانە بە یاسا پاڵپشتی بکرێن و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک دانرابن کە ڕەوا و پێویست بن (واتە گونجاو بێت) بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە. ئەو ئامانجانەش کە بە ڕەوا دادەنرێن بریتین لە پارێزگاریکردن لە ماف و ئابڕووی کەسانی تر (ڕێگەنەدان بە ناوزڕاندن) و، پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی و شیرازەی سیستەمی گشتی و تەندروستیی گشتی و ڕەوشتە گشتییەکان.





بەشێوەیەکی گشتی ئازادیی ڕادەربڕین وەک ڕێسای بنچینەیی (ڕەسەن) دانی پێدا دەنرێت و سنووردارکردنەکانیش وەک هەڵاوێردراو لەو ڕێسایە ڕەچاودەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا، گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی ئەو ڕێسایە شتێکە زۆربەی جار کەموکوڕیی تێدایە و بەتەواوی ئەنجام نادرێت.

## باکگراوەندی مێژوویی

یەکەم یاسای مۆدێرن لە بارەی ئازادیی دەربڕین و گەیشتنی دەستی خەڵک بە زانیارییەکان لە شانشینی سوید لە ساڵی ١٧٦٦ دەرچوو. ئەمەش بۆ هەوڵەکانی فەیلەسووفی فینلەندی (ئەندێس چیدینەس) دەگەڕێتەوە. ئەم فەیلەسووفە لیبراڵیستێکی نەریتی بوو، کە بانگەشەی بۆ بازرگانیی ئازاد و ئازادیی زانیارییەکان دەکرد بۆ ئەوەی کەناڵێکی دروستی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دابین بکرێت بۆ پرۆسەی یاسادانان و بڕیاردان لەسەر دابەشکردن و تەرخانکردنی سەرچاوەکانی دەرامەت.

بەڵگەنەویستە کە هەر جۆرێکی دیاریکراوی ئازادیی نووسین و لەچاپدان یەکێکە لە بەهێزترین شورەکانی مانەوە و پارێزگاریکردن بۆ ڕێکخستنی ئازادانەی دەوڵەت، کە

بەبێ ئەوە، دەوڵەت زانیاریی تەواوی لەبەردەست نابێت بۆ داڕشتنی یاسای گونجاو و، ئەم دادپەروەرییە بەخشراوەش ناتوانرێت چاودێریی بخرێتەسەر و، تەنانەت هاووڵاتییانیش نازانن کە پێداویستییەکانی یاسا چین و، سنوورەکانی مافی حکوومەت چین و، بەرپرسیاریەتیی خۆشیان نازانن وەک هاووڵاتی و، بەبێ ئەوە پەروەردە و ڕەفتاری باش لەناودەچن و، توندوتیژی و پێشێلکاری لە بیرۆکە و، قسە و شێوازەکانی ڕەفتارکردن دەردەکەون و، تاریکی سەراپای ئاسمانی ئازادییەکانمان لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دادەپۆشێت. ئەمە لەیاداشتنامەی چیدینەس لەبارەی یاسای ئازادیی زانیارییەکانەوە وەرگیراوە.

فەیلەسووف (ئەلیکس دو تاکڤیل) (١٨٠٥–١٨٥٩) تێبینیی ئەوەی کرد کە ڕەنگە خەڵک دوودڵ بن لە قسەکردن بە ئازادی نەک تەنیا لە ترسی ئازاردانیان لەلایەن حکوومەتەوە بگرە لەبەر دروستبوونی پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتیی زۆر لەسەریان. کاتێک کەسێک بۆچوونێک ڕادەگەیەنێت کە باو و جەماوەری نییە، ڕەنگە ئەو کەسە ڕووبەڕووی قێز و ڕق لێبوونەوەی کۆمەڵگەکەی خۆی ببێتەوە و تەنانەت لەوانەشە بکەوێتە ژێر شەپۆلی توندوتیژیی پەرچەکرداریشەوە. لە کاتێکدا ئەم جۆرە سەرکوتکردنەی ئازادیی دەربڕین (سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی) وەلانانی زۆر گرانترە لە سەرکوتکردنی حکوومەت بۆ ئازادیی دەربڕین، جێی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ بەڕاستی ئەمە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی ئازادیی دەربڕینەوە، کە بەشێوەیەکی ئاسایی وەک ئازادبوونێکی مەدەنییانە یان ئازادبوون لە کردارەکانی حکوومەت ڕەچاو بکرێ؟



# تیۆرەکانی دەربڕینی ئازاد

## تێڕوانینێکی گشتی

ئەگەر بمانەوێت تێڕوانینێک لەبارەی سروشتی ڕاستەقینەی چەمک و سنوورە عەقلانییەکانی ئازادیی دەربڕین تێ بگەین، گرینگە لە پاساوە تیۆرییە جۆرەوجۆرەکانی ئازادیی دەربڕین تێ بگەین. بەشێکی پاساوی دەربڕینی ئازاد بریتییە لە گریمانەی لیبراڵی گشتی یان گریمانەی لیبراڵییانە لە دژی ناچارکردنی تاکەکان و دوورخستنەوەیان لەو شێوازەی ژیان کە بۆ خۆیان حەزیان لێیە و لەوەی کە خۆیان دەیانەوێت ئەنجامی بدەن. بەهەرحاڵ، ژمارەیەک پاساوی ڕوونتر و دیاریکراوتر هەن کە بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک پاساو بۆ ئازادیی دەربڕین پێشنیاز کراون.

بۆ نموونە، دادوەری دادگای باڵای کەنەدی (ماکلاچلان) لە بارەی کێسی (کیگسترا) کە کێسێکی ساڵی ١٩٩٠ە لەبارەی دەربڕینێک کە ڕق و کینە دەربڕێت ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوەی دەستنیشان کردووە:

(١) دەربڕینی ئازاد دەبێتە هۆی پەرەپێدانی "هاتنەناوەوەی ئازادانەی ئەو بیرۆکانەی کە زۆر گرینگ و بنچینەیین بۆ دیموکراسیی سیاسی و دەزگا و دامەزراوە دیموکراتەکان" و تواناکانی دەوڵەت لە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تر سنووردار دەکات.

(٢) دەربڕینی ئازاد دەبێتە هۆی برەودان بە هێنانەکایەی بازاڕێک بۆ بیرۆکەکان بۆ نموونە گەڕان بە دوای ڕاستییەکان لەخۆ دەگرێت.

(٣) ئازادیی دەربڕین لە ڕووی خۆی سرووشتی شتەکەشەوە وەک هۆکارێک بۆ دەستەبەرکردنی واقیعییەت لە لای قسەکەر و گوێگریش شتێکی گرینگ و بەنرخە.

(٤) هەروەها ئازادیی دەربڕین دەبێتە مەترسی تەنانەت گەر حکوومەتێکی باشیش ڕێگە بە جێبەجێکردنی پێبەندکارەکانی ئازادیی دەربڕین نەدات و پاساویان بۆ نەهێنێتەوە.

لەوانەیە ئەم جۆرە پاساوانە تێکەڵ بەیەک بن. هەموویان بەیەکەوە، پاساوێک دروست دەکەن کە بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر پەسەند دەکرێت بۆ داننان بە ئازادیی دەربڕین وەک ئازادییەکی بنچینەییی سیاسی و مەدەنی.

دەکرێت بە شێوەیەکی ورد لە ڕێگەی جیاوازەوە هەریەک لەم پاساوانە ڕوون بکرێتەوە و ڕەنگە پێویست بکات هەندێکیان ڕادەی لێهاتووییان تاقی بکرێتەوە. دەکرێت پاساوی یەکەم و چوارەم لەگەڵ یەک دابنرێن بەو پێیەی کە پاساوی دیموکراتییانەن، یان جۆرە پاساوێکن کە پێوەستن بە خۆی پرۆسەی حومکڕانییەوە. ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ ڕووەکانی ڕۆڵی سیاسییانەی دەربڕینی ئازاد لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا. پاساوی دووەم بە ئاشکراکردنی ڕاستییەکانەوە پێوەستە. پاساوی چوارەمیش زۆر بە توندی بە بەها ئازادیخوازییە گشتییەکانەوە پێوەستە، بەڵام جەخت لەسەر گرینگیی تایبەتیی زمان و، هێمابازی و، نوێنەرایەتیکردن بۆ ژیان و سەربەخۆییمان دەکاتەوە.

ئەم شیکارییانەش ژمارەیەک دەرئەنجام پێشنیاز دەکەن. یەکەم، بەڵگەی بەهێز و تێکەڵ بەیەک هەن بۆ دەربڕینی ئازاد وەک بنەمایەکی سیاسیی سەرەکی لە هەر دیموکراسیەتێکی لیبراڵدا. دووەم، هەرچۆنێک بێت، دەربڕینی ئازاد چەمکێکی ڕەها و سادە نییە بگرە ئازادییەکە کە لە ڕێگەی بەهای قووڵترەوە ڕەوایەتیی خۆی وەردەگرێت. سێیەم، ئەم بەهایانەی کە لە پاساوە جۆرەوجۆرەکاندا دەردەکەون بۆ دەربڕینی ئازاد ڕەنگە بە هەمان هێزی هاوشێوە نەتواندرێت بەسەر هەموو جۆرەکانی قسەکردن و هەموو جۆرە بارودۆخێکدا بچەسپێندرێن.

## خۆ فەرمانڕەواییکردن

ئازادیی دەربڕین زۆر گرینگە لە هەموو دیموکراسیەتێکدا، چونکە گفتوگۆی کراوەی نێوان پاڵێوراوان لەبەردەمی خەڵکدا شتێکی بنچینەیییە بۆ دەنگدەران تا بتوانن لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا بڕیاری خۆیان بدەن. هەر لە ڕێگەی قسەکردنەوەیە خەڵک دەتوانن لە دەستنیشانکردنی پلانە سیاسییەکاندا کاریگەرییان بەسەر بژارەکانی حکوومەتەکەیانەوە هەبێت. هەروەها، کارمەندە گشتییەکان لە ڕێگەی ئەو ڕەخنانەوە بەرپرسیار دەکرێن کە لێیان دەگیرێت و ڕێگە خۆش دەکەن بۆ



لەکارخستنیان و دانانی کەسانی تر لە شوێنیان. دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان دان بە توانای ڕەخنەگرتن لە حکوومەت و بەرپرسانی حکوومیدا دەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا گەرەنتییەکانی قسەکردن و ڕۆژنامەوانی تەنیا پێوەست نین بە ڕادەربڕینی سیاسی یان باسکردنی کاروباری گشتی کە بنچینەیین بۆ بوونی حکوومەتێکی دروست.

هەندێک پێیان وایە کاتێک خەڵک لە دەرخستنی ناکۆکییەکانیان دەسڵەمێنەوە ئەمە لەبەرئەوەیە کە لە سزادان و تۆڵەکردنەوە دەترسن، لەو کاتەشدا حکوومەت وەڵامی داواکارییەکانیان ناداتەوە گەر ئەوان داوای نەکەن، کەواتە حکوومەت کەمتر لەبەرامبەر کردارەکانی خۆیدا بەرپرسیار دەبێت.

بەرگریکاران لە دامەزراندنی حکوومەتێکی ئازاد زۆربەی جار پێیان وایە کە ئەمە هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی حکوومەت دەربڕینی ئازاد سەرکوت بکات تاوەکو خۆی لە لێپرسینەوە بە دوور بگرێت.

هەرچۆنێک بێت، ڕەنگە بووترێت هەندێک لە پێوەندەکانی سەر ئازادیی دەربڕین دەکرێت بوونیان هەبێت و بگونجێن لەگەڵ دیموکراسیەت یان تەنانەت بگرە بۆ پاراستنی دیموکراسییەتیش پێویست بن.

## ئاشکراکردنی ڕاستی

پاساوێکی کلاسیک بۆ پارێزگاریکردن لە ئازادیی دەربڕین وەک مافێکی بنچینەیی ئەوەیە کە ئەم مافە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی شتێکی سەرەکی و پێویستە. باشترین تاقیکردنەوەش بۆ ڕاستی برێتییە لە هێزی بیرۆکەکان لە کێبەرکێکردن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لە بازاڕی بیرۆکەکاندا و، ڕاستیش تاکە زەوینەیە بۆ ئەو بیرۆکانە کە بەهۆیەوە بتوانن خواستەکانیان بە سەلامەتی بەجێ بگەیەنن. دادوەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (هۆڵمز) ئەو خوازە (استعارة) بە هێزەی "بازاڕی بیرۆکەکانی" ورووژاند و هێنایە کایەوە.

ئەم پاساوەی بازاڕی بیرۆکەکان بۆ ئازادیی دەربڕین لەلایەن پسپۆڕانەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە کارێکی هەڵەیە هەموو بیرۆکەکان بێنە ناو ئەو بازاڕەوە ڕەخنەی لێ گیراوە، هەتاوەکو ئەگەر بێنە ناو بازاڕەکەشەوە، ڕەنگە هەندێک لە بیرۆکەکان

هەندێک بیرۆکەی تر وەلانێن تەنیا لەبەرئەوەی ئەو بیرۆکانە لەلایەن سەرچاوەی بالاترەوە بڵاو دەکرێنەوە و هێزی زیاتریان دەبێت.

هەروەها بازاڕی بیرۆکەکان لەبەر ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت لە کۆتاییدا ڕاستی بەسەر ناڕاستیدا سەردەکەوێت ڕەخنەی لێدەگیرێت. ئاشکرایە بە درێژاییی مێژوو خەڵک ڕەنگە بە گوێرەی سۆز و هەستەکانیان، نەوەک لە ڕێگەی عەقڵیانەوە، پاڵ بنرێن و کاردانەوەیان هەبێت، تەنانەت ئەگەر واشبێت کە ڕاستی لە کۆتاییدا هەر سەرکەوێت، تا ئەو کاتە ئەوا زەرەری زۆر گەورە ڕووی داوە لەو ماوەیەی تا ڕاستییەکە ئاشکرا دەبێت. ئەگەر ئەم لایەنە لاوازانەی بازاڕی بیرۆکەکانیش دانیان پیادا بنرێت ئەوا لایەنگرانی ئەو تیۆرە دەڵێن گۆڕینەوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا بە دیاریکردنی ڕاستییەکان لەلایەن حکوومەت و چاودێریکردنی ناڕاستیەتی شتێکی خراپترە.

ئالان هۆرس لە کتێبەکەیدا (دەربڕینی ئازاد – ١٩٩٨)، دەڵێت بەکارهێنانی خوازەی بازاڕی بیرۆکەکان شتێکی هەڵخەڵەتێنەرە. ئەو دەڵێت پاساوی پارێزگاریکردنی کلاسیکیانە لە ئازادیی دەربڕین لە کتێبەکەی (میل)دا کە بە ناوی (لەبارەی ئازادییەوە)یە نابێتە هۆی پێشخستن و هێنانە کایەوەی بیرۆکەی بازاڕ (کە دواتر لەلایەن هۆلمزەوە ئەم بیرۆکەیە دەناسرێنرێت) بگرە بە شێوەیەکی سەرەکی داوای ئازادیی پێشکەوتن و گفتوگۆکردنی بیرۆکەکان دەکات لە گەڕانیان بە دوای ڕاستییەکاندا یان لە تێگەیشتنیان بۆ ڕاستییەکان.

لە داڕشتنی ئەم بەڵگەیە، هۆرس دەڵێت میل کۆمەڵگە وەک شتێک کە زیاتر لە سیمینارێکی ئەکادیمیی بەرز بکات وێنە دەگرێت، نەوەک بازاڕێک بۆ بیرۆکەکان. ئەمەش پێویستیی ستاندەردە نەنووسراوەکان بۆ ڕەفتارکردن و کارلێککردن لەخۆ دەگرێت، کە لە ناویشیاندا چەند پلەیەکی ڕێزگرتنی دوو لایەنانە هەبێت. ئەمەش ڕەنگە بە باشی ئەو جۆرە قسانە سنووردار بکات کە پاساوی پارێزگاری لێکردنیان هەیە.

ڕێگەیەکی تر بۆ داڕشتنەوەی ئەم خاڵە برێتییە لەوەی کە دان بە بانگەشەکەی میلدا بنێین کە هەندێک جۆری ئازادیی دەربڕین پێویستن لەبەر پێویستیی هزری.



ئەمەش دەکرێت پاڵپشتی ئەو پێویستییە بانگەشە بۆکراوە بکات کە داوای پاراستنی بیرۆکە ناجەماوەرییە مومکینەکان دەکات. هەرچۆنێک بێت، دەکرێت ئەو کات ئەمەشی بخرێتە سەر کە ئەوە مەرج نییە ببێتە هۆی ئەوەی ڕێژەیەکی بەرفرەوانی قسەکردن، لە نێویشیاندا قسەی تانە و تەشەر و سوکایەتیپێکەر، پێویست بێت هەمان پارێزگارییان لێ بکرێت.

وەک ئەوەی میل دایڕشتووە، ئەم پاساوە دەکرێت بەو چاوە سەیر بکرێت کە بژاردەییە (نخبوي)، لەبەرئەوەی قسە و دەربڕینە بچووکەکان زیاتر سەرنجی بیرمەندەکان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. لەپاڵ ئەمەشدا، هەندێک بۆچوون و هەست هەن بۆ ئەوەی ئەم پاساوە فرەوانتر بکرێتەوە بۆ ئەو دیوی قسەی ئەو کەسانەی کە خەریکی گەڕانن بە دوای هزری بەرتەسکدا، وەک زانایان و توێژەرەوە ئەکادیمییەکان.

بە مانایەک لە ماناکان ئەمە لەگەڵ ئەو پاساوانەی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی دامەزراون تێکەڵ دەبێتەوە، ئەگەر بێت و لەسەر بنەمای پێوەندی بە پێویستیی سایکۆلۆجییانەی تاکەکان بۆ گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا و تێگەیشتنیان شی بکرێنەوە. بە مانایەکی تر، ڕەنگە ئەمە بەرفرەوانتر بکرێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو ئەدەب و هونەرانەش بگرێتەخۆ کە پێوەندیان بە هەندێک جۆری بەها کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە.

## پێشخستنی سەربەخۆیی

بۆچوونی تر هەیە کە دەڵێ ئازادیی دەربڕین لایەنێکی گرینگی کەسایەتی و سەربەخۆیی ئادەمیزادە. بۆ نموونە گوتراوە کە خۆپێشاندانی سیاسی جۆرێکە لە جۆرەکانی خۆناساندن و خۆناسین تەنانەت ئەگەر خۆپێشاندەر بزانێ کە خۆپێشاندانەکەی بێهودەیە. ئەم بیرۆکەیە ڕێگە بۆ بۆچوونێکی تر خۆش دەکات کە بانگەشە بۆ پاراستنی چالاکییەکانی گوزارشتکردن دەکات، کە ئەو چالاکییانە مۆرکی سیاسیی ئاشکرایان پێوە دیار نییە و وەک هونەری ڕووتەنی (تجريدي) و مۆسیقا و سەماکردن بۆ سەربەخۆییی کەسێتیی ژیاری نین.

چونکە پاراستنی ئازادیی دەربڕین یارمەتیی پرۆسەی سیاسی دەدات و پرۆسەی

گەڕان بەدوای ڕاستییەکان پێش دەخات، بۆیە گرینگیی بەهاکانی گوزارشتکردن باشتر دەردەخات. ئازادیی دەربڕین بەتەنیا پێداویستییەکانی سیاسەت دابین ناکات، بگرە پێویستییەکانی ڕۆحی ئادەمیزادیش – ئەو ڕۆحەی داوا دەکات گوزارشت لە خۆی بکات. ئەم بۆچوونە جاری وا هەیە زیاتر پەرەی پێ دەدرێت بە هۆی ئاماژەکردن بە گرینگیی گەیاندنی هزر و بیرە ڕەسەنەکانیان و بەهای داهێنان کە لە وێژە و هونەر و چەندین ڕێگەی تر گوزارشتی لێ دەکرێت. پرسەکە لێرەدا ئەوەیە کە پێویستە ئێمە چۆن لەگەڵ تاکەکانی تر وەک بوونێکی سایکۆلۆژی و ئاکاری ڕەفتار بکەین، لە کاتێکدا ئەو تاکانە پێویستیان بە گوزارشت لەخۆکردن و خۆناساندن هەیە. ڕەخنەگرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن هیچ هۆیەکی زگماکی نییە بۆ ئەوەی ئازادیی دەربڕین ببێتە مافێکی سەرەکی، ئەگەر لەگەڵ چالاکیی تر بەراوردی بکەین، کە ڕەنگە ئەو چالاکییانە بەشێک بن لە سەربەخۆیی یاخۆ پەرەپێدانی توانای خۆناساندن.

## پەرەپێدانی لێبوردەیی

بۆچوونێکی تر هەیە لەبارەی ئازادیی دەربڕین کە دەڵێ ئەو ئازادییە تەواوکەری لێبوردەیییە کە هەندێ کەس پێیان وایە پێویستە ببێتە بەهایەکی بنچینەیی لە کۆمەڵگەدا . پرەنسیپی ئازادیی دەربڕین کردارێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە بریتییە لە تەرخانکردنی لایەنێکی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی بۆ دان بەخۆگرتن کە مەبەستەکەی پەرەپێدان و پێشاندانی توانایەکی کۆمەڵایەتییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو هەست و سۆزانەی بەهۆی کۆمەڵێک ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە. بەڵام پرەنسیپی ئازادیی دەربڕین نیگەرانییەکی تری لەگەڵدایە ئەویش کەمتر نییە لە یارمەتیدان لە هێڵکاریکردنی "کەسایەتییە هزرییەکەی کۆمەڵگە".

بۆیە لێبوردەیی بەهایەکی داواکراوە ئەگەر بنچینەیی نەبێ و، پاراستنی قسەکەری نەناسیش خۆی لە خۆیدا کردارێکی لێبوردەیییە. ئەمجۆرە لێبوردەیییەش وەک نموونەیەکە هانی بوونی لێبوردەییی زیاتر لە کۆمەڵگەدا دەدات. بەڵام ڕەخنەگران دەڵێن کۆمەڵگە نابێ، بۆ نموونە، لە بەرامبەر ئەو تاکانەی داکۆکی لە گەیاندنی زیانی گەورە و تەنانەت جینۆساید بە خەڵک دەکەن سینگ فرەوان بێت. ڕەخنەگران دەڵێن



ڕێگە گرتن لەم جۆرە زیانانە گرینگترە لەوەی سینگ فرەوان بین بەرامبەر ئەو کەسانەی بانگەشە بۆ گەیاندنی ئەو زیانانە دەکەن.

## کۆتوبەندەکانی سەر ئازادیی دەربڕین

جۆرەها دەستەی حاکم و کۆنترۆڵکار و یاخۆ بەهێز لە زۆر شوێنی جیهاندا هەوڵیان دا بیر و ڕای جەماوەر یا خەڵکانی تر بە هۆی کردارێکەوە کە لە ڕاستیدا بەرژەوەندیی یەک لایەن دەپارێزێ بگۆڕن. ئەم هەوڵە بۆ سەپاندنی شێوەیەک لە شێوەکانی کۆنترۆڵ بە هۆی کۆنترۆڵکردنی پێوەندیکردن مێژووی هەیە و بە تیروتەسەلی لە لایەن میشێل فوکۆ تیۆری بۆ دانراوە. زۆر کەس ئەو هەوڵانەی کۆنترۆلکردنی مشتومڕ بە هێرش بۆ سەر ئازادیی دەربڕین دادەنێن و، نموونەکانی کە دەیهێنن لەمبارەیەوە ئەمانەن:

* هەندێ کەس دەرکردنی سکۆت پارکین چالاکی بواری ئاشتی لە ئۆسترالیا لە ئەیلوولی ٢٠٠٥دا وەک هێرشێک دژی ئازادیی دەربڕین دادەنێن. دەرکردنەکەش بە گوتەی حکوومەتی فیدراڵی ئوسترالیا بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی بووە.
* لە فینلەندا یاسایەکی نوێی مافی لەچاپدان دەرکراوە، لە ٢٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، کە نووسین لە بارەی چەند شێوازێکی کردنەوەی مۆرسی نووسینەکان قەدەغە دەکات.
* کۆمپانیای Limited Gunns کە لە بواری دار و دارتاشی لە ئۆسترالیا کار دەکات داوای لەسەر ١٧ کەسی چالاک تۆمار کردووە کە یەکێکیان سیناتۆر بۆب براونی سەربە پارتی سەوزی ئۆسترالیایە لەگەڵ سێ ڕێکخراوی ژینگەپارێزی قازانج نەویست و داوای بڕی ٨.٧ ملیۆن دۆلار قەرەبوویان لێ دەکات. کۆمپانیاکە بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە ناوبانگیان زڕاندووە و بوونەتە هۆی لەدەستدانی قازانجێکی زۆر و شکات لێکراوەکانیش دەڵێن ئەوان تەنیا هەوڵیان داوە ژینگە بپارێزن. هەرچەندە ئەم نموونەیە یاسای باری تایبەت دەیگرێتەوە نەک سانسۆری حکوومەت، بەڵام هەندێ کەس دەڵێن ئەمەیان بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و پێوەندی بە یاسای ناوزڕاندنەوە هەیە، چونکە چالاکانی بواری ژینگەپارێزی ڕادەکێشێتە دادگە و کۆمپانیای Gunns ڕەنگە کارگەیەکی داربڕین

لە هەرێمی ئەسمانیای باکور دامەزرێنێت. بە پێی ئەم بۆچوونە داواکار واتە کۆمپانیاکە هەوڵی پاراستنی ناوبانگی خۆی نادات بگرە هەوڵی ترساندنی داوا لێکراوان، واتە چالاکانی بواری ژینگە، دەدات بە هۆی داوای قەرەبووکردنەوەی زۆر و خەرجیی لە ڕادەبەدەری دادگاییکردنەکە دەدەن. ئەم جۆرە داوایانە پرسیاری بەبایەخ قیت دەکەنەوە کە تا چەند بۆ کۆمپانیا مەزنەکان هەیە سوود لە یاسای ناوزڕاندن وەربگرن.

* لە بەریتانیاش پەرلەمان یاسای تاوانە ترسناک و ڕێکخراوەکان و پۆلیسی لە ساڵی ٢٠٠٥دا پەسند کرد کە خۆپیشاندانی بە بێ مۆڵەت لە دووریی یەک کیلۆمەتر لە پەرلەمان قەدەغە کرد. یەکەمین حاڵەتی تاوانبارکردن بە پێی یاساکە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥دا بوو کە مایا ئیڤەنز لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بە تاوانی خوێندنەوەی ناوی کوژراوەکانی شەڕی عێراق (سەربازی بەریتانی و هاووڵاتیی عێراقی) بە بێ مۆڵەتی پۆلیس لە ژێر مۆنیومێنتی سەربازە کوژراوەکاندا لە لەندەن تۆمەتبار کرا.
* لە ئیتالیا خاوەن چەندین کۆمپانیای بواری ڕاگەیاندن سیلڤیۆ برلسکۆنی سانسۆری بەکارهێناوە لە ڕێگەی ڕاگرتنی زنجیرەی بەرنامەی ڕەخنەئامێز Raiot کە سابینا گوزانتی لەسەر کەناڵی RAI پێشکێشی دەکرد بە بەهانەی ئەوەی بەرنامەکان بازاڕین و سوکایەتییەکی زۆر بە حکوومەت دەکەن. (ئەو دەڵێ کە بە نیازە داوا لە دژی RAI تۆمار بکات و داوای قەرەبووکردنەوە بە بڕی ٢١ ملیۆن یۆرۆ بکات ئەگەر بەرنامەکە چی تر پەخش بکرێت). کەناڵی RAI پەخشی بەرنامەکەیان ڕاگرت و، سابینا گوزانتی داوای لە دادگە تۆمار کرد بۆ دووبارە پەخشکردنی بەرنامەکەی و داواکەی بردەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوە حکوومەت و کەناڵی RAI بە بڕیاری دادگە قایل نەبوون و چیتر بەرنامەکە پەخش نەکرا.
* لە هەندێ وڵاتی ئەورووپایی ڕەتکردنەوەی ڕوودانی هۆلۆکۆست بە تاوان دادەنرێ. لە نەمسا سزای سێ ساڵ زیندانی بۆ دێڤد ئێرڤینگ یەکێ لە نەیارانی ئەم یاسایە بڕایەوە چونکە لە شوباتی ٢٠٠٦ ڕوودانی هۆلۆکۆستی ڕەت کردەوە.
* هەندێ وڵات تا ئێستاش یاسای بەسەرچووی سانسۆریان هەیە کە بە دەگمەن



بەکار دەهێنرێت. لە ڕووی تەکنیکەوە یاسای بەریتانی تا ئێستا کفرکردن و نمایشکردنی کێری ڕەپ و هاندانی خۆکوشتن قەدەغە دەکات.

## ئینتەرنێت

پەرەسەندنی ئینتەرنێت هەلی نوێی بۆ وەدیهێنانی ئازادیی دەربڕین هێنایە کایەوە بە هۆی بەکارهێنانی چەند شێوازێک کە پشت بە ڕێکارەکانی یاسایی نابەستنەوە. ناوی خواستراو و پەناگەی زانیارییەکان وەک Freenet بوار بە ئازادیی دەربڕین دەدەن، نەخاسمە تەکنۆلۆژیاکە گرەنتیی ئەوە دەکات کە بابەتە نووسراوەکان لانابرێن (سانسۆر ناکرێن).

ئەو سایتانەی لە هەندێ وڵات دەکەونە ژێر سانسۆری حکوومەتەوە، بە بێ سانسۆر لە سێرڤەری وڵاتانی تردا مێوان دەکرێن. چونکە ئەمریکا کەمترین کۆت و بەندی حکوومەتیی لەسەر ئازادیی دەربڕین هەیە، بۆیە زۆربەی ئەو سایتانەی لە وڵاتان سانسۆر دەکرێن لەسەر سێرڤەرێکی ئەمریکاییی ئینتەرنێت دووبارە میوان دەکرێن و، بەم شێوەیە لە سانسۆر ەدربازیان دەبێ و بەردەوام دەبن. ئەمەش حاڵەتی سایتەکانی نازییە نوێکان و سایتەکانی ترە کە بانگەشەی ڕق لێبوونی ڕەگەزی دەکەن، چونکە ئەو سایتانە لە ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپاییدا قەدەغەکراون. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە حکوومەتی ئەمریکا هەوڵی دا چەند جۆرێکی دیاریکراوی کردار و قسەکردن لەسەر ئینتەرنێت بە یاسا ڕێک بخات. دامەزراوەی سنووری ئەلیکترۆنی EFF ڕێکخراوێکە کار لە پێناوی پاراستنی ئازادیی دەربڕین لەسەر ئینتەرنێت دەکات. حکوومەتی چین توانیویەتی پێشکەوتووترین جۆر و شێوازی سانسۆرکردنی ئینتەرنێت دابهێنێ بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی زانیاری لە بارەی بابەتی هەستیاری وەک ڕووداوەکەی گۆڕەپانی تیان ئان مینی ساڵی ١٩٨٩ و فالون گۆنگ و تیبت و تایوان و کولتووری ڕووتی (پۆرنۆگرافی) و دیموکراسی. هەر لەم بارەیەوە چین داوای یارمەتی لە هەندێ کۆمپانیای ئەمریکی وەک کۆمپانیای MSN کردووە، کە زۆر جار لە لایەن ڕکابەرەکانیانەوە ڕەخنەیان لە بارەی ڕێگرتن لە ئازادیی دەربڕین لێ گیراوە.

## ئازادیی ڕۆژنامەوانی



ئازادیی ڕۆژنامەوانی یان (ڕۆژنامەوانیی ئازاد) گەرەنتییەکی حکوومەتە بۆ ئازادیی دەربڕین و زۆربەی جاریش ئەم مافە لەلایەن دەستووری دەوڵەتەوە دەپارێزرێت و بۆ هاووڵاتیان و کۆمەڵە فرەوان دەبێتەوە تا ڕێکخراوەکانی پەخشکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتە چاپکراوەکانیش بگرێتەوە. ئەم مافە بریتییە لە کۆکردنەوەی هەواڵ و کردارە پێوەندیدارەکانی بەدەستهێنانی زانیارییە هەواڵییەکان بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوە.

ئەوەی تایبەتە بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەبارەی حکوومەتەوە ئەوە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت کە دیاریی بکات کامە زانیاری پێویستە خەڵک بیزانن و ئەو زانیارییانە چین کە پێویستە بپارێزرێن و نەکەونە بەردەستی خەڵک، بەگوێرەی پۆلێنکردنی زانیارییەکان بۆ زانیاریی هەستیار و، ئەوپەڕی نهێنی و، نهێنی و، یان ناشێ بۆ بڵاوکردنەوەی لەبەر کاریگەری لەسەر ئاسایشی نیشتمانی.

زۆر لە وڵاتان ئێستا کەوتوونەتە ژێر باری ئەو یاسایانەی کە مۆرکی ئازادی یان یاسای ئازادیی زانیارییەکان لادەبەن و بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیشتمان.

### بنەما سەرەکییەکان و پێوەرەکان

ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە زۆربەی وڵاتەکان مانای ئەوە لە دوو توێی خۆیدا هەڵدەگرێت کە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە نووسین یان بە هەر شێوازێکی تری ڕادەربڕین یان ئەفراندن گوزارشت لە خۆی بکات.

لە جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە:

"هەموو تاکێک مافی ئازادیی بۆچوون و دەربڕینی هەیە و، ئەم مافەش بریتییە لە



ئازادیی پەیڕەوکردنی بۆچوونەکان بەبێ هیچ دەستێوەردان و پشکنینێک و وەرگرتنی زانیارییەکان و بیرۆکە گرینگەکان لە ڕێگەی هەر پێناوێکی ڕاگەیاندنەوە بە چاوپۆشین لە هەموو سنوورێک".

بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم فەلسەفەیە بە یاسایەکەوە دەلکێندرێت کە پلەی جۆرەوجۆری ئازادیی توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوە و لە چاپدان دەستەبەر دەکات، بەڵام قووڵاییی بەرجەستەکردنی ئەم یاسایە لە سیستەمی دادگەریی وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەکرێت بگاتە ڕادەی گەرەنتیکردن و بە دەقکردنی لە دەستووردا.

زۆربەی جاریش هەر هەمان ئەو یاسایە هەردوو چەمکی ئازادیی دەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەوانی لەخۆی دەگرێت، ئەمەش مانای وایە لە دەرئەنجامدا یاساکە چارەسەر بۆ ئازادیی تاکەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی یەکسان پێشکێش دەکات.

شان بەشانی ئەم پێوەرە یاساییانە هەندێک لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بۆ بڕیاردان لەسەر ڕێژەی ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە ناوچەکانی جیهاندا پێوەری زیاتر بە کاردەهێنن. ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانانی بێ سنوور ژمارەی ڕۆژنامەوانە کوژراو یان دەستبەسەرکراو یان دوورخراو یان هەڕەشە لێکراوەکان و دەستبەسەرداگرتنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لەلایەن دەوڵەتەوە لەگەڵ بوونی سانسۆر و سانسۆری خۆی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەربەخۆیی تەواو بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەروەها ئەو ئاستەنگانەی پەیامنێرە بیانییەکان لەو وڵاتەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە وەک پێوەر لەبەرچاو دەگرێت.

بەڵام ڕێکخراوی خانەی ئازاد Freedom House لێکۆڵینەوە لە ژینگە سیاسی و ئابورییە زیاتر گشتییەکانی هەر وڵاتێک دەکات بە مەبەستی دیاریکردنی بوونی پێوەندی پشت بەیەکتری بەستن کە لەکاتی چەسپاندندا لە ئاستی ئەو ئازادییە ڕۆژنامەوانییەی کە لە ڕووی تیۆرییەوە دوور لەو پێوەندییانە بوونی هەیە کەم دەکاتەوە. لەبەرئەوە چەمکی سەربەخۆییی ڕۆژنامەوانی پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا هەیە.

## ڕۆژنامەوانی وەک دەسەڵاتی چوارەم

چەمکی ڕۆژنامەوانی وەک دەسەڵاتی چوارەم بەکاردەهێنرێت بۆ بەراوردکردنی ڕۆژنامەوانی (هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی) لەگەڵ سێ لقەکەی مۆنتیسکیۆ کە بریتین لە: دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری. ئادمۆند برۆک لەم بارەیەوە دەڵێت: "سێ دەسەڵات لێرەدا یەکدەگرنەوە لە ژێر بنمیچێکدا لە پەرلەمان، بەڵام لەوێدا لە هۆڵی پەیامنێران دەسەڵاتی چوارەم دانیشتوون کە لە هەمووتان گرینگترە".

پێشکەوتنی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی هاوشان بوو لەگەڵ پێشکەوتنی لیبرالیزم لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. و ف. س. سایبرت لە بابەتێکدا بە ناونیشانی تیۆری لیبرالیەت بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی نووسیویەتی:

"بۆ تێگەیشتنی ئەو پرنسیپانەی کە لە حکومەتە دیموکراسییەکاندا جڵەوی ڕۆژنامەوانییان بەدەستەوەیە، مرۆڤ پێویستە لە فەلسەفەی لیبرالییەتی بنچینەیی تێ بگات کە بە درێژاییی ماوەی نێوان سەدەی حەڤدەهەم و سەدەی نۆزدەهەم پەرەی سەندووە".

ئازادیی دەربڕین مافێک نەبووە کە دەوڵەت بیبەخشێتەوە، بگرە مافێکە کە تاک بە پێی یاسای سرووشتی هەیەتی. بۆیە ئازادیی ڕۆژنامەوانی بەشێکی جیانەکراوەی مافە کەسییەکانی مرۆڤ بووە کە ئایدۆلۆژیای لیبرال پاڵپشتیی لێ دەکات.

بیرۆکەی لیبرالیەت بۆ ئازادییەکان خۆی لە ئازادیی نەرێنی (نیگەتیڤانە) دەبینێتەوە، بە مانایەکی تر واتە کۆتایی هێنان بە سەرکوتکاری، مافەکانی تاک بێ هیچ بەربەستێک لە گەشەسەندندان و، ئەم بیرۆکەیە وەک بیرۆکەیەکی دژ بە هەندێک فەلسەفەی سۆشیالیزم کە ئازادی بە شێوەیەکی ئەرێنی (پۆزەتیڤانە) دیاری دەکەن یان بە مانایەکی تر ئازادی بریتییە لە ئازادیی کارکردن و ئازادیی دروستکردنی خانوو و شتی تری لەو جۆرە. لەبەرئەوە شتێکی ئاساییە کە ئازادیی ڕادەربڕین لە ماوەی سەرهەڵدانی لیبرالیەت گەشە بسێنێت و ئازادییەکانیش نەرێنی بن. ئازادی ئەگەری بڵاوکردنەوەی بیروڕا بۆ هیچ کەسێک گەرەنتی ناکات بگرە ئەوە گەرەنتی دەکات کە هیچ کەسێک ڕێگە لە بڵاوکردنەوەی ئەو بیروڕایە نەگرێت.



## پێگەی ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە سەرتاپای جیهاندا

ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانانی بێ سنوور هەموو ساڵێک ڕاپۆرتی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە ناوی وڵاتەکانی تێدا بە گوێرەی مەرجەکانی ئازادیی ڕۆژنامەوانی پۆلێن دەکات. ئەم ڕاپۆرتانەش پشت بە دەرئەنجامی ئەو فۆرمی ڕاپرسییانە دەبەستن کە بۆ ئەندامانی ڕێکخراوە هاوشێوەکانی ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانانی بێ سنوور دەنێردرێن سەبارەت توێژینەوەکانی توێژەرەوە تایبەتمەندەکان و یاساناسان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ. ئەم ڕاپرسییەش پرسیار لەبارەی هێرشکردنی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ڕۆژنامەوانان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەروەها سەرچاوەکانی تری پاڵەپەستۆ لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەوانی وەک پاڵەپەستۆی لایەنە ناحکوومیەکان بۆ سەر ڕۆژنامەوانان لەخۆ دەگرێت. ڕۆژنامەوانانی بێ سنوور گرینگییەکی لەڕادەبەدەر دەبەخشن بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکە پۆلێنکردن یان "ڕێبەری ئازادیی ڕۆژنامەوانی"ی تێدابێت و دوور بێت لە هەڵسەنگاندنی خۆی کاری ڕۆژنامەوانی.

لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەو دەوڵەتانەی کە ئازادییەکی ڕۆژنامەوانیی تەواویان هەبوو بریتی بوون لە فینلەندا، ئایسلەندا، هۆلەندە، نەرویج. و لە ساڵی ٢٠٠٤ هاوشان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە وڵاتانی وەک دانیمارک و ئێرلەندا و سلۆڤاکیا و سویسرا لەسەرەوەی لیستی ئەو وڵاتانە بوون کە ئازادییەکی ڕۆژنامەوانیی تەواویان هەیە و دوابەدوای ئەوانیش نیوزلەندا و لاتڤیا دێن. بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە نزمترین ئاستی ئازادیی ڕۆژنامەوانییان هەبوو لە پێشەوەی هەموویان کۆریای باکور دێت بەدوای ئەمیشەوە کوبا و بۆرما و تورکمانستان و ئەریتیریا و چین و ڤێتنام و نیپال و سعوودیە و ئێران دێن.

## دەوڵەتە نادیموکراسییەکان

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی "ڕۆژنامەوانانی بێ سنوور" سێ یەکی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی لەو وڵاتانەدا دەژین کە ئازادیی ڕۆژنامەوانی تیایاندا بوونی نییە. زۆرینەش لەو وڵاتانەدا دەژین کە سیستەمێکی دیموکراسیی تێدا نییە یان ئەوەتا لە پرۆسەی دیموکراسییەتدا کەموکوڕیی زۆر ترسناکیان هەیە.

ئازادیی ڕۆژنامەوانی بە چەمکێکی زۆر کێشەئامێز دادەنرێت بۆ زۆرینەی



سیستەمە حوکمڕانە نادیموکراسییەکان، نەخاسمە کۆنترۆڵکردنی گەیشتن بە زانیارییەکان لە سەردەمی نوێدا بە شتێکی گرینگ و زیندوو دادەنرێت بۆ مانەوەی زۆرینەی حکوومەتە نادیموکراتەکان بە هاریکاریی دەزگاکانی کۆنترۆڵکردن و دەزگاکانی ئاسایش. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، زۆرینەی کۆمەڵگە نادیموکراتەکان ئاژانسی هەواڵی سەر بە حکوومەت دادەمەزرێنن بۆ دەستەبەرکردنی پرۆپاگەندەی پێویست بۆ پاراستنی بناخەی پاڵپشتیکارانی سیاسییان و سەرکوتکردنی (کە زۆربەی جار بە شێوەیەکی دڕندانەی توند دەبێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە) هەر هەوڵدانێکی بەرچاو لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن یان تاکەکان بۆ بەزاندنی "هێڵی حیزب"ی دروست لە پرسە ناکۆکەکاندا. ئەو ڕۆژنامەوانانەش کە لەو جۆرە وڵاتانەدا دەژین دەبنە ئامانجێک بۆ هەڕەشەی چەندبارە لەلایەن بەکرێگیراوانی حکوومەت و ئەم مەترسییانەش لە هەڕەشەی سادە لەسەر دواڕۆژی پیشەکەیان (دەرکردن لە کار، دانانی ناوی ڕۆژنامەوانەکە لە لیستی ڕەشدا) دەست پێ دەکات تا دەگاتە هەڕەشەکردن بە کوشتن و ڕفاندن و ئەشکەنجەدان و تیرۆرکردن. "ڕۆژنامەوانانی بێ سنوور" ڕایان گەیاندووە کە ٤٢ ڕۆژنامەوان لە ساڵی ٢٠٠٤ لە دەرەوەی کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان کوژراون و لە هەمان ساڵدا ١٣٠ ڕۆژنامەوان بەهۆی چالاکییە پیشەییەکانیانەوە خزێنراونەتە زیندانەوە.



## ئازادکردنی زانیاری

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥دا لە بەریتانیا چەکێکی نوێ درایە دەستی ڕۆژنامەوانانەوە تا بتوانن دژ بە نهێنیپارێزی لە دەزگا حکوومیەکاندا بوەستنەوە. ئەم چەکە برێتی بوو لە یاسای ئازادکردنی زانیاری. بە کورتی ئەم یاسایە دەڵێت هەر زانیارییەک لە لایەن دەسەڵاتەوە شاراوە بێت دەشێ ئاشکرا بکرێت (جگە لە زانیاریی پێوەندیدار بە هەندێ لایەنەوە کە دوایی باسیان دەکەین). دەکرێ بڵێین ئەو بوارانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە برێتین لە:




– حکوومەتی ناوەندی و خۆجێیی.
– بواری تەندروستی.
– پۆلیس و هێزی چەکدار.
– بواری فێرکردن.
– هەموو دەزگا گشتییەکانی تر لە ئینگلتەرا و وێڵز و ئێرلاندی باکور.

دەتوانین بڵێین ژمارەی ئەو داوودەزگایانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە زۆر زۆرن. بەپێی ئەم یاسایە دەبێ دەزگا گشتییەکان نەخشەی بڵاوکراوەیەک دەر بکەن، تیایدا ئەو زانیارییانە دیاری بکات کە دەسەڵاتی گشتی دەیانخاتە بەردەست و بە چ شێوەیەک ئەم کارە ئەنجام دەدات. داواکردنی زانیاری کارێکی ئاسانە.

ئەوەی پێویستە تەنیا ئەوەیە:

– داواکارییەک بنووسی.
– ئەو زانیارییە دیاری بکەی کە دەتەوێ.
– ناو و ناونیشانی خۆت بە مەبەستی نامە گۆڕینەوە دیاری بکە.

کاتێک فەرمانگەی دیاریکراو داواکارییەکەی بەدەست دەگات، ماوەی ٢٥ ڕۆژی لە بەردەستدایە بۆ وەڵامدانەوە. ئەو کات داواکە وەڵام دەدرێتەوە. ئەمجا وەڵامەکە بە ئەرێ یان نەرێ دەبێ و گەر وەڵامەکە نەرێنی بوو دەبێ ئەو هۆکارانە ڕوون بکرێنەوە کە ڕێگرن لە ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانە کە پێویستە زانیارییەکە یەکێک بێت لە وانەی یاساکە نایانگرێتەوە. بەپێی ئەم یاسایە چەند جۆرە زانیارییەک هەن ئاشکرا ناکرێن و داوای زانیاری لەم حاڵەتانەدا ڕەت دەکرێتەوە کە:

– لە شوێنی تر بە هۆی ترەوە زانیاریی داواکراو دەست بکەوێت.
– نیازی ئەوە هەبێ ئەو زانیارییانە لە داهاتوودا بڵاو بکرێنەوە.
– زانیارییەکە پێوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەبێ.
– مەترسیی ئەوە هەبێت بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییە زیان بە پێوەندیی بەریتانیا لەگەڵ وڵاتانی تردا بگەیەنێت.
– زانیارییەکە پێوەندی بە خێزانی شاهانەوە هەبێت.

هەروەها دەزگا گشتییەکان بۆیان هەیە داوای زانیاری بە هۆی زۆریی تێچووەکەیەوە ڕەت بکەنەوە، کە بڕیار وایە ڕێنوێنی دەرچێت بۆ ڕەتکردنەوەی هەر داوایەک کە جێبەجێ کردنی لە ٤٥٠ پاوەند زیاتری بوێ. بڕیاری چۆنێتیی مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ داواکانی زانیاری دراوەتە دەست دەزگاکان خۆیان. جگە لەمەش دەزگاکان بۆیان هەیە زانیاری بە خۆڕایی ببەخشن یان بە پارە بفرۆشن. یاسای ئازادکردنی زانیاری کارێکی نوێ و گرینگە لە بواری یاساداناندا و ئەو زانیارییانە ئازاد دەکات کە تا ئێستا دەسەڵات دەستی بەسەردا گرتوون. بەڵام کاتی دەوێ تا نرخی تەواوی ئەم یاسایە دەزانرێ و ڕۆژنامەوانان دەتوانن بە تەواوی سوودی لێ وەرگرن و بەکاریان بهێنن. ئەم یاسایە ڕێی بۆ ئەو ڕۆژنامەوانانە خۆش دەکات کە گومان یان بیرۆکەیان هەیە بۆ ئەوەی بەو زانیارییانە بگەن کە پێشتر زۆر





سەخت بوو دەستیان بکەوێ. باشە بەپێی ئەم یاسایە دەتوانی چ جۆرە زانیارییەک داوا بکەیت؟ لە ڕاستیدا هەموو جۆرە زانیارییەک پێوەندیی بە ژیانی گشتییەوە هەبێ (جگە لەوانەی لە سەرەوە باسمان کردن) دەکرێ داوا بکرێت. بۆ نموونە:

– دەزگای BBC لە ساڵێ ڕابردوودا چەند پارەی لەو ئۆتۆمۆبیلانە خەرج کردووە کە شۆفێریان بۆ گیراوە؟
– دەزگایەکی گشتی چەند داوای ئازادکردنی زانیاریی بەدەست گەیشتووە؟
– زانیاریی تەواو لە بارەی تێچووی گەشتی هەموو بەرپرسان بۆ دەرەوە و ئەو گەشتانە بەمەبەستی چی بوون؟

بەمە بۆمان دەردەکەوێ کە مەودای داوای زانیاری بێ سنوورە، بابەتی گرینگ و پڕ بایەخ تا دەگاتە وردەکاریی بێ نرخ لە خۆ دەگرێ. باشترین شتیش لەم یاسایە ئەوەیە کە ئەرکی هاوکاریکردنی تۆ دەخاتە سەر ئەستۆی دەسەڵات، بەپێی داوای خۆت و پێویستە دەسەڵات لەو زانیارییانەی بە تۆی دەدا ڕاستگۆبێت و هیچت لێ نەشارێتەوە.

لە ڕابردوودا دەسەڵات لەزۆر حاڵەتدا دەیتوانی داواکانت پشتگوێ بخات. ئازادکردنی زانیاری شتێکە پێویست دەکات گشت ڕۆژنامەوانانی نوێ بە بیرێکی فرەوان و داهێنەرەوە بیزانن و پێشوازیی بکەن. هەروەها گرینگە بزانی ئازادکردنی زانیاری دەکرێ تیشکی نوێ بخاتە سەر هەندێ بابەتی گرینگی کۆن، هەروەها هۆکارە ڕاستەکانی چەندین هەڵمەتی ڕۆژنامەوانی ئاشکرا بکات.

# نموونەیەک لە یاسای ڕەوشتەکانی ڕۆژنامەوانی

کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانە پیشەییەکانی ئەمریکا

باشترکردن و پاراستنی ڕۆژنامەوانی

## پێشەکی

ئەندامانی کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانانی پیشەیی باوەڕیان وایە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی گشتی پێشینەیە بۆ وەدەستهێنانی دادپەروەری و بناخەی دیموکراسییە.

ئەرکی ڕۆژنامەوانان بریتییە لە بەرەو پێشبردنی ئەم ئامانجە بەهۆی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و پێشاندانی دادپەروەرانە و هەمەلایەنەی ڕووداو و پرسەکان. ڕۆژنامەوانە ویژدان زیندووەکان لە هەموو میدیا و بوارەکانی تایبەتمەندیدا بۆ بەرژەوەندی جەماوەر و لە ڕێگەی دروستی و ڕاستگۆییەوە خەبات دەکەن.

بێگەردیی پیشەگەرییانە بەردی بناخەی باوەڕپێکراویەتیی ڕۆژنامەوانانە. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە خۆتەرخانکردن بۆ ڕەفتارە ڕەوشتییەکان و پەیڕەوکردنی ئەم یاسا ڕەوشتییە بۆ بانگەشەکردن و ڕاگەیاندنی بنەماکان خۆیان تەرخان دەکەن.

**بەدوای ڕاستیدا بگەڕێ و بڵاوی بکەوە:** دەبێت ڕۆژنامەوان لە کۆکردنەوە و گەیاندن و شرۆڤەکردنی زانیارییەکاندا ڕاستگۆ و دادپەروەر و بەجەرگ بێت.

**دەبێت ڕۆژنامەوان:**

- ڕاست و دروستیی زانیارییەکان لە هەموو سەرچاوەکاندا تاقی بکاتەوە و وریایی پەیڕەو بکات بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی هەڵەی نەخوازراو. چەواشەکردنی بە ئەنقەست هیچ دەم ڕێگەی پێ نەدراوە.
- زیرەکانە بابەتەکان لە سەرگوزەشتە هەواڵییەکان هەڵبهێنجێت بۆ ئەوەی دەرفەتیان پێ بدات وەڵامی دەنگۆی جێبەجێکردنی هەڵە بدەنەوە.
- هەر کاتێک لە توانادا هەبوو دەبێ سەرچاوەکان دەستنیشان بکات. جەماوەر



هێزای زۆرترین بڕی شیاوی باوەڕپێکراوێتیی سەرچاوەکانن.

- هەردەم پاڵنەرەکانی سەرچاوەکان بخاتە ژێر پرسیار بەر لەوەی گفتی بڵاوکردنەوەی ناوی سەرچاوەیەک بدات. ئەو بارودۆخانە ڕوون بکاتەوە کە پێوەستن بە ئەنجامدانی هەر گفتێک لە بەرامبەر بەدەستهێنانی زانیارییەکان و هەروا پاوەند بێت بە گفت و پەیمانەکانیەوە.
- ئەوە دڵنیا بکاتەوە کە مانشێتەکان، هەواڵە تەنگ پێ هەڵچنەکان، بابەتە پاڵپشتیکارییەکان، وێنە، ڤیدیۆ، دەنگە، گرافیک و خواستنەکان بە خراپی پێشان نەدرێن. پێویستە ئەمانە ڕووداوەکان سادە نەکەنەوە و ئەوەندەش لەدەرەوەی ڕەوشەکەیاندا زەق نەکرێنەوە.
- هەرگیز چەواشەی ناوەڕۆکی وێنە هەواڵییەکان یان هەواڵە ڤیدیۆییەکان نەکات. پتەوکردنی وێنە بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەکە تەکنیکێکە هەردەم ڕێگەی پێ دراوە. مۆنتاج و ڕوونکارییە ڤیدیۆییەکان ناونیشاندار بکات.
- دوور بکەوێتەوە لە دووبارەکردنەوەی هەڵخەڵەتێنەر و ڕووداوە هەواڵییە پێشینە داڕێژراوەکان. ئەگەر دووبارەکردنەوە بۆ هەواڵێک پێویست بوو، ئەوا نیشانداری بکات.
- دوور بکەوێتەوە لە ڕێگە نهێنی و داپۆشراوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە ڕێگە ئاساییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەدی نەکرێن بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەک کە بۆ جەماوەر گرینگە. پێویستە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕێیانە وەک بەشێک لە باس و هەواڵەکەدا ڕوون بکرێنەوە.
- هەرگیز خۆی بە خاوەنی بیرۆکە و زانیارییەکانی خەڵکانی تر نەناسێنێت.
- هەواڵەکان چاونەترسانە بە گوێرەی فرەجۆری و گەورەیی قەوارەی شارەزاییەکانی مرۆڤ داڕێژێ و بڵاویان بکاتەوە، تەنانەت کاتێک ئەگەر باویش نەبوون هەر وا بکات و باسیان بکات.
- بەها کولتوورییەکانی ئەوان تاقی بکاتەوە و خۆی لە سەپاندنی ئەو بەهایانە بەسەر خەڵکانی تردا دوور بخات.
- پەنا نەباتە بەر پۆلێنکردن لەسەر بنەمای نەژاد، ڕەگەز، ئاین، نەتەوە، جوگرافیا،

مەیلی سێکسی، پەککەوتەیی، شێوە، ڕووخسار و پایەی کۆمەڵایەتی.
– هانی ڕاگۆڕینەوەی ئاشکرا بدات تەنانەت ئەگەر پێیان وابوو بۆچوونەکان نەخوازراو و قێزەوەنن.
– دەنگی بێدەنگەکان دەربخات، دەکرێت سەرچاوە ڕەسمی و نارەسمییەکانی زانیاری لە متمانەداری و ڕەواییدا هاوتا بن.
– جیاوازی لە نێوان داکۆکیکردن و هەواڵ گەیاندندا بکات. شیکاری و لێدوانەکان دەبێت ئاماژە بەسەرچاوەکانیان بکرێت و ڕاستییەکە، یان ڕەوشەکە بە هەڵە دەرنەخەن.
– جیاوازی لە نێوان هەواڵ و بانگەشەدا بکات و خۆی بە دوور بگرێت لەو شتە تێکەڵاوانەی کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەم دووە تەماوی دەکەن.
– دان بە ئەرکێکی تایبەتدا بنێت بۆ ئەوەی ئەوە دڵنیا بکاتەوە کە کاروباری خەڵک بە شێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوە دەبرێت و تۆمارەکانی حکوومەت بۆ پشکنین کراوەن.

**زیانگەیاندن کەم بکەوە:** ڕۆژنامەوانە ڕەوشتیارەکان ڕێز لە سەرچاوە و بابەتەکان و هاوپیشەکانیان دەگرن و وەک مرۆڤ سەیریان دەکەن.

**پێویستە ڕۆژنامەوان:**
– هاوسۆزیی خۆی بۆ ئەوانە پیشان بدات کە ڕەنگە بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێکیەوە کاریان لێ بکرێت. کاتێک مامەڵە لەگەڵ منداڵان و ئەو سەرچاوە یان بابەتانەدا دەکات کە پێشتر تاقی نەکراونەتەوە، پێویستە هەستیارییەکی تایبەت بەکار بهێنێت.
– کاتێک بەدوای ئەو چاوپێکەوتن و وێنانەی کەسە زیانپێکەوتووەکانی کارەساتێک یان خەمێکدا دەگەڕێت پێویستە بە هەستیارییەوە ئەم کارە بکات و ئەو زانیارییانە بەکار بهێنێت. ئەوە بزانێت کە ڕەنگە کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاپۆرت گەیاندن زیان و نارەحەتیی بە دوواوە دێت. بەدواداچوون و گەڕان بەدوای هەواڵەکان مۆڵەتێک نییە بۆ خۆ بەزلزانی و کەللەڕەقی.
– ئەوە بزانێت کە کەسایەتییە تایبەتەکان مافێکی زیاتریان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی زانیارییە تایبەتەکانی خۆیان بە بەراوورد لەگەڵ بەرپرسە گشتییەکان یان



کەسانی تر کە بەدوای گەیشتن بە دەسەڵات و کاریگەری و سەرنج ڕاکێشاندا دەگەڕێن. تەنیا پێویستییە گشتییە هەرە گرینگەکان پاساون بۆ دەس تێوەردان لە تایبەتمەندیی هەر کەسێکی تر.
– پەرۆشییەکی باش پیشان بدات و خۆی لە ڕەتکردنەوەی پرسیاری سارد بەدوور بگرێت.
– لە دەستنیشانکردنی گومان لێکراوە هەرزەکارەکان یان قوربانیانی تاوانە سێکسییەکاندا وریا بێت.
– لە ناوهێنانی گومانلێکراوان پێش بەرزکردنەوەی داوای ڕەسمی لەسەر تۆمەتەکانیان پێویستە بە ئاگا و بڕیار دروست بێت.
– هاوسەنگی لە نێوان مافی تاوانباری گومانلێکراو لە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە لەگەڵ مافی جەماوەر لەوەی کە دەبێت زانیارییان لەسەر ئەو تاوانە پێ بگات، بپارێزێت.

**سەربەخۆ ڕەفتار بکە:** نابێت ڕۆژنامەوانان خزمەتی هیچ بەرژەوەندییەک بکەن جگە لە مافی جەماوەر لە وەدەستهێنانی زانیاریدا.

**دەبێت ڕۆژنامەوان:**
– خۆی لە بەگژداچوونی بەرژەوەندییەکان بەدوور بگرێت، جا بەرژەوەندیی مادی یان واتایی بن.
– دوور بێت لەو کۆمەڵە و چالاکییانەی ڕەنگە سازش لەسەر بێگەردی بکەن یان زیان بە ڕاستگۆیی بگەیەنن.
– دیاری و خزمەت و کرێ و گەشتی بەخۆڕایی و مامەڵەکردنی تایبەت و بەکارخستنی لاوەکی و تێوەگلانی سیاسی و پێگە و خزمەتگوزاریی گشتی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە ڕەت بکاتەوە، ئەگەر ئەمانە بۆ سازشکردن لەسەر بێگەردیی ڕۆژنامەوانی بوون.
– ئەو کێشانە ئاشکرا بکات کە ناتوانرێ خۆیان لێ بەدوور بگرێت.
– بەئاگا و بەجەرگ بێت لەبارەی لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان.
– مامەڵەکردنی لایەنگرانە بۆ خاوەن بانگەشە و شاباش و بەرژەوەندییە تایبەتەکان

ڕەت بکاتەوە و لەبەرامبەر پاڵەپەستۆکانیاندا بۆ کارتێکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان ملکەچ نەبێت.

– وریا بێت لەو سەرچاوانەی کە بۆ وەدەستهێنانی خزمەتێک یان بۆ پارە زانیارییەکان پێشکێش دەکەن و خۆی لە فشەکەری بۆ وەدەستهێنانی هەواڵ بەدوور بگرێت.

**بەرپرس بە:**

ڕۆژنامەوانان لەبەرامبەر خوێنەر و گوێگر و بینەر و لەبەرامبەر یەکتریشدا بەرپرسیارن.

**پێویستە ڕۆژنامەوان:**

– بەگوێرەی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی هەواڵەکان شرۆڤە بکات و ڕوونیان بکاتەوە و بانگهێشتن بۆ دیالۆگ لەگەڵ جەماوەردا بکات.

– هاندەری جەماوەر بێت بۆ ئەوەی دەنگی ناڕەزایی خۆیان لەبەرامبەر میدیا هەواڵییەکان دەرببڕن.

– دان بەهەڵەکاندا بنێت و بەشێوەیەکی گونجاو ڕاستیان بکاتەوە.

– کارە ناڕەوشتییەکانی ڕۆژنامەوانان و میدیاکانی هەواڵ ئاشکرا بکات.

– بەهەمان ئەو پێوانە بەرزانەوە پێوەست بێت کە خەڵکی تریان پێ بەرپرس دەکات.

((یاسای ڕەوشتەکانی کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانانی پیشەیی بە شێوەیەکی خۆویستانە لەلایەن هەزاران نووسەر و سەرنووسیار و پیشەگەرانی تری بواری هەواڵ پەیڕەو دەکرێت. ئەم کۆپییەی یاساکە لە ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن کۆبونەوەی نیشتیمانیی کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانانی پیشەییی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای لێکۆڵینەوە و مشتومڕی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەوە پەسند کراوە)).

Society of Professional Journalists
Improving and protecting journalism since 1909



## هاووڵاتی چیی لە ڕۆژنامەوان دەوێ

ئێمە وەک هاووڵاتی چ مافێکمان هەیە تا لە ڕۆژنامەوانان چاوەڕێی بکەین؟ پاش ٥ ساڵ لێکۆڵینەوە لە ١٩٩٧ – ٢٠٠٢ کە بە ڕێکخراوترین هەوڵی ڕۆژنامەوانانە لە پێناو پێناسەکردنی پرنسیپە باوەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت، ئەمانەی خوارەوە چەند پرنسیپێکن کە کۆدەنگی و ڕازیبوونی لە نێو ڕۆژنامەوانان وەدەست هێناوە و بەو مافانە دادەنرێن کە خەڵک بەسەر ڕۆژنامەوانانەوە هەیەتی:

### بەڵگەنامەی مافی هاووڵاتیان بەسەر ڕۆژنامەوانانەوە

**١. ڕاستگۆیی بەر لە هەموو شتێک**

پێویستە سەربەخۆیی ڕاپۆرتەهەواڵ دیار و بەرچاو بێت. پرۆسەی سەلماندنیش – چۆن ڕۆژنامەوان بڕیاری بڵاوکردنی شتێک دەدا و بۆچی – پێویستە ڕوون (شفاف) بێت بۆ ئەوەی بتوانین بڕیار لەسەر بەها و دادپەروەریی زانیارییەکان بدەین. بۆ نموونە: ئەو ڕاپۆرتە هەواڵە چ پێکهاتەیەکی هەواڵناردنی تێدایە؟ پێویستە سەرچاوەکانی هەواڵ لە ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا ئاشکرا بن و ڕوونیشی بکەنەوە بۆچی بناخەی زانیارییەکانیان جێگەی متمانە و پێوەندیدارن. ئەگەریش سەرچاوەکان بە نادیاری ڕاگیران ئەوا پێویستە تا بکرێ بە خوێنەر نیشان بدرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بڕیار لەسەر ڕاستگۆیی و لاگیرییەکانی ئەو سەرچاوانە بدات. پێویستە پێوەستبوونی چیرۆکە هەواڵەکە بە ڕوونی دیاری بکرێت. پێویستە پرسیاری گرینگی وەڵام نەدراو لەبەرچاو بگیرێن. ئەگەریش چیرۆکە هەواڵەکە مقۆمقۆی نایەوە، ئەوا هاووڵاتیان چاوەڕێی بەدواداچوون لە ڕۆژنامەوان دەکەن. هەروەها لە بەرامبەریشدا ئەرکی هاووڵاتیانە هەواڵەکان بە مێشکێکی کراوەوە بخوێنن، نەک بەو ئارەزووەی کە تەنیا بۆچوونەکانی خۆیانیان پێ پتەوتر بکەن.

**٢. دەبێ ڕۆژنامەوان دڵسۆزترین کەسی هاووڵاتی بێت:** ئەمەش بەو واتایەی کە هەرچی بڵاوی دەکەنەوە وەڵامی پێویستییەکانی هاووڵاتی بداتەوە، نەک تەنیا وەڵامی

پێویستییەکانی ئەوانەی ئاگادارن یان پێویستییەکانی سیستەمی سیاسی یا ئابووری بداتەوە. پێویستە چیرۆکەکانیان هەوڵێکی ڕاستەقینەی تێگەیشتنی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی پێوە دیار بێت. وەک هاووڵاتی پێویستە هەندێ حاڵەت ببینین کە کۆمپانیاکانی هەواڵ بەرژەوەندیی خۆیان لە پێناو بڵاوکردنەوەی زانیاری – هەواڵ، دیمانە، یان داپۆشینی ڕۆژنامەوانی بە تاک و بە کۆ – بخەنە بەر مەترسییەوە. دەبێت ئێمە چاوەڕێی ئەوە لە کۆمپانیاکانی هەواڵ بکەین هەر جۆرە هاوکارییەک یاخۆ بەگژداچوونی بەرژەوەندییەکان لەهەر ڕاپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرا بکەن. ئەمەش دەبێت تەنانەت هەوڵەکانی خۆی کۆمپانیاکەش لە بواری پاڵەپەستۆکردن بگرێتەوە.

٠٣ دەبێ ڕژنامەوانان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و نەبنە لایەنگری ئەو لایەنانەی کە هەواڵیان لێ دەگوازنەوە. دەبێت ڕۆژنامەوانە شیکەرەوە و ستوننووسەکان و ئەوانەی بیروبۆچوون دەنووسن بەتەواوی لە خزمەتی مشتومڕی هاووڵاتیان بن نەک لە خزمەتی چینێکی دیاریکراو یا ئەنجامێکی دەستنیشانکراو. لەو کاتەی کە نابێت ڕۆژنامەوان بێلایەن بێت لە هەمان کاتدا نابێت ئەمەکدارییان بەشبەش کراو بێت. ئەگەر ڕۆژنامەوان زۆر خۆی لەو کەسانە نێزیک کردەوە کە هەواڵیان دەگوازێتەوە ڕەنگە ئەوکات زۆر زەحمەت بێت بۆچوونی هەموو لایەنەکانی پرسەکە بخاتە ڕوو. بەرهەمی ڕۆژنامەوان دەبێت نیشانەی بیرکردنەوەی سەربەخۆی پێوە دیار بێت. نەک هەمیشە پەسنی لایەنێک بدات و ڕەخنە لە لایەنەکەی تر بگرێت. پێویستە ڕۆژنامەوان بەڵگەی زۆری دەست کەوێت کە تیایاندا نووسەرانی بیروڕا و بۆچوونەکان بەڕاستی ئایدیای هەردوو لایەنی هەر کێشەیەکیان تاوتوێ کردبێت، بەر لەوەی بڕیاری خۆی لەبارەی هەر یەکێک لە لایەنە ناکۆکەکانەوە دەربڕێت.

**٠٤ ڕۆژنامەوان چاودێر بێت بەسەر دەسەڵاتەوە و دەنگێک بێت بۆ بێدەنگەکان:** پێویستە ڕۆژنامەوان دەسەڵاتە چاودێرییەکەی خۆی بەکار بهێنێت بۆ پەردەلادان لەسەر بابەت و پرسە گرینگ و نوێیەکان کە ڕەنگە شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بگۆڕن. نابێت میدیاکانی هەواڵ ئەو مافە دەستوورییەی خۆیان بە فیڕۆ بدەن لەسەر پرس و بابەتە بێ بایەخ و نیمچە ڕیسواکان تەنیا بۆ پەیداکردنی کڕیار بۆ



هەواڵەکانیان. پێویستە ڕۆژنامەوان چاودێریی هەموو ناوەندە سەرەکییەکانی دەسەڵات بکەن لە کۆمەڵگەدا چ حکوومەت بێت یا لایەنی تر.

**٠٥ ڕۆژنامەوان ببێتە سەکۆیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتی:** پێویستە دەزگاکانی هەواڵ چەند دەلیڤەیەک بۆ لێکگەیشتن لەگەڵ خەڵکدا بخەنە بەردەست، چ بە ڕێگەی وەرگرتنی نامەی خەڵک یاخۆ ئیمێڵ یان تەلەفۆن یاخۆ کۆڕی جەماوەری، لەگەڵ فەراهەمکردنی میکانیزمێک کە بوار بە خوێنەران و بینەران بدات بەشداری لە دەوڵەمەندکردن و گۆڕینی ڕاپۆرتە هەواڵ یان لە ڕەخنەگرتندا بکەن. هەروەها پێویستە دەزگاکانی هەواڵ بەشێک لە لاپەڕەکان یاخۆ کاتی پەخشەکانیان بۆ هاووڵاتیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاونیشتیمانانی خۆیان پێوەندی بکەن. بە تێپەڕینی کاتیش دەبێت چاوەڕێی ئەوە لە میدیاکان بکەین کە لە پەخشەکانیان فرەوانترین ڕادەی بیر و بۆچوون و بەها بەدی بکرێن نەک تەنیا ئەو بۆچوونە توندڕۆیانە بن کە بوار بۆ سازش و چارەسەری کێشەکان ناهێڵن.

٠٦ مافی هاووڵاتییە هەواڵی لە قاڵبی خۆیدا لە بەردەست بێت و پێوەندیی پێوە بێت.

پێویستە ڕۆژنامەوانان بەو مەینەتییە سەرەکییەی هاووڵاتی ئاشنا بن: هاووڵاتی پێویستی بە زانینی پرسە گرینگ و ڕەوتەکان لەکاتی گونجاوی خۆیدا هەیە، بەڵام نە کات و نە دەسەڵاتیشمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هەموو پرسگەل و زانیارییە گرینگانە بزانین. هەر بۆیەش پێویستە ڕۆژنامەوانان دەسەڵاتی خۆیان بەکار بهێنن بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی کۆیان دەکەنەوە، بخەنە نێو چوارچێوەیەکی سەرنجڕاکێش کە بواری هاووڵاتیان بدات ئەو ڕووداو و پێشهاتانە بە قەبارەی خۆیان و ڕێژەی گرینگیی خۆیان لە ژیانیاندا ببینن. نابێت میدیاکانی هەواڵ هەڕەشەیەک لە قەبارەی سرووشتیی خۆی گەورەتر پیشان بدەن وەک تاوان یاخۆ حاڵەتێکی کەش و هەوا. هەروەها بۆ دابینکردنی وێنەیەکی تەواو پێویستە چاوەڕێی ئەوە لە ڕۆژنامەوانان بکەین ئەو لایەنانەی کۆمەڵگە داپۆشن کە بە باشی بەڕێوە دەچن. چونکە دەبێت سەرکەوتنیشمان وەک ژێرکەوتنمان باس بکرێت. پێویستە ڕۆژنامەوانان هاوسەنگییەک لە نێوان مافی زانینی جەماوەر و مافی نهێنیەتیی کەساندا دروست بکەن.

## چۆن دەچیتە ناو پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە

ڕەنگە زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی بڕوانامە بەدەست دەهێنن ئارەزووی ئەوە بکەن کارێکیان لە یەکێک لە دەزگاکانی میدیا چنگ بکەوێ. بۆیە لەوانەیە کەسانی زۆر هەبن بۆ هەمان ئەو پۆستەی تۆ هەوڵی بۆ دەدەی، یان پۆستی تۆیە گەر لە میدیا کار بکەیت، لە هەوڵدا بن.

هەر بۆیە گەلێک لە نووسەران و بەڕێوەبەرانی کاری ڕۆژنامەوانی بەمە پاساو بۆ کەمیی ئەو داهاتە دەهێننەوە کە ڕۆژنامەوان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدا. ئەم بۆچوونە دروستە چونکە بەڕاستی کەسانێکی زۆرن ئەوانەی گەر لێیان بپرسی دەتەوێ لە چ بوارێکدا کار بکەیت پێت دەڵی "لە میدیا". لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەوانەی ئەم حەزەیان هەیە حەزەکەیان نایەتە دی، چونکە سەرەتای ڕێگەی بوون بە ڕۆژنامەوان پڕە لە ململانێ و ئاستەنگ.

بۆیە وەک هەموو بوارێکی پێشبڕکێ و ململانێ، کارکردن بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت و بمێنیتەوە، زۆری دەوێ. خۆڕزگارکردن لەم قەرەباڵغیی ململانێیە بۆ بەدەستهێنانی پۆستێک لە میدیا ئەوە دەخوازێ تۆی خوازیاری ئەو پۆستە بزانی ئەو کەسەی کاندیدەکان هەڵدەبژێرێ چیی دەوێ. دەتوانین بەبێ دوودڵی بڵێین ئەوان لە کاندیدە بەدوای ئەم شتانەدا دەگەڕێن:

- پاوەندبوون بە پۆستێکەوە لە بواری ڕۆژنامەوانیدا.
- بڕوا بەخۆبوون بە مەرجێک نەگاتە ئاستی لووتبەرزی و لەخۆباییبوون.
- پەرۆشی بۆ فێربوون و سووربوون بۆ هاوکاریکردن و چوونە نێو کارەوە.

ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر خاڵی یەکەمەوە، لەبەرئەوەی نیشاندانی پاوەندبوون بە پۆستێک لە بواری ڕۆژنامەوانیدا زۆر گرینگە و شتێکە هەموو نووسیارانی بواری ڕۆژنامەوانی لە کارمەندی نوێ دەیخوازن. ئەم هەنگاوانەش بەتێکڕایی ئەوە نیشان دەدەن کە تۆ پاوەندی بەو پۆستەی هەڵت بژاردووە:



- داواکردن و ئەنجامدانی کار بۆ فێربوون بە خۆڕایی لە ڕۆژنامەیەکی نێوخۆییدا، واتە داوانەکردنی مووچە لە کاتی ڕاهێناندا.
- کارکردن لە فێرگەیەک یان زانکۆیەک یان لە ڕێکخراوێکی ڕۆژنامەوانی یان لە بەلاڤۆکێکدا.
- دۆزینەوەی بابەتی باشی هەواڵ و پێوەندیکردن بە ڕۆژنامەیەکەوە لە کاتی داواکردنی هەلی کار بۆ فێربوون و مەشق.
- مەشقکردن بۆ بوون بە ڕۆژنامەوان لە یەکێک لەو پەیمانگە و ڕێکخراوانەی کۆرسی ڕۆژنامەوانییان تێدا دەخوێندرێ.

ئەم خالانە نەک تەنیا ئەوە دەردەخەن کە تۆ بە کارکردن لە بواری ڕۆژنامەوانیدا پاوەند دەبی بگرە نیشانەی ئەوەشن کە تۆ ئامادەی شان بدەیتە بەر تێچووی مادیی خۆئامادەکردن بۆ بوون بە ڕۆژنامەوان.

### بەدەستهێنانی بڕوانامە لە ڕۆژنامەوانی یان لە میدیادا

گومانی تێدا نییە کە دواخاڵ لەو خالانەی پاوەندبوونی تۆ بە بوون بە ڕۆژنامەوان دەردەخەن، کەمترین بایەخی لای ئەو کەسە هەیە کە ڕۆژنامەوانی نوێ هەڵدەبژێرێت و زۆربەی نووسیارانی ڕۆژنامەوان بە گومانن لە بەهای ئەو بڕوانامانەی لە بواری ڕۆژنامەوانی یان میدیادا دەبەخشرێن. لەبەرئەوەی ئەو بڕوانامانە بەزۆری گرینگی بە لایەنی تیۆری دەدەن زیاتر لەوەی بایەخ بە فێرکردنی پراکتیک بدەن و هەموو هەوڵیان بۆ ڕوونکردنەوەی بەها و ڕەوشت و فەلسەفەی ڕۆژنامەوانییە، لە کاتێکدا کە ویستی نووسیارانی ڕۆژنامەوان نووسینێکی بێ کەموکوڕییە کە لە یاسا دەرنەچێ و زانیاری یان خۆشییەکی زۆر بە خوێنەر بگەیەنێت. لاریمان لەوە نییە کە بڕوانامەی ڕۆژنامەوانی و خوێندن لە بواری میدیادا کارێکی زۆر باشە و ئەگەر گرێدراویی کارکردن وەک ڕۆژنامەوانێک بێت ئەوا زەوینەیەکی نایاب بۆ بوون بە هەواڵنێرێکی دیار و بەتوانا دابین دەکات. بەلام تا ئەو کاتەی بڕوانامە کۆمەڵێ شت مسۆگەر نەکات وەک خێرایی لە نووسینی کورتکراوەدا (ئەم شێوازی نووسینە لای هەموو ڕۆژنامەوانانی جیهان باوە، وەرگێڕ) بە ڕێژەی سەد وشە لە یەک دەقیقەدا هەروا شارەزاییەکی باش لە یاسای میدیا و کاری دادگە، تێگەیشتنی بنەڕەتی لە کاری

هەردوو حکوومەتی ناوەندی و خۆیی و ئەوە نەسەلمێنێ کە تۆ دەزانی چۆن بابەتی هەواڵ بنیات بنێیت، ئەوا گومانی تێدا نییە بڕوانامە لە بواری ڕۆژنامەوانی یان میدیادا ڕێخۆشکەر نابێ بۆ بەدەستهێنانی پۆستێک، بگرە کارکردن وەک مەشقکار و بەخۆڕایی لەوانەیە ئەو پۆستە مسۆگەر بکات.

## کارکردن وەک مەشقکار

گەر هاتوو فایلێکت نەبوو بۆ ئەو کارانەی کە خۆت ئەنجامت داون و لە ڕۆژنامەدا بڵاوکراونەتەوە، لەو کاتەدا کارکردنت وەک مەشقکار هەنگاوێکی زۆر گرینگە بۆت. چونکە ئەم جۆرە کارە جگە لەوەی شارەزاییەکی پڕ بەهات پێشکێش دەکات لە ڕاهێنانت بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، هەروا هەلت بۆ دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی:

- بزانی لە ژووری هەواڵدا چۆن کار دەکرێت و ڕۆژنامە چۆن دەردەچێت.
- لە ڕۆژنامەوانی شارەزاوە فێر ببیت و بزانی ئەوان چۆن مامەڵە لەگەڵ کارە جۆرەوجۆرەکانی ڕۆژنامەدا دەکەن.
- وەک کارمەندێکی چاوەڕوانکراو نیشانی بدەی تۆ چیت پێ دەکرێ.
- دروستکردنی فایلێک بۆ لەخۆگرتنی ئەو بابەتانە کە تۆ ئەنجامت داون و بە ناوی خۆتەوە بڵاوبوونەتەوە.

کارکردن وەک مەشقکارێک هەنگاوێکی بەرچاوە بۆ بەرەو پێش چوونت و زۆر جار بەدەستهێنانی ئەم هەلە تەنیا هەوڵ و پرسیار کردن و داواکردنی خۆتی دەوێ. بەڵام دەبێ لەوە دڵنیا بیت کە داواکەت ئاراستەی جێی درووست کردووە، باشترین شێوازیش بۆ داوای کاری مەشقکاری پێوەندیی تەلەفۆنییە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامانەی حەز دەکەی کاریان بۆ بکەیت و پرسیارکردنە لە ناوی ئەو کەسانەی بەرپرسن لە هەڵبژاردنی کاندیدەکان بۆ کاری مەشقکاری، کە هەندێ جار نووسیار یان نووسیاری هەواڵە یاخۆ بەرپرسی هەواڵنێرانە. ئەگەر داواکەشت بە نووسین پێشکێش کرد پێویستە دوو خاڵ لەبەر چاو بگری:

١- چەند جارێک بە نووسینەکەتدا بچۆوە و هەڵەبڕیی بکە و ئەگەر توانیت داوا لە کەسێکی تریش بکە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت. چونکە زۆربەی جار هەلی مەشق بەو کەسانە نادرێت کە لە نووسیندا هەڵەیان زۆرە.



٢- با نامەی داواکارییەکەت بە زمانێکی سادە نووسرابێت. تەنیا ئەوەیان پێ بڵێ کە تۆ دەتەوێ کاری ڕۆژنامەوانی بکەیت و لە مەودای دووردا ئارەزووی ئەوەت هەیە لە ڕۆژنامەکەی ئەواندا کار بکەیت.

گەر هاتوو هەلی ئەوەت بۆ ڕەخسا لە ڕۆژنامەیەکدا وەک مەشقکار کار بکەیت، چەند خاڵێک هەن پێویستە لەبیریان نەکەیت بۆ ئەوەی جوانترین وێنەی خۆت بەو دەزگایە نیشان بدەیت، کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان کاری تێدا بکەیت. گرینگە ئەم کارانە ئەنجام بدەیت:

- جلوبەرگی ڕێک و شیاو لەبەر بکە وەک ئەوەی بۆ دیمانەیەکی ڕەسمی بچیت. چونکە ڕەنگە لە کاتی مەشقکردندا لە هەر کاتێکدا بۆ هەر شوێنێک بنێردرێیت و لەو کاتەدا تۆ وەک باڵیۆزێکی ڕۆژنامەکە دەبی. گەر تۆیان بۆ دادگە نارد پێویستە، گەر نێر بیت، کراس و کراواتت لەبەردا بێت و گەر مێ بووی پێویستە بەرگێکی ڕێکت لەبەردا بێت. هەرچەندە ئەم پرسە پێویست بە گوتن ناکات بەڵام جاری وا هەبووە مەشقکار بە پانتۆڵی کاوبۆی و تیشێرتەوە چووە.
- هیچ لەوە مەترسە پرسیار لە بارەی هەر شتێکەوە بکەیت کە لێی دڵنیا نیت و، هەر کاتێک زانیت دەتوانی هاوکار بیت، ئامادەیی خۆت بۆ هاوکاریکردن نیشان بدە تەنانەت گەر داواشت لێ نەکرابوو.
- هەوڵ بدە بیرۆکەی بابەت لە کاتی کارکردن و لە دەرەوەی ئەو کاتانەدا بدۆزیتەوە. ئەمە کاریگەریی زۆری لەسەر نووسیاران دەبێ کاتێ دەبینن مەشقکارێک خۆی هەواڵ و بابەت بهێنێت. ڕەنگە بابەتەکانت بڵاو نەکرێنەوە بەڵام بەم کارەت سەرنجی نووسیاران ڕادەکێشی، ئەگەر بڵاویش کرانەوە کارەکە لە سەرنجڕاکێشان تێ دەپەڕێ.
- گوێ لە هەموو شتێک بگرە کە بە تۆی دەڵێن. هەندێ جار هەیە مرۆڤ وادەزانێ زۆر بەتوانا و لێهاتووە کەچی لە ڕاستیدا وا نییە بۆیە کە یەکێک لە نووسیاران ئەم ڕاستییەت پێ دەڵێ گوێ بگرە و بزانە تۆ لە کوێ کورتت هێناوە و هەوڵ بدە لەوەوە فێری شێوازی دروستی کارکردن بیت.
- هەمیشە لە کاتی دیاریکراودا ئامادە بە. ڕاستە ئەمە هەرچەندە کارێکی ئاساییە

بەڵام لە هەڵسەنگاندنی تۆدا حسێبی بۆ دەکرێ. بۆیە هەوڵ بدە بەردەوام پێش کاتی دیاریکراو ئامادە بە و لە کاتی چوونەوەشدا کەمێک خۆت لە وادەی چوونەوەت دوابخە.

– ڕووخۆش و کراوە بە. چونکە کەسی گۆشەگیر و مڕومۆچ دەستی یارمەتیی بۆ درێژ ناکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆیەک بۆ سەرنەکەوتن لە کارەکەیدا.

ئەم چەند تێبینییە کورتە هاوکارت دەبن بۆ ئەوەی لە ماوەی مەشقکردندا زۆرترین قازانج بکەیت و لەوانەیە ببنە مایەی دامەزراندنت لەو ڕۆژنامەیەی مەشقی تێدا دەکەیت.

## چوونە بەر خوێندن

زۆر دەزگا و دامەزراوەی فێرکردن هەن کۆرسی ڕۆژنامەوانییان تێدا دەخوێندرێت. لەم شوێنانەدا دەکرێ مرۆڤ ئەم بابەتانە بخوێنێت و شارەزاییەکیان لێ پەیدا بکات:

* نووسینی کورتکراوە – کە ئامرازی سەرەکیی هەرە پێویستە بۆ ڕۆژنامەوان لە کاتی وەرگرتنی زانیاری و نووسینەوەی قسەی سەرچاوەکاندا (بە داخەوە ڕۆژنامەوانی کورد تا ئێستا هەر بیریشی لەم شتە نەکردووەتەوە – وەرگێڕ).
* یاسای میدیا – هەمیشە نووسیاران لەگەڵ ئەو ترسەدا دەژین نەوەکو کەسێک بەهۆی یەکێک لەو بابەتانەوە کە بڵاویان دەکەنەوە داوایان لە دادگە لەدژ تۆمار بکات و تووشی کێشمەکێشی دادگە بین. بۆیە پێویستە ڕۆژنامەوان شارەزاییی تەواوی لە یاسای میدیادا هەبێت و زۆر سەختە کاری ڕۆژنامەوانی بەبێ ئەم زانستە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت.
* کاروباری گشتی – هەموو ڕۆژنامەوانێک پێویستە بزانێت کاروباری گشتی، کاری حکوومەت و دەزگا فەرمییەکانی حکوومەتی ناوخۆیی و ناوەندی، بە چ میکانیزمێک بەڕێوە دەبرێن. لەبەرئەوەی زۆربەی کات کاروباری گشتی هەوێنی بابەتەکانی ڕۆژنامەوانین.
* نووسین – زانینی شێوازەکانی نووسینی هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامەوانی پێویستە و هەموو نووسیارێک لە کاندیدە نوێکان زۆر جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکاتەوە.



# کێن ئەوانەی لە ژووری هەواڵدا کاردەکەن

## ژووری هەواڵ

ژووری هەواڵ شوێنێکی جەنجاڵ و پڕ ئیشە، هاتنە ناوەوەی هەواڵ بۆ ئەو ژوورە شتێکی جوان و سەرسوڕهێنە. هەواڵیش بە چەند ڕێگەیەک دێت: لە ڕێی پێوەندی تەلەفۆنیی ئاساییەوە، یان هەواڵنێرێک لە کار دێتەوە. ئەمجا بە نووسیارانی هەواڵدا تێپەڕ دەبێ بۆ بەردەستی نووسیاری یاریدەر کە کارەکەی دیاریکردنی شێوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەیە پێش ئەوەی چاپ بکرێت. هەندێ کاتی سەرنجڕاکێشتر هەن بەتایبەتی کاتێ پێش بەکۆتا هاتنی ماوەی دیاریکراو بۆ تەواوبوونی ڕۆژنامە بە ماوەیەکی کەم، هەواڵێکی گرینگ دێتە کایەوە.

## کێن ئەوانەی لە ژووری هەواڵدا کاردەکەن و کاریان چییە؟

ژووری هەواڵ لە شوێنێکەوە تا شوێنێکی تر دەگۆڕێ بەڵام گۆڕان و جیاوازییەکە بە زۆری لە ڕووکەشدایە. بەگشتی ژووری هەواڵ لەم کەسانە پێک دێت:

- **نووسیار:**

چاودێریی هەموو کارەکانی تایبەت بە هەواڵ دەکات، کارمەندان دادەمەزرێنێت و دەریان دەکات و بڕیار لە شێوە و شێوازی ڕۆژنامە دەدات، تەنانەت سەرپەرشتیی شاباش (ڕێکلام)یش دەکات.

لە هەندێ ڕۆژنامەدا ناوی ئەو کەسەی بە بابەتەکاندا دەچێتەوە نووسیارە، لە هەندێ شوێنیش ناویان یاریدەری نووسیارە. کاری سەرنووسیار بریتییە لە هەموو شتێکی ڕۆژنامە: ئەرکی هەواڵنێران دیاری دەکات، بە تەواوی ژمارەکەدا دەچێتەوە، سەردێرەکان دادەنێت، وێنە هەڵدەبژێرێت و لە لاپەڕەکان دایاندەنێت، نووسینی ژێر وێنەکان دادەنێت، نەخشەسازیی لاپەڕەکان دەکات.

ناوی هەرچییەک بێت، نووسیار ئەو کەسەیە هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی چاپ ڕاست دەکاتەوە، بابەتەکان کورت دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە خانە و ستوونەکاندا



جێگایان ببێتەوە و سەردێرەکان دەنووسێت. ڕەنگە بگوترێ بەرپرسیارەتیی ئەو کەسە قورس نەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا کاری نووسیار لە ڕۆژنامەدا وەک دواترین سەنگەری بەرگرییە لە دژی هەڵەی چاپ و گرفتەکانی تری کاری بڵاوکردنەوە.

ئەگەر تۆ نووسیار بووی پێویستە بیر لە خۆت بکەیتەوە کە تۆ کاری سێ جۆرە کەس دەکەیت:

١. کڕیار.

٢. ئەندازیار.

٣. دەستکار (میکانیک).

**کڕیار:** کە بابەتێک هاتە بەر دەستت، بەر لە هەموو شتێک بابەتەکە هەمووی بخوێنەوە و لە هەمان کاتدا خۆت لە شوێنی خوێنەری ئاسایی دابنێ. ئا لەم قۆناغەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بابەتەکەدا ئەنجام مەدە (هەرچەندە زۆربەمان خۆمان پێ ڕاناگیرێت)، ئەگەر خۆمان پێ ڕاگیرا و هەر لە سەرەتاوە کلک و گوێی بابەتەکەمان نەبڕی، ئەوە ئەو دەرفەتەمان بۆ دەڕەخسێت بە وردی سەرنج بدەینە بابەتەکە، یاخۆ با بڵێین لە دیدی خوێنەری ڕۆژنامەوە تەماشای بکەین و وەک ئەوان بپرسین: ئاخۆ



ئەمەیە جۆری ئەو بابەتانەی حەز دەکەم بیانخوێنمەوە؟ ئاخۆ تا ئەو ڕادەیە سەرنج ڕاکێشە کە هانم بدات بیخوێنمەوە؟ ئاخۆ لەو بابەتە دەگەم؟ ئاخۆ بابەتەکە پڕە لە زاراوەی زانستیی سەیر تا ئەو ڕادەیەی وەرگێڕانی پێویست بێت؟ ئاخۆ من دەزانم لە بنەڕەتدا بۆچی ئەم بابەتەیان بڵاوکردووەتەوە؟

خوێنەری ژیر حەزی لەوەیە تۆ سەرەداوەکەی پێشان بدەیت نەک هەموو نهێنییەکانی پێ بڵێی. ئاخۆ بابەتەکەت ئەم مەرجەی تێدایە؟ ئەگەر وەک نووسیارێک دڵنیا نەبووی لە هەر خاڵێک لەو خاڵانەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە باسیان لێوە دەکەن، ئەوا یەک دوو تێبینی بۆ دەستکاریکردنی بابەتەکە لە سەرڕووی لاپەڕەکەدا بۆ خۆت بنووسە.

**ئەندازیار:** هەرچەندە تۆ وەک دیزاینکارێک، هەر کە لاپەڕە یا بابەتەکە دێتە پێشت، حەز دەکەی وەک دارتاشێک بە چەکوچ بەربیتە گیانی بابەتەکە و سەر و گوێلاکی بشکێنی، بەڵام پێویستە بەر لە هەموو شتێک تۆ بە گشتی سەیری دیزاینی بابەتەکە بکەیت و بە دوای چەوتیی بەرچاو لە دیزاینەکەیدا بگەڕێیت. ڕاستکردنەوەی چەوتییە بچووکەکان ڕەنگە لە کۆتاییدا بۆ تۆ کات بەفیڕۆدان بێت، لەبەرئەوەی ڕەنگە هەموو بابەتەکە پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە هەبێت. ئا لەم قۆناغەدا تۆ پێویستە لە هەبوونی هەر شەش کۆڵەکەی چیرۆکی هەواڵیدا لە نێو بابەتەکە دڵنیابیت کە بریتین لە: کێ، چۆن، کەی، لە کوێ، بۆچی و چۆن؟ ئەگەر هەر یەکێک لەو کۆڵەکانە لە نێو بابەتەکەدا بەدی نەدەکرا ئەوا لە پەراوێزی بابەتەکەدا تێبینیی خۆت لەم بارەیەوە بنووسە. پاشان بە هێمنی تەماشای ڕێکخستنی بابەتەکە بکە. سەرنجی سەرەتا یا "پێشەکی"ی بابەتە هەواڵییەکە بدە – کە ڕێگە بۆ هەموو شێواز و تۆنی گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵییەکە ئاسان دەکات. ڕەنگە پێت وابێ کە نەدەبوایە نووسەری بابەتەکە بەم شێوە ڕاستەوخۆیە باسەکەی بکردایە، یاخۆ دەبوایە لەوە زیاتر ڕاستەوخۆ باسەکەی بکردایە. یاخۆ ڕەنگە بۆت ئاشکرا بێت کە باشتر وایە برگەیەکی خوازراوی نێو بابەتەکە دەبێت لە لاپەڕەی دووەمەوە بێتە لاپەڕەی یەکەم چونکە کارتێکردنی باشترە و....تاد.

هەر چیرۆکێکی هەواڵ بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێک دەخرێت و بنیات دەنرێت:

– سەرەتایەکی کورتی چیرۆکەکە.
– زانیاریی پشتیوان.
– زانیاریی پلە دوو.
– باکگراوندی پرسی نێو چیرۆکەکە.
– وردەکاریی زیاتری پرسەکە.
– لە شوێنێکی تری بابەتەکەشدا، بەر لە ناوەڕاستی چیرۆکەکە پێویستە بڕگەیەکی پێڤاژۆیی (سیاق الکلام) هەبێت وەڵامی پرسیارە گرینگەکەی "ئینجا چییە؟" بداتەوە.

لاوازییەکی تر کە پێویستە تۆ وەک ئەندازیار وریای بیت ئەوەیە ئاخۆ پێشەکیی بابەتەکە بە بەڵگە و خوازراوی بەهێز پتەو کراوە؟ چونکە زۆربەی بڕگەی پێشینەکە بە تەنیا وەستاوە و هیچ زانیاری یا بڕگە و ڕستەی تر لە نێو بابەتە ٨٠٠ وشەییەکەدا پشتیوانیی ناکات. ئەو زانیارییە بێ کەڵکەی نێو بابەتەکە بسڕەوە (تێچووی لە چاپدانی هەواڵ کەم نییە و هەروەها کاتی خوێنەریش بێ نرخ نییە). بۆیە ئەگەر بینیت بڕگە یا ڕستە یا زانیارییەک هیچ لە کاکڵەی بابەتەکە زیاد ناکات بیسڕەوە. وریای ئاوەڵناوی نەشیاو و بێ کەڵکیش بە و ئەگەر بینیت بیانسڕەوە.

ئەگەر بابەتەکە ژمارەی تێدابوو ئەوا بە کۆی ژمارەکاندا بچۆ و لە ڕاستییان دڵنیا بە. ئەگەریش گومانت لە ڕاستییان هەبوو ئەوە لەگەڵ هەواڵنێرەکەدا تاوتوێ و تاقییان بکەوە. ئەگەریش هەر گومانێکت لە ڕاستیی ناو و ناونیشانەکانی نێو بابەتەکەدا هەبوو پێداچونەوەیان بۆ بکە، چونکە ئەگەر بە هەڵە بڵاوکرانەوە ئەوا زیانێکی زۆریان بۆ ڕاستگۆییی ڕۆژنامەکەت دەبێت.

ئەگەر بابەتەکە درێژ بوو و ویستت کورتی بکەیتەوە تا لە ستوونەکە جێگەی ببێتەوە، ئەوە دەبێت لەوە دڵنیا بیت ئەو شتانەی دەیانسڕیتەوە بێ کەڵک و بایەخن و هیچ کار لەسەر پتەویی چیرۆکەکە ناکەن.

### - نووسیاری هەواڵ:

بەرپرسە لە بەڕێوەچوونی کاری ڕۆژانەی بواری هەواڵ لە ڕۆژنامەدا واتە کاری ڕۆژانەی نووسینگە بەڕێوە دەبات، کارەکان دیاری دەکات و بڕیاری دابەشکردنی



بابەت بە گوێرەی بەهێزییان و شوێنی بەردەست لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا دەدات. نووسیاری هەواڵ تیمی هەواڵنێران بەڕێوە دەبات و زۆر جاریش بەرپرسە لە ناردنی بابەتی باش بۆ ماڵپەڕی ئینتەرنێتی ڕۆژنامەکەی.

### - بەرپرسی هەواڵنێران:

هەواڵنێری گشتییە لە ڕۆژنامەدا، زۆربەی کات تیمی هەواڵنێران بەڕێوە دەبات و بابەت دیاری دەکات و پردی نێوان هەواڵنێران و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەیە.

### - بەرپرسی نووسیارانی یاریدەر:

کاری نووسیارانی یاریدەر ڕێک دەخات، کە بەرپرسن لە ڕێکخستنی لاپەڕەکانی هەواڵ و دانانی هەواڵ و وێنە بەشێوەیەک کە سەرنجڕاکێش بێت و خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات. هەروەها بەرپرسی یاریدەران کاری کۆنترۆڵی چۆنایەتی لە ئەستۆ دەگرێ، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە وشە و ناونیشان و ژمارەکان و شتی تریش بەشێوەی گونجاو و لەجێی خۆیانن و بەمەش دواقۆناخی دەرچوونی ڕۆژنامە، پێش ئەوەی بەرەو چاپ بچێت، بەڕێوە دەبات.



- **نووسیاری یاریدەر:**

ئەمانە لە لایەن بەرپرسەکەیانەوە لاپەڕەیان بۆ دیاری دەکرێت تا ڕێکی بخەن بە نووسینی ناونیشانی سەرەکی و جوانکاری لە وشەکاندا و دانانی وێنە بە شێوەیەکی ڕێک و شیاو. هەروەها بەرپرسن لە پێداچوونەوەی ئەو بابەتانەی کە گرینگن و دڵنیابوون لە باشیی نووسینەوەیان، ڕەنگە هەندێ جاریش بەهۆی کەمیی کاتەوە گرینگیی زیاتر بە ڕێکخستنی لاپەڕە بدەن نەک بە هەڵسەنگاندنی جۆری بابەتەکان.

- **هەواڵنێری سەرەکی:**

ئەو هەواڵنێرەیە کە دوای ماوەیەک لە کارکردن وەک هەواڵنێر دانی پێدا دەنرێت. بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانان NCTJ پێویستە هەواڵنێر دوای ماوەیەکی دیاریکراو لە کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دانپیانانەکە بە تاقیکردنەوەیەکدا تێ پەڕێ. هەندێکی تر لەم هەواڵنێرە سەرەکییانە لە ڕێی ترەوە دەگەن بەم ئاستە وەک بەدەستهێنانی بڕوانامەی دیاریکراو لە ڕۆژنامەوانیدا . ئەم جۆرە هەواڵنێرانە باوەڕپێکراوترین لە لایەن ڕۆژنامەوە و ئەوانەن بە بەردەوامی توانستی خۆیان نیشان دەدەن.

- **هەواڵنێری مەشقکار:**

ئەو کەسانەی تاقیکردنەوەی ڕێخۆشکەریان بۆ بوون بە ڕۆژنامەوان بڕیوە و وەک مەشقکار دەست بەکاریان دەکەن. ئەمانە سەرەداوە سەرەکییەکان لەوانەی پێش خۆیان فێر دەبن و بە شێوەیەکی ڕۆژانە شارەزاییی نوێ لە کاری ڕۆژنامەوانیدا پەیدا دەکەن و دوای چەند مانگێک لە کاری مەشقکاریدا زۆربەیان دەچنە نێو کاری ڕۆژنامەوانی و لە زۆر لەبوارەکانی هەواڵنێریدا کار دەکەن.

ئەمەی باسمان کرد پێکهاتەی سەرەکیی ژووری هەواڵە و مەرج نییە لە هەموو شوێنێک ئەم ژوورە تەنیا ئەم خەڵکانە لەخۆ بگرێ بگرە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە ڕۆژنامەیەکەوە بۆ یەکێکی تر و بەپێی بۆچوون و پێویستی پێکهاتەکە دەگۆڕێ.

یەکێکی تر لە بەشە گرینگەکان، کارمەندانی کتێبخانەن کە نێزیکەی هەموو ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەبنەوە جیا دەکەنەوە و لە فایلیان دەنێن، ئەمانەش



بەشێکی گرینگن بۆ کاراکردنی ژووری هەواڵ. ڕۆژنامەوانی نوێش دەبێ زۆر بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کارمەندانی کتێبخانەدا بکات لەبەرئەوەی ئەوانن ئەو کەسانەی دەزانن کام بابەت لە کوێیە و فلانە بابەت کە فلانە کەس پێش ماوەیەک نووسیویەتی لە کوێیە و جاری وا هەیە بە ماوەیەکی زۆر کورت شوێنەکەی دیاری دەکەن.

دوای ئەمانە بەشی فرۆش و بڵاوکردنەوە دێت کە بەرپرسە لەوەی بۆتی مسۆگەر بکات ئاخۆ ئەو بابەتەی نووسیوتە فرۆشراوە و گەیشتووەتە دەستی زۆرترین خەڵک. ڕۆژنامەوانێکی کەم هەن گرینگی بە تیمی فرۆش بدەن، لە کاتێکدا سەرکەوتنی ئەو تیمە لە کارەکانیدا زۆر گرینگە بۆ زیادکردنی داهاتی ڕۆژنامەوان. چەند فرۆش زۆر بێت داهاتی شاباش زۆر دەبێت و دوابەدوای ئەمەش ئەو پارەیەی ڕۆژنامەوان وەری دەگرێ زیاتر دەبێ. کاتێ هەواڵێک یان بابەتێکی زۆر بەهادار لە ڕۆژنامەکەدا دەبێت وا باشە پێش ئەوەی ڕۆژنامەکە بفرۆشن بەشی فرۆشی لێ بەئاگا بکەیت، لەبەرئەوەی هیچ لەوە خراپتر نییە تۆ هەواڵ بفرۆشی بێ ئەوەی ئاگات لێ بێت کە خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی ئەوەن کۆپییەکیان لە ڕۆژنامەکە دەست بکەوێ تا زانیای لە بارەی ڕاستییەکەوە بزانن. ئەمە نموونەیەکی باشە لە شێوازی کارکردن و بیرکردنەوە لە ڕۆژنامەدا وەک دەزگایەکی هەواڵ فرۆشتن.

## ئامۆژگاری بۆ نووسیاران

**خێرا وەڵام بدەوە:**

هەواڵنێران کە پێشنیازی نووسینی ڕاپۆرتەهەواڵێک دەکەن، زۆریان لە لا گرینگە خیرا وەڵامی پێشنیازەکەیان بدرێتەوە. بێدەنگی لەمەڕ پێشنیازی هەواڵنێر پەسەند ناکرێت و کارێکی پیشەییانە نییە. بۆیە پێویستە نووسیار یەکسەر وەڵامی پێشنیازی هەواڵنێر بداتەوە تەنانەت گەر پێویستی بەکاتێکی زیاتریش هەبوو بۆ ئەوەی وەڵامێکی پوخت و کورت بداتەوە. ئەگەریش نووسیار کاتی پێویستی لەبەردەستدا نەبوو بۆ ئەوەی پێشنیازی هەواڵنێر تاوتوێ بکات، با کاتێکی بۆ دیار بکات و بڵێ لە فلانە ڕۆژ یا سات وەڵامت دەدەمەوە. بێدەنگی لەبەرامبەر پێشنیازی هەواڵنێر زیانێکی زۆر بە پێوەندیی هەردوولا دەگەیەنێت.

### پەرۆشی و سوپاسگوزاری پیشان بدە:

تەنانەت ئەگەر هەواڵنێر پێشنیازێکی لاوازی بۆ چیرۆکە هەواڵێکی خراپ بۆت هێنا، ئەوا پێویستە بۆ ئەم ئەرک و ماندوبوونە سوپاسی بکەیت. پێشکێشکردنی پێشنیازی لاواز بۆ چیرۆکە هەواڵی خراپ هەنگاوی یەکەمە لەسەر ڕێگەی سەرکەوتنی هەواڵنێر. بۆیە کاتێک ڕەخنەشی لێ دەگری و لاوازیی پێشنیازەکەی دیاری دەکەیت، پێویستە بۆ ئەم دەستپێشخەرییە خۆی، سوپاسی بکەیت.

### مەڵێ نەخێر، پرسیار بکە:

بە دەگمەن نەبێت تۆ زۆر لەبارەی پێشنیازەکەی هەواڵنێرەکەت نازانیت بۆ ئەوەی یەکسەر ڕەتی بکەیتەوە. بۆیە پرسیاری لێ بکە بۆ ئەوەی بڕیارێکی باشتر لەبارەی پێشنیازەکەیەوە بدەیت. پرسیارگەلی لە بارەی: ئاخۆ پێشنیازەکەی خەرجییەکی زۆری تێ دەچێت؟ ئاخۆ ئەم پێشنیازە تاکە ڕێگەیە بۆ وەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی دەتانەوێ؟ ئاخۆ پێشنیازەکە وا دەبینیت کە جێبەجێکردنی لە توانای هەواڵنێرەکەت بەدەرە؟ و ......تاد.

### مەڵێ بەڵێ، پرسیار بکە:

ئەگەر هەواڵنێر پێشنیازێکی بەهێزی پێشکێش کرد و تۆش زۆر حەزت لێ بوو، یەکسەر مەڵێ بەڵێ، چونکە هێشتا تۆ پێویستە یارمەتیی هەواڵنێر لە پلاندانان بۆ جێبەجێکردنی پێشنیازەکە بدەیت. ئەو کۆسپانەی ڕەنگە بێنە پێش جێبەجێکردنی پێشنیازەکە دەستنیشانیان بکە و لە هەواڵنێر بپرسە ئاخۆ بەتەمایە چۆن بەسەریاندا زاڵ بێت. پرسیاری لێ بکە ئاخۆ چ زانیاریی لەبواری ڕاپۆرتەکە دەست کەوێت و یان پێویستی بەسەفەرکردن دەبێت؟ بزانە هەواڵنێرەکە ڕاوێژی لەگەڵ هەواڵنێرانی تر کردووە کەوا ڕەنگە لەسەر هەمان بابەت ئیش بکەن؟

### ڕاستبێژ بە:

بەڕاستی هۆی ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی چیرۆکە هەواڵەکەی هەواڵنێرەکەت بدرکێنە. ڕەنگە بیرۆکەیەکی تری باشترت بۆی هەبێت، یان بیرۆکەی پێشتری هەواڵنێرەکەت پێ پەسندە، یاخۆ پێت وایە هێشتا هەواڵنێرەکە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی خۆی لە



قەرەی بابەتێکی وا بدات و ...تاد. ڕەنگە ئەو وەڵامە ڕاستەوخۆیە ببێتە هۆی ڕوودانی گفتوگۆیەکی توند یا دەمەقاڵێیەک لەگەڵ هەواڵنێرەکەدا، گوێی مەدێ ئەمەیان بەشێکە لە ئیش و ئەرکی نووسیار.

### نووسینی وتاری بۆچوون:

نابێت بۆچوونە وتار لە لاپەڕەی دەنگوباسدا بێت، بگرە دەبێت لە لاپەڕەی وتاردا بنووسرێت. چونکە ستوونەکانی وتار و بۆچوونەکان تاکە شوێنن لە ڕۆژنامەکە بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوونی نووسەران یاخۆ دەستەی نووسیارانی ڕۆژنامەکە.

سەروتار نووسینێکە بۆچوونی ڕۆژنامەکە دەردەبڕێ. ئەوەی باوە سەروتار ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە، بەو واتایەی ناوەڕۆکەکەی بۆچوونی ڕۆژنامەکە نەک نووسەری سەروتار دەگەیەنێت. هەمیشە سەروتار لە لاپەڕەیەکی جیا لە دەنگوباس بڵاو دەکرێتەوە ئەویش بۆ ئەوەی بۆچوون لە دەنگوباس جیا بکرێنەوە. زۆربەی جار لاپەرەی بۆچوونەکان گۆشەیەکیان بە ناوی "نامە بۆ سەرنووسیار" هەیە، تیایدا بیر و بۆچوونی خوینەران بڵاو دەکرێنەوە، لەپاڵ هەندێ لە شێوەکانی تری بیر و بۆچوون وەک کاریکاتێر و ستوونەکانی نووسەران.

لاپەڕەی سەروتار هەمیشە لاپەڕەیەکی لای ڕاستە و لاپەڕەی بەرامبەریشی لاپەڕەی بۆچوونەکانە تیایاندا بیر و بۆچوونەکانی نووسەرانی دەرەوەی ستافی ڕۆژنامە بڵاو دەکرێنەوە.

نووسەری ستوونی بیروڕا لە کۆتاییی وتارەکەیدا ناوی خۆی دەنووسێت. ستوونەکە وێنەی نووسەرەکەشی تێدایە. ئەو بۆچوونانەی لەم جۆرە ستوونانە بڵاو دەکرێنەوە مەرج نییە لەگەڵ بۆچوونەکانی ڕۆژنامەکەدا کۆک بن. ڕۆژنامەی بەویژدان هەوڵ دەدەن بۆچوون و نووسەری خاوەن بۆچوونی جیاواز لە یەکتری و لە هی ڕۆژنامەکەش لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە.

هەڵەیەکی باو هەیە دەڵێت وتارەکانی سەروتار و بیر و بۆچوون قووڵ و پێوانەکراو نین. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دوو جۆرە وتارانە پێویستیان بە ڕیپۆرتاژ هەیە بگرە لە چیرۆکی هەواڵیش زیاتر نەک کەمتر پشت بە ڕیپۆرتاژ دەبەستن. چونکە لە کاتێکدا کە ڕیپۆرتاژکردن بۆ نووسینی چیرۆکە هەواڵێک لەو کاتەوە کۆتاییی پێ دێت کاتێ تۆ هەموو لایەنەکانی پرسەکەت خستبێتە ڕوو، کە لە سەروتار و بۆچوونە وتار ڕیپۆرتاژ درێژەی دەبێت تا ئەو کاتەی نووسەر لەوە دڵنیا دەبێت کام لایەنی پرسەکە بۆچوون و هۆیەکانی بەهێزترن.

ئەمەش کاری زیاتر، نەک کەمتری، دەوێت.

هەروەک وتاری تایبەت، کەمێک شێوازی قایلکردن لە نووسینی وتاری بیر و بۆچوون بەکاردێت. شێوازی قایلکردنیش لە نووسین ئێستا جۆرە ڕێکخستنێکی بەخۆوە دیوە و تۆ چەندین بۆچوونە وتار بخوێنیتەوە لەو ڕۆژنامانەی جیهان کە چنگت دەکەون، شێوازی نووسینەکەیان بەم شێوەیەیە:

بابەتی مشتومڕەکە لەسەرەتای وتارەکەدا دیاری بکە. هەڵوێستێک بنووسە لەبارەی ئەو پرسەی ئاماژەت پێ داوە. باشترین وتاری بیر و بۆچوونیش ئەمانەن کە پاش ئەوە یەکسەر هەڵوێستی لایەنی دژ بە وردی دەخەنە ڕوو و پاشان ئەو هەڵوێستە بە پێی گفتوگۆیەکی لۆجیکیانە تێک دەشکێنن. پێویستە وتاری بیر و بۆچوون هەروەک چیرۆکە هەواڵ دادپەروەرانە بێت.

ئەگەر ئەو لایەنەی نووسەر لە سەریان دەنووسێت بۆچوونیان ڕاستتر بوو، ئەوە دەبێت نووسەر ئاماژە بەم خاڵە بدات. بۆیە کاتێک بۆچوونی بەرامبەرە دژەکە دەخەیتە ڕوو دەبێت هەموو خاڵە بەهێزەکانی باس بکەیت نەک تەنیا خاڵە لاوازەکان و (ئەگەریش بەوپەڕی دادپەروەری بۆچوونی دژەکەت خستە ڕوو و پێت نەکرا ڕەتی بکەیتەوە و تێکی بشکێنی، ڕەنگە ئەوکات پێویست بێ تۆش سەنگەری خۆت بگۆڕیت و پشتیوانی لەو بۆچوونە دژە بکەیت).



# هەواڵ چییە؟

ئەم پرسیارە چەند وەڵامگەلێکی سەیری هەیە. یەکێک لەوانە (پیاوێک گاز لە سەگێک دەگرێ) کە پێی وایە هەواڵ شتێکە چاوەڕوان نەکراو و سەرسوڕهێنە و لەمانەش گرینگتر سەرنجڕاکێشە. یەکێکی تر لە وەڵامەکان دەڵێ (هەواڵ ئەو شتەیە کەسێکی تر دەیەوێ بیشارێتەوە)، ئەمەش وەڵامێکی باشە چونکە گرینگیی ڕۆژنامەوانی لە ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییانەدایە کە خەڵک پێویستیان پێیەتی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هیچ پێناسەیەک نییە بتوانێ بە تەنیا (هەواڵ) بە ناوەڕۆکە هەمەلایەنەکەیەوە بناسێنێت.

لە بنەڕەتدا هەواڵ ئەو شتەیە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەبەر هەر هۆیەک بێت دەیانەوێ یان پێویستە بیزانن، بابەتی هەواڵیش لەو ڕووەوە کە خوێنەر ڕادەکێشێ جیاوازیی زۆری هەیە. هەروەها دەشێ هەواڵ زانیاری و خۆشی ببەخشێت یان خوێنەر تووشی سەرسامی بکات و ئابڕووبەر بێت، ئەگەر هەواڵێک توانیی هەموو ئەمانە بەیەکەوە بکات ئەوا بێگومان کارێکی ڕۆژنامەوانیی زێدە باشە و نائاساییە.

زۆر نووسیار هەن پەنا دەبەنە بەر (تاقیکردنەوەی چاخانە). (تاقیکردنەوەی چاخانە) لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەڵێ هەواڵی باش ئەو هەواڵەیە بە ئێواران زۆرترین ژمارەی خەڵک لە چاخانە باسی دەکەن. ئەمەش شێوازێکی خراپ نییە بۆ هەڵسەنگاندنی باشی و خراپیی هەواڵێک. لەوانەشە هەندێ جار ئەو شتەی خەڵک لە چاخانە باسی دەکەن سەرسوڕهێن بێت، چونکە ڕەنگە ئەوەی ڕۆژنامەوان زۆر بە گرینگ و سەرنجڕاکێشی بزانێ لای هاووڵاتیی ئاسایی هیچ بایەخێکی نەبێت و بە پێچەوانەوە.

بەڵام نابێ ئەوە پشتگوێ بخەین کە ناسینی وەرگر لە لایەن ڕۆژنامەوانەوە بەشێکی هەرە گرینگی کاری ڕۆژنامەوانییە، وەرگر لە یەک کاتدا باشترین سەرچاوەی هەواڵ و نایابترین ژینگەیە بۆ دروستبوونی بیرۆکەی هەواڵ. بۆیە گەر تۆ




بزانی خوێنەرەکانت بە چی دەجووڵێنی ئەوا لە کارەکەتدا پێشکەوتنی باش بەدەست دێنی. دەشێ بڵێین هەواڵ بریتییە لە:

١. ئەو بابەتانەی پێویستە جەماوەر بیانزانن چونکە گرینگن و بۆ وەرگرتنی بڕیاری بەجێ یارمەتییان دەدەن.

٢. کە دەیخوێنیتەوە شتێکی نائاساییە، دڵخۆشکەرە، سەرنجڕاکێشە.

٣. بابەتێکە لەکاتی ڕوودانیدا بڵاو دەکرێتەوە، بۆیە پێی دەگوترێت دەنگوباس! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەواڵەکەت پێوەندیی بە شتێکەوە هەبێت کە هەفتەی پێشوو ڕووی داوە و شتێکی گرینگ بووە و کەس هیچ باسێکی لەمەڕ بڵاو نەکردووەتەوە، ئەوا باسەکەی تۆ شیاوە بۆ بڵاوکردنەوە. تەنانەت ئەگەر باسەکە لە بڵاوکراوەیەکی تریشدا بڵاوکرابێتەوە، ئەوەی تۆ دەینووسیت دەبێ وای بۆ بچێت خوێنەرانی تۆ بابەتگەلی بڵاوکراوەکانی تر ناخوێننەوە و تەنیا بابەتی تۆ دەخوێننەوە. مەبەستەکە لێرەدا بریتییە لەوەی تۆ هەندێ لایەنی باسەکە یا ڕووداوەکە شەنوکەو دەکەی کە کەس باسی لێوە نەکردووە. هەروەها ئەو لایەنانەی هەواڵ یا ڕووداوێک کە ڕۆژنامەکانی تر باسیان نەکردووە دەرفەتێکن بۆ زیاتر لە بنج و بنەوانی ڕووداوەکە بکۆڵیتەوە.



٤. هۆکاری تر کە دەنگوباس پێک دەهێنن:

* تەنگژە – چ کۆسپ بێت لەبەرامبەر کۆمەڵێکدا یاخۆ شەڕ، سیاسەت.
* پێشڤەچوون – داهێنانێک، پرۆژەیەکی مەزنی نوێ، داهێنانێکی تەکنۆلۆژیا.
* کارەسات – لافاو، زەوی لەرزە، نقومبوونی کەشتییەک.
* دەرەنجام – شتێک کە ڕەنگە کارتێکردنی بەسەر ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە هەبێت. وەک دروستکردنی: بەنداوێک، ڕێگایەکی نوێ، کارگەیەک.

ئەمانەی خوارەوە چەند ڕاهێنانێکی خێران بۆ بڕیاردان لەسەر بەهای دەنگوباسی جیاجیا:

تۆ خۆت وەک نووسیارێک دابنێ و لە هەواڵنێرەکانتەوە کۆمەڵێک هەواڵت بۆ هاتووە، بڕیار بدە کام هەواڵ لە هەر یەک لەو جووتە هەواڵانەی خوارەوە بۆ بڵاوکردنەوە بەهای هەواڵیی هەیە:

١. أ– لەکاتی قەرەباڵغیی پێش نیوەڕۆ لە ناوەندی شاردا پێکدادانێک لە نێوان دوو ئۆتۆمبیل دەبێتە هۆی زەرەر و زیانی زیاتر لە ١٠٠ هەزار دۆلار.
ب– ئۆتۆمبیلی پارێزگار خۆی بە ئۆتۆمبیلێکی تردا دەدات و ڕووداوەکەش زیانێکی کەمی لێ دەکەوێتەوە.

٢. أ – بەڕێوەبەری پۆلیس لەسەر کار لادرا.
ب – بەڕێوەبەرێکی نوێ بۆ پۆلیس دەستبەکار بوو.

٣. أ – چوار بووک و زاوا لە هۆڵی گەل زەماوەندیان بەست.
ب – بووک و زاوایەک لە نێو باڵۆنێکدا لە ئاسمانی شاردا زەماوەند دەبەستن.

٤. أ – بانکەکان دەستیان بە دابەشکردنی قەرزی خانوو ئاواکردن کردووە.
ب – نرخی دۆلار بەرامبەر بە دینار ٣ هەزار دینار دابەزی.

٥. أ– پەرلەمان دەنگی بۆ زیادکردنی مووچەی دادوەران دا.
ب – پەرلەمان دەنگی بۆ زیادکردنی مووچەی ئەندامانی خۆی دا.

٦. أ – زانایان دەڵێن ئەسپرین هیچ کاریگەریی نییە.
ب – زانایان دەڵێن چارەسەری تاقیکاری بۆ نەخۆشیی گلۆکۆما هیچ کاریگەریی نییە.

٧. أ – وەزیری بازرگانی دەڵێت: "بازرگانە باشەکان بڕبڕەی پشتی ئابووریی وڵاتی ئێمەن".

ب – وەزیری بازرگانی دەڵێت: "بازرگانی چاوچنۆک ئابووریی وڵاتەکەمان بەڕێوە دەبەن".

٨. أ – گەشتیاران بە ڕەو ڕوو لە وڵاتەکەمان دەکەن.

ب – دوو گەشتیار لە ئەنجامی ڕووداوێکی پێکدادانی ئۆتۆمۆبیلدا لە سەر سنووری وڵات گیانیان لەدەستدا.



## کەرەستەکانی ڕۆژنامەوانیی سەرکەوتوو

ڕۆژنامەوانی پیشەیەکە ئەگەر کەرەستەکانیت بە تەواوی نەبن، ئەستەمە بتوانیت پەرە بە خۆت بدەیت، ڕۆژنامەوان دەبێ ڕۆشنبیر بێت و دەبێ ڕۆژانە بخوێنێتەوە و لە هەموو پێشهاتێک ئاگەدار بێت. یەکەم کەرەستەی ڕۆژنامەوانی سەرکەوتوو، زانینی زمان و زانست و شارەزایی ئەو پرس و کێشانەیە کە بە نیازە هەواڵ لە بارەیانەوە ئامادە بکات. لەوانەیە بتوانین ئەمانە هەموویان لە یەک وشەدا کۆبکەینەوە، ئەویش: ڕۆشنبیری. ئەگەر ڕۆژنامەوان ڕۆشنبیر نەبێت ناتوانێت پەرە بە ئیشەکەی بدات. دەبێ پەیامنێر شتێکی لەبارەی دەروونناسی خوێندبێتەوە، ئەمە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێکدا بەکەڵکی دێت. ڕۆژنامەوانی سەرکەوتوو دەبێتە ئاوێنەی کەناڵەکەی خۆی، بۆیە جەماوەریبوون و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو کەسێکدا بە واتایەکی تر جەماوەریبوونی کەناڵەکە دەگەیەنێت. بێلایەنیی پیشەیی شادەماری سەرکەوتنی کاری ڕۆژنامەوانە، کارێکی ئاسان نییە ڕۆژنامەوان خۆی لە لایەنگیری بپارێزێت، بەڵام تا ئەوەش نەکات نە خۆی دەبێتە ڕۆژنامەوانێکی سەرکەوتوو، نە ئەو کەناڵەی کاری بۆ دەکات لە ناو خەڵکدا سەنگی دەبێت، گواستنەوەی هەواڵی هەر ڕووداوێک تەنیا یەک شتی پێویستە، کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری.

# دابینکردنی سەرچاوەی هەواڵ

چوار دەورت پڕن لە بیرۆکە، کە بۆ هەواڵ دەشێن. پێویستە تۆ هۆشیار و ژیر بیت لە چۆنیەتیی ناسینەوە و بەدواداچوونیان. تۆ دەتوانی لە چەندین ڕێگەوە بیرۆکەی باش بۆ ئامادەکردنی بابەتی باش دەستەبەر بکەیت.

هەواڵنێران و نووسیاران لە دۆزینەوە و پەرەپێدانی بیرۆکەی چیرۆکی هەواڵدا هاوکاری یەکترن. لەسەر هەواڵنێرانە پێشنیازی بەسوود و ورد بدەنە نووسیاران و با چاوەڕوانی ئەوەش نەبن نووسیاران یەکسەر ئەو نیمچە بیرۆکانە وەربگرن. هەروەها پێویستە نووسیاران یارمەتیی هەواڵنێران لە دۆزینەوە و پەرەپێدان و پوختکردنی چیرۆکە هەواڵەکاندا بدەن. لەبەرئەوە ڕامان لە بیرۆکەی چیرۆکە هەواڵ لەم قۆناغەدا گرینگە، چونکە کە بڕیارت دا دەست بە نووسینی چیرۆکە هەواڵێک بکەیت ئەوا تۆ کات و سەرچاوە (پارە و ستاف)ی ڕۆژنامەی بۆ تەرخان دەکەیت.

لێرەدا دەچینە سەر باسی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی هەواڵی باش:

**خەڵک:**

ئەو خەڵکەی لە بازنەی خوێندنەوەی تۆن پڕ بایەخ و گرینگن. زۆربەیان هەر بۆ خۆیان بابەتگەلی بەپێزن. هەروەها بە چەند بابەتێک یان پرسێکی تر دەزانن کە بایەخێکی زۆریان بۆ تۆ هەیە. کاتێکی زیاتر لە دەرەوەی ژووری هەواڵ بەسەر ببە، قسە لەگەڵ سەرچاوەکانت بکە و سەرچاوەی نوێ پەیدا بکە و خۆت بە خەڵکی نوێ ئاشنا بکە. پرسیار لەو خەڵکەی چوار دەورت بکە. لەبارەی هەموو شتێک پرسیاریان لێ بکە چونکە ڕەنگە ئەوان شتێک بورووژێنن کە تا ئێستا تۆ نە هەواڵ و نە ڕاپۆرتێکت لەسەر بڵاو نەکردووەتەوە. پرسیاریان لێ بکە لە دەرەوەی کاری خۆیان چی دەکەن، لە دەرەوەی نووسینگەکانیان چی دەکەن. پرسیار لەو شتە بکە کە تۆ زانیاریت لەسەری نییە یان دەتەوێ زیاتری لەسەر بزانی. پرسیاریان لێ بکە لە فەرمانگەکەیان، یان وەزارەتەکەیان یان دەزگاکەیاندا کێ گرینگترین کەسە.



پرسیاریان لی بکە و بزانە کێ شەرمنە یان نێوانڕەوە کە ڕەنگە تۆ تا پرسیاری لێ نەکەی شتێکی باشت پێ ناڵێت. گەر ڕۆتین یان هەڵسوکەوتی کەسێک سەرنجتی ڕاکێشا، بیری لێ بکەوە و بزانە شایەنی ئەوەیە بچی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەیت و بابەتێکی بەپێزی لەسەر ئامادە بکەیت.

**دروستکردنی پێوەندی:**

مەبەست دروستکردنی پێوەندییە لەگەڵ ئەو کەسانەی بە هۆی هەر شێوەیەک لە شێوەکانی پێوەندییەوە دەبنە سەرچاوەی هەواڵ بۆ ڕۆژنامەوان و لێرەدا بە پێوەندی ناوی ئەم جۆرە کەسانە دەبەین. پێوەندی یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی هەواڵی باش کە خەڵکانی تر دەستیان ناکەوێ یان ناتوانن بە دەستیان بهێنن. ناسینی خەڵک و بەپیشەکردنی ناسینی خەڵک زۆر پێویستە بۆ بوون بە ڕۆژنامەوانێکی سەرکەوتوو و پایەدار.

جێی داخە (ئەم دیاردەیەش ڕووی لە زیادبوونە) کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەوانان ڕۆژی خۆیان لەسەر مێزەکانیان و لە چاوەڕوانیی تەلەفۆنێک لە کەسێکی دیاری نەکراو، یان چاوەڕوانی گەیشتنی پۆستەن بە هیوای ئەوەی شتێکی سەرنجڕاکێشی لێ هەڵێنجن، بەسەر دەبەن. ڕۆژنامەوانی باش پشت بە هەستی ڕۆژنامەوانیی خۆیان و بەو کەسانەی دەیانناسن بۆ دروستکردنی بابەتی باش دەبەستن.

دروستکردنی پێوەندی جۆرێکە لە کات بەسەربردن، بەڵام بۆ ڕۆژنامەوان سوود وەرگرتنە لە کات. لەبەر ئەمەشە پەڕاوی پێوەندییەکانی ڕۆژنامەوانێکی سەرکەوتوو بە قورسایی خۆی زێڕ دێنێت. بەڵام پرسیار لەوێدایە چۆن دەتوانی ئەو پەڕاوە ڕووتە وا لێ بکەیت ببێتە شتێکی زۆر بەنرخ؟

– لە سەرەوە دەستی پێ بکە و بەرەو خوارەوە بچۆ. هەوڵی دیتن و وەرگرتنی زانیاری بۆ پێوەندیکردن (ژمارەی تەلەفۆن و ئیمێڵ...) لەگەڵ هەموو کەسە گرینگەکان لە ناوچەکەتدا بدە، وەک ئەندامانی پەرلەمان و پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەزگا حکوومییەکان و ئەفسەرانی پۆلیس... هتد.

– دوای ئەوە لیستێک بە ناوی ڕێکخراوە جۆرەوجۆرەکان دروست بکە، لەبەرئەوەی پێوەندیکردن بەو ڕێکخراوانەوە دەبێتە هۆی ناسینی ئەو کەسانەی لەوێدا کار دەکەن و ڕۆژانە خەڵکانی زۆر دەبینن، دروستکردنی پێوەندی و متمانە لەگەڵیاندا دەیانکاتە سەرچاوەی نایابی بابەت و هەواڵ، نموونەی ئەم ڕێکخراوانەش ڕێکخراوە پیشەییەکان و ئەو ڕێکخراوانەی تایبەتن بە توێژێکی کۆمەڵ... هتد.

– تێبینی لە بەرامبەر ناوی ئەو کەسانەدا بنووسە کە تەلەفۆن بۆ نووسینگەکەت دەکەن و هەواڵت دەدەنێ و دەستنیشانیان بکە. ئەوەش بنووسە لە کوێ دەژین و ئەو بابەتەی بە تەلەفۆن پێیان داوی چییە. چونکە ئەم کەسانە دەبنە سەرچاوەی زۆر باشی زانیاریی ناوخۆیی یان خاوەن شارەزایی لە بابەتی جۆرەوجۆردا.

– خاوەن چاخانە و هۆڵی یاری و سەرتاشخانە و ئەو شوێنە گشتییانەی تر کە قسەی زۆریان تێدا دەکرێن و ئەوانەی لەو شوێنانەدا کار دەکەن، گەر بە باشی بیانناسی و متمانەیان پێ بکەیت دەتوانی بڕێکی زۆری هەواڵی باش و جۆرەوجۆریان لێ پەیدا بکەیت.

– برادەران و ئەندامانی خێزان، بەڵام دەبێ بە ئاگەدارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەی چونکە هەرچییەک بێت ئەوان کەسوکار و برادەرانی تۆن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئەم کەسانە ئاگەداری زۆر ڕووداو بن، کە تۆی ڕۆژنامەوان لێیان بێ ئاگای.

ئەم لیستە هێشتا تەواو نییە، بەڵام گەر بەپێی ئەم لیستە پەڕاوی پێوەندی دروست بکەیت و کاری لەسەر بکەیت، ئەوا سەرەتایەکی زۆر باشە. بێگومان زۆربەی ڕۆژنامەوانان ئەم پەڕاوەیان نییە. بەڵام ئەوەی هەیەتی دەبێ پەرەی پێ بدات. پاراستنی پێوەندی و بەردەوامی، کارێکی قورسە لەبەرئەوەی هەندێ جار ئەوانەی پێوەندیت لەگەڵیاندا هەیە و هەواڵت دەدەنێ نایانەوێ یان ناوێرن ناویان بکەوێتە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەوە. بۆیە پێویستە لە ڕێی ئەم خاڵانەوە پێوەندییەکان بپارێزی:

– بەردەوام پێوەندیت لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەبێ. با پێوەندی و سەردانەکانت بۆ لای ئەوان تەنیا بۆ وەرگرتنی زانیاری نەبێت. دەبێ ئەوان، وەک مرۆڤ، بە بارتەقای سەرچاوەکانی تری هەواڵ گرینگییان بدرێتێ و ئەو ڕێز و کاتەیان بۆ تەرخان



بکرێت کە شایانی ئەوانە. جاربەجار پێوەندییان پێوە بکە بۆ پرسیاری هەواڵی خۆیان و لە کۆتاییی پێوەندییەکەدا بەرگی ڕۆژنامەوان لەبەر بکە و لێیان بپرسە هیچ هەواڵێکی نوێ هەیە.

– ڕاستگۆ بە لەگەڵیاندا و هەر یەکێکیان هەواڵێکی بەتۆ دا و نیازی بڵاوکردنەوەیت هەبوو، لە نیازی خۆت ئاگەداری بکەوە. کە هەواڵیشیان لێ وەردەگری پرسیاری ڕێگەی تریان لێ بکە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە بارەی ئەو هەواڵەوە. بەڵام لە هەموو جارێکدا هەوڵ بدە پێش بڵاوکردنەوەی بابەتەکە ئاگەداریان بکەیتەوە، نەک بەبێ ئاگەداریی ئەوان بڵاوبێتەوە و لێی بێ ئاگا بن.

– تا دەکرێ پێوەندییەکانت بپارێزە. پێوەندیی باش ڕەنگە هەواڵی نایابت بداتێ، لە ڕێی سەرچاوەیەکی باشەوە دەکرێ بزانی هەواڵەکە تاچەند ڕاستە. بە زانیاری و شارەزاییی خۆشت دەتوانی بەدوایدا بچی و لەگەڵ هاوکارانتدا بابەتێکی باشی لێ دروست بکەیت بەبێ ئەوەی سەرچاوە بنەڕەتییەکەتی تێوەگلێنی، بەمەش سەرچاوەکەت دەپارێزی و متمانە و پاڵپشتی بەدەست دێنی و لە هەمان کاتدا خۆت دەپارێزی لەوەی دەستی ئەو ڕۆژنامانەی لە ململانێدای لەگەڵیان بەو پێوەندییە گرینگەی تۆ بگات.

– لە جەژندا یان لە بۆنەکانی تردا پێوەندی خۆت لەبیر نەکەیت و ئەگەر پێویستی کرد (بە پارەی ڕۆژنامەکەت) دیارییان بۆ ببە.

– گەر لە دەرەوی شوێنی کاردا پەیوندارێکی خۆت دی سڵاوی لێ بکە و لەگەڵیدا ڕاوەستە. چونکە هەندێ جار ڕۆژنامەوان لەبەر پشتگوێ خستنی، تەنانەت گەر لەترسی ئەوەش بووبێت کە ئەو سەرچاوەیە ئاشکرا نەبێت، پێوەندییەکەی لەدەست داوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو کەسە پێوەندیت لەگەڵیدا هەیە و زانیاریت دەداتێ تۆی خۆش بوێت و تۆش ئەوت خۆش بوێت، بۆیە وەک دراوسێیەکی خۆت مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت و چەند دەقیقەیەکی کاتی خۆتی بۆ تەرخان دەکەیت.

بۆیە ئەگەر ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن ئەوە نەک تەنیا ژمارەیەکی باش، بگرە گرووپێکی پێوەندیت دەبێ کە تۆیان خۆش بوێت و متمانەیان پێت هەبێ و لە کارەکەتدا پشتگیریت بکەن. هەروەها گەر ئەوان وەک ڕۆژنامەوانێک ڕێز لە تۆ بگرن

و متمانەیان پێت هەبێ ڕەنگە خەڵکی ترت پێ بناسێنن. بەمەش تۆڕێک دروست دەکەیت و گەشەی پێ دەدەیت.

## هەواڵ:

به هۆی سروشتی کارەکەمان، زۆربەی بیرۆکەکانی نووسینی بابەتێک لە هەواڵێکەوە سەرچاوە دەگرن. بە داپۆشینێکی سادەی ڕووداو یان مشتومڕ خۆت مەخە چاڵەکەوە. تۆ دەستەی سکرتێران نیت هەموو ئەو شتانەی ڕوودەدەن تۆمار بکەیت و بیانپارێزیت. بۆ داپۆشینی هەواڵ بیر لە ڕێگەی تر بکەوە.

ئاخۆ دەبێ تۆ ورد و درشتی ڕووداوێک بکەیتە بابەت کە ڕۆژانە هەواڵەکانی داپۆشیوە؟ ئاخۆ دەتوانی ڕێگەیەکی جیاواز بگریتە بەر بۆ داپۆشینی ڕووداوە هەواڵێک یان پرسێک بە نووسینی بابەتێکی شیکاری، بەدواداچوونێک، سەیرکردن و وردبوونەوە لە شتەکان، خەملاندنی کاریگەرییەکە، دانانی هەواڵەکەت لە دەقی ڕووداوەکانی تر یان باکگراوندێکی مێژوویی تر؟

ئاخۆ هەواڵ و زانیارییەکانی پشت پەردە بۆ تۆ هیچ بایەخیان هەیە؟ ئاخۆ هیچ کەسێک لە ڕووداوەکە یان پرسەکە تێوەگلاوە شایەنی پرۆفایلێک بێت؟ ئاخۆ دەتوانی لەودیو ڕووپۆشی پرسەکەوە یان ڕووداوەکەوە بابەتێک یان هەواڵێک دروست بکەیت لەمەڕ ململانێی دەسەڵات یان ململانێی نێوان دوو کەسایەتی؟

## ڕۆژنامە:

بە دوای ئەو ڕاپۆرتانەدا بگەڕێ کە زۆر درێژ و بێزارکەرن چونکە زۆر جار ڕاپۆرتی لەم جۆرە چەند زانیارییەکی تێدایە کە بۆ ئامادەکردنی بابەتێکی باش لە سەریان زۆر بەسوودن. سەیری هەموو ئەو ڕۆژنامانە بکە شت لەسەر هەمان ئەو پرسەی تۆ بڵاو دەکەنەوە. داوا لە یەکێک بکە گەشتێک بە نێو ڕاپۆرتەکاندا بکات و شییان بکاتەوە و دواتر شتە گرینگەکانت پێ ئاشنا بکات.

سەیری هەندێ بەڵگەنامە بکە کە تا ئێستا کەس بە لایاندا نەچووە و تۆش هەرگیز لەسەر مێزەکەی خۆتدا نەتبینیون. بۆ نموونە، گەر تۆ هەواڵنێرێکی دادگەکان بیت و هەواڵ لەسەر دادگەکان کۆبکەیتەوە و بیگەیەنی، ئەوا تۆ کاتێکی زۆر بۆ گەڕان بە دوای فایلی حاڵەتەکانی پەرپووتی یان فایلی ئەو کەسانەی کە زۆر دەوڵەمەندن



تەرخان ناکەیت. بەڵام جاری واش هەیە، فایلێکی لەم جۆرە شەڕێکی گەورەت بۆ ئاشکرا دەکات یان بۆت ئاشکرا دەبێت ئافرەتێکی پیری بێ کەسوکار ملیۆنێرە و کەسیش تا ئێستا پێی نەزانیوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا هەواڵێکی گرینگە.

یان کاتێ سەیری ئەو فایلانە دەکەیت کە خەڵکی زۆر دەوڵەمەند زەرەرێکی زۆریان لە بازرگانی پێ گەیشتووە و هاتوونەتەوە سەر ساجی عەلی و کەسیش تا ئێستا بەم هەواڵەی نەزانیوە. سەیری ئەو فایلانە بکە کە چوونەتە بەردەم دادوەر و لێکۆڵینەوەیان لەسەر تەواو کراوە. یان ئەو کەسانەی تا ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، یان ئەوانەی کە دادگە لەسەر خاڵێکی سادە کەیسەکەیان بۆ کاتێکی نادیار دوا خستووە.

## سەرچاوەی ناوخۆیی هەواڵ:

سەرچاوەی هەواڵ لە ڕۆژنامەدا تەنیا ئەو کەسانە نین کە لە بەشی هەواڵدا کار دەکەن، ڕەنگە بەشی شاباش (ڕێکلام) بەهۆی ئەو زانیارییانەوە کە لە شاباشەکاندا بڵاویان دەکاتەوە ببێتە سەرچاوەیەکی باشی هەواڵ و سوودی هەبێ بۆ دروستکردنی هەواڵی باش، وەک:

– لە شارەدێیەکدا کارگەیەک دەکرێتەوە کە ٦٠٠ کەس کاری تێدا دەکەن، ئەمە دەشێ ببێتە هەواڵێک و بگوترێ ٦٠٠ هەلی کار بۆ دانیشتووانی ئەو شارەدێیە دابین کران. لەوانەیە ئەمە هەواڵێکی زۆر گرینگ نەبێ بەڵام نموونەیەکە بۆ سوود وەرگرتن لە بابەتی شاباش بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ، جاری وا هەیە هەواڵێکی لەم جۆرە بایەخدار دەبێت و دەبێتە دەستپێشخەرییەک بۆ ڕۆژنامەکەت.

یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی دەکرێ سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ ئەو کەسانەن کە لە ڕۆژنامەکەدا کارت لەگەڵدا دەکەن. دەکرێ کارتێکی خۆت دابەش بکەیت بەسەر هەموو کارمەندانی ڕۆژنامەکەدا و داوایان لێ بکەیت هەر کەسێک شتێکی بەرچاو کەوت بۆ هەواڵ بشێ پێوەندیت پێوە بکات و بەم شێوەیە دەتوانی هەموو کارمەندانی ڕۆژنامەکە بکەیت بە هەواڵنێر و هەر کاتێک هەواڵیان چنگ کەوت بتدەنێ.

### تابلۆكانی ڕاگەیاندنی گشتی:

مرۆڤ بۆیە دەبێتە ڕۆژنامەوان لەبەرئەوەی خەڵكی خۆش دەوێت و دەیەوێ تێكەڵیان بێت نەک لەسەر مێزێكی ڕەق و وشک بچەقێت. زۆر جار هەیە ئەو بڵاوكراوانەی لە شوێنە گشتییەكاندا هەڵدەواسرێن ناوكی بابەتی باشی هەواڵیان تێدایە.

### داتا یان زانیارییەكان:

چ دەزگایەک لەسەر پرسەكەی تۆ زانیاریی هەڵگرتووە؟ دەبێ سەردانی ئەو دەزگایانە بكەیت و ئەو زانیارییانەیان لێ وەرگریت چونكە جاری وا هەیە هەندێ زانیاری هەڵگیراون بەڵام زۆر بەسوودن و كەسیش پێیان نازانێت. زۆر ڕێكخراوی ناحكوومی هەن زانیاریی زۆر چاكیان لا دەست دەكەوێت. بۆیە دەبێ بزانی كامە ڕێكخراو كارەكەی بە پرسەكەی تۆوە پێوەستە، دوای ئەوە سەردانیان بكە و داوای زانیارییان لێ بكە.

### نووسینگەكانی پلاندانان:

خەڵک زۆر بایەخ بە ژینگەی دەوروبەریان دەدەن و گۆڕانكاری سەرنجیان ڕادەكێشێت. بۆیە جاربەجار سەردانی نووسینگەكانی پلاندانان لە لایەن ڕۆژنامەوانەوە دەبێتە سەرچاوەیەكی باش بۆ بەدەستهێنانی هەواڵی جۆرەوجۆر لەم بوارەدا.

لەم حاڵەتەشدا ڕۆژنامەوان تەنیا ئەوەی لەسەرە داوای دیتنی نوێترین پلان بكات و بەدیاریانەوە دانیشێت و لێیان ڕامێنێ. لەم كاتەدا لەوانەیە پرۆژەی دروستكردنی سەدان خانووی بەرچاو بكەوێ كە هەواڵی زۆر گرینگە.

### دادگە و دەزگاكانی پۆلیس و فریاكەوتن:

هەبوونی پێوەندییەكی تۆكمە لەگەڵ دادگە و دەزگا فریاگوزارەكاندا بەشێكی گرینگی كاری ژووری هەواڵە و زۆر جار هەواڵنێری تایبەت بەم بوارە هەیە. ئەگەر ئەم جۆرە هەواڵنێرەش نەبوو پێویستە ئاگایەكت لە سیستمی دادگەی تاوان و ئەو شتانەی تێیدا ڕوو دەدەن هەبێت. پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ دەزگا فریاگوزارەكاندا



بڕێكی زۆر لە لێدوان و ڕووداو و هەواڵ بۆ ڕۆژنامە دابین دەكات. دەتوانین بڵێین ئەو هەواڵنێرەی زۆرترین پێوەندی بەو دەزگایانەوە دەكات زۆرترین هەواڵی نشكێوی دەست دەكەوێ.

### ئینتەرنێت:

بەخێرایی خەریكە ئینتەرنێت دەبێتە سەرچاوەیەكی پێشەنگ بۆ زانیاریی جۆرەوجۆر. بەڵام بەداخەوە پێ دەچێ ژمارەیەكی كەم لە ڕۆژنامەوانان خۆیانی پێوە سەرقاڵ بكەن. چونكە جگە لەوەی دەتوانی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بەرنامەی كاری حكوومەت بزانی، دەتوانی زانیاری لەسەر ڕووداوەكانی نێو كۆمەڵگە كۆ بكەیتەوە و زۆر بابەتی پڕ بایەخت لە بارەی ناوچەكەتەوە دەست بكەوێ.

بۆیە هەرگیز خۆت لە سەرچاوەكانی نێو ئینتەرنێت دوور مەخەوە. هەندێ جار، ماڵپەڕێک خۆی دەبێتە هەواڵێكی گرینگ بۆ تۆ. یان ڕەنگە زانیارییەک بڵاو بكاتەوە ڕاستەوخۆ پێوەست بێت بە بابەتەكەی تۆوە.

ڕەنگە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە كۆمپانیایەكی بچووک بتوانێ كڕیار لە هەموو جیهان پەیدا بكات لەبەرئەوەی ژیرانە بەكاری دەهێنێت. ڕەنگە ماڵپەڕێک شتێكی نوێ لەسەر كۆمپانیایەكی زەبەلاح بڵاو بكاتەوە، ڕای هەموو جیهان لەسەر ئەو كۆمپانیایە بگۆڕێت. ڕەنگە ئەوانەی لەسەر كار دەردەكرێن، بە هەر هۆیەكی سیاسی، كۆمەڵایەتی یان گەندەڵی بێت، دیمانەیان لەگەڵدا كرا بێت لەسەر ماڵپەڕەكان و زانیاریی نوێ بڵاو بكەنەوە لەسەر چۆنیەتیی دەركردنیان لەسەر كارەكە.

كارێكی باشە گەر ڕۆژنامەوان هەر كاتێک بۆی لوا چاوێک بە ئینتەرنێتدا بخشێنیت و بە دوای هەواڵی نوێدا بگەڕێت. بێگومان ئینتەرنێت سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەیەكی گرینگی هەواڵە، سەرچاوەیەكی گرینگیشە بۆ پەیداكردنی زانیاری و پێشینەكانی ڕووداو یان بابەتێک كە دەتەوێ باسی لێوە بكەیت.

### دەق:

ڕووداو، هەواڵ یان پرسێک بخەرە نێو دەقەوە بە هۆی ئەو پرسیارەی ئاخۆ خەڵكانی تر یان ئاژانسەكانی تر هەمان شت ئەزموون دەكەن. گەر وا بێت، ئەوا ڕەنگە تۆ كار بۆ بابەتێک دەكەیت زۆر خەڵک پێیان خۆشە و لێی دەكۆڵنەوە. گەر وا

نەبێت، واتە کەس ئەزموونی لەسەر نەبێت، ئەوا تۆ دەبیتە یەکەم کەس شت لەسەر ئەو پرسە دەنووسیت یان ئەو ڕووداوە هەواڵە بڵاو دەکەیتەوە. بە واتایەکی دیکە، تۆ دەتوانی پرسێکی نەتەوەیی خۆماڵی بکەیتەوە: واتە لەسەر ئاستێکی خۆماڵی باسی ئاکامەکانی بکەیت. ئاخۆ ئەو پرسە لێرە بوونی هەیە؟ چۆن ئەو پێشهاتە کاریگەریی لەسەر ئێمە دەبێت؟ یان ئاخۆ ڕەشوڕووتەکە پێوەندی بەو ڕووداوە نەتەوەیییەوە هەیە یان نا؟

## هەواڵی درێژخایەن:

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو هەواڵانەیە کە بڵاوکراونەتەوە. زۆر هەواڵ تەنیا بەوەندە کۆتاییی نایەت لەسەری بنووسرێ و بڵاو بکرێتەوە، بگرە بابەتی باش بەردەوامیی دەبێ و هەندێ جاریش هەیە بە تەواوی ئاراستەی خۆی دەگۆڕێ.

بۆیە کارێکی باشە بەردەوام لە هەواڵە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکەت بەئاگا بیت و بەدوای ئەو پێشهاتانەدا بگەڕێی کە لەو بابەتانەدا ڕوو دەدەن و وا باشە پێوەندیی بەردەوامت لەگەڵ کەسانی نێو ڕووداوە سەرەکییەکەدا هەبێت.

هەمیشە هەواڵی درێژخایەن بابەتی زۆر باشە (جاری واش هەیە ئەو زانیارییانەی لە درێژەکەیدا هەیە لە بابەتە بنەڕەتییەکە باشتر دەبێت) و لەبەر دەستی نووسەری هەواڵدا وەک سەرمایەیەکە و هەر کە پێویستی بە بابەت هەبێت دەتوانێ بەکاری بهێنێت، گەڕان بەدوای هەواڵی درێژخایاندا و نووسینەوەی تێبینیی ڕۆژانە لە سەری دەبێ یەکێ لە کارە ڕۆتینە ڕۆژانەکانی ڕۆژنامەوانی سەرکەوتوو بێت.

## کاریگەری:

ئەو هەواڵەی تۆ ئامادەی دەکەیت و بڵاوی دەکەیتەوە کاریگەریی لەسەر کێ دەبێت؟ کێ دڵی دەڕەنجێ؟ دەبێ کێ باجەکەی بدات؟ بە هۆی ئەو هەواڵەی تۆوە کێ سوودمەند دەبێت؟ کێ زیانی پێ دەگات؟ دوای ساڵێک لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەت چی ڕوودەدات؟ یان دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ئەو هەواڵەدا چی ڕوودەدات؟

## ململانێ:

کێ ڕقی لەو شتانەیە کە ڕوودەدەن؟ کێ هەوڵ دەدات نەهێڵێت ئەو شتانە ڕوو



بدەن؟ دەبێ لەسەر حیسابی کێ ئەو شتانە ڕوبدەن؟ ڕکابەرەکان کێن؟ دەبێ تۆ قسە لەگەڵ هەردوو لا بکەیت و هەردوو لا بدوێنی لەسەر پرسگەلی نێوانیان.

## دووبارەکردنەوە:

گەر تۆ لە چەند بابەتێک تەنیا یەک پرس بخەیتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، یان هەواڵ تەنیا لەسەر یەک ڕووداو بە چەندین شێوەی جیاجیا بڵاو بکەیتەوە، ئەوا پێویستە تۆ زانیاریی ورد و درشتی ئەو پرسەت لا بێت و گرینگی و کاریگەرییەکەی باش بزانی. گەر چەند جارێک لەسەر ڕووداوێک شتی جیاجیات بیست، ئەوا هەوڵ بدە شتەکان لەیەک جیا بکەیتەوە و بزانە کامەیان بۆ بڵاو کردنەوە باشترە.

## پرسیارکردن:

وەڵام بۆ پرسیارەکانت بدۆزەرەوە (هەمیشە هەگبەت پڕ بێت لە پرسیار): ئەمە بۆچی وایە؟ کێ واز لە چی دێنێت؟ بۆچی ئەمە کار ناکات؟ گەر تۆ پرسیار بکەیت و بەپەرۆش بیت بۆ زانینی شت، ئەوا خوێنەریش بەهەمان شێوەی تۆ دەبێت. وەڵامەکان خۆی پرس و بابەت و هەواڵن بۆ تۆ. داوا لە خوێنەر و سەرچاوەکانت بکە و بزانە ئەوان لەسەر پرسەکەت چ پرسیارێکیان بە خەیاڵدا دێت.

## تەکنەلۆژیا:

ئاخۆ چۆن تەکنەلۆژیا شتەکان لە پرسەکەت دەگۆڕێت و کاریگەریی لەسەریان دەبێت؟ ئاخۆ ئەو گۆڕانکارییانە چۆن کار لە خەڵک دەکەن؟ ڕەنگە ئەو شتە نوێیانەی تۆ لەسەر پرسەکەت وەک هەواڵ بڵاویان دەکەیتەوە، لە بەشەکانی تری نێو کۆمەڵگەکەتدا زۆریان لەسەر وترا بێت؟ ئەوەیە تەکنەلۆژیا: واتە کەسانی تر هەن پێشتر بە شتە نوێیەکان دەگەن.

## دەنگە کپەکان:

ئاخۆ تۆ لەسەر پرسێک دەنووسی یان هەواڵ کۆدەکەیتەوە کە هەندێ لایەن حەز دەکەن قسەی لەسەر بکەن؟ زۆربەی لایەن یان کەسەکان حەز دەکەن لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان قسە بکەن و زانیاری بدرکێنن، وەک: دەستدرێژیی سێکسی و خۆشگوزەرانی و لەبارچوون و بێکاری و کۆچ و توندوتیژیی نێو خێزان لە دژی

ئافرەتان. بە دوای ئەو کەسانەدا بگەڕێ و بیاندۆزەوە، لایەنی سێیەم بەکار بێنە وەک ڕاوێژکار، پشتیوان، مەلا یان هەر گرووپێکی تر کە حەز دەکات قسە لەسەر بابەتەکە بکات. هەوڵ بدە متمانە لای ئەو کەسانە دروست بکەیت، گوێ لە چیرۆکەکانیان بگرە و باسیان بکە.

## ڕووبەڕووبوونەوە:

گەر لەسەر پرسێک، سەرچاوەیەک زانیاریی کۆنی پێ وتی، یان نەیویست لەسەر هەواڵێکی گرینگ قسە بکات، ئەوا ڕووبەڕووی ببەرەوە و هەوڵ بدە کاری تێ بکەیت بۆ ئەوەی شتی نوێت پێ بڵێ لەسەر ئەو هەواڵەی تۆ خەریکی ئامادەی دەکەیت. هەمیشە بە جارێک و دوو جار واز مەهێنە: واتە بەئاسانی بە قسەی کۆن و بێسوود لە ژووری سەرچاوەکەت مەچۆ دەرەوە. دەبێ ژیر بیت و بتوانی قسەی نوێی لێ دەربهێنی. گەر هەر قسەشی نەکرد ئەوا ژمارەی تەلەفۆنی خۆت لای بەجێ بهێڵە چونکە ڕەنگە دواتر دڵی نەرم بێت و بیەوێت قسە بکات: ئەو کاتە تەلەفۆنت بۆ دەکات و هەرچی هەیە ئاشکرای دەکات.

## پێ داگرتن:

جاری وا هەیە تۆ بیرۆکەیەکی زۆر باشت لایە و دەتەوێ هەواڵێکی لەسەر ئامادە بکەیت، بەڵام سەرچاوەکە نایەوێت قسە بکات. دوای چەند هەوڵێک، دووبارە بچۆوە لای و داوای لی بکە قسەت بۆ بکات. ڕەنگە جاری یەکەم و دووەم کاتێکی شیاو نەبووبێت بۆ قسەکردن. بەردەوام پەیوەندیی پێوە بکە. پێ داگرە لەسەر بیرۆکەکە. پەرۆشیی خۆت بۆ هەواڵەکە دووپات بکەوە. بەم شێوەیەک لە کۆتاییدا ڕەنگە هەموو شتێک لە سەرچاوەکەت وەرگریت.

## دزی:

تا لە تواناتدا هەیە بیرۆکەی بابەتی باش بدزە، جا لە هەر شوێنێک بێت. گەر پرسێکت بینی لە ڕۆژنامەیەک یان لە ئینتەرنێتدا، ئەو پرسە سەرنجی ڕاکێشایت، ئەوا پرسیار لە خۆت بکە و بزانە هەمان ئەو پرسە دەکرێ بە شێوەیەکی کاریگەرتر باس بکرێت. تەلەفۆنێک بۆ هەواڵنێرەکە بکە و بزانە چۆن ئەو بیرۆکەیەی دەست



کەوتووە و چۆنیش بە دوایدا چووە. گەر زانیت هەواڵەکە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەیەکی ژیرانەیە، تەنانەت گەر نەشکرێت بابەتەکە لە بواری کاری تۆدا باس بکرێت، ئەوا پێوەندی بە هەواڵنێرەکەوە بکە و بزانە چۆن ئەم بیرۆکەی دەست کەوتووە. بیرۆکە لە سەرچاوەکانت بدزە. پرسیاریان لێ بکە لە نێو دنیای ڕۆژنامەوانیدا هەست بە چ بۆشاییەک دەکەن. بیر و هزر و حەزیان بخوێنەوە. لێیان بپرسە گەر ببن بە سەرنووسیاری تۆ، چ بابەتێکت بۆ پێشنیاز دەکەن بۆ ئەوەی هەواڵیان بۆ ئامادە بکەیت. ڕەنگە زۆر بیرۆکەی خراپت بدەنێ، بەڵام لە نێو ئەو هەموو خراپەدا، بە لایەنی کەم، دوو یان سێ بیرۆکەی چاکت دەست دەکەوێت.

## هاوئاهەنگی:

گەر چەند بیرۆکەیەکت بە خەیاڵدا هاتن بەڵام لە بواری کارەکەی تۆدا نەبوون ئەوا بیاننێرە بۆ هاوڕێ هەواڵنێرەکانت یان ئەوەتا هەوڵ بدە لە شوێنێک چاوت پێیان بکەوێ و باسی بیرۆکەکەیان بۆ بکە. بەم شێوەیە ڕۆژێک دادێت ئەوانیش بە هەمان شێوە بیرۆکەی نوێت پێ دەبەخشن کە بۆ بوارەکەی تۆ شیاو بێ.

## ڕای جیاجیا:

پرسیار لە خوێنەرانت بکە و بزانە لە بەشەکانی تری وڵات خەڵکی چۆن دەڕواننە بابەتەکەت یان هەواڵەکەت، یان خەڵکی هەست بە چی دەکەن کاتێ بابەتەکەی تۆ یان هەواڵەکەی تۆ دەخوێننەوە، ئاخۆ خەڵک شانازی بە بابەتەکەوە دەکات، هەست بە شەرمەزاری دەکەن، دڵخۆشن یان زۆر تووڕەن لە بابەتەکەت و تەنانەت لە خۆشت.

## گاڵتەوگەپ:

گەر گوێت لە شتێکی خۆش و گاڵتەئامێز بێت لەسەر هەواڵەکەت، ئەوا بیری لێ بکەوە و بزانە دەشێ لە نێو هەواڵەکەدا ئاماژەی پێ بدەی بۆ خۆشی و خەندەی خوێنەران.

## پرسیارەکان:

چەند پرسیارێک هەن بە کۆڵەکە و بڕبڕەی پشتی کۆکردنەوەی هەواڵ دادەنرێن، ئەوانیش: کێ بەرپرسیارە؟ دوای ئەمە چی ڕوودەدات؟ کەی ئەو شتە دووبارە

ڕوودەداتەوە؟ پارەکە بۆ کوێ چوو و چیی بە سەرهات؟ بۆچی کەس نەبوو چاودێریی بکات؟ ئێمە چۆن دەتوانین بۆ ڕووداوێکی لەم چەشنە خۆمان ئامادە بکەین؟ سەرەڕای پێنج پرسیارەکەی ڕاگەیاندن، دوو پرسیاری تریش زیاد بکە: گەر وا بێت چییە؟ چەند؟ ئەمانە بۆ فرەوان کردنی بابەتەکەت زۆر بە سوودن.

## ڕەگەزەکانی هەواڵ:

ئێمە هەموومان دەزانین گرینگیی وشەی پرسەکان چەندە. بەڵام با بیر لەودیو ئەو وشەی پرسانە بکەینەوە، بیر لە یەکەیەکەی هەنگاوەکانی ڕێگەکە بکەینەوە، با بە بیرۆکەی هەواڵ دەست پێ بکەین. ئاخۆ پێکهاتەکانی چیرۆک چین کە ئێمە هەر لە قۆناغەکانی خوێندندا فێریان بووین؟ بیر لە کات و شوێن و گرێ و کارەکتەر و ململانێ و خاڵی وەرچەرخان و چارەسەر بکەوە. هەریەک لەو ڕەگەزانە ڕەنگە چەند لقێکی تری لێ ببێتەوە بۆ بەدواداچوون.

## گەڕانەوە بۆ ڕابردوو:

بێگومان یادە گرینگەکان خۆراکی کاری ڕۆژنامەوانین. بەڵام هەندێ جار یادە لاوەکییەکانیش هەواڵی باشیان لێ دەکەوێتەوە. یان ئەو ساڵوەگەڕانەی کە بە لای کەسانێکی کەمەوە گرینگن بەڵام ڕەنگە بۆ بابەتەکەی تۆ زۆر سوودیان هەبێت. یان ئەوەتا دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر بەڵێن و بەرپرسیارێتییەکان. بۆ نموونە: لە دوا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا سیاسەتوانێک چ بەڵێنێکی بە گەلەکەی دا؟ ئاخۆ بەڵێنەکانی خۆی بەجێ گەیاند؟ ئاخۆ ئامانج لە هێنانی مامۆستای بیانی بۆ زانکۆکان چی بوو؟ ئاخۆ ئەو ئامانجانە هاتنە دی؟

## دۆزینەوەی سەرچاوە

**پێشبینی و بیرۆکەی نوێ بدۆزەوە**. لەو دیوی پێشبینی و بیرۆکە ئاساییەکانیشەوە بۆ هەواڵەکەت بە دوای سەرچاوەدا بگەڕێ. گەر تۆ هەمیشە خۆت لەوەدا دۆزییەوە کە تەنیا قسە لەگەڵ پیاودا دەکەیت، ئەوا هەوڵ بدە ئافرەت و گەنجەکانیش بدوێنە کە ڕەنگە ڕای بە پێزترت پێشکێش بکەن و سەرنجت بۆ لای چەند بیرۆکەیەکدا ڕابکێشن کە تۆ پێشتر بیرت بۆیان نەچووە. گەر تۆ تەنیا قسە لەگەڵ پسپۆڕ و



کەسی پرۆفێشناڵ و سەرۆکەکان بکەیت، ئەوا هەندێ کاتیش بۆ قسەکردن لەگەڵ خەڵکی ڕەشوڕووتی سەر شەقام تەرخان بکە. گەر زۆربەی کاتەکانت تەرخان کرد بۆ قسەکردن لەگەڵ بەرپرس و کادیرانی پارتێک، ئەوا دەبێ کاتێکیش بۆ پارتەکانی تریش دابنێیت و ئەوانیش بدوێنی. گەر تەنیا ئەو کەسانە بدوێنی کە لە تەمەنی خۆتدان، ئەوا دەبێ بە دوای سەرچاوەی لە خۆت بچووکتر و گەورەتردا بگەڕێیت. ئەو خەڵکە جۆرەوجۆرانە ڕای جۆرەوجۆرت پێ دەبەخشن و هەواڵی جیاجیات بۆ دەوروژێنن. بە دوای ئەو داوودەزگایانەدا بگەڕێ کە خەڵک دەیانەوی زیانیارییان لەسەر بزانن یان ئەو دەزگایانەی خەڵک کەمترین سەرنجیان لەسەر هەیە. هەندێ کات بۆ ئەو شوێنانەی ڕەنگە ڕاوبۆچوونی جیاوازت لێیان دەست بکەوێت تەرخان بکە. هەموو هەفتەیەک پرسیار لە خۆت بکە بزانە هیچ پێوەندییەکی مانادار و بە سوودت لەگەڵ سەرچاوەیەکی نوێدا کردووە. گەر نەتکردووە، ئاخۆ دەتوانی بیکەیت؟

**قسە لەگەڵ کڕیارەکاندا بکە**. گەر کارەکەی تۆ پێوەست بوو بە دەزگایەکی حکوومی یان بازرگانییەوە، ئەوا هەوڵ بدە بازنەی سەرچاوەکانت فرەوانتر بکەیت نەک هەر تەنیا کەسانی نێو دەزگاکە ببن بە سەرچاوەی هەواڵ بۆ تۆ. قسە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەزگا حکوومییە یان بازرگانییانەدا دەکەن، قسە لەگەڵ کڕیارەکانیان بکە. گەر هەندێ لەو کڕیارانە بوون بە سەرچاوەی هەواڵی تۆ، ئەوا دەبێ بەردەوام مامەڵە لەگەڵ بەرپرسی ئەو دەزگایانەدا بکەیت. هەروەها ڕەنگە پێوستت بەوە بێت مامەڵە لەگەڵ هەندێ لایەنگران و بێلایەنی ئەو دەزگایانە بکەیت. مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و کڕیاری بێلایەنیش بکە. ئاشنایییەک لەگەڵ پاسەواناندا پەیدا بکە. پێوەندی دروست بکە لەگەڵ سکرتێرەکان و ئەوانەی تۆ بە سەرچاوەی زۆر گرینگ دەگەیەنن. سکرتێرەکان خۆیان زۆر جار سەرچاوەی زۆر گرینگن بۆ تۆ. هەر هیچ نەبێ، دانانی پێوەندی باش لەگەڵیاندا زۆر پێویستە چونکە بۆ گەیشتن بە سەرچاوە سەرەکییەکە پێوستت پێیان دەبێت.

**بڕۆ سەیری دیمەنەکان بکە**. کات تەرخان بکە بۆ بینینی دیمەنی ڕووداوەکان وەک سەرچاوە بۆ هەواڵەکەت. گەشتێک بکە یان بە نیازی دیمانەیەک سەردانی ئەو شوێنە بکە، مەرج نییە هەموو جارێک پێش ئەوەی بچیتە ئەوێ کەسانێک بۆ دیمانەکەت

دیاری بکرێت. سەردانی سەرچاوەیەک بکە کە بۆ ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە یان سەردانی دەزگایەک یان ئاژانسێک بکە دەمێکە هیچت لە سەریان نەوتووە. برۆ تەنیا خۆتیان پێ بناسێنە، یەکێک داوەت بکە بۆ نان خواردن یان یەکێک لە نێو نووسینگەکەی یان لە ماڵەوە بۆ ماوەیەک بدوێنە. ڕەنگە گوێت لە پرسێکی زۆر سەیر دەبێت هەرگیز بیرت بە لایدا نەچووە. ڕەنگە هیچ هەواڵێکت لا گەلاڵە نەبێت، بەڵام هەر هیچ نەبێ چەند بیرۆکەیەکت لا دروست دەبێت دواتر بە دوایدا دەچیت. یان ڕەنگە بە دەستی بەتاڵ بگەڕێیتەوە و تەنیا پێوەندییەکەت بۆ دەمێنێتەوە، ئەمەش هەر باشە چونکە ڕەنگە لە داهاتوودا بۆ هەواڵی تر کارت پێی بکەوێ. بەلایەنی کەم زیاتر لە هەواڵەکەت و کۆمەڵگەکەت دەگەیت. زۆربەی جار سەردان بۆ شوێنێک سوودی هەبووە و کاتەکە بە فیڕۆ نەچووە.

**بزانە و فێر بە تۆمارەکان لەکوێن**. ئاشنایەتی لەگەڵ ڕۆژنامەکان و ئەو نووسینگانەی کە تۆماری ئەلیکترۆنییان لا دەست دەکەوێت، پەیدا بکە. هەمیشە بزانە کامە تۆمار حکوومییە و بۆ خەڵکی گشتییە، کامەیان لە ڕووی یاساییەوە نابێ ئاشکرا بکرێت و کامەشیان لە کاتی درکاندنیدا ناکۆکی و دووبەرەکی دەنێتەوە. زوو زوو داوای تۆمارەکان بکە، جا بەکاری بێنیت یان نا چونکە هەر باشە لە لات هەبێت. ئەمە وا لە سەرچاوەکانت دەگەیەنێت تۆ زۆر بایەخ بە کارەکەی خۆت دەدەیت. گەڕان بە دوای تۆماردا بۆ هەواڵی ڕۆژانە دەبێتە هۆی دروستبوونی پێوەندییەکی تۆکمە کە دواتر زۆر بە ئاسانی تۆمار بۆ هەواڵە هەستیارەکان وەردەگریت. هەر کاتێک بۆت لوا و گونجا داوای تۆمارە ئەلیکترۆنییەکان بکە. بگەڕێ و بزانە کێ تۆمارە نهێنییەکانی لایە (نەک هەر تەنیا لە نێو دەزگایەک، بگرە لە ئەندامان یان خەڵکی دەرەوە بپرسە کە ڕەنگە تۆماری باشیان لا دەست بکەوێت). سەیری ئینتەرنێت بکە بزانە چ زانیارییەکی لەسەر تۆمار کراوە (لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بە چەند ساتێک لە کاتی پشووی هەفتەدا، شتی زۆرت دەست دەکەوێت بێ ئەوەی پرسیار لە کەس بکەیت).

**کەسی شارەزا و پسپۆڕ بدۆزەوە**. بگەڕێ بە دوای ئەو دامەزراو و ڕێکخراوە ناحکوومییانەی کار لەسەر هەواڵەکەی تۆ دەکەن. سەردانیان بکە و پێوەندییان لەگەڵدا دروست بکە و وەک سەرچاوەیەک بەکاریان بهێنە بۆ ئەوەی ڕاپۆرت و



چالاکییەکانیان بخەنە بەر دەستت. بەم شێوەیە کاتی تەلەفۆنێکیان بۆ دەکەیت بۆ وەرگرتنی لێدوان لەسەر پرس و ڕووداوەکان دەزانن تۆ کێی. بزانە ئەو ڕێکخراو و دەزگایانە یان ئەو شارەزا و پسپۆڕانە چ هاوپێچێکیان لا هەیە. لاگیرەکان بە هیچ شێوەیەک توێژینەوەی پسپۆڕەکان کەم بەها ناکەن، بەڵام تۆ دەبێ بەم شتانە بزانیت و سەرنجی خۆت بنووسیت.

**هەوڵی دروستکردنی سەرچاوە نیشتمانییەکان بدە**. پێوەندی بە دەزگا نیشتمانییەکان و پسپۆڕ و شارەزای ئەکادیمی و دەزگا حکوومییەکانەوە بکە بۆ ئەوەی زانیاریی وردت دەست بکەوێت لەسەر ئەو هەواڵەی تۆ دایاندەپۆشی. ڕەنگە ئەو سەرچاوانە تێڕوانینی بە نرخ لەسەر پرسە ناوخۆییەکان پێشکێش بکەن. یان ئەوەتا ڕەنگە زانیارییان هەبێت کەوا شتێک لەسەر ئاستی ناوخۆدا ڕوودەدات. ڕەنگە لە ڕووداوە نیشتمانییەکان ئاگەدارت بکەنەوە.

## پێوەندی لەگەڵ سەرچاوەکاندا

**هەمیشە ئامادە بە**. وا لە خەڵکی بگەیەنە تۆ حەزت لێیە گوێ لە ڕا و سەرنجیان بگری، گوێ لە پێشنیاز و سکاڵاکانیان بگری. گوێ لە هەموو شتێکیان بگری کە دەیانەوێت باسی بکەن. هەمیشە ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیڵەکەتیان لا بەجێ بهێڵە. گەر شیا، ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەوەیان بدێ. زوو زوو سەردانیان بکە و بە تەلەفۆنیش بەسەریان بکەوە.

**ڕاستگۆ بە**. سەرچاوە چەواشە مەکە و لە دەستی خۆتیان مەدە. لەو ئاراستەیەی هەواڵەکەت وەری گرتووە ڕاستگۆ بە. گەر بوو بە هەواڵێکی نەرێ مەیگۆڕە بە شتێکی تر. گەر بەتەمای نووسینی هەواڵێک نەبووی، هەرگیز مەڵێ دەینووسم. ئەمە مانای ئەوە نییە سەرچاوەکان لێت دوور بکەونەوە. گەر سەرچاوەیەک لەبارەی هەواڵێکی نەرێ نیگەران بوو، دڵنیای بکەوە کە هەواڵەکە بە یەکسانی و بە وردی دەنووسی و وای تێ بگەیەنە تۆ دەتەوێ زیاتر گوێ لەو بگریت.

**تا دەکرێ پاوەندی وردبینی بە**، گەر بە هۆی ئەوەوە ئێسک گرانیش بوویت، هەر سوور بە لەسەر وردیی هەواڵەکەت. گەر یەکێک تۆمارێکی پێ بەخشییت یان زانیارییەکی

بۆ ئاشکرا کردیت، پرسیار بکە لە کوێ ئەو زانیارییەی هێناوە، پاشان خۆت بە دوای سەرچاوە بنەڕەتییەکەدا بگەڕێ و لێی بکۆڵەوە. داوای ڕاپۆرت و بەڵگەنامە و بزنس کارت و لیستی کارمەندان و ساڵوەگەڕ بکە، چونکە ئەمانە ڕاستی و ژمارەی تۆمارەکانت بۆ دەسەلمێنن. ئەمە هەر تەنیا وردیی هەواڵەکەت مسۆگەر ناکات، بگرە لە لایەن سەرچاوەکانەوە ڕێزت لێ دەگیرێت (ئەمە زۆر بە هاناتەوە دێت و وا لە سەرچاوەکانت دەگەیەنێ کە ژمارەی هەڵە و پەڵە بە سەر تۆدا تێپەڕ نابێت). بەم شێوەیە سەرچاوەکان زۆر بە وردی زانیاری و ژمارەی تۆمارەکانت پێ دەدەن چونکە ئەو بۆچوونەیان لا دروست بووە کە تۆ ژمارەی هەڵە و زانیاریی هەڵە پەسند ناکەیت.

**ببە بە شارەزا و پسپۆڕ**. هەرچەند زانیاریی زیاتر لەسەر پرسە ئاڵۆزەکان و تەکنەلۆژیا و ئابووری فێر بیت بۆ هەواڵەکەت ئەوەندە سەرچاوەکانت ڕێزت لێ دەگرن. کتێب و وتار و ڕاپۆرت بخوێنەوە. لە ئینتەرنێتدا بگەڕێ. زۆر پرسیار بکە.

**دانی پێدا بنێ کە تۆ فەیلەسووف نیت**. گەر شتێکت نەزانی یان لێی تێ نەگەیشتی، پرسیار بکە. سەرچاوەکان ڕێز لەو ڕاستگۆییەی تۆ دەگرن و تۆش فێر دەبیت. هەروەها، گەر بە ساختە بڵێی تێگەیشتم ئەوا ئەوان زۆر بە خێرایی ئەوەت لێ ئاشکرا دەکەن و ئیتر متمانە لە دەست دەدەیت. تێگەیشتنت لە ڕووداوەکە بۆ سەرچاوەکە دووبارە بکەوە بۆ ئەوەی دڵنیای بکەیتەوە.

**حەز و خولیات بۆ زانیارییەکان نیشان بدە**. ڕەنگە سەرچاوەکان سەرنج و بیرت بۆ هەواڵێک بەکێش بکەن جیا لەوەی دەتەوێ قسەی لەسەر بکەی. گوێ لەو هەواڵانەش بگرە کە ڕەنگە بیرۆکەی باشت لەسەر هەواڵێک بۆ داهاتوو دەست بخەن. گەر سەرچاوەیەک باسەکەی خۆی لا گرینگ بوو بەڵام بەلای تۆوە گرینگ نەبوو، گوێی خۆتی بۆ شل بکە. هەرچەند سەرچاوەکە بێزارکەر و درێژدادڕ بێت و هیچ پێوەندیی بە تۆوە نەبێت هەر باشە و گوێی لێ بگرە چونکە تۆ نازانی لە چ کاتێکدا پێویستت بەو زانیارییەی ئەو هەیە، کە ئێستا سوودی لێ نابینی. تەنانەت گەر زانیارییەکە بە تەواوی بێ کەڵک و سوود بوو، ئەوا سەرچاوەکە بایەخ و سەرنجی تۆ دەنرخێنێت و ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکت پێ بڵێت بۆ تۆ زۆر گرینگ و پڕ بایەخ بێت.



**سەرنج و کاری خۆت بە سەرچاوەکان بڵێ**. هەمیشە سەرچاوە باشەکانت ئاگەدار بکەوە لەسەر چی کار دەکەیت، تەنانەت ئەوانەشی کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە باسەکەی تۆوە نەبێت. ڕەنگە ئەوە بزانی سەرچاوەیەک پێوەندیی بە پرسەکەی تۆوە نەبێت، بەڵام گەر تۆ هەواڵەکەتی بۆ باس بکەیت ئەوا ڕەنگە سەرچاوەی ترت پێ بڵێ کە زۆر سوودی بۆ تۆ هەبێت، یان ڕەنگە شتێکی گوێ لێ بووە لەسەر هەواڵەکەی تۆ و پێت بڵێت.

**وەک کارەکتەر ڕەچاوی سەرچاوەکانت بکە**. ڕەنگە ئەمڕۆ هەموو کەسێک بە سەرچاوەی خۆت نەزانی، بەڵام ڕۆژێک دێت پێویستت بە هەموو کەسێک دەبێت. بۆیە وەک کارەکتەر سەیریان بکە و بۆ کاری داهاتووت دروستیان بکە. زانیاری لەسەر خێزانەکانیان و ئارەزووەکانیان و باکگراوندیان وەرگرە، بزانە لایەنگری چ تیمێکی وەرزشین و حەزیان لە چییە. سەرنج بدە شێوازی ژیانی ڕۆژانەیان. تەنانەت گەر شتێک لەو بارەیەوە نەزانی ئەوا خۆت فێری ئەو شتانە بکە، چونکە ڕۆژێک دادێت ئەو کارەکتەرەی تۆ دروستت کردووە شتێکت پێ دەڵێت کە لە مێردەکەی گوێی لێ بووە یان شتێک ڕووی داوە لە نێو گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا کە ئەو زانیاریی زۆری لە بارەوە دەست دەکەوێت.

**هەستی تێکەڵاوبوون و بەزەییت نیشان بدە**. لە نیشاندانی لایەنە مرۆییەکەت مەترسە. بۆ نموونە، گەر منداڵت هەبوو لە هەمان تەمەنی منداڵی سەرچاوەکەت، ئامۆژگارییان بکە بە خۆبەستنەوە لە نێو ئۆتۆمۆبیلدا، گەر ڕقی لە تیمە وەرزشییەکەی تۆ بێت خۆت سەغڵەت مەکە و ستایشی تیمەکەی ئەو بکە. گەر یەکێکیان نەخۆش کەوت خێرا سۆزی خۆتی بۆ دەربڕە. هەرگیز هەستەکانت لەسەر بنچینەیەکی درۆ دروست مەکە، هەوڵ بدە هەستەکانت بەرامبەر بە سەرچاوەکانت ڕاستگۆیانە بن.

**هەوڵ بدە کەمێک کۆنترۆڵ بە سەرچاوەکانت ببەخشە**. تەنانەت گەر سەرچاوەیەک کاتێکی زۆری لەگەڵ پەیامنێران بردە سەر، ئەوا کات و سەلیقەیەکی وای نابێت بە ڕەحەتی لەگەڵ تۆ دانیشێت و قسەت بۆ بکا. بۆیە لە دیمانەیەکدا، هەندێ کۆنترۆڵ بدە دەست ئەو. بێگومان تۆ پرسیاری خۆت دەکەیت، بەڵام گەر ئەویش پرسیاری کرد

وەڵامی پرسیارەکانی بدەوە. گەر بە ڕێکەوت باسی هەر شتێکی کرد زۆر بە ئەدەب و پڕ بایەخەوە گوێی لێ بگرە. بەم شێوەیە گەر پێوەندییەکە یەک لایەنە نەبێت، سەرچاوەکە هەست بە ڕەحەتی دەکات و وەڵامی پرسیارەکانت دەداتەوە.

**کۆنترۆڵ وەرگرە**. ڕاستەوخۆ پرسیارەکانی خۆت بکە. گەر سەرچاوەکە بەسەر پرسیارێکدا بازی دا، پرسیارەکە دووبارە بکەوە. هەر چی ڕێگەیەکی ڕێک و جوان بەکار دەهێنیت بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکە و تۆکمەکردنی، دەبێ سەرچاوەکە لەوە بگات کە بایەخ و مەبەستی تۆ لە دانانی ئەو پێوەندییە وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتنە لە پرسەکان.

**داوای بەڵگەنامەکان بکە**. هەمیشە داوای ئەو بەڵگەنامەیە بکە کە هەواڵەکەت پێویستی پێیەتی. پێوست ناکات ئەم کارە بە ڕێگەیەکی زەحمەت بکەیت (تەنیا گەر خۆت مەبەستت بێت زەحمەتی بکەیت). هەمیشە لە پێناو وردی و دروستیی هەواڵەکەت وەک بەشێک لە داواکانت دایبنێ. یان گەر سەرچاوەکە ئاسان نەبوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر شتێک بۆ تۆمارکردن، پێی بڵێ با شتێک وەک بەڵگەنامە بە تۆ بڵێ. بەڵگەنامەکان متمانە و سەلماندن و دووپاتکردنەوەت پێ دەبەخشن. ڕەنگە بە وردی زانیارییەکانت بۆ بخاتە بەر دەست کە سەرچاوەکەی تۆ بە قسە ناتوانێت یان نازانێت هەموو شتێکت پێ بڵێت. ڕەنگە هەر ئەو بەڵگەنامانە سەرچاوەی ترت پێ ئاشنا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، نموونەی جیاجیات دەخەنە بەر دەست. گەر سەرچاوەیەک بەڵگەنامەیەکت پێ ببەخشێت، ڕەنگە دواتر بۆ ئەو زەحمەت بێت بڵێت ئەو بەڵگەنامەیە تۆمارێکی گشتی نییە.

## ڕاگەیاندن و نەهێشتنی گیروگرفت

**پێگیربە بە تۆمارەوە**. تا لە تواناتدا هەیە، کارەکانت لەسەر بنچینەی تۆمار بێت، بە تایبەتی کاتێ تۆ قسە لەبارەی زانیاری بۆ هەواڵەکەت دەکەیت. ئەم زانیارییە پێش هەموو شتێکی تر بزانە. سەرچاوەکانت دەبێ هەمیشە لەوە بگەن کە پێوەندیی نێوان تۆ و ئەوان پێوەندییەکی کارکردنە و کاری تۆش کۆکردنەوە و ڕاگەیاندنی زانیارییەکانە. کاتێ تۆمار بڵاو دەکەیتەوە، جا ئەو تۆمارە لەسەر هەرچی بێت، دەبێ



لەوە دڵنیا بیت کە هەردووکتان لە زاراوەکان تێ دەگەن: ئاخۆ زانیارییەکە تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەیە و بۆ سەلماندنی نییە؟ گەر وا بێت، ئەوا دەبێ ڕێ پێدانێکی نووسراو لە سەرچاوەکە لەسەر ئەم پرسە وەربگریت. ئاخۆ گفتوگۆکەتان بۆ بڵاوکردنەوە نییە (گەر وا بێت، ئەوا هەوڵ بدە بە سەرچاوەکەت بڵێی کە تۆ ئەمە دەخەیتە سەر ڕۆژنامە بەڵام سەرچاوەی تر بەکاردەهێنیت)؟

**دان بە هەڵەکانتدا بنێ**. گەر هەڵەیەکت کرد (یان ڕۆژنامە لەسەر هەواڵەکەی تۆ هەڵەیەک بکات)، دان بە هەڵەکەدا بنێ، ڕاستی بکەوە و داوای لێبوردن لەوانە بکەن کە لە هەواڵەکەتدا گلاون. خەڵک لەوە دەگات کە هەڵە هەر ڕوودەدات و ڕێز لەو خەڵکانەش دەگرن بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆی خۆیان. گەر هەڵەت نەکردبوو یان گەر هەڵەکە ڕوون نەبوو، ئەوا دڵسۆزانە گوێ لە سکاڵا بگرە. تەنانەت گەر قایلیش نەبووی هەڵەت کردووە، بوار بە سەرچاوەکەت بدە قسەی خۆی بکات و دواتر گفتوگۆی لەگەڵدا بکە بۆچی تۆ هەواڵەکەت بەو شێوەیە نووسیوە.

**ئاگاردار بە لەوەی زۆر خۆت تێزیک نەکەیتەوە**. گەر پێوەندییەکەت لەگەڵ سەرچاوەیەکدا گەیشتە ئەو دیو هاوڕێیەتی، پێوستە بەو پێوەندییەدا بچیتەوە. ڕەنگە پێوست بکات چەند پرسیارێکی ڕەق و زەقی لێ بکەیت بۆ ئەوەی سروشتی کارەکەتی بە بیر بهێنیتەوە. تۆ ناتوانی و ناشبێت خۆت لە خەڵکی بکەیت و دابڕێیت. بەڵام گەر تۆ سەرچاوەکانت لە کڵێسا، یان مزگەوت یان لە شوێنە ڕەسمییەکاندا بینی پێویستە هەندێ سنوور بۆ خۆت دابنێیت.

## پێوەندیت لەگەڵ پەیامنێرانی تردا هەبێت

بزانە ئاخۆ پەیامنێران لەسەر هەواڵە پێشەوانییەکەی تۆ هیچ لیستێکی زانیارییان لا دەست دەکەوێت. دەتوانی لە پەیامنێرانی ترەوە بە سەرچاوەکان و تەکنیک و بیرۆکەی هەواڵی ترەوە ئاشنا بیت. گەر کۆمەڵێک پەیامنێری تر نەناسیت و هیچ لیستێکی زانیاریت نەبوو، ئەوا ئەو ڕۆژنامانە بخوێنەوە کە لەسەر هەواڵەکەی تۆ شتیان تێدایە. دەتوانی بە تەلەفۆن و ئیمەیڵ پێوەندی لەگەڵ پەیامنێراندا دروست بکەیت و باسەکانی خۆت بۆ ئەوان والا بکەیت.

### پرسینەوە لە پارە:

گەر بە دوای چۆنیەتیی بەدەستهێنان و خەرجکردنی پارەدا بچیت ئەوا زۆر هەواڵی نوێ و بەپێزت دەست دەکەوێت. کێ پارە بۆ کێ خەرج دەکات؟ بڕی پارەکە چەندە؟ بەهەدەرچوونی ئەو پارەیە چەند کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵک دەبێت؟ ئەو پارەیە لە کێ دەبڕێت و دەدرێت بە کێ؟ ئاخۆ ئەو پارەیە بۆ کڕینی دەنگە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا؟

### گەشەپێدانی سەرچاوە:

کاتێکی باش تەرخان بکە بۆ پەیداکردنی ئاشنایەتی لەگەڵ سەرچاوەکان بۆ ئەوەی بزانن تۆ نیازی کارێکی چڕوپڕت هەیە و کات بە فیڕۆ نادەی. بە دوای ئەو سەرچاوانەدا بگەڕێ کە تا ئێستا لەسەر پرسەکەی تۆ قسەیەکیان نەبووە. گەر تۆ هەمیشە قسەت لەگەڵ زۆرینەدا کرد، ئەوا هەندێ کاتیش بۆ کەمینەکان تەرخان بکە. گەر زۆرترین قسەت لەسەر دەوڵەمەند کرد، ئەوا دەبێ کات بۆ هەژارانیش تەرخان بکەیت. چەندە سەرچاوەت زۆر بێ ئەوەندە بیروڕای جیاجیات لا گەڵاڵە دەبێت بۆ ئامادەکردنی باشترین هەواڵ. گەر زانیت زۆربەی کاتەکانت بۆ سەرۆک و وەزیر و پسپۆڕەکانە، ئەوا هەندێ کاتیش بۆ خەڵکی سەر شەقام و ڕەشوڕووت تەرخان بکە.



## برەودان بە بیرۆکەکانی هەواڵ - ئامۆژگاری بۆ نووسیاران

هەواڵنێر و نووسیار لە پەیداکردنی بیرۆکەکانی هەواڵدا هاوبەش و هاوکاری یەکترن. هەواڵنێران دەبێ پێشنیازی بە پێز و ورد بدەن بە نووسیاران، لە هەمان کاتیشدا نابێ پێشبینیی ئەوە بکەن کە نووسیار هەموو پێشنیازێکیان لێ وەرگرێت. نووسیار دەبێ یارمەتیی هەواڵنێر بدات بۆ برەودان و جەخت کردن و پێشکێشکردنی بابەتەکان. بابەتی بەپێز، بە تایبەتی بابەتە درێژەکان، پێش ئەوەی بڕیار بدەیت چۆن دوای ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکەویت، پێویستیان بە بیرکردنەوە و بیرۆکەی نووسین هەیە. زۆربەی ئەو خاڵانەی لێرە باس دەکرێن بۆ هەموو جۆرە بابەتێک لەودیوی داپۆشینی هەواڵی ڕۆژانەوە دەشێن. کارەکە جیایە گەر تۆ بە خێرایی پێشنیازی بابەتێک بکەیت بۆ ئەم یەکشەممەیە، بابەتی درێژ خایەن و پرۆژەی درێژ تا ئامادەی دەکەیت چەند هەفتە یان مانگێکی دەوێ. بەڵام بنەماکان هەمان شتن: پێش ئەوەی هەواڵنێران و نووسیاران کات و شوێن و پارە بۆ بابەتێک بخەنەگەڕ، پێوستە پێش هەموو شتێک بیرۆکەی بابەتەکەیان لا گەڵاڵە بێت.

## ئامۆژگاری بۆ نووسیاران

### - بە خێرایی وەڵام بدەوە

بۆ ئەو پێشنیازانەی کە هەواڵنێران بۆ بابەتەکانیان دەیکەن، پێویستە وەڵامی خێرا ببیستن. بێدەنگی بەرامبەر بە پێشنیازی هەواڵنێرێک وەڵامێکی پەسندنەکراو و دوورە لە کاری پسپۆڕانە. دەستبەجێ دان بە پێشنیازەکەدا بنێ، تەنانەت گەر کاتێکی زیاترت پێویست بوو بۆ وەڵامدانەوەیەکی یەکلاکەرەوە. گەر بۆ ماوەیەکی زۆر سەرقاڵ بوویت بە بابەتێکەوە بۆ ئەوەی وەڵامێکی گونجاو بدەیتەوە، ئەوا دانی پێدا بنێ و کاتێکی دیاریکراو بۆ هەواڵنێرەکە دەستنیشان بکە بۆ ئەوەی بە درێژی تاوتوێی بابەتەکە بکەن. هەروەها بەو کات و ڕۆژەوەی بۆ هەواڵنێرەکەی دیاری دەکەیت پاوەند بە. گەر ناچار بوویت جارێکی تر کاتەکە دوا بخەیت، ئەوا

دواخستنەکە زۆر نەخایەنێت و بە خێرایی بە هەواڵنێرەکە بڵێ کە تۆ ناچاری و زۆر پێویستە کاتەکە دوا بخەیت. هەندێ شت هەن زۆر زیان بە پێوەندی لەگەڵ هەواڵنێران دەگەیەنن و وای نیشان دەدەن کە بە هانای گرینگیی بابەتی هەواڵنێرانەوە ناچیت و پڕ بایەخ سەیری بابەت و کۆششیان ناکەیت. یەک لەو شتانە ئەوەیە، کاتێ بە هەواڵنێرێک دەڵێیت "ڕۆژێک دادەنیشین قسە لەسەر بابەتەکەت دەکەین" ئەم وەڵامە وەڵامیکی پرۆفێشناڵ و شیاو نییە بۆ بەدواداچوونی بابەتێک یان قسەکردن لەسەر بابەتێک.

نیشانی هەواڵنێرەکە بدە کە تۆ وەک نووسیارێک زۆر پەرۆشی بۆ بابەتەکەی ئەو و زۆریشی دەنرخێنی و پڕ بایەخ سەیری دەکەیت. تەنانەت گەر هەواڵنێرێک پێشنیازێکی خراپ بۆ بیرۆکەی بابەتێکی خراپ بکات، سوپاس و پێزانینی خۆتی پی ڕابگەیەنە بۆ دەستپێشخەرییەکەی. گەر ئەو هەواڵنێرە سەرکەوتوو بێت (تۆش وەک نووسیارێک لەگەڵ ئەو هەواڵنێرە سەرکەوتوو دەبیت)، هەواڵنێر دەبێ دەستپێشخەری بکات و بە بیرۆکەی باش بێتە پێشەوە.

هاتنە نێو مەیدانەکە بە بیرۆکەیەکی خراپیشەوە، وەک هەنگاوی یەکەم، کارێکی زۆر گرینگە و ڕۆیشتنە بە ئاراستەیەکی ڕاستدا. تەنانەت گەر گرفتەکانی ئەو پێشنیازەت وەسف کرد و شی کردەوە، ئەوا دەبێ پەسنی دەستپێشخەرییەکە بدەیت. یان ڕەنگە بیرۆکەکەی باش بێت بەڵام بە خراپی نووسرابێتەوە، ئەو کات پێویستە پەرۆشیی خۆت بۆ بیرۆکەکە دووپات بکەیتەوە و دەستپێشخەرییەکەی بەرز بنرخێنیت.

یارمەتیی هەواڵنێرەکە بدە بە شێوەیەکی باشتر ئەو بیرۆکە باشە بنووسێتەوە. هەروەها گەر هەواڵنێرەکە بیرۆکەیەکی باشی هەبێت و بە باشیشی نووسی بێت، ئەوا زۆرتر پەرۆشیی خۆت بۆ بابەتەکە دەربڕە، تەنانەت گەر نەتتوانی وا لە هەواڵنێرەکە بکەیت لەم ئان و ساتەدا واز لە بابەتەکە بهێنێت.

**- بیر لە کاری هەواڵنێران بکەوە**

بە هەواڵنێران مەڵێ "نەخێر". تۆ زۆر زانیاریت نییە لەسەر پێشنیازی هەواڵنێرێک و ڕەنگە هیچیشی لە بارەوە نەزانیت، مەگەر چەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێت، هەرگیز





بە خێرایی پێشنیازەکە ڕەت مەکەوە. لە بارەی بابەتەکەوە پرسیار بکە، پرسیارەکان یارمەتیت دەدەن بڕیارێکی باشتر بدەیت. ئاخۆ تێچووی پێشنیازەکە زۆرە؟ بپرسە بزانە ئاخۆ ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم زانیارییانە. ئاخۆ گومانت هەیە ئەو پێشنیازە لەودیو تواناکانی ئەم هەواڵنێرەوە بێت؟ لە هەواڵنێرەکە بپرسە چۆن دەتوانێت بەسەر ئەو بەربەستانەدا زاڵ بێت کە لە کاتی ئامادەکردنی ئەو بابەتەدا دێنە پێشەوە. ئاخۆ پێشنیازەکە کاتی زۆری دەوێت، یان ئێستا کاتی پێشنیازێکی لەو جۆرەیە؟ بپرسە ئەم پیشنیارە چ هەواڵێکی لێ دەردەچێت؟

هەروەها بە هەواڵنێران مەڵێ "بەڵێ". گەر هەواڵنێرێک پێشنیازێکی بەپێز و بەهێزی هەبوو کە یەکسەر دەتوروژێنێت، پرسیار بکە هێشتا پێویستت بەوە هەیە یارمەتیی هەواڵنێرەکە بدەیت پلان بۆ ئەو بابەتە دابڕێژێت. باسی ئەو بەربەستانەی بۆ بکە دێنە سەر ڕێگەی لە کاتی ئامادەکردنی بابەتەکە و بزانە پێشبینیی چۆنە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەدا. لەبارەی کۆکردنەوەی زانیاری بپرسە، ئاخۆ زانیارییەکان بە ئاسانی دەست دەکەون یان ئەوەتا دەبێ گەشت بۆ ناوچەیەکی تر بکەیت و لەوێ زانیاری کۆبکەیتەوە.

وەک نووسیارێک، دەبێ هەمیشە ڕاستگۆ بیت. بەڕوونی بە هەواڵنێرەکە بڵێ بۆچی بیرۆکەکەی بەهەند وەرناگرێ و نایکەیتە بابەت. ڕەنگە بۆ هەواڵنێرەکە تۆ شتێکی زۆر گرینگتررت لا بێت بە دواداچوونی بۆ بکات. یان ئەوەتا بیرۆکەیەکی ترت هەیە هەواڵنێرەکە بە شێوەیەکی باشتر پێشنیازی کردووە. ڕەنگە تۆ وا هەست بکەیت ئەو هەواڵنێرە بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ئامادە نییە. ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە کە هەواڵنێرێکی تر هەیە باشتر و شیاوترە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە. هەموو ئەم هۆیانە بە ڕاستگۆیی بە هەواڵنێرەکە بڵێ. ئەو کۆشش و دەست پێشخەرییەی هەواڵنێرەکە پێشکێشی دەکات شایەنی وەڵامدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەیە. ڕەنگە وەڵامی ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە گفتوگۆ و دەمەتەقێی ناخۆش بنێنەوە لەگەڵ هەواڵنێرەکە، بەڵام ئەوە بەشێکە لە کارەکەی تۆ. هەوڵ بدە ئەو دەمەتەقێ ناخۆشە بگۆڕی بە هەستێکی ڕووبەڕووکاری کە یارمەتیی هەواڵنێرەکە بدات لە داهاتوودا خۆی بۆ ئەم جۆرە بابەتە ئامادە بکات.

### - ڕەچاوی کات و شوێن و پارە بکە

جاری وا هەیە بیرۆکەی هەواڵنێرەکە لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام تۆ کات و شوێن و پارەت نییە باسی ئەو بابەتە بکەیت کە هەواڵنێرەکە پێشنیازی کردووە. یان ئەوەتا بیرۆکەکە دەبێ دەسبەجێ بکرێتە بابەت و پێوستی بە سەرنجێکی دەسبەجێ هەیە. ئەوا لەم حاڵەتەدا، لەگەڵ هەواڵنێرەکەدا دانیشە و پرسیاری لێ بکە ئاخۆ دەکرێ ئەم بیرۆکەیە بە کات و شوێن و پارەیەکی کەمتر ئامادە بکرێت. یان گەر پێت وا بوو کە پێشنیازی هەواڵنێرەکە بەو شێوەیە نییە ئەو بیری لێ کردووەتەوە، پرسی تری بخە دەست بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکات.

### - ڕاستەوخۆ بیرت بۆ ئەوە نەچێت کە بابەتەکە پارەی زۆری دەوێت

هەواڵنێری باش پێشنیازی بیرۆکەکان دەکات بەڵام لای نووسیاری باش پێ دەچێت پارەی زۆری تێ بچێت. گەر تۆ بەرپرسیار نەبوویت لە بودجە، بیر لەوە مەکەرەوە کە ئەو بیرۆکەیە زۆر پارەی تێ دەچێت. بگرە یارمەتیی هەواڵنێر بدە گەشە بە بیرۆکەکەی بدات و تەواوی بکات.

پاشان ڕەوانەی لای ئەو نووسیارانەی بکە کە بەرپرسیارێتیی بودجە و پارەیان لە



ئەستۆدایە. گەر تۆش بەرپرسیار بوویت لە بودجە، ڕاشکاوانە باسی گیروگرفتەکانی تێچووی بابەتەکە لەگەڵ هەواڵنێرەکەدا بکە. بەردەوام قسە لەگەڵ هەواڵنێرەکەدا بکە و هەوڵ بدە باش لەوە تێ بگەیت چۆن پارە لە شتەکان خەرج دەکات. گەر هەر بە سادەیی بۆت ڕوون بووەوە کە ئەو پارەیەت نییە خەرجی بکەیت یان ئەوەتا هەستت بەوە کرد ئەو بابەتە هی ئەوە نییە ئەو پارەیەی لێ خەرج بکرێت، هەوڵ بدە بڕوا بە هەواڵنێرەکە بکەیت کە ئەم کارە بە شێوەیەک بکات زۆر پارەی تێ نەچێت و کورت و پوخت بێت.

گەر زانیت لە بەر کەمیی پارە بابەتەکە کاریگەر و باش دەرناچێت، ئەوا لە هەواڵنێرەکە بپرسە گەر بتوانێت کەمێک چاوەڕێ بکات تا پاڵەپەستۆ لەسەر بودجە کەم دەبێتەوە. گەر بابەتەکە زۆر گرینگ و بەپێز بوو دەتوانی لەگەڵ هەواڵنێرەکەدا لەسەر ئەوە ڕێک بکەون کە ئێستا کورتەهەواڵێکی لێ دروست بکات و دواتریش، کاتێ پارە دەبێت، بە درێژی ئامادەی بکات.

### - کاتی دواخستنەکەت ڕوون و دیار بێت

گەر وەڵامەکەت "ئێستا نا" بوو، هەوڵ بدە بە وردی و بە ڕوون کاتی دواخستنەکەی پێ بڵێ. گەر دڵنیا بووی لەوەی هەواڵنێرەکە ئامادە نییە چارەسەری ئەم بابەتە بکات، ئەوا ڕاشکاوانە پێی بڵی یەکەم جار چیت دەوێ بۆت بکات. گەر زانیت هەواڵەکە بێ هێزە، بە ڕاشکاوانە بڵێ بێ هێزە و پێشنیازی هەندێ بارودۆخی تری لەسەر هەمان بابەت بۆ بکە. گەر بتەوێ هەواڵنێرەکە یەکەم جار بابەتێکی ترت بۆ ئامادە بکات، ئەوا نۆرەی بابەتەکەی خۆی بۆ دیاری بکە بۆ ئەوەی بزانێت کەی بابەتەکەی ئامادە بێت (لە گەڵ ئەوەشدا، ئەوەشی بۆ ڕوون بکەوە کە ڕەنگە بارودۆخی تر بێتە پێشەوە و جارێکی تریش بابەتەکەی دوا بکەوێت).

ئەگەریش زانیت ئەو هەواڵنێرە هەرگیز ناتوانێت ئەو بابەتە ئامادە بکات، ڕاشکاوانە پێی بڵێ و هۆیەکەشی بۆ ڕوون بکەوە. زۆر جار کە تۆ بە هەواڵنێر دەڵێیت "ئێستا کاتی ئەو بابەتە نییە"، گەر کاتی بۆ دیاری نەکەیت ئەوا ماناکەی دەبێتە "ئەو بابەتە هەرگیز بڵاو ناکرێتەوە".

### - توانای هەواڵنێرەکانت بزانە

گەر لە پێشکێشکردنی چیرۆکێک گومانت لە توانای هەواڵنێرەکەت هەبوو، ڕاشکاوانە گومانەکەی پێ بڵێ. ئەو شتەی بەبیر بهێنەوە کە هەواڵنێرەکە پێشتر نەیکردووە یان پێشتر شتێکی هاوشێوەی ئەو بابەتەی کردووە و سەرکەوتوو نەبووە. بزانە بابەتەکە چ توانا و بەهرەیەکی دەوێت کە لە هەواڵنێرەکەدا بەدیی ناکەیت. لەگەڵ هەواڵنێرەکەدا قسە بکە و بزانە چۆن دەتوانێت پرۆژەکە بەڕێوە ببات. پاش هەموو ئەو شتانە، وا لە هەواڵنێرەکە بکە پێوەندی بە هەواڵنێرانی دیکەوە بکات کە ئەزموون و توانایان هەبێت لە بواری بابەتەکە و پێشتر کاریان لەسەری کردبێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێزیکەوە چاودێریی بکە و لە برەودان بە بابەتەکەیدا یارمەتیی بدە. دەبێ هەوڵی پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان توانای هەواڵنێر و ئەو هەوڵەی خۆت بۆ سەرخستنی هەواڵنێرەکە دەیدەیت، بدەیت. تۆ دەتەوێ ڕووبەڕووی هەواڵنێرەکە ببیتەوە و تواناکانی بزانی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەتەوێ هەواڵنێرەکەت سەکەوتوو بێت. بە هیچ شێوەیەک لە پێشنیازەکە کەم مەکەوە تا لە ئاستی توانای ئێستای هەواڵنێرەکە بێت، بگرە مەهێڵە ئەو پلانەی دایدەڕێژرێت بۆ ئامادەکردنی بابەتەکە لەودیو توانای هەواڵنێرەکەوە بێت.

شتی تر لەسەر بابەتەکە بخوێنەوە. سەیری ئەرشیڤی خۆت و ڕۆژنامەکانی تر بکە و بزانە چی لەسەر بابەتەکە نووسراوە. سەردانی هەندێ ماڵپەڕی ئینتەرنێت بکە و باکگراوندێک بۆ بابەتەکە بەردەستە بکە. پێویستە تۆ یارمەتیی هەواڵنێر بدەیت تا وردتر بێت و لە نێوان کەرەستەی کۆن و نوێ جیاوازی بکات، باکگراوندەکە بدە بە هەواڵنێرەکە و دەبێ بزانێت خوێنەر چیی دەوێت.

### - ڕەچاوی وێنە و گرافیک بکە

داوا لە هەواڵنێر بکە وێنە و گرافیکی شیاوی هەبێت کە لەگەڵ بابەتەکەیدا یەک بگرنەوە و یەکتری تەواو بکەن. کۆبوونەوەیەک ساز بکە لەگەڵ هەردوو بەشی وێنە و گرافیک بۆ ئەوەی بەیەکەوە پلانێک بۆ چۆنیەتی گونجاندنی وێنە و بابەت دابڕێژن.

### - ڕەچاوی خشتەی کات بکە

دەبێ هەمیشە خشتەی کاتەکانت لە بەردەمدا بێت. لەگەڵ هەواڵنێرەکەدا دانیشە و



لێی بپرسە بزانە دەتوانێت کاتی تەواو (فوولتایم) لەسەر بابەتەکەی کار بکات یان لەگەڵ کارەکانی تری بیبەستێتەوە. باسی ناوەرۆکی هەواڵەکە و مێژووی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە بکە. بە هەواڵنێرەکە بڵێ لە کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکەدا دەتەوێ چیت لە بەردەستدا بێت.

قسەی لەگەڵدا بکە ئاخۆ هەواڵنێرانی تر بێنە ناو بابەتەکەوە و چۆن سوود لە کاتی ئەوان وەردەگیرێت بۆ بابەتەکە. بە لایەنی کەم تۆ دەبێ باسی ئەوەی لەگەڵدا بکەی بۆ تەواوکردن و ئامادەکردنی بابەتەکە چەند کاتی پێویستە.

### - با بابەتەکە تەنیا لەسەر یەک لایەن یان یەک شت بێت

گەر هەواڵنێرەکە باسی پرۆژەیەکی کرد چەندین لایەن و بابەت لە خۆ بگرێت، ئەوا قسەی لەگەڵ بکە کە جەخت لەسەر یەک بابەت بکاتەوە، یان بە لایەنی کەمەوە ئەو بابەتە فرە لایەنەی ئەو چەندین ڕاپۆرتی لەسەر دروست بکرێت، بەڵام هەر ڕاپۆرتە و باسی یەک بابەتی دیاری کراو بکات نەک ڕاپۆرتێکی درێژی فرە بابەت.

# ئاشكراكردنی ڕاستییەكان

كاری هەواڵنێری بەسێ ڕێگە دەكرێ. هەر یەك لەم ڕێیانەش مەترسیی خۆی دەبێ گەر ڕۆژنامەوان هەوڵ بدات زانیاری بە ڕاستگۆیییەوە بە هاوولاتیان بگەیەنێت.

ڕێگەی یەكەم: زانیاری ئەو زانیارییەیە كە سەرچاوە جۆرەوجۆرەكان بە مەبەستی دەربرینیان و كێشكردنی داپۆشینی هەواڵ بۆیان، بە دەستی ئەنقەست دروستیان دەكەن. ئەم زانیارییە بە ئاسانترین شێوە دەست دەكەوێ. لە ڕێی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی یان كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی یان وتار یان لێدوانی دروستكەرانی جۆرەوجۆری هەواڵەوە ئەم جۆرە زانیارییانە بڵاو دەبنەوە. لێرەدا مەترسییەكە لەوەدایە كە بە دەستهێنانی ئەم زانیارییە ئەوەندە ئاسانە وا لە هەواڵنێر دەكات تەمبەڵ بێت و تەنیا دەست بۆ كۆمەڵە زانیارییەك بگرێتەوە لە كاتێكدا زانیارییە گرینگەكان دوورن لەو بابەتەی گەڵاڵەی دەكات. دەكرێ بەم جۆرە زانیارییانە بگوترێ (ڕووداوە درۆیینە) لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە سەرنج بە ئاراستەیەكدا بەكێش دەكەن كە دوور بێت لە ڕاستیی ڕووداوەكان، بەڵام ئەم بۆچوونە هەموو جارێك ڕاست نییە. ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئەوەیە كە پێویستە هەواڵنێر ئاگەدار بێت ئەو زانیارییانەی بەم شێوەیە دەست دەكەون هەموو شتێك نین و تەواو نین و بێلایەنیش نین. پێویستە بۆ هەر زانیارییەك لایەنی كەم دوو سەرچاوەت هەبن و ئەو سەرچاوانە نابێ لە یەكتر نێزیك بن، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لە بڵاوكردنەوەی زانیاریی نادروست لە ڕۆژنامەدا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار لە ڕووی كردارییەوە سەختە زیاتر لە سەرچاوەیەكت دەست بكەوێ، بۆیە پێش ئەوەی هەر شتێك لە ڕۆژنامەدا بڵاو بكەیتەوە، ئەوە لەبەر چاو بگرە: گەر ئەم زانیارییە ڕاست نەبوو چی ڕوو دەدا؟ چۆن لە ڕاستییەكە دڵنیا دەبینەوە؟

ڕێگەی دووەم: ئەم ئاستە خۆماندووكردنی زیاتری هەواڵنێری دەوێ. ئەم ئاستە بریتییە لە داپۆشینی ڕووداوگەلێك كە پلانت بۆ داپۆشینیان دانەناوە، وەك: لافاو و






زریان و ڕووداوی ڕێگەوبان و هەموو ئەو شتانەی لەبەرئەوە نابنە ڕووداو كە دروستكەری هەواڵ دەیەوێ، بگرە لەبەرئەوەی ڕوودەدەن. بۆ نموونە گەر لافاوێك ڕووی دا ئەوا چەندین جێ هەیە هەواڵنێر بچێ بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و دارشتنیان لە بابەتێكی هەواڵدا. لێرەدا لیستی ئەو سەرچاوانەی دەكرێ زانیارییان لێ وەرگیرێت چەند شوێنێك دەگرێتەخۆ وەك فەرمانگەی كەشناسی، پۆلیس، ئاگركوژێنەوە، نەخۆشخانەكان و ئەو خەڵكانەی لەو ناوچەیەدا نیشتەجێن یان كار دەكەن. لێرەدا هەواڵنێر دەتوانێ هەردوو ڕێگەی یەكەم و دووەم بۆ یەك بابەت بەكار بهێنێ. دەتوانێ لە سەرەتادا ئامادەی ئەو كۆنگرە ڕۆژنامەوانییە بێت كە بەرپرسێك لەسەر ئەو ڕووداوە قسە دەكات و دەتوانێ چەند پرسیارێكیش ئاراستەی بەرپرسەكە بكات بۆ ڕوونكردنەوەی هەندێ لەو شتانەی گوتراون یان لەسەر هەر بابەتێكی تر كە بە پێویستی دەزانێ. لە حاڵەتی لافاودا ڕەنگە فەرمانگەیەك لێدوانێكی ڕۆژنامەوانی ئاراستەی گشت ڕۆژنامەوانان بكات. لە ڕێگەی دووەمدا هەواڵنێر دەتوانێ بابەتێكی بەپێزتر و پڕ زانیاری و ڕاستگۆتر بەرهەم بهێنێ. بەڵام كێشەی ئەم ڕێگەیە، گەر لەگەڵ ڕێگەی یەكەمدا بەراورد بكرێ، ئەوەیە كاری سەختتر و كاتی زۆرتری گەرەكە. لەگەڵ ئەمەشدا دواكەوتن لە بەرهەمهێنانی هەواڵ ڕەنگە باشتر بێت لە پەلەكردن و بەرهەمهێنانی شتێكی ناتەواو.

ڕێگەی سێیەم: بریتییە لە لێكدانەوە و شیكردنەوە، هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆ) لە ڕووداوێكدا، یان گەیشتنە بە بنج و بنەوانی پرسێك. لەم ڕێگەیەدا

پێویستە هەواڵنێر تا دەکرێ زانیاری کۆ بکاتەوە و ئاشکرایان بکات تا لایەنە ڕاستییەکان بێلایەنانە دەربخات. ئەم ڕێگەی هەواڵنێرییە کاری زۆر دەخوازێ. دەبێ هەواڵنێر زۆر بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێ تا بزانێ کام لایەنی کێشەیەک بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بەدەستەوەیە. بەڕێکی ئەنجامدانی ئەم کارە، لە هەموو شتێک گرینگترە و لە هەمووی زیاتر خزمەت بە خواستی جەماوەر دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا گرتنەبەری ئەم ڕێگەیە لە گشت ڕێگەکانی تر قورستر و ترسناکترە و کێشەی زۆری بە دواوە دەبێت. لەم شێوازەی ڕۆژنامەوانیدا زۆر ئاسانە مرۆڤ ئەو هاوسەنگییەی خواستراوە، لەدەست بدات و لە جیاتی ئەوەی هەواڵنێر بێت ببێتە لایەنگر و پارێزەری لایەنێکی کێشەکە. لە کاتێکدا لەلای خوێنەر کاری سەرەکیی هەواڵنێر ئەوەیە هەواڵ بە ڕاستگۆیی و بە وردی و بێلایەنانە بگەیەنێت. لەبەرئەوەشە ڕۆژنامەوانی باش بڕوای وایە خەڵک دەتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن گەر هەست بکەن ئەوان هەن و ڕاستییەکانیان بەبێ دەستکاری بگاتە دەست.



## نووسینی بابەتی هەواڵ

فێربوونی نووسینی بابەتی هەواڵ کات و ڕاهێنانی گەرەکە. هەروەها هەڵەکردن و پەند وەرگرتن لە هەڵەکانت دەچێتە خانەی فێربوونەوە. لێرەدا باس لە پێکهاتە و ڕێنوێنییە گشتییەکان دەکەین، ئەم ڕێنوێنییانە دەخرێنە بەرچاوی ئەو فێرخوازانەی مەشق بۆ بوون بە ڕۆژنامەوان دەکەن، بۆیە پێویستە ئێستا بیریان لێ بکرێتەوە، یان ئەگەر تۆ بۆ خۆت ڕۆژنامەوانی، گرینگە بەبیری خۆتیان بهێنیتەوە:

چی لە بابەتی هەواڵ چاوەڕوان دەکرێ؟ بە سادەیی بابەتی هەواڵ بارکێشێکە بارەکەی بریتییە لەو زانیارییانەی خوێنەر دەیەوێ لێیان ئاگەدار بێت. بۆیە پێویستە هەواڵ بە شێوەیەک داڕێژی کە سەرنجڕاکێش و بێلایەن و سادە بێت.

لە ڕاپۆرتی هەواڵدا بەهیچ شێوەیەک جێی بۆچوونەکانی خۆت نابێتەوە، تەنیا ڕاستییەکان دەبێ بخەیتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەی خەڵک لەبارەی ئەو ڕاستییانە دەیڵێن، جگە لەمە نابێ لە ڕاپۆرتەکەتدا بەهیچ جۆرێک وشەی وەک "بەداخەوە" یان "جێی داخە" بەکار بهێنی تەنیا ئەگەر لە نێو وتەکانی کەسێکدا هاتبن کە لێدوانت لێی وەرگرتبێت، هەرگیز ئەوەش لەبیر مەکە کە تۆ لە کاتی نووسینی ڕاپۆرتی هەواڵدا بەشێک نیت لە ڕووداوەکە و نابێ هیچ ڕا و بۆچوونێکیشت لە بارەیەوە هەبێ.

هەموو بابەتێکی هەواڵ پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە، کە ئەمانەن:

– چی؟
– لە کوێ؟
– کێ؟
– کەی؟
– بۆ؟
– چۆن؟

پاوەند بوونت بەم پرسیارانەوە هاوکارت دەبێ بۆ ئەوەی بیر و هۆشت بە کاری هەواڵنێرییەوە گرێ بدات. بابەتی هەواڵ دەبێ زۆر بە ڕوونی بنووسرێت تا زۆربەی خوێنەران لە ناوەڕۆکەکەی بگەن. تۆ دەبێ وای دابنێیت کە بۆ خوێنەرێکی تەمەن دە ساڵ دەنووسی، تا دەکرێ زمانی نووسینی هەواڵ دەبێ سادە بێت و یاسای زێڕینیش لێرەدا دەبێ ئەوەبێ (گەر وشەی سادەتر هەبوو بەکاری بهێنە). با ڕستەکان تا دەکرێ کورت و پڕ واتا بن. بڕگەی پێشەکی دەبێ لە (٢٥) وشە زیاتر نەبێت (بگرە لەمەش کورتتر بێت باشترە).

هەر ڕستەیەک لە دوای پێشەکیی بابەتەکەوە پێویستە بەردەوامی بە بابەتەکە بدات و فرەوانی بکات و بۆ ڕستەی دوای خۆی ڕێ خۆشکەر بێت. پێویستە ئەم ڕستانە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لە لای خوێنەر دروست دەبن.

هەر بابەتێکی هەواڵ گەر بێت و ورد و پوخت و سادە بێت خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئاسان بێت و وەڵامی گشت پرسیارەکانی خوێنەر بداتەوە، ئەوا بابەتێکی باشی هەواڵە. بابەتی هەواڵ پێویست ناکات زۆر بە باق و بریق و پڕ ڕەوانبێژی بێت، بگرە پێویستە پتەو بێت.




لێرەدا دوو نموونە بۆ نووسینی هەواڵ دەخەینە بەرچاو، یەکێکی خراپ و یەکێکی پتەو و دامەزراو. هەواڵەکە لەبارەی کچێکەوەیە لەحەوشی ماڵی خۆیان بە مردوویی دۆزراوەتەوە.

نموونەی یەکەم:

(سەوزە فەتاح



مرد، دوای ئەوەی بەداخەوە لە سەربانی ماڵی خۆیانەوە بەشەو ویستبووی دابەزێت پێی هەڵدەخلیسکێت و دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێ. دوای ئەوەی داوایان لێ کرا بێن بۆ شوێنی ڕووداوەکە، تیمی فریاکەوتن گەیشتنە ماڵەکەوە. بەڵام جێی داخە کە پێش گەیشتنیان ئەو گیانی لەدەست دا، تەنیا ئەوەندەیان پێ کرا تەرمەکەی بگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانە.

یەکێک لە ئەندامانی خێزان گوتی: "ئەمە خەمێکی گەورەیە. هەموو خێزانەکەمانی شڵەژاندووە و نازانین چۆن بەسەر خەمی ئەم ڕووداوە ناخۆشەدا زاڵ ببین". لەلای خۆیانەوە پۆلیس چوونە ماڵەکە و ئێستا بۆ زانینی چۆنێتیی ڕوودانی ئەم کارەساتە خەریکی لێکۆڵینەوەن، قسەکەرێکی پۆلیسیش لەم بارەیەوە گوتی: "ئێمە بیری خۆمان خستووەتە گەڕ بۆ زانینی چۆنێتیی ڕوودانی ئەم ڕووداوە و لێکۆڵینەوە لەو بارودۆخەی ئەو کچە سێ ساڵییەی تێدا مردووە بەردەوامە". ئەمە و قسەکەرێک بەناوی بەڕێوەبەرایەتیی بەشی فریاکەوتنەوە گوتی: "ئەمە کارەساتێکی گەورەیە. تیمی فریاکەوتنمان بەهۆی ڕووداوێکی گەورەی ڕێگەوبانەوە لەسەر ڕێگەی سەرەکیی نێوان نەخۆشخانە و ماڵی کچەکەدا ناچاربوون بەڕێگەی لاوەکیدا بچن و ٤٥ خولەکی برد تا گەیشتە شوێنی ڕووداوەکەوە".)

تۆ بە ئاسانی دەتوانی هەڵەکانی ئەم نموونەیە دیاری بکەیت:

یەکەم، ئێمە لە سەرەتادا نەمانزانی سەوزە فەتاح کێیە، تو بڵێی کەسایەتییەکی دیار بێت؟ دووەم، پێشەکییەکە زۆر درێژە و وشەی زیاد لە پێویستی تێدا بەکار هێنراون و زۆر پرسیاری سەرەکی هەن یان بێ وەڵام ماونەتەوە یانیش لە جێی خۆیان وەڵام نەدراونەتەوە. بابەتی گرینگی ئەم هەواڵە ئەوەیە کەسێک تەمەنی تەنیا سێ ساڵە و لە حەوشی ماڵەکەیاندا مردووە. پێویستە ئەمە پێشەکییەکە بێت. ئەو گرفتەی ڕێگر بوو لە گەیشتنی تیمی فریاکەوتن بۆ شوێنی ڕووداوەکە، کە زۆر پێوەندیدارە بەڕووداوەکەوە، لە خوارەوەی بابەتەکەدا باسی کراوە کە نەدەبوو لەوێ بێت. هەروەها دەکرا ئەوە بزانرێت ڕووداوەکە لەکوێ بووە و کەی ڕووی داوە و ئەو ئەندامەی خێزانەکەیان کە قسەی لێ وەرگیراوە کێیە.

ئەم هەواڵە دەکرا بەم شێوەیە دابڕێژرێت:

نموونەی دووەم:

(کچێکی تەمەن سێ ساڵ بە هۆی هەڵدێرانەوە دوای ئەوەی خلیسکا و لە سەربانی خۆیانەوە کەوتە خوارەوە مرد. ماوەی ٤٥ خولەکی خایاند تا تیمی فریاکەوتن گەیشتنە ماڵی سەوزە فەتاح، کە لە کەرەگی ئازادییە، ئەویش بەهۆی ڕووداوێکی گەورەی ڕێگەوبانەوە لەسەر ڕێگەی سەرەکیی نێوان نەخۆشخانە و ماڵی سەوزە بۆیە کە گەیشتنە ماڵەکە کچە چکۆڵەکە مردبوو. فەتاح خدری تەمەن ٤٢ ساڵ، کە باوکی سەوزەیە گوتی: "ئەمە خەمێکی گەورەیە. هەموو خێزانەکەمانی شڵەژاندووە و نازانین چۆن بەسەر خەمی ئەم ڕووداوە ناخۆشەدا زاڵ ببین" هەروەها پێی وابوو کە ڕەنگ بێ کچەکەی شەو بەدەم خەوەوە ڕۆیشتبێ و لە سەربان کەوتبێتە خوارەوە، لە لای خۆیەوە پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوەیەک کرد و قسەکەرێکی بۆلیس گوتی: "ئێمە بیری خۆمان خستووەتە گەڕ بۆ زانینی چۆنێتیی ئەم ڕووداوە، لێکۆڵینەوە لەو بارودۆخەی ئەو کچە سێ ساڵییەی تێدا مرد بەردەوامە". قسەکەرێکیش بە ناوی بەڕێوەبەرایەتیی بەشی فریاکەوتنەوە گوتی: "ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، تیمەکەمان بە هۆی ڕووداوێکی گەورەی ڕێگەوبانەوە لەسەر ڕێگەی سەرەکیی نێوان نەخۆشخانە و ماڵی کچەکەدا ناچار بوون بە ڕێگەی لاوەکیدا بچن و ٤٥ خولەکی برد تا گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەوە".)

ڕەنگە ئەمە لە سەدا سەد تەواو نەبێت، بەڵام بە هەمان ئەو زانیارییانەی لە نموونەی یەکەمدا هەن وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی خوێنەری داوەتەوە. زمانەکەی سادەیە، کەسانی پێوەندیدار ناسێنراون و وشەی زیاد لە پێویست بەکار نەهێنراون.

مەبەست لەم نموونەیە ڕوونکردنەوەی گرینگیی ئەم خاڵانەیە:

– سادەیی لە نووسیندا.
– پێشەکییەکە تا دەکرێ کورت بێت و پوختەی هەواڵەکە بگەیەنێ.
– گەیاندنی زانیاری بە کەسان و ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار.

زۆر لەو هەواڵنێرانەی تازە دەست بەکار دەکەن، هەوڵی زۆر دەدەن و شتی ئاڵۆز بنووسن. ئەوان وا دەزانن پێویستە گشت وردەکارییەکان بئاخننە نێو بابەتەکەوە و بیاننووسن، نازانن ئەم جۆرە نووسینە ناخوێندرێتەوە. ڕوونیشە بابەتی ئاڵۆز



هەوڵێکە بۆ نووسینی بابەتێکی چەند سەد وشەیی. بەڵام کاری هەواڵنێر ئەوەیە بابەت بە کەمتر لە سەد وشە تەواو بکات و هەندێ جار ناچار دەبێت بابەتە درێژەکە کورت بکاتەوە.

یەکێ لە ڕێگە باشەکان بۆ کورتکردنەوەی نووسین پەیڕەویکردنی (یاسای سێ ڕستەیە). زۆر لە بابەتەکانی هەواڵ دەکرێ لە سێ خاڵی سەرەکیدا چڕ بکرێتەوە. ئەم ڕێگەیە وا دەکات بابەتەکە لایەنی ڕەوانبێژی لەدەست بدات و بێگومان لە سەدا سەد نابێت، بەڵام خاڵە سەرەکییەکانی هەواڵ دەخاتە ڕوو. با لێرەدا نموونەکەی سەوزە فەتاح بەکار بهێنین، کە دەتوانین خاڵە سەرەکییەکان بەمانە دەستنیشان بکەین:

– کچێکی سێ ساڵە لە شەودا دەمرێ.
– تیمی فریاکەوتن دوا دەکەوێ.
– خێزانەکەی دەشڵەژێ.

پاوەندبوون بەم سێ خاڵە لە داڕشتنی هەواڵەکەدا هاوکار دەبێت، لێرەدا هەر شتێکی تر جگە لەم خاڵانە زیادە و تەنیا پڕکردنەوەیە. بەکارهێنانی بنەمای سێ خاڵ ئەوە دەگەیەنێ کە دەکرێ هەواڵێک بەتەنیا سێ ڕستە بگەیەنی یان بە ٤٠٠ وشە، ئەویش بەپێی پێویست و خواستی ڕۆژنامەکە. فێربوونی چۆنیەتیی چڕکردنەوەی بابەتێکی هەواڵ لە تەنیا سێ خاڵی سەرەکیدا توانستێکی گرینگە، چونکە دەخوازێ هەموو بیری خۆت بخەیتە سەر ئەو بابەتەی بەردەستت و دڵنیا بیت لەوەی توانیوتە خاڵە هەرە گرینگەکانی دیاری بکەیت.

دەتوانین ئەوەی گوتمان لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

– با بابەتەکەت سادە بێت.
– با زانیارییەکانت ورد بن.
– ئاماژە بۆ سەرچاوەی زانیارییەکانت بکە.
– لە هەر جێیەک پێت کرا زمانی بنەڕەتی بەکار بهێنە.
– لەبیرت نەچێ وەڵامی پرسیارەکانی: لە کوێ، کەی، کێ، چۆن و بۆچیی هەر بابەتێک بدەیتەوە.

- بابەتەکەت بە شێوەیەک داڕێژە کە جۆگەلەیەک لە دێرەکان بە ڕەوانی بە دوای یەکتردا بێن.
- تا دەکرێ با پێشەکییەت کورت و پتەو بێت.



هەر وەک لە سەرەتادا گوتمان فێربوونی نووسینی بابەتی پتەوی هەواڵ کاتی دەوێ و پێویستی بە ڕاهێنانی زۆرە. هیچ کەسێکیش نییە لە خۆڕا و یەکسەر بتوانێ بابەتێکی هەواڵ بنووسێ، بگرە پێویستە کار و بەرهەمی ڕۆژنامەوانانی لێهاتوو و شارەزا بخوێنێتەوە و بزانێ چۆن کارەکەیان ئەنجام داوە و خۆی لەسەر نووسینی بابەتی هاوشێوەی نووسینەکانی ئەوان ڕابهێنێ.

## شێوازی خۆماڵی:

پێویستە کورتە باسێکی (شێوازی خۆ ماڵی) بکەین کە هەموو ڕۆژنامەیەک هەیەتی و ڕەنگە لە یەک جیاواز بن. بەگشتی شێوازی خۆماڵی ئەو ڕێگەیەیە کە ڕۆژنامە دەیگرێتە بەر بۆ ئاماژەکردن بە کەسان و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان و شێوەی بە کارهێنانی ناونیشانەکان. هەر ڕۆژنامەیەکیش لیستێکی دەبێ بۆ ڕێنوێنی کردنی لەم بارەیەوە. بۆیە کە بۆ مەشق چووی یان یەکەمین دامەزراندنت بوو لە هەر یەکێک لە ڕۆژنامەکان داوای وێنەیەک لەو لیستە بکە. بەگشتی زۆربەی ڕۆژنامەکان لەسەر ئەم خاڵانە کۆکن:

- گەر ناوی هەر کەسێک بۆ یەکەم جار هات پێویستە ناوی تەواوی بنووسرێ. دوای ئەوە بە (بەڕێز – خاتوو) ئاماژە بۆ ناوەکەی دەکرێ (بە مەرجێک منداڵ نەبێت).
- ژمارەکان تا دە، بەنووسین دەنووسرێن و لە دە بەسەرەوە بەهێما.
- بۆ کورتکراوەی ناوەکان، پێویستە جاری یەکەم ناوی تەواوی ڕێکخراوەکە



بنووسرێ و ناوی کورتکراوە بخرێتە نێوان دوو کەوانەوە. دوای ئەوە دەتوانی تەنیا کورتکراوەکە بەکار بهێنی. بۆ نموونە: جاری یەکەم دەنووسی وەزارەتی داد (و.د.) بەڵام دوای ئەوە تەنیا و.د. بنووسە. نموونەی تر زۆرن کە دەکرێ لە ڕێنوێنییەکانی ڕۆژنامەکاندا بدۆزرێنەوە. ئەم لیستی ڕێنوێنییە بۆ کارەکەت زۆر گرینگە و پێویستە هەموو دەمێک پاوەندی بیت. ئەو کەسانەش کە ڕێنوێنییەکان پشتگوێ دەخەن خۆیان دەخەنە بەر شاڵاوی تووڕەیی بەرپرسانیان.

## پێنج هەنگاو بۆ نووسینی کاریگەر

بە پێی تۆژینەوەکان بەم سێ خاڵە سەرچاوە باوەڕپێکراو دەبێ:

١ – ئاگەداریی تەواوی لە ورد و درشتی بابەتەکە.

٢ – وێکچوونی تەواوی لەگەڵ وەرگردا.

٣ – وزەی زۆری سەرچاوەکە، کە لە جۆشدان و زیندووییدا دەینوێنێ.

جا ئەو سەرچاوەیە قسەکەر بێت یان ڕۆژنامەیەک، ئەوا پێویستە ئەم خاڵانەی تێدا بەدی بکرێن. ڕۆژنامە بەتایبەتی دەبێ بە پێوەستبوون بە هەرسێ خاڵەکەوە باوەڕپێکراویی خۆی بسەلمێنێ. پێشکێشکردنی هەواڵ بە شێوەیەکی تەواو و ڕێکوپێک و ورد خوێنەر دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ئێمە بەتەواوی ئاگەداری هەموو لایەنێکی بابەتەکانی خۆمانین. هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی بەڕاستی جێی بایەخی وەرگرن، نووسین بە زمانی گفتوگۆ هاوکاری خوێنەران دەبێ بۆ ئەوەی متمانەمان پێ بکەن. ئەو وزەیەی لە بابەتەکاندا هەیە و کاریگەیی زۆری دەبێ لە ڕێی دیزاینی ڕێک و گونجاو و وێنە و نووسینی باشەوە، دەخرێتە گەڕ و کاری خۆی دەکات. جێی خۆشحاڵییە کە نووسینی بزوێنەر ئاسانترین ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی زۆرتر. نووسینی کاریگەر پێویستی بە تەکنیکی تایبەت هەیە، هەر نووسیارێکیش دەتوانێ پێنج بزوێنەری گرینگ بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک ئاسان بەکار بهێنێ:

١– با ڕستەکانت کورت بن. ئەو نووسیارانەی هەوڵی سەرنجراکێشان دەدەن، بە دەگمەن ڕستەکانیان لە ١٧ وشە تێپەڕ دەکات (لێرەدا مەبەست ڕستەی زمانی ئینگلیزییە). بێگومان درێژی و کورتیی ڕستەکانیش بەمەبەستی زیاتر وروژاندن دەگۆڕێن، لەوانەیە هەندێ جار ڕستەیەک بگاتە نزیکەی ٣٠ وشە، بەڵام دوای ئەوە

گێڕ دەگۆڕێ و دێتە سەر ڕستەی زۆر کورت کە ڕەنگە نەگاتە شەش وشە.

٢- بەدوای فرمانی بەهێزدا بگەڕێ، چونکە هیچ شتێک ئەوەندەی کردار بزوێنەر نییە و تەنیا فرمان دەتوانێ کردار دەربڕێ. بەردەوام خۆت لەوە لادە کە لە جێی فرمانێکدا ناو یان ئاوەڵناو بەکار بهێنی. هەروەها لە کاتی بەکارهێنانی پێشبەند و پاشبەنددا زۆر بە وریایی کار بکە.



٣- کاریگەری پێش بێکاریگەری بخە. لەبەرئەوەی دەنگی کاریگەر هێز زیاد دەکات و دەنگی بێکاریگەری کەمی دەکاتەوە. کێشەکە لەوەدایە کەم شت هەیە وەکو نووسین ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ، دڵەڕاوکێش لە لای خۆیەوە دەبێتە هۆی ترسنۆکی، ترسنۆکیش بە دەنگی کز و بێ کاریگەری خۆی دەنوێنێ.

٤- دیار بە، بەکارهێنانی وشەی کۆنکریتی کە زیاتر لە واتایەک هەڵناگرێ وزە بەخشە. نووسیاری باش هەمیشە هەوڵ دەدات بە کەمترین و ڕوونترین وشە ئەوەی دەیانەوێ دەری برن. بەم شێوەیە خوێنەر بە ئاسانی تێ دەگا و، وردەکارییەکانی پێویست دەخرێنە بەرچاو و کاریگەریی زیاتریان دەبێ.

٥- شتی زیاد و بێ سوود فڕێ دە. لەبەرئەوەی هەر شتێک بەهای نووسینەکەت زیاد نەکات بێگومان کەمی دەکاتەوە. بۆیە لە کاتی نووسینەوەدا وشە بە وشە ڕەشنووسەکە بخوێنەوە و هەر وشەیەک زیاد بوو لای دە.



## چەند ڕێنوێنییەک بۆ بەدیهێنانی: ڕاستگۆیی، وردی و هەڵەگری

ڕۆژنامە دەتوانێت ڕاستگۆیی خۆی لە لای خوێنەران بەهێز بکات بەوەی دڵنیا بێت لەوەی باشترین و ڕاستترین زانیاری چاپ و بڵاو دەکاتەوە. بەشێک لەو دڵنیاییە لەوەدایە ڕۆژنامە پێویستە جەخت لەسەر ڕاستی و وردی و پوختیی بابەتەکانی بکاتەوە. بەشێکی تری ئەو دڵنیاییەش لەو ڕەوشتەدایە کە ڕۆژنامەکە ئامادەیی هەبێت لە کاتی ڕوودانی هەڵەی زەق و ناو لە بیرکردندا دان بەو هەڵەیەدا بنێت و ڕاستی بکاتەوە، یاخۆ ئاماژە بە لە بیرکردنەکە بدات و داوای لێبوردن لە خوێنەران بکات. کۆی ئەو خاڵانەی خوارەوە سیاسەتی زێرەڤانی Ombodsman لەم بارەیەوە پێک دەهێنیت:

١. لە داننان بە هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیاندا ڕوون بە. کاتێک زانیت هەڵەیەک لە کرۆکی بابەتێک تێپەڕبووە و لە چاپ دراوە، لە ژمارەی پاشتر ڕاستکردنەوەیەک بڵاو بکەوە.

٢. دەستنیشانکردنی هەڵەکان لە لایەن خوێنەرانەوە با کارێکی ئاسان بێت. کەسێک تەرخان بکە بۆ وەرگرتنی پێوەندییەکانی خوێنەران لەو بارەیەوە و هەموو ڕۆژێ ناو و ناونیشانی ئەو کەسە بڵاو بکەوە.

٣. کەسێک بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕاپۆرتانەی خوێنەران لە بارەی هەڵەکانەوە تەرخان بکە، ڕاستکردنەوەکان لە کاتێکی گونجاودا بڵاو بکەوە. ئەمەش دەبێ کارێکی بەردەوام بێت.

٤. ڕاستکردنەوەکان هەموو جارێک لە یەک شوێندا بڵاو بکەوە بۆ ئەوەی خوێنەران بە ئاسانی بیاندۆزنەوە. زۆر ڕۆژنامە ڕاستکردنەوەکان لە لاپەڕەی دووەمدا بڵاو دەکەنەوە، هەندێکیانیش ڕاستکردنەوەکان لەو بەشەدا بڵاو دەکەنەوە کە هەڵەکەی تێدا ڕووی داوە.

٥. دەبێت هەموو بەشەکانی ڕۆژنامە، سیاسەت، وەرزین، بیروڕا و دوالاپەڕە

هەموویان ئەم سیاسەتی ڕاستکردنەوەیە پێڕەو بکەن.

٦. پرۆسەیەکی کاریگەر بۆ بەدواداچوونی ئەو کەسانە دابنێ کە هەڵە دەکەن. لە کۆبونەوەکانی ستافی ڕۆژنامەدا زۆر جەخت لەسەر وردی و ڕاستی و ڕەوانیی بابەتەکان بکەوە، ئەگەریش کارمەند هەبوو پێویستی بە ڕاهێنان هەبوو ئەوا ڕاهێنانیان بۆ دابین بکە.



## ڕێگەی ڕاست بۆ ئامادەکردنی هەواڵ

بۆ نووسینی هەواڵ زۆر ڕێگە و شێواز هەن. هەموو شێوازێک بۆ هەموو هەواڵێک دەست نادات، بەڵام دەبێ لە هەموو هەواڵێکدا ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەیت:

* کامە توخمی میدیا دەشێ بۆ هەواڵەکەت؟
* چۆن هەواڵەکەت کاریگەر و سەرنجڕاکێش دەبێت؟
* ئاخۆ ئەم هەواڵە بە شێوازێکی جێگرەوە باس دەکەیت، شێوازێک کە لە ڕەوتە نەریتییەکەی نووسینی هەواڵ دەربچێت؟
* چ بنیاتێک بۆ دەقەکەت بەکار دەهێنی؟

سەرنجی ئەوە بدە کە زۆربەی هەواڵنێرەکان دەق دەخەنە کۆتایی، نەک لەبەرئەوەی دەق کەمترین گرینگیی هەیە بگرە لەبەرئەوەی دەتوانرێت، پاش هەموو شتێک، بە چەندین شێواز دەقی هەواڵەکە دابرێژرێ.

### ڕەچاوکردنی ورد و درشتی هەواڵ

ڕەچاوی هەموو ئاستەکانی هەواڵەکەت بکە. زۆر هەواڵنێر هەن ڕۆڵێکی نەرێنی لە پێشکێشکردنی هەواڵەکانیاندا دەگێڕن. پاشان دەست دەکەن بە گلەییکردن لە سەردێری هەواڵەکە یان هەندێ کاری تەکنیکی نەخشەسازیی ڕۆژنامەکە. یان ڕەنگە گلەیی بکەن کاتێ سەرنووسیار دەیەوێت ڕستەیەکی زیادەڕۆ لە هەواڵەکە لابدات. هەرچەندە هەندێ جار هەواڵەکەت دەستکاری دەکرێت، بەڵام دواجار لەکاتی بڵاوکردنەوەیدا هەر تۆ خاوەنی هەواڵەکەیت و ناوی تۆ دەچێتە سەر هەواڵەکە.

وەک هەواڵنێرێک هەوڵ بدە ڕۆڵێکی چالاکانە لە پلاندانانددا بگێڕی. پێشنیازی سەردێرێک بکە. ڕەنگە ئەو سەردێرەی نووسیوتە بە کەڵکی دیزاینی ڕۆژنامەکە نەیەت. یان لەوانەیە نەخشەساز شتێک لەو پێشنیازەت بۆ زیاد یان کەم بکات، چونکە ئەو زۆرتر ئەزموونی هەیە لەوەی چۆن سەردێر سەرنجڕاکێش و کاریگەر دەبێت. بەڵام کاتێ تۆ پێشنیازی سەردێرێک دەکەیت، ئەوا سەرنووسیار لەوە دەگات

چی لای تۆ گرینگترین شتە لە نێو هەواڵەکەدا (هەروەها نووسینی سەردێر یارمەتیت دەدات زیاتر جەخت لە سەر هەواڵەکە بکەیتەوە). هەرچی بە خەیاڵتدا دێت لە بارەی وێنە و دیزاین و گرافیک و زانیاری و گونجانی سەردێر باسی بکە پێش ئەوەی هەواڵەکەت دابەزێت. گەر تۆ چالاکانە بەشداریی ڕێکخستنی هەواڵەکەت بکەیت ئەوا ئاکامێکی باشی لی دەکەوێتەوە، بەڵام گەر تەنیا هەواڵەکە ئامادە بکەیت و هیچ پێوەندیت بە شتەکانی ترەوە نەبێت ئەوا ڕەنگە سەرنووسیار یان نەخشەساز بە پێی ئەزموون و هەوەسی خۆیان دەستکاریی هەواڵەکەت بکەن.

هەمیشە خوێنەر بێنە بەرچاوی خۆت. پرسیار لە خۆت بکە: ئاخۆ ئەم هەواڵە یان ئەم بابەتەی من چی بە خوێنەر دەگەیەنێت. ئاخۆ هەواڵەکەت یان بابەتەکەت زانیاریی سوودبەخش بە خوێنەر دەدات یان تەنیا ئامرازێکە بۆ دڵخۆشکردن و مەبەستی خوێندنەوە؟ ئەو مەبەستەی بابەتەکە هەیەتی زۆر جار یارمەتیت دەدات چۆن بابەتەکە یان هەواڵەکە ڕێک بخەیت. هەروەها بزانە کێ خوێنەری بابەتەکەی تۆیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم شتانەی سەرەوە دەتوانی بێ بیرەبیر بڕیار لە سەر چۆنیەتیی نووسینی هەواڵ یان بابەتەکەت بدەیت.



## نووسینی هەواڵی کاریگەر و سەرنجڕاکێش

هەوڵ بدە خوێنەرەکانت لە بابەتەکەتدا بەشداری بکەن. بە چوار ڕێگە دەتوانی ئەم کارە بکەیت:

١. خوێنەر بخەرە نێو هەواڵەکەت.

٢. وا لە خوێنەر بکە خۆیان بابەتەکە باس بکەن.

٣. ڕێگە بە خوێنەر بدە بابەتەکە لە سەر خۆیان جێبەجێ بکەن.

٤. وا لە خوێنەر بکە بەردەوام بەدوای بابەتەکەدا بچێت.

### زۆریی سەرچاوە:

چەند سەرچاوەت زۆر بێت ئەوەندە کارەکەت ئاسان دەبێت و کۆمەڵێک خەڵک لە چواردەورت کۆ دەکەیتەوە و پێیان ڕادەگەیەنیت کە تۆ لە هەواڵەکەتدا دەتەوێ چی بڵاو بکەیتەوە. بەم پێیە ئەوانیش دەبنە هاوکار و یارمەتیدەری سەرەکی لە بەخشین و کۆکردنەوەی زانیاریدا . هەمیشە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە سەرچاوە دوورەدەستەکان ئاگەدار بکەوە لەوەی تۆ چی دەنووسی بۆ ئەوەی گەر شتێکیان زانی خێرا ئاگەدارت بکەنەوە. بەڵام کاتێ نامەیان بۆ دەنووسی، هەوڵ دە بە کورتی مەبەستەکەتیان تێ بگەیەنە بۆ ئەوەی زۆر لە کاتیان نەگری و بێزاریان نەکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ بانگی خوێنەرەکانت بکەیت تاوەکو ئەوەی لە سەر بابەتەکەتی دەزانن پێتی ڕابگەیەنن. زۆریی سەرچاوە وات لێ دەکات دەستت بگاتە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و دەسکەوتنی بەڵگەنامە ڕەسمییەکان لە سەر لێکۆڵینەوەیەک. لە سەر هەواڵە بەپەلەکانی ڕۆژانە چەند سەرچاوەت زۆر بێ، ئەوەندە وەڵامی پرسیارەکانت بە خێرایی وەردەگریت. زۆریی سەرچاوە دەتوانێت بابەتت بۆ پەیدا بکات بۆ داهاتوویەکی نێزیک. تۆ دەتوانی بەرهەمی زۆریی سەرچاوە بە چەند ڕێگەیەک بەکار بهێنیت:

* داوا لە خەڵکی بکە ئیمەیڵت بۆ بنێرن. تۆ یەک بەیەک ئیمەیڵەکان دەخوێنیتەوە و

ئەوەی بە کەڵکی بابەتەکەت دێ وەری دەگری و دڵنیای دەکەیتەوە.

* داوا لە خەڵکی بکە ڕاستەوخۆ لە سەر هێڵی ئینتەرنێت لە سەر بابەتەکەت گفتوگۆت لەگەڵدا بکەن.
* گفتوگۆی کراوە لە سەر ئینتەرنێت لەگەڵ خەڵکی جۆرەوجۆردا بکە.

## هەڵبژاردنی بنیاتی دەقەکەت

لە کاتی ئامادەکردنی هەواڵێک یان نووسینی بابەتێک، پێش هەموو شتێک بیر لە بنیاتی دەقەکەت بکەوە. هەر کە بیرۆکەیەکت دەست کەوت، یان بۆ ئامادەکردنی هەواڵێک ڕایانسپاردی، بیر لە باشترین ڕێگە بکەوە بۆ ئامادەکردنی یان نووسینی. بۆ نووسین و ئامادەکردنی هەواڵ چەندین ڕێگەت لە بەردەمدایە، هیچ بنیاتێک ڕاست یان هەڵە نییە بۆ هەموو بارودۆخێک. بنیاتی ڕاست و ڕەوان دەوەستێتە سەر هەواڵ و سەر بابەتەکە. بۆ باسکردنی هەواڵەکە هەمیشە باشترین ڕێگە هەڵبژێرە. ڕەچاوی بنیاتی جێگرەوە بکە. چەند ڕێگەیەک وەک تاقیکردنەوە بەکار بهێنە.

کاتێ زانیاری کۆ دەکەیتەوە بیاننووسە، دەست بە نووسینی هەواڵ یان بابەتەکە بکە. ئەمە یارمەتیت دەدات جەخت لە سەر بنیاتی نووسینی هەواڵەکە بکەیتەوە. یارمەتیت دەدات هەموو ڕووداو و دیمانەکان بنووسی و لە یادگەدا شوێنییان بکەیتەوە. یارمەتیت دەدات بە وردی بنیاتی هەواڵەکەت دروست بکەیت. گەر دەزانی شێوازی گێڕانەوە بۆ بابەتەکەت باشە، ئەوا ڕەشنووسێک بنووسە بەڵام نیشانی سەرنووسیاری مەدە، پاشان بۆت بە دیار دەکەوێت ئاخۆ ئەو شێوازە بۆ باسکردنی بابەتەکەت شیاوە یان نا. ئەو ڕەشنووسە هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکاتەوە، پێت دەڵێت زانیاریی ترت پێویستە یان نا، ئاخۆ ئەو زانیارییانەی بەردەستن بە کەڵکی ئەو بابەتە دێن یان نا. گەر هەموو پێداویستییەکانت دابین کرد بۆ ئەو ڕەشنووسە ئەوا دەتوانی شێوازی گێڕانەوە بکەیت بە بنیاتی نووسینی بابەت یان ڕاپۆرتەکە. گەر نەشتتوانی پێداویستییەکان ئامادە بکەیت و کەرەستەی تەواوت پێ پەیدا نەبوو ئەوا دەتوانی بیر لە بنیاتێکی تر بکەیتەوە.

وتووێژ لەگەڵ سەرنووسیارەکەتدا بکە. ئەو دەتوانێت بۆ هەڵبژارنی بنیاتێک بۆ دەقەکەت ڕێگەت نیشان بدات. گەر ڕای ئەویشت بەدڵ نەبوو، ئەوا وای لێ دەکەیت



ئامادە بێت بۆ ئەم جۆرە وتووێژانە. یان ئەوەتا لە ئەنجامی ئەو وتووێژەدا بۆ کارەکانی داهاتوو بنیاتێک دەست نیشان دەکەیت. گەر سەرنووسیارەکەی تۆ ئەو شێوازەی تۆی بەدڵ بێت، بچۆ پرس بە نووسیاری تر بکە کە ڕەنگە بیرورای باشتریان هەبێت. گەر بنیاتێکت گرتە بەر پێشتر بەکارت نەهێنابوو، ڕەنگە سەرنووسیار ئەزموونی هەبێت و پێت بڵێت چۆن کاری لە سەر دەکەیت. گەر زۆر متمانەت بە بنیاتەکەی خۆت نەبوو ئەوا سەرنووسیار دەتوانێت ئامۆژگاریت بکات و بۆ بەکارهێنانی هانت بدات.

ڕەچاوی ڕەگەزەکانی چیرۆک بکە، وەک: کارەکتەر، گرێ، کات و شوێن، بابەتی سەرەکی، ململانێ و چارەسەر، بۆ ئەوەی بابەتەکەت لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو و بەسوود بێت. هەر بنیاتێک بەکار بهێنی دەبێ ڕەچاوی ئەو ڕەگەزانە بکەیت. بەڵام جاری وا هەیە بابەتەکەت زۆر درێژ نییە، بۆیە نابێ هەموو ئەو ڕەگەزانە بەکار بێنی، دەبێ گرینگترینیان بەکار بێنی. سەرەتای بابەتەکەت هەموو ڕەگەزەکان دیاری دەکات. پێت دەڵێت کامە ڕەگەز هەڵبژێری.

## پلان بۆ بنیاتەکەت داڕێژە

بە تایبەتی گەر بنیاتێک بەکار بێنی کە پێشتر بەکارت نەهێناوە، پلانێک بۆ نووسینی بابەتەکەت داڕێژە. بۆ نموونە: ئاخۆ ململانێی سەرەکی چییە؟ چۆن چارەسەری دەکەیت؟ کارەکتەرەکان کێن؟ گرێیەکە چییە؟ کات و شوێن چییە؟ لە کوێوە دەست پێ دەکەیت؟ لە کوێ کۆتاییی پێ دێنیت؟ ئاخۆ پرسێک یان چەند پرسێک باس دەکەیت؟ ئەو پلانە لەگەڵ سەرنووسیارەکەت تاوتوێ بکە. ئاخۆ پێشتر چیت ئامادە کردووە کە ئێستا ئەم بابەتە پێویستی پێیەتی؟ ئاخۆ پێویستیت بە چییە تا ئەو پلانە جێبەجێ دەکەیت؟ ئاخۆ ئەو زانیارییانە لە کوێ پەیدا دەکەیت؟

هەرگیز مەڵێ ئەو بنیاتە خراپە. ئاگەدار بە، هیچ بنیاتێک خراپ نییە. بەڵام هەموو بنیاتێک بۆ هەموو بابەتێک ناشێت. هەموو بنیاتێک کاریگەر و بەهێزە، بەڵام گەر بە خراپی بەکاربهێنرێن ئەوا دەرەنجامی خراپییان لێ دەکەوێتەوە. هەرگیز بنیات باشیی بابەتەکەت بە دیار ناخات گەر داهێنانی تێدا نەکەیت.

هەوڵ بدە بنیاتی ڕاست و دروست بۆ بابەتەکەت بدۆزیتەوە. ئەو بنیاتانەی لێرەدا

باس کراون تەنیا چەند نموونەیەکن دەتوانی لە ڕێگەیانەوە بنیاتی بابەتەکەت دروست بکەیت. هەندێ جار دوو جۆرە بنیات تێکەڵ بە یەکتری دەکرێن. لە خوارەوە جۆرەکانی بنیات دەخەینە ڕوو.

## جۆرەکانی بنیات

### هەڕەمی ئاوەژووکراو

هەڕەمی ئاوەژووکراو کاریگەرترین فۆرمی نووسینە. ئەم جۆرە بنیاتە، پێش هەموو شتێک گرینگترین زانیاری بە خوێنەر ئاشنا دەکات، پاشان وردەکارییەکانی ئەو زانیارییانە دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر.

ئەو جۆرە بنیاتە بۆ ئەو خوێنەرانەیە کە دەیانەوێ بە خێراترین کات زانیاری وەرگرن و پێویست نەکات بابەتەکە تا کۆتایی بخوێننەوە. بۆ نووسیار زۆر ئاسانە بە خێرایی لە کۆتایی بابەتەکەدا شت کەم بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڕەمی ئاوەژووکراو چەند خاڵێکی لاوازی هەیە، لەوانە: وا لە خوێنەر ناکات تا کۆتایی بابەتەکە بەردەوام بێت. خوێنەر بۆ نێو قووڵایی بابەتەکە بەکێش ناکات. نابێ هەموو بابەتەکانت بەو شێوازە بنووسی.

شێوازی هەڕەمی ئاوەژووکراو بۆ نووسینی بابەتی درێژ بەکار مەهێنە، چونکە بابەتەکە گرینگییەکەی لە دەست دەدات. گەر بەو شێوازە بابەتێکی درێژ بنووسی ئەوا بابەتەکەت بێ کەڵک دەردەچێت و کاتێکی زۆریش بە فیڕۆ دەچێت. خوێنەر هەر کە زانیارییەکانی خوێندەوە ئیتر واز لە خوێندنەوەی بابەتەکە دێنێت. ئەم شێوازە زۆر باشە بۆ بابەتی کورت و مامناوەندی. هەواڵنێر و نووسیاری باش زۆر بە کارامەیی ئەو شێوازە بەکاردەهێنێت و زۆریش سەرکەوتوو دەبێت لە پێشکێشکردنی بابەتەکەیدا. لە هەمان کاتدا، خوێنەریش سوود لە بابەتەکە وەردەگرێت.

### پیاڵەی مارتینی

ئەم شێوازەی باسکردنی هەواڵ و نووسینی بابەت لە لایەن (دۆن فرای)ەوە ناوی لێ نراوە. وەک هەڕەمی ئاوەژووکراو دەست پێ دەکات پێش هەموو شتێک گرینگترین هەواڵ دەخاتە بەرچاوی خوێنەر لە سەرەتای هەواڵەکەدا. لە گرینگترین



هەواڵەوە دەست پێ دەکات و بەرەو ئەوانیی گرینگییان کەمترە، وەک هەڕەمی ئاوەژووکراو، کە دەبێتە لووتکەی پیاڵەکە. لە خوارەوەی ئەم سێگۆشەیەدا زەیتوونێک هەیە، بە کورتی بە شێوازی گێڕانەوە ناوەڕۆکی هەواڵەکە یان بابەتەکەت دەداتێ. گێڕانەوەکە بە ئاراستەیەکی ڕاستدا دەچێت، کە برێتییە لە قەدی پیاڵەی مارتینی. بابەتەکە بە ئەنجامێک کۆتایی دێت کە هەڵێنجراوی بابەتەکەیە، واتە ئەو شتەی لە ئاستی زەیتوونەکەدا باست لێوە کردووە بە شێوازی گێڕانەوە.

جیاوازیی نێوان شێوازی نووسینی هەڕەمی ئاوەژووکراو و پیاڵەی مارتینی ئەوەیە لە هەڕەمی ئاوەژووکراودا دەتوانی کۆتاییەکە ببڕیت و نەینووسیت، بەڵام پیاڵەی مارتینی زۆر پێویستی بە کۆتاییەکەیە چونکە ئەم کۆتاییە برێتییە لە بنکەی پیاڵەکە، گەر نەبێت پیاڵەکەش ناوەستێت.

### کێشە - چارەسەر

هەموو چیرۆکێک کێشەیەکی دیاری کراو دەوروژێنێت و دواتر چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە یان پێشنیاز دەکات. لە سەرەتای بابەتەکەدا زۆر بەڕوونی و چڕی کێشە یان پرسەکە بخە ڕوو.

کاتێ کارەکتەرەکەت بە دوای چارەسەردا دەگەڕێت ئەو کاتە گرێیەکە بکەوە. هەمیشە چارەسەر دەبێ کۆتاییەکی بەهێز و شیاو بە بابەتەکە ببەخشێت. چونکە ئێمە زۆر چیرۆکە هەواڵ دەنووسین پێش ئەوەی پرسەکە چارەسەر بکرێت، تۆ هەندێ جار دەبێ ئەو شێوازە بگۆڕی. لە بری چارەسەرکردنی کێشەکە، بابەتەکەت دەبێتە هۆیەک بۆ گەڕان بە دوای چارەسەر یان نائومێدییەک لە چاوەڕوانکردنی ڕێگەچارەیەکدا دروست دەکات.

### چیرۆکی بازنەیی

ئەم چیرۆکە لە شوێنێکی تایبەت هەمیشە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتێک لەبارەی کارەکتەرێک دەست پێ دەکات. دواتر بەسەرهاتەکە درێژ دەکرێتەوە. لە کۆتاییدا چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە سەر بەسەرهاتەکە و ئاکامی بەسەرهاتەکە دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر. ئەو جۆرە بنیاتە دەکرێ بە شێوازی گێڕانەوە بنووسرێت.

# پێنج توخم

ئەم پێنج توخمە ئێستا لە زانکۆی ئەلابامای ئەمریکی بە قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن دەوترێنەوە. ئەمانە یارمەتیی هەواڵنێر و نووسیار دەدەن هەواڵ و کەرستەکان ڕێک بخەن. ئەم پێنج توخمە یەک لە دوای یەک بابەتەکە یان هەواڵەکە تەواو دەکەن:

* توخمی یەکەم: سەرەتای هەواڵ و دوو پەرەگرافی دوای ئەو. لە سەرەتای هەواڵ و دوو پەرەگرافی دوای ئەودا تۆ سەرنجی خوێنەر بۆ هەواڵەکە ڕادەکێشیت. دەبێ زۆر ڕوون و کاریگەر و پڕ لە زانیاریی نوێ بێت.
* توخمی دووەم: کورتەی بابەتەکە.
* توخمی سێیەم: درێژەی بابەتەکە، ورد و درشتی بابەتەکە دەخرێتە بەرچاو. زۆر جار توخمی دووەم و سێیەم تێک هەڵدەکێشرێن.
* توخمی چوارەم: ئەو کەرەستەیەی لە نێو بابەتەکەدا بەکار دێت.
* توخمی پێنجەم: کۆتایی هێنان بە بابەتەکە بە وتەیەکی بەهێز.

## پرسیار و وەڵام

شێوازی پرسیار و وەڵام زۆر گرینگ و کاریگەرە. بۆ نووسینی ورد و کورت و پوخت دەشێت، نووسینێک کارەکتەرەکەی بەڕوونی قسە بکات. وتەی درێژ و پێچاوپێچ بابەت لەکەدار و جاڕسکەر دەکەن، ئەم شێوازەش بابەت لەو جۆرە گرفتانە ڕزگار دەکات. هەوڵ بدە پرسیارەکانت پێگیر بن بە ناوەڕۆکی بابەتەکەتەوە، پرسیاری لابەلا سوودی نییە و خوێنەر لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دوور دەخاتەوە.

## مێزگەڕ

وەک شێوازی پرسیار و وەڵام، ئەو شێوازە چەند پرسیارێکی هەیە لە سەر بابەتێک یان هەواڵێک ئاراستەی چەندین کەسی دەکات بۆ ئەوەی وەڵامی جۆرەوجۆری دەست بکەوێت. ئەم جۆرە شێوازی نووسینە شوێنی زۆری دەوێت و نووسیار یان هەواڵنێر دەبێ زۆر کارامە و لێهاتوو بێت، ئەگینا هەواڵەکە یان بابەتەکە سەقەت دەردەچێت.



## مشتومڕ

واتە ئەنجامدانی دیمانە یان سازدانی گفتوگۆ لەگەڵ دوو پاڵێوراوی سیاسی یان دوو ڕکابەری دوو حیزبدا لە سەر پرسێکی گەرموگوڕ و هەنووکەیی. بە بێ تەلەفیزیۆن و کامێرا، تۆ پرسیارەکانی خۆت لە سەر یەک بابەت ئاراستەی دوو کەسی جیا دەکەیت. بەم شێوەیە ڕا و بۆچوونی جیاواز و دژ بەیەکت دەست دەکەوێت. ئەمە جۆرێکە لەو نووسینەی کە قسەکان وەک خۆی تۆمار دەکات و بڵاو دەکاتەوە. واتە دوو یان سێ ڕای جیاواز لە سەر هەمان پرس بڵاو دەکاتەوە.

# جۆرەکانی گێڕانەوە

## گێڕانەوەی کورت

گێڕانەوەی کورت زۆر کاریگەر و بەسوودە بۆ ئامادەکردنی هەواڵێک کە تەنیا لە یەک ڕووداو پێک هاتبێت. بۆ نموونە، هەواڵی ڕۆژانەی پۆلیس دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم شێوازەوە ئامادە بکرێت. دەبێ یەکەم جار هەواڵەکە بە خوێنەر بگەیەنی دواتر چیرۆکەکەی بە کورتی بۆ دەگێڕیتەوە. بە سەرەتایەکی کورت دەست پێ بکە و هەواڵە سەرەکییەکە باس بکە. ڕەنگە بە پەرەگرافێکی دوای ئەوە بۆ خوێنەر بیسەلمێنی بۆچی ئەو هەواڵە گرینگە. پاشان لە سەرەتادا دەست پێ دەکەیت و بە خوێنەر دەڵێیت چی ڕووی داوە. ڕەنگە بە وشەکانی پرسیار بابەتەکە بکەیتەوە: کێ، چی، کەی، لە کوێ. دوای ئەوە دەست بە گێڕانەوەکە بکە و ڕوونی بکەوە چۆن و بۆچی ڕووی دا. لەم جۆرە شێوازەدا دەتوانی بە دابەشکردنی زانیارییەکان لە دەسپێکەوە تا کۆتایی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشیت. واتە هەموو زانیارییەک لە پەرەگرافی یەکەمدا مەخە ڕوو. گەر وا بکەیت خوێنەر تەنیا پەرەگرافی یەکەم دەخوێنێتەوە و تا کۆتایی بەردەوام نابێت.

## گێڕانەوەی درێژ

گێڕانەوەی درێژ گەر بۆ داپۆشینی هەواڵێکی درێژ بەکاربهێنرێت کە بۆ ماوەی دوو یان سێ ڕۆژ بەردەوام بێت زۆر بەسوود و کاریگەر دەبێت. لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا مەرج نییە نووسیار یان هەواڵنێر ورد و درشتی ئەنجامەکان بخاتە ڕوو چونکە خوێنەر خۆی دەتوانێت پێشبینیی ئەنجامەکان بکات. گرینگ لەم شێوازەدا ئەوەیە، بۆچی و چۆن ئەو ڕووداوە ڕووی دا، یان پێشینەکەی چی بوو، هۆکارەکانی چی بوون. دەبێ سەرنجی خوێنەر بە خێرایی ڕابکێشیت و هۆیەکی باوەڕپێکراوی پێ ببەخشیت کە ئەم چیرۆکە درێژە گرینگە و واتای هەیە. تەنگژە و پاشخستن و لێڵی سێ توخمی گرینگن لە گێڕانەوەی درێژدا، بەڵام نابێ سەر لێشێوانی تێدا بێت.



دەبێ هەموو قسەکان لە یەکتری جیا بکرێنەوە. زانیاری دوابخە و شتەکان بە ناڕاستەوخۆیی و شێوازی بکەری نادیار باس بکە، بەڵام دەبێ سەر لە خوێنەر تێک نەدەی. هەر لە سەرەتای بابەتەکەدا زانیارییەکی پێشینە بە خوێنەر ببەخشە بۆ ئەوەی تووشی بێزاری نەبێت. چونکە ڕەنگە لە کاتی خوێندنەوەی ئەو زانیارییەدا پرسیارێک لای خوێنەر دروست بێت و پێشبینیی ئەوە بکات کە نووسیار لە بەشەکانی تری بابەتەکەیدا وەڵامی ئەو پرسیارەی دەداتەوە. بەم شێوەیە خوێنەر لە خوێندنەوەی بابەتەکەدا تا کۆتایی بەردەوام دەبێت. یان ڕەنگە خوێنەر کاتێ هەست بە شتێکی شاراوە دەکات، چاوەڕێی دۆزینەوەی ئەو شتە شاراوەیە لە بابەتەکە دەکات، بۆیە تا کۆتایی دەیخوێنێتەوە. توخمەکانی هەواڵ و بابەت زۆر گرینگن بۆ گێڕانەوەی درێژ. ژیرانە باسی کارەکتەرەکانت بکە بۆ ئەوەی خوێنەر سەری لێ تێک نەچێت و تێکەڵ و پێکەڵیان نەکات، چونکە خوێنەر هەمیشە چاوەڕێی ئەوە دەکات دواتر چی ڕوودەدات. یارمەتیی خوێنەر بدە وێنەی کارەکتەرەکانی هەواڵەکەت یان بابەتەکەت یان چیرۆکەکەت لە خەیاڵدا بکێشێت، لە کاتێکدا گەر وێنە نەبوو، دەبێ تۆ بە وشە لای خوێنەر وێنە دروست بکەیت. وردەکاریی هەستیار بە خوێنەر ببەخشە بۆ ئەوەی هەست بکات و ببینێت و بۆنی دیمەنەکان بکات.

## گێڕانەوەی زنجیرەیی

گێڕانەوەی زنجیرەیی زۆرێک لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەی درێژ بەکار دەهێنێت. هەر پارچەیەک لە گێڕانەوەی زنجیرەیی دەبێ لە سەر پێی خۆی بوەستێت و لە هەمان کاتیشدا پێوەندیی بە پارچەی دوای خۆیەوە هەبێت. لەم شێوازەدا پێویستت بە بیرۆکەیەکی چڕوپڕ یان ململانێیەک هەیە کە هەموو زنجیرە وتەکان بە یەکەوە ببەستێتەوە. هەر شارستەیەک پێویستی بە پارستە و بیرۆکەی بچووکتری ترە. لە کاتێکدا کۆتاییەکە دەبێ هەڵێنجراوی تەواوی بابەتەکە بێت، دەبێ هەندێ توخمی بەڵێندان یان شتێکی شاراوە هەبێت، بۆ ئەوەی خوێنەر ناچار بکەیت جارێکی تر بۆ دۆزینەوەی ئەو شتە شاراوەیە لە کۆتاییدا بگەڕێتەوە سەر بابەتەکە. پەرەگرافەکان دەبێ پێوەندییەکی تۆکمە و چڕیان پێکەوە هەبێت، ئەگینا خوێنەر جارێکی تر ناگەڕێتەوە سەر پەرەگرافی پێشوو. لەم جۆرە شێوازەدا خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە

دەبێ ڕەچاوی بکەین، ئەویش ئەوەیە: هەوڵ بدە لە کاتی ڕۆژەکانی کارکردندا بابەتەکەت یان هەواڵەکەت کورت و پوخت بێت، چونکە خوێنەر بەیانیان پێش ئەوەی بچێت بۆ سەر کار بە خێرایی ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە، یان ئەوەتا لە کاتی کارکردن لە پشوودانێکی کورتدا بە خێرایی چاوێک بە ڕۆژنامەکەدا دەخشێنێت، چونکە کاتی ئەوەی نییە بابەتی درێژ بخوێنێتەوە. بابەت و هەواڵی درێژ لە ڕۆژەکانی پشوودا بڵاو بکەوە وەک هەینی و شەممە یان پێنجشەم و هەینی.

## پێکهاتەی ڕاپۆرتە هەواڵ

وەک نووسیار یا هەواڵنێر دەبێ شێوازی گێڕانەوەکەت دابەش بکەیتە سەر ئەم پێکهاتانەی خوارەوە:

* پێشەکی.
* ڕووداوەکان یان کێشەکان.
* خاڵی وەرچەرخان (لووتکە).
* چارەسەر.

پێشەکی دیمەنەکان نیشان دەدات و کارەکتەرەکان دەناسێنێت. دواتر دێیتە سەر باسکردنی ڕووداو یان کێشەکان. ئەم هەنگاوە دەبێتە کرۆکی بابەتەکە و گرێیەکەش دەخرێتە ڕوو. پاشان هەموو ئەو ڕووداو یان کێشانە بەرەو خاڵی لووتکە دەچن کە لەوێدا هەموو شتێک ئاشکرا دەکرێت و باس دەکرێت. پاشان باسی ڕێگەچارەکان دەکەیت یان ئەوەتا پێشنیازی چەند ڕێگە چارەیەک دەکەیت.

## نووسین بۆ خوێنەری گەنج

لە دنیای ڕۆژنامەوانیی ئەمڕۆدا، یەکێک لە خاڵە هەرە گرینگەکان خوێندنەوەی خوێنەری گەنجە. دەبێ بە هەموو شێوەیەک ڕەچاوی سەلیقەی خوێنەری گەنج بکەیت و بزانی چیی دەوێت و چی دەخوێنێتەوە. ئەمە کارێکی وەها ئاسان نییە. دنیای خوێنەری گەنج زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ دنیای خوێنەری پیر. لێکدانەوە و ڕامان و بیرکردنەوە و شرۆڤەی گەنج لە هی پیر جیاوازە. بۆیە لە کاتی نووسینی هەواڵێک یان بابەتێکدا بۆ خوێنەری گەنج دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:



* شتێکی نوێم پی بڵێ دواتر قسەی لە سەر بکەم.
* شتێکم پی بڵێ لە بواری خۆمدا بێت.
* حەپەسان و گاڵتەی تێدا بێت.

## شتێکی نوێم پی بڵێ دواتر قسەی لەسەر بکەم

هەمیشە ڕەچاوی ئەوە بکە کامە هەواڵ یان چ بابەتێک وا لە خوێنەر دەکات، خێرا دوای خوێندنەوەی بابەتەکە بۆ هاوڕێیەکی خۆی بیگێڕێتەوە.

کامە بابەت سەرنجڕاکێشترین و نوێترینە، یان کامیان بێزارکەرترین یان دڵخۆشکەرترین یان ڕاستترینیانە؟

چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو بابەتە نوێیە دەگەیەنیت، چۆن بۆی دەگێڕیتەوە بۆ ئەوەی خوێنەریش بۆ کەسانی تری بگێڕێتەوە؟ دەبێ بە شێوازێکی کاریگەر بنووسی، کاریگەریی هەبێت لەسەر هەست و ناخی خوێنەر، شتێک بە خوێنەر بڵێ کە ئەو شتە بۆ هاوڕێکەی بگێڕێتەوە.

## شتێکم پی بڵێ لە بواری خۆمدا بێت

هەندێ خوێنەر هەیە زۆر حەزی لەو هەواڵانەیە کە لەگەڵ بواری کار و سەلیقەی ئەودا یەک دەگرنەوە، یان شتێکی بۆ باس بکەیت لە کەسایەتیی ئەووەوە نێزیک بێت. کاتێ سەرگەرمی تاوتوێکردنی هەواڵەکەتی، زانیاری کۆ بکەوە، هەواڵەکە بنووسە و پلانی بۆ دابڕێژە، بزانە خوێنەرەکەت بە چ شێوەیەک سەرسام دەبێت بەو زانیارییانە. بزانە ئاخۆ ئەو زانیارییانە بۆ ئەو گرینگییان هەیە. دەبێ هەواڵەکە ڕاستەوخۆ قسە لە سەر حەز و سەلیقە و بواری خوێنەر بکات. خاڵی مەبەست ئەوەیە کە ڕۆژنامە دەبێ بزانێت خوێنەرەکانی کێن و چی بۆ خوێنەرانی گرینگە.

## حەپەسان و گاڵتە

هەموو خوێنەرێک حەز دەکات لە ڕێگەی هەواڵەکەی تۆوە بزەیەک بیگرێت، یان بە دەنگێکی بەرز پێ بکەنێت و بڵێت "بەڕاستی تا ئێستا ئەمەم نەزانیوە و گوێم لێ نەبووە".

لە هەموو قۆناغەکانی نووسین و داڕشتن و شێوازدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەیت

چی خوێنەر تووشی حەپەسان دەکات و بە چیش پێ دەکەنێت. گەر شتێکی خۆشت لە نێو هەواڵەکەدا نووسی یەکسەر بە هاوڕێکانتی مەڵێ. ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت چۆن ئەو شتە خۆشە بۆ خوێنەرەکانت دادەڕێژی. جاری وا هەیە حەپەسان یان گاڵتە لەگەڵ بابەتە سەرەکییەکەی تۆدا ناگونجێت. لەو حاڵەتەدا، یەکێک لەو هەوڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکە:

**یەکەم: پلانەکانت بۆ هەواڵە سەرەکییەکە بگۆڕە**

زۆر هەواڵ هەیە ئەوەندە درێژە دەکێشێت، خوێنەر بێزار دەکات. ئاخۆ دەتوانی ئەو هەواڵە بە ڕێگەیەکی تر بنووسی کە ببێتە هۆی حەپەسان یا دڵخۆشیی خوێنەر؟ دەتوانی پرسیارێکی وەک "ئاخۆ دەزانی؟" بخەیتە ناو هەواڵەکەوە بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەرەکە بەکێش بکەیت. خوێنەر هەمیشە چاوەڕێی شتێکی نەبیسراو و نەکراو دەکات. گەر هەواڵەکە ڕۆتینیش بێت، تۆ دەتوانی بە شێوەیەک دایڕێژی خەڵکی بیخوێننەوە.

**دووەم: ئیختیارەکانی هەواڵ بگۆڕە**

* ئەو هەواڵ و بابەتانە هەڵبژێرە کە خوێنەر ئەزموونی لێیان هەیە و حەز دەکات شتی نوێیان لە سەر بزانێت.
* جەخت لە سەر توخمەکانی هەواڵ بکەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لەگەڵ سەلیقەی خوێنەردا دەشێن.
* مانشێتی سەرنجڕاکێش بنووسە کە ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ خوێنەردا بکات.
* هەمیشە ڕوونی بکەوە بۆچی ئەو بابەتە زۆر گرینگە.
* گەر گێڕانەوەت بەکار هێنا، با کورت و ڕوون و ئاشکرا بێت.
* هەمیشە لە گێڕانەوەکەتدا ڕاستییەکان دەر بخە.
* هەواڵە ئاڵۆزەکان بە شێوازی تر بنووسە.
* سەرچاوە بەکاربێنە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن بۆ خوێنەر بنووسیت.



## چەند ڕێنوێنییەک بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت

* هەمیشە هەوڵ بدە پێوەندییەکی زیاتر بگەیت. چونکە ڕەنگە بەو پێوەندییە زانیارییەکی نوێت دەست بکەوێ.
* کاتێ دەچی بۆ دیتنی کەسێکی گرینگ، سکرتێر و کارمەندانی تر، کەسانێکن شایانی ڕێز، ناکرێ بەچاوی سووک تەماشا بکرێن. لەبەرئەوە ڕەفتاری دروست ئەوەیە ڕێزیان لێ بگری، هەروەها گەر بە ڕوویەکی گەش و بە زمانی شیرین لەگەڵیاندا بدوێی ڕەنگە بتوانی لە داهاتوودا پێوەندییان پێوە بکەیتەوە و ژمارە تەلەفۆنەکانیان ببنە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ تۆ. هەروەها سکرتێر دەزانێ چی شیاوی بڵاوکردنەوەیە و بەڵگەنامەی پێویست لای ئەوان ئاسانتر دەست دەکەون.
* خەڵکی نێو پاس و شوێنە گشتییەکان بدوێنە ڕەنگە سەرەداو یان ناونیشانی باشیان لەلا بێت بۆ بابەتی زۆر باش.
* لە هەر سەرچاوەیەک، کە زانیاریت لێ وەرگرت، بپرسە دوای تۆ بچمە لای کێ.
* هیچ شتێک پشتگوێ مەخە، لەوانەیە پێویستت پێی ببێت.
* دوای تەواوکردنی ڕەشنووسی یەکەم، بە هەموو ئەو شتانەدا بچۆوە کە هەتە، فۆڵدەرەکان، بەڵگەنامە کۆپیکراوەکان، تێبینیی کاتی دیمانەکان، بە کورتی هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە، تا بزانی چیت هەیە و چیت لەبیر کردووە.
* پشت بە گریمانە مەبەستە، وا مەزانە خوێنەر خۆی ڕاستییەکان شی دەکاتەوە و تێ دەگا، بۆ ئەو کەسانە بنووسە کە دەپرسن (بۆ) و (چی)، هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کە سەریان بە زانیاریی نێو ڕاپۆرتەکەت سوڕدەمێنی. جگە لەمەش هیچ شتێک پشتگوێ مەخە، هیچ مەشارەوە، هیچ بۆ بابەتی داهاتوو دوامەخە، ئەوەی هەتە هەمووی بەکار بهێنە. چونکە هەر شتێک دوابخەی یان بشاریتەوە زیانە لە خۆتی دەدەی.

# پاکنووسکردن تەواوکەری هەواڵە

ڕۆماننووس ویلیەم فۆرستەر کە نووسەری ڕۆمانی فیلمی "دۆزینەوەی فۆرستەر"ە ئەم ئامۆژگارییە پێشکێش دەکات: یەکەم ڕەشنووست بە دڵ دەنووسی، بەڵام بە ئەقڵ پاکنووسی دەکەیت.

ڕۆی پیتەر کلارک لە پەیمانگەی پۆینتەر ئەم ئامۆژگارییە پێشکێش دەکات: لە سەرەتای نووسینی هەواڵەکەتدا دەرگای ڕەخنە لە خۆت والا بکە بەڵام لە کاتی پێداچوونەوەدا ڕێ لە ڕەخنەکان بگرە.

ئالان گورگانێسی ڕۆماننووس دەڵێت: من پاکنووس دەکەم بۆ ئەوەی بخوێنرێتەوە.

چیپ سکانلان ئامۆژگاریی نووسەران دەکات و پێیان دەڵێت "پێوەرەکانت نزم بکەوە" بۆ ئەوەی بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵ بیت. لە کاتی بەرزکردنەوەی پێوەرەکانت پاکنووس ئەنجام دەدرێت. لە پاکنووسکردندا تا لە تواناتدا هەیە داوای زانیاری بکە. تەنانەت ئەگەر ڕەشنووسێکی زۆر خراپت نووسی بێت، هەر داوای زانیاریی زیاتر بکە. پاکنووسکردن ئاستی نووسینی باش بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی نووسینی مەزن، نووسینێک کە دەبێتە باشترین ئاستی نووسینی تۆ.

## تەکنیکە گشتییەکانی پاکنووسکردن

ئەو تەکنیکانە بۆ هەموو نووسیارێک بە کەڵک نایەن، هەروەها کاتیشت نییە هەموو تەکنیک بۆ هەموو هەواڵێک بەکار بێنیت. لە چەند هەواڵێکی جیاجیادا بەکاریان بێنە و ئەو تەکنیکە بەکار بێنە کە لە حاڵەتێکی تایبەتدا باشترین و گونجاوترینە بۆ تۆ.

## پێشتر دەست بە نووسین بکە

پاکنووسکردن شتێک نییە لە کۆتایی پرۆسەی نووسیندا ڕوو بدات. پاکنووسکردن بریتییە لە پرۆسەی نووسین خۆی. هەر کە لێکۆڵینەوە و دیمانە ساز دەکەیت، دەست بە نووسینی هەواڵەکەت بکە. ئەمە وات لێ دەکات بنووسی لە کاتێکدا کەرستەکە نوێیە و یارمەتیت دەدات جەخت بکەیتە سەر ئەو کارەی



دەمێنێتەوە. هەروەها هەلی زیاترت بۆ دەڕەخسێنێت نووسینەکەت جوانتر بکەیت. گەر بەم شێوەیە بنووسی ئەوا ڕەنگە سێ تا چوار بژارەت هەبێ بۆ نووسین، چونکە بژارەی ڕاستەقینە ڕەنگە لە دیمانەی کۆتاییدا دەست بکەوێت یان لە تێڕوانینێک کە پێشتر لات گەڵاڵە نەبووە. بەڵام ئاخۆ هەواڵەکەت گرفتی هەبوونی سێ تا چوار پەرەگرافی نووسراوی دەبێت کە لەگەڵ ئەو ڕێگەیەی دەیدۆزیتەوە بە وردی و بە جوانی بیاننووسیت.

## کە دەنووسی بە نووسینەکەتدا بچۆوە

هەر کاتێک کە لەسەر هەواڵێک دەنووسی، بیخوێنەوە و بەسەر ئەوەدا بچۆوە پێشتر نووسیوتە. ئەمە نووسینەکەت جوانتر دەکات. یارمەتیت دەدات لەوەی کە زانیاریی نوێ زیاد بکەیت و ئەو شتانە لابەریت کە پێوەندییەکی باشی بە هەواڵەکەتەوە نییە.

## بە دەنگی بەرز بخوێنەوە

بە دەنگی بەرز هەواڵەکە بخوێنەوە. بەم شێوەیە هەست بە بۆشایی و کێش و دەنگی هەواڵەکەت دەکەیت. ئەو شوێنە کرچ وکاڵانە بە دیار دەخات کە بۆ پاکنووسکردن زۆرترین کۆششی دەوێت.

## پشوویەک بدە

گەر کاتت هەبوو، دوای ئەوەی هەست دەکەیت هەواڵەکەت تەواو بووە، بۆ ماوەی ساتێک یان ڕۆژێک خۆت لە هەواڵەکە دوور بخەوە. پاشان بچۆوە سەری و سەر لە نوێ بیخوێنەوە و کەمێک جوانکاریی بکە (گەر پێویستی کرد زۆر جوانکاریی بۆ بکە).

## کۆپییە پاکنووسەکەت بخوێنەوە

دوای ئەوەی سەرنووسیار پاکنووسەکەت دەخوێنێتەوە، تۆش دووبارە بە سەریدا بچۆوە. گەر لە گۆڕانکارییەک تێ نەگەیشتی، لە پێناو فێربوون نەک مشتومڕ، پرسیار بکە. بەڵام گەر کۆک نەبوویت لەسەر گۆڕانکارییەک ئەوا گەر پێویستی کرد گفتوگۆ بکە بەڵام ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: گەر نووسینەکەت مەبەستەکەتی

نەپێکابوو، ئاخۆ تۆ دەچی بۆ هەموو خوێنەرێک شیی دەکەیتەوە کە مەبەستت لە نووسینەکە چییە؟ گەر مانای هەواڵەکەت بۆ سەرنووسیارەکە ڕوون نەبوو (کە هەر دەبێ هەواڵەکەت بخوێنێتەوە) ئەوا خوێنەر چاوەڕێی هیچ ناکات بگرە تەنیا لاپەڕەی نووسینەکەی تۆ هەڵدەداتەوە. گەر بە گۆڕانکارییەکانی سەرنووسیار ڕازی نەبیت، ئەوا گوێ لە ڕەخنەکانی بگرە و پرسیاری لێ بکە و بە دوای هەوڵی سێیەمدا بگەڕێ تاوەکو ئەوەی یەکەم جار مەبەستت بووە بە دەستی بێنی، لە کاتێکدا دەبێ ڕەچاوی تێبینییەکانی سەرنووسیار بکەیت.

یەک جاری تر تەرخان بکە بۆ پاکنووسکردن بۆ ئەوەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانت بزانی. جارێک بەتەواوی بە هەواڵەکەتدا بچۆوە، لە نووسینەکەتدا بەوردی جەخت لەسەر ئەو شتانە بکە کە دەتەوێ چاکیان بکەیتەوە: فرمانی بەهێزتر بەکار بێنە، وەسف و لێدوانی باشتر بەکار بێنە.

## پرسیاری سەرەکی بکە

هەواڵەکە لەسەر چییە؟ کاتێ ڕەشنووسی یەکەم تەواو دەکەیت، پرسیار لە خۆت بکە: هەواڵەکە لەبارەی چییە؟ هەندێ جار، هەستت بۆ هەواڵەکە لە کاتی نووسیندا دەگۆڕێت یان باشتر دەبێت. پاشان ئەو پرسیارە بکە ئاخۆ ئەو ڕێگەیەی گرتووەتە بەر، ڕەنگدانەوەی ئەم تێگەیشتنەی ئێستاتە لەسەر هەواڵەکەت یان نا. پاشان پرسیار بکە و بزانە پێکهاتەی هەواڵەکەت ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنتە لەوەی کە هەواڵەکە لەبارەی چییە. گەر وا نەبوو ئەوا دەبێ بڕیار بدەیت یان ئەوەتا: یەکەم، خاڵی سەرەکیت لەدەست داوە، لەو حاڵەتەدا دەبێ پێکهاتەی هەواڵەکەت دووبارە بنووسیتەوە بۆ ئەوەی خاڵ و مەبەستی سەرەکیت بپارێزی کە لە بیرتدا چەسپاوە. دووەم، ئەگەر لە پاش نووسینی هەواڵەکە تێگەیشتنێکی باشترت لە هەواڵەکەت وەرگرت، لەو حاڵەتەدا دەبێ سەر لە نوێ هەواڵەکەت بنووسیتەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنە نوێیەکەت لە کاتی نووسینی هەواڵەکەدا ڕەنگ بداتەوە.

ئاخۆ خوێنەر چیی دەوێت؟ بێنە بەرچاوت، کێ ئەو هەواڵەی تۆ دەخوێنێتەوە.

ئاخۆ هەواڵەکەت تۆنێکی دروستی بۆ خوێنەرەکانت هەیە؟

ئاخۆ زانیاریی نێو هەواڵەکە لە زانیاریی خوێنەرەکە زیاترە؟



ئاخۆ هەواڵەکە لە ناوەوە زانیاریی زیاتر دەبەخشێت لەوەی کە خوێنەر دەیەوێت؟

ئاخۆ هەواڵەکەت دەتوانێت خوێنەر بورووژێنێت و سەرنجی بەکێش بکات یان ئەوەتا دەیخوێنێتەوە بەڵام تەواوی ناکات و لە نیوەیڕا لە هەواڵەکەت بێزار دەبێت؟

ئاخۆ خوێنەر لای ئەندامانی خێزانەکەی یان لای هاوڕێیانی باسی ئەو هەواڵە دەکات؟ گەر باسی بکات، تۆ بڵێی باسی چیی هەواڵەکەیان بۆ بکات؟

ئاخۆ ئەم پرسیارانەت خستووەتە بەر چاو؟ ئاخۆ هەواڵەکەت بە خوێنەر دەڵێت بۆچی دەبێ ئەم هەواڵە بۆ ئەو گرینگ بێت؟ گەر نەخێر بێت، ئاخۆ دەبێ هەواڵەکەت وا بە خوێنەر بڵێت؟

دەنگوباس و هەواڵ چییە؟ پرسیار لە خۆت بکە کامەیە هەواڵ. لە کاتی سەرقاڵبوونت بە دۆزینەوەی ڕێڕەوێکی کاریگەر بۆ نووسینەوەی هەواڵەکەت، جاری وا هەیە، زۆر بە ئاسانی وێنەی هەواڵەکەت لە دەست دەدەی و بیرت دەچێتەوە. بۆیە لە شوێنی خۆیەتی کاتێ هەواڵەکەت تەواو دەبێت سەرنج بدەیتە ئەو خاڵە. ڕەنگە تۆ مانشێتێک بۆ هەواڵەکەت بنووسی.

گەر مانشێتەکە هەڵێنجراوی پەرەگرافی شەشەم بێت یان لە بەشێکی هەواڵەکەت بێت، ڕەنگە ئەم حاڵەتە بازدانی تیادا بێت، بۆیە لە خۆت بپرسە و بزانە ئاخۆ ئەو مانشێتە ڕێچکەی تۆیە.

## ڕووبەڕووی کارەکەت ببەوە

تەکنیکێکی گرینگی پاکنووسکردن بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەشنووسی یەکەمت. ڕەچاوی چەندین لایەنی هەواڵەکە بکە و بزانە ئاخۆ بواری گۆڕانکاری و چاککردنی تێدایە یان نا. هەندێ جار ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕ لەگەڵ هەواڵەکەت چاکبوونی لێ دەکەوێتەوە. هەندێ جار ڕووبەڕووبوونەوە متمانەت بە هەوڵە بنەڕەتییەکەت زیاتر دەکات.

بیرۆکەیەکی جێگرەوە (بدیل) بنووسە. هەر کە ڕەشنووسەکەت تەواو کرد، بیر لە بیرۆکەیەکەی جیاواز بکەوە. بیرۆکەیەک بنووسە، یان سەرە دێڕێکی نوێ بۆ ئەو هەوڵە نوێیە بنووسە. گەر ئەو بیرۆکە نوێیە باشتر بوو لە بیرۆکەی پێشتر، ئەوا دەتوانی هەواڵەکەت باشتر بکەی. گەر بیرۆکە بنەڕەتییەکە باشتر بوو، ئەم ڕاهێنانە

متمانەت زیاتر دەکات بەو هەواڵەکەی کە نووسیوتە. ئەم شێوازی کارکردنە تەنانەت لەسەر تەواوی ئەو هەواڵانە جێبەجێ بکە کە حەزت لێیانە. هەوڵ بدە گاڵتەت بە هەواڵەکەت بێت. ئاخۆ هیچ ڕستەیەکت نووسیوە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکەتدا بڵێ "ئەها ئەو شتە قۆڕە چییە!" ئاخۆ هیچ وشەیەک یان دەستەواژەیەکی تێدایە زۆر دووبارە بووبێتەوە؟

گەر هاوڕێیەکی ژیرت هەبێ لەو بوارەدا کە کاری تەنیا گاڵتەکردن بێ بە هەواڵەکان، داوای یارمەتیی لێ بکە با پێش بڵاوبوونەوە هەواڵەکەت بخوێنێتەوە. گەر بە هۆی ئەوەوە شتێک بەرجەستە کرا، ئەوا بەلایەنی کەم دەزانی پاش بڵاوبوونەوە کەسانی لەو جۆرە ئەو گاڵتەیە بە هەواڵەکەت ناکەن. لە ناو پرۆسەکەدا ون مەبە. لە گەلێ ڕووداو، بە تایبەتی لە ڕووداوی حکوومەت و دادگادا، پەیامنێران دەبێ فێری گەلێ شێوازی کارکردن بن و لەو بارودۆخانە بگەن. هەندێ جار پەیامنێر تێڕوانین لە دەست دەدات و وای بۆ دەچێت کە گرینگیی هەواڵەکە بۆ خوێنەر بە قەد گرینگیی سەرچاوەکانە. خوێنەر هەمیشە بایەخ بە ئەنجامەکان دەدات. کاتێ هەواڵەکەت تەواو دەکەیت، کە ڕەنگە چەند ڕووداوێکی تیا بێت، بزانە تا چ ڕادەیەک جەختت لەسەر ڕووداوە سەرەکییەکە کردووەتەوە و، ئاخۆ تا چ ڕادەیەکیش گونجاوە. گەر هەواڵێک یان بیرۆکەیەک جەخت بکاتە سەر ڕووداوەکە، ڕەچاوی ئەوەش بکە کە جەختکردن لەسەر ئەنجامەکان چەند کاریگەر و بەهێزتر دەبێت.

ڕووبەڕووی یەک بە یەکی ڕستەکان ببەوە. هەرکاتێک زانیت تەواو بوویت، ڕستە بە ڕستە پێیدا بچۆوە. لە هەر ڕستەیەکدا، بزانە هیچ وشەیەک هەیە بتوانیت لایببەیت بێ ئەوەی زیان بە مانا و جەوهەری هەواڵەکە بگەیەنێت.

بزانە گەر وشە یان دەستەواژەی کورتتر و جوانترت هەبێت لە شوێنی دەستەواژە یان وشەکانی ناو هەواڵەکە دایبنێ. ئەمە زۆر گرینگە و بایەخی خۆی هەیە، بە تایبەتی لەو کاتەی هەواڵەکەت زۆر درێژتر دەبێتەوە لەوەی سەرنووسیار دەیەوێت. ئەم شێوازی کارکردنە هەواڵەکەت کورت و پوخت و واتابەخش دەکات و ڕەنگە هەستێکی خێرا لای سەرنووسیار دروست بکات و بیگەیەنێتە ئەو بڕوایەی شوێنی زیاتر بە هەواڵەکەت ببەخشێت.



ڕووبەڕووی هەموو وشەکان ببەوە. ڕەنگە نەتوانی ڕووبەڕووی وشە بە وشەی هەواڵەکەت ببیتەوە، بەڵام بە لایەنی کەم بۆ سەردێرەکان و پەرەگرافە سەرەکییەکان ئەمە بکە. پێشەکیی هەواڵەکەت چەند درێژ بێت هەوڵی کورتکردنەوەی بدە (گەر ڕێی تێ بچێت). گەر لە ٣٠ وشە زیاتر بوو، ئەوا دیارە زۆر درێژە. چەند کورتتر بێت ئەوەندە کارکردن تیایدا ئاسانتر دەبێت و پڕواتا و بەهێزتر دەبێت.

هەوڵ بدە پێشەکییەکەت لە ١٠ وشە تێپەڕ نەکات. ڕەنگە ئەمە بۆ هەواڵێک زۆر زەحمەت بێت، بەڵام هەمیشە کارێکی باشە گەر هەوڵی بۆ بدەی. بە تایبەتی گەر پێشەکییەکەت لە ٢٠ وشە زیاتر بوو بیر لە وشە و ڕستەکان بکەوە بزانە ئەم وشانە دەگونجێن و شیاون لە پەرەگرافی یەکەمدا بن.

ڕووبەڕووی فرمانەکان ببەوە. ئاخۆ تۆ بەهێزترین و شیاوترین فرمان بەکاردەهێنیت؟ ئاخۆ ئەو فرمانانە کاریگەر و چالاکن؟ هەرگیز یەک فۆرمی فرمان بەکار مەهێنە، هەوڵ دە زیاتر لە جێگرەوەیەکت هەبێت. هەندێ جار فرمان هەیە زۆر ورد و دروستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزانە فرمانی بەهێزترت دەست ناکەوێت. بیر لە فرمانە بێهێزەکان بکەوە و هەوڵ بدە فرمانی بەهێزتر بەکار بێنیت.

ڕووبەڕووی ئامرازەکانی پێوەندییەکان و ئامرازەکانی پێک بەستانەوە ببەوە. هەوڵ بدە زۆر باش بیر لە هەموو ئەو ڕستانە بکەوە کە ئامرازی وەک "و، یان، بەڵام"یان تێدایە، بە تایبەتی لە پێشەکیدا. هەوڵ بدە ئەو ڕستانە بشکێنیت و دوو ڕستەیان لێ دروست بکەیت.

ڕووبەڕووی ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمانەکان ببەوە. بیر لەوە بکەوە و بزانە ڕستەکان بە بێ هەر یەک لە ئاوەڵفرمان و ئاوەڵناوەکان بەهێزتر دەبن یان نا. ئەمانە چی بۆ هەواڵەکەت زیاد دەکەن؟ ئاخۆ دەتوانی لایان بدەیت و فرمان و ناوگەلێک لە بری ئەوان بەکاربێنیت کە ڕەنگە دەقەکەت بەهێزتر بکەن.

ڕووبەڕووی دەستەواژەکان ببەوە. بزانە دەتوانی دستەواژەیەک لابدەیت بێ ئەوەی زیان بە هەواڵەکە بگەیەنێت، یان بە یەک وشە لە بری دەستەواژەیەک بەکار بێنیت؟

## کەرستەکانت بەکار بێنە

کۆمپیوتەرت بەکار بێنە. ئامێری پشکنینی ڕێنووس و ڕێزمان بەکار بێنە (ئەمەیان بۆ زمانی ئینگلیزی دەشیت، بەڵام بۆ زمانی کوردی تا ئێستا پرۆگرامی لەم جۆرە دانەهێنراوە).

خۆشە گەر هیچ هەڵەیەک نەگرن. بەڵام گەر هەر هەڵەیەکیان گرت، ئەوا تۆ دەبێ زۆر خۆشحاڵ بیت. چونکە بە هیچ شێوەیەک جوان و ڕەوا نییە هەواڵەکەت، دوای ئەو هەموو ماندووبوونە، بە هەڵەوە بکەوێتە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە.

شتێکی تر کە نابێ لە یادمان بچێت ئەوەیە مەرج نییە هەرچی کۆمپیوتەر هەڵەی تیادا گرت چاکی بکەیتەوە. دەبێ دڵنیا ببیتەوە کە بەڕاستی هەڵەیە یان نا.

پشت بە کۆمپیوتەر مەبەستە. بنووسە و پاکنووس بکە وەک بڵێی ئامێری پشکنینی ڕێنووس و ڕێزمان لەسەر کۆمپیوتەرەکەتدا نییە.

کۆمپیوتەر ناتوانێت هەموو هەڵەیەکی ڕێنووس یان ڕێزمان بگرێت. بۆ نموونە: "هەستی نەتەوایەتی" زۆر جیاوازە لە " پەستی نەتەوایەتی"، بەڵام ڕەنگە لە کاتی پشکنیندا یەکێک لە بری ئەوی تر بەهەڵە بەکار بێنیت. بۆ نموونە گەر مەبەستت " کەڕ" بێت و "کەر"ت نووسی بێت ئەوا کۆمپیوتەر ئەو هەڵەیەت بۆ چاک ناکاتەوە.

## کتێبی شێوازی نووسین بەکار بێنە

تەنانەت گەر هەموو شتێکت بە پێی شێوازی نووسین دروست بێت، بە لایەنی کەم دوو جار لە کاتی پاکنووسکردندا ڕەچاوی شێوازی نووسین بکە، تەنیا بۆ مەبەستی دڵنیابوون.

هەروەها گەر یەکێکیان هەڵە بوون، چەند جارێکی تر بەسەریدا بچۆوە. کاتێکیش هەڵەیەکت دۆزیەوە لە شێوازی نووسیندا، بە شێوازێکی تر بینووسە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەیتەوە.

فەرهەنگەکەت بەکار بێنە. لە کاتی پاکنووسکردندا بە لایەنی کەم سەیری یەک وشە بکە لە نێو فەرهەنگەکەدا. تەنانەت گەر بە تەواوی دڵنیا بووی لە ڕێنووس و واتە جوانەکەی، ڕەنگە چەند مانایەکی لاوەکیی هەبێت و فێریان بیت. ڕەنگە ئەمە سەرنجت بۆ وشەیەکی جیاواز بەکێش بکات. بەڵام هەر وشەیەک کە تۆ دەیدۆزیتەوە



دەبێ تەواو ماناکەی ڕوون بێت بۆ ئەوەی شیاو بێت بۆ ئەو شوێنەی تۆ دەتەوێ تیایدا بەکاری بێنی.

## لیستەکانی پشکنین

کاتی ئەوەت نابێت لە هەموو هەواڵێکدا هەموو ئەو شتانە بپشکنی، بەڵام بە لایەنی کەم دووانیان لە کاتی پاکنووسکردندا بپشکنە. کاتێ تۆ شتێک وەک خاڵی لاواز وەسف دەکەیت، هەموو جارێ بیپشکنەوە.

خۆت لە دەستەواژەی لێڵ و نادیار دوور بخەوە. گەر دەستەواژەیەکی لێڵ و نادیار بەکار بێنیت، ئەوا هەوڵ بدە لە بری ئەوانە فرمان و بکەری بەهێز بەکار بێنیت. لێرەدا مەبەست لە دەستەواژە ئەوەیە کە بێهێزترین فرمان لەگەڵ لێڵترین ڕاناو تێکەڵ بێت، کە هەمیشە ڕستەی بێ بکەر و فرمانی بێهێز دەهێڵنەوە.

با هەواڵەکەت سادە بێت. ئەو پرسیارە لە خۆت بکە ئاخۆ لە هەواڵەکەتدا زۆرترین شت باس دەکەیت. ئاخۆ تۆ وەڵامی هەر پێنج وشەکانی پرسیار دەدەیتەوە، کاتێ دەتوانیت دووانیان بۆ کات وباسێکی تر هەڵگری. هەمیشە هەوڵ مەدە هەموو شتێک لە هەواڵێکدا چڕ بکەیتەوە.

با هەواڵەکەت تەنیا لەسەر یەک خاڵ بێت. ئاخۆ هەواڵەکەت چەند خاڵ لە خۆ دەگرێت. گەر وا بێت، ئەوا تۆ جارێ بڕیارت نەداوە هەواڵەکەت لەبارەی چییە. بڕیاری ئەوە بدە کامە خاڵ لە هەموو ئەوانی تر گرینگترە لە پێشەکییەکەدا باسی لێوە بکە و تەنیا ئەو خاڵەش هەواڵی تۆیە.

زۆر خاڵبەندی بەکار مەهێنە. زۆربەی پێشەکییە باشەکان لە یەک خاڵبەندی زیاتری تێدا نییە. ئاگەدار بە زۆر فاریزە و داش لە نێو پێشەکییەکەتدا دامەنێ. هەمیشە هەوڵی ئەوە بدە کە ڕستەیەک بنووسیت یەک فاریزەی تیا بێت، گەر نەبێت باشتریشە.

گەر لە پێشەکییەکەتدا زۆر خاڵبەندی هەبوو، ئەوا بە دەنگی بەرز بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بزانی ئاخۆ سەداکەی باشە یان ئەوەتا کۆسپ و تەگەرەی تیایە و باش نایەتە سەر زاری خوێنەر.

## دوا تەکنیکی پاکنووسکردن

هەموو ئەو نووسەرانەی تۆ پێیان سەرسامی هەمیشە لە کارەکانیاندا زۆر خۆیان ماندوو دەکەن. ئەوان هەرگیز ناڵێن "ئەی باوکە ماندوو بووم" یان بەیانییان بە دڵگرانی لە خەو هەڵسن و خۆیان بۆ کار ئامادە بکەن، بگرە هەمیشە لە بیری ئەوەدان چی پێویستە بۆ نووسینەکەیان و لە هەموو نووسینێکدا پاکنووس دەکەن و جارێکی دیکە پاکنووس دەکەنەوە و ئینجا بە وردی پێیدا دەچنەوە، هەرچەند پێدابچنەوە و پاکنووس بکەن لای ئەوان هەر کەمە.

دوا پاکنووس واتە دوا هەوڵ. واتە پاکنووسێکی دڕندە و خۆ ئازاردەر. ئەو ساتانەی کە تۆ، دوای هەموو شتێک، جارێکی دیکە بە وردی هەواڵەکەت دەخوێنیتەوە، ئەمە لە هەموو نووسەرانی دیکە جیات دەکاتەوە.

ئەمە هەر بە قسە خۆشە، ئەمە هەمیشە کارێکی ئازاردەرە، هەندێ جار وا هەست دەکەی کات بەفیڕۆ دەدەی. گەر هەستت بەوە نەکرد ئەمە دواجارە بەسەر هەواڵەکەتدا دەچیتەوە، ئەوا دەبێ جارێکی تریش بە سەریدا بچیتەوە.

ئەم شێوازی کارکردنە وات لێ دەکات هەواڵەکەت بە کەمترین هەڵە، یان بێ هەڵە بچێتە بەر دەستی خوێنەر. گەر بەم شێوەیە کار بکەیت ئەوا وشەکانت زۆرترین مانا دەبەخشن و ئامانجی سەرەکیت دەپێکی.

خۆت لەوەدا دەبینیتەوە کە هەوڵی ئازایانەتر بگریتە بەر لە پێناو ورووژاندنی زۆرترین شت لە کەمترین ڕووبەردا. بەم شێوەیە بوار بە خۆت دەدەیت ڕاستەوخۆ شتەکان بدرکێنیت و دوور بکەویتەوە لە ورووژاندنی شتەکان بەو شێوە ناڕاستەوخۆ و کرچ و کاڵەی کە لە سەری ڕاهاتووی.



# ڕێکخستنی کات

لە هەر هەواڵنێرێک بپرسیت چین ئەو هۆکارانەی ناهێڵن کارەکەت بە باشترین شێوە تەواو بکەیت. لە وەڵامدا دەڵێت " کاتم زۆر کەمە و بە شتەکان ڕاناگەم". زۆرێک لە هەواڵنێران لە یەک کاتدا سەرقاڵی ئامادەکردنی چەندین هەواڵ و بابەتی جۆرەوجۆرن. هەر بۆیەشە کات بەشیان ناکات و جاری واش هەیە هەموو شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەکەن.



چەند هۆیەکی تر هەن وا لە هەواڵنێر دەکەن ڕۆژانە زۆرترین هەواڵ ئامادە نەکات، لەوانەش: دواخستنی کاتەکانی وەرگرتنی لێدوان لە لایەن سەرچاوەکانەوە، زۆریی دەستکاری و گۆڕین لە کاتی پلاندانان و ڕێکخستنی هەواڵەکاندا، هەواڵنێران زۆر بە وردی کار ناکەن! ئەمانە چەند گیروگرفتێکی گشتین دووچاری هەموو هەواڵنێرک دەبنەوە. ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە خشتەیەکی کارا و شیاویان بۆ دابەشکردنی کات نییە.

دانانی دوا مۆڵەت باشترین چارەسەرە بۆ دواخستن، وا لە هەواڵنێر دەکات چاپووک بێت و بە ماوەیەکی کورت کارەکەی تەواو بکات. گەر هەر هەواڵنێرێک کاتی خۆی ڕۆژانە دابەش نەکرد ئەوا بە هەفتەیەکیش بابەتێکی جوانی پێ ئامادە ناکرێت، ناتوانێت هەواڵی ورد و بەپێز ئامادە بکات.

پێویستە هەواڵنێر ئەو کاتە سنووردارەی خۆی بە ڕێکوپێکی دابەش بکەن،

هەروەها دەبێ پشت بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی سەرنووسیارەکانیان ببەستن. بەشێکی سەرەکیی کاری سەرنووسیار بریتییە لە یارمەتیدانی هەواڵنێران تا بە وردی جەخت لەسەر شتی گرینگ بکەنەوە. بێگومان، ئەمە مانای ئەوەیە کە سەرنووسیاریش دەبێ کاتەکانی خۆی بە پێی خشتەیەکی ڕێکوپێک دابەش بکات. وا لە خوارەوە چەند ئامۆژگارییەک بۆ سەرنووسیار و هەواڵنێر دەخەینە ڕوو تا یارمەتییان لە ڕێکخستنی کاتە سنووردارەکانیاندا بدات:

## سەرنووسیار

١- با ئامانجەکانت ڕوون بن. دەتەوێ چی بەدەست بێنی؟ نەخێر بۆ ئەو شتانەی کە زۆر جار لە ڕۆژنامەکەتدا باس کراون دەتوانێت کارەکەت ئاسانتر بکات، جەخت لەسەر ئەو هەنگاوانە بکەیتەوە کە پێویستن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانت.

٢- بەڕوونی ڕایەکانت لەگەڵ ستافەکەتدا باس بکە و یارمەتیی ئەوان بدە بۆ ئەوەی شتە بەراییەکان یەک بە دوای یەکدا ڕیز بکەن. گەر بتەوێ هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتی زیاترت هەبێت لە نێو ڕۆژنامەکەتدا ئەوا دەبێ بوار بە هەواڵنێران بدەیت بەدواداچوونی ورد بکەن لەسەر هەواڵ و بابەتەکانیان و کارئاسانیشیان بۆ بکەیت. نەخشەی کارەکانیان بۆ ڕێک بخە. ئەرکەکانیان بیر بخەوە. ڕێ لەو چالاکییانە بگرە کە هیچ سوودێکیان بۆ ئامانجەکانت نییە. ڕێگایەک بدۆزەوە کە هەواڵنێران لەسەر ئەو ڕێگایە بەدواداچوون لەسەر پرسەکانیان بکەن: ڕێگایەکی داهێنەرانە و هاندەرانە بێت. بەم شێوەیە ئەو وزەیەی هەیانە بە باشترین شێوە بۆ ئامادەکردنی هەواڵ تەرخان دەکەن.

٣- پاڵەپەستۆی کارەکان بخەملێنە و بزانە کامە هەواڵنێر بۆ کامە کار تەرخان دەکەیت. بۆ نموونە، زۆر هەواڵنێر هەیە دەڵێت ئەو بابەتەم پێ باش نییە کە دراوە پێم و تیایدا سەرکەوتوو نابم، کەچی نووسیار بۆ ئەو بابەتە من دەستنیشان دەکات. ئاخۆ ئەم کارانە کار لە خوێنەر ناکەن؟ هەوڵ بدە ڕێگایەک بدۆزیتەوە کە هەموو کارەکانی پێ ئەنجام بدەیت بێ ئەوەی ستافەکەت زۆر هیلاک و ماندوو بکەیت. لە هەمان کاتدا، گەر کارمەندت زۆر بوو و هیچ کارێکیشیان نەبوو ئەوا قەوارەی ستافەکەت بچووک بکەوە. کار بە زۆر و بۆری بەڕێوە ناچێت.





٤- دووبارە بەسەر هەموو ئەو شتانەدا بچۆوە کە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکەت لە بیرتدا چەسپیون. خۆت هێمن و هێور بکەوە. گەر لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆردا کار بکەیت، ئەوا ڕەنگە تووشی هەڵەی گەورە بیت. گەر پاڵەپەستۆکان زۆرن و پەکت دەخەن، دەبێ سنوورێک بۆ کارەکانت دیاری بکەیت. فەلسەفەی ئەنجامدانی زۆرترین کار بە کەمترین ماوە ڕێگەیەکە بۆ بەرزکردنەوەی پاڵەپەستۆی خوێن و دابەزاندنی ورەی مرۆڤ لە نێو ئەو چوار دیوارەی تیایدا کار دەکات. لە بری ئەوەی دنیا بەسەر خۆتدا کەڵەکە بکەیت، هەوڵ بدە ژیرانە کار بکەیت نەک توند و لە ژێر پاڵەپەستۆدا خۆت ماندوو بکەیت.

٥- بە لایەنی کەم هەفتەیەک پێش ئامادەکردنی بابەتێک، هەواڵنێرەکە ئاگادار بکەوە، بەم شێوەیە کاتی بۆ دەگێڕیەوە و لە تەنگژەی کەمیی کات ڕزگاری دەکەی.

یارمەتییان بدە لە دۆزینەوەی بابەت و هەواڵدا، پاشان یارمەتییان بدە جەخت لەسەر یەک لایەنی هەواڵەکە بکەنەوە بۆ ئەوەی کاتیان بە ئامادەکردنی بابەتێک کە چەندین پرس لە خۆ بگرێت بە فیڕۆ نەڕوات و سەریش لە خوێنەر تێک نەدەیت. هەمیشە ڕێنوێنیی زیاتر بدە بە هەواڵنێران لەسەر کاری ڕۆتینیی ڕۆژانەیان، بەڵام لە بیرت نەچێت دەبێ خۆیان فاکتەری سەرەکیی کارەکانیان بن. ئاخۆ ستافەکەت چییان لە تۆ دەوێت؟ ئاسانکاری، ڕێبەری، زانیاریی هەڵگەڕاوە Feed back، سەرپەرشتیکردن. چییان دەوێ پێیان ببەخشە، پاشان پاشەکشە بکە و لێیان گەڕێ با کاری خۆیان بکەن.

٦- کاتێک تەرخان بکە بۆ یارمەتیدانی هەواڵنێران بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجی کەسی پیشەکەیان دیاری بکەن، دواجار سیستەمێک دروست بکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. سەرەڕای یارمەتیدانیان، خۆشت بەرهەمهێن و چالاک بە، بەم شێوەیە هەواڵنێرەکان زیاتر خۆیان ماندوو دەکەن و دەبن بە سەرەکیترین پشتیوانی تۆ لە ڕاپەڕاندنی کارەکانتدا.

## هەواڵنێران

١- پلاندانەرێک بۆ خۆت دابین بکە و بەکاری بهێنە. ئەو کەسە بکە بە پلاندانەری خۆت کە خۆشت دەوێت بۆ ئەوەی ئەو کاتەی کە لەگەڵیدا بەسەری دەبەیت بە خۆشی بێت. ئەوەت لە بیر بێت کارکردن لەگەڵ کەسانی وشک و مڕومۆچدا ناچێتە سەر.

٢- هەمیشە ئامانجت هەبێت. گەر ئامانجت نەبێت، کارەکانت نەزۆک دەبن و هەموو کاتیشت بە فیڕۆ دەڕوات.

٣- پلاندانەرەکەت بۆ ڕێکخستنی کات و کارەکانت بەکار بێنە، بە شێوەیەک کە ئامانجەکەت بپێکێت. هەرگیز بە سادەیی و بە شێوازێکی نەریتی لیستێک دروست مەکە. ئامانجەکانت بەسەر چەند هەنگاوێکدا دابەش بکە و هەنگاوەکانت لە نێو خشتەیەکدا بنووسە. ئاخۆ ئەمڕۆ چی دەکەیت بۆ ئەوەی هەنگاوێک لەو بابەتە یان هەواڵە نزیک بکەویتەوە کە دەبێ بۆ هەفتەی داهاتوو ئامادەی بکەیت؟ قسە لەگەڵ کێ دەکەیت؟ چ زانیارییەک کۆ دەکەیتەوە؟ هەموو کارەکانت بەم شێوەیە دابەش





بکە و کاتێک تەواو بوون بە دەسکەوتیان بزانە.

٤- بۆ ئەوەی لە ئامانجی سەرەکیت نزیک بکەویتەوە، لایەنی کەم ڕۆژانە هەنگاوێک جێبەجێ بکە، بەیانی زوو دەست بە ئەنجامدانی ئەو هەنگاوە بکە بۆ ئەوەی فریای کات بکەویت. ئەو شتانەی ئەنجامیان دەدەیت لەسەر کاغەزێک لە پێش خۆت بنووسە، چونکە ئەمە لە ڕووی دەروونییەوە ورەت بەرز دەکاتەوە و زۆر ماندووت ناکات.

٥- هەمیشە لەسەر مێزەکەت چەند شتێکی دڵڕفێن و دڵخۆشکەر دابنێ بۆ ئەوەی هەمیشە دەم بە خەندەوە کارەکانت ئەنجام بدەیت. هەمیشە کاسێتێکی خۆش لە ناو ئۆتۆمبیلەکەت بێت، کاتێک لە ترافیک لایت دەوەستیت گوێ لە کاسێتە خۆشەکە بگرە بۆ ئەوەی هەستێکی نوێت لا دروست بکات. کتێبی ئەدەبی و پڕ لە بیرۆکەی باش بخوێنەوە. هەموو ئەمانە بیرۆکەت لا دروست دەکەن بۆ بەدواداچوونی هەواڵ و ڕاپۆرت.

٦- هەموو ئەو شتانەی بە خەیاڵتدا دێن لەسەر کاغەزێک بنووسە. کاتێک لە گەرماویت، یان لەسەر شەقام بە ڕێگادا دەڕۆیت، لە ناو ئۆتۆمبیل یا لە هەر شوێنێک بوویت شتێک بە خەیاڵتدا هات، هەر ئەو کات، یان دواتر لەسەر کاغەزێک ئەو بیرۆکانە بنووسەوە.

٧- لە کاتی ئامادەکرنی هەواڵدا ڕەچاوی ئەمانە بکە: بیرۆکە، نووسینەوەی هەواڵ، ڕێکخستنی هەواڵەکە، پاکنووسکردنی هەواڵەکە، پێداچوونەوەی هەواڵەکە و لە کۆتاییدا نووسینەوەی دوا پاکنووس: هەواڵی ئامادە.

## نووسینی هەواڵ بۆ تۆڕی ئینتەرنێت

چەند خاڵێکی گرینگ هەن پێویستە ئەو کەسەی بۆ تۆڕی ئینتەرنێت دەنووسێت لەبیریان نەکات. وەک:

– ناسینی وەرگر: کاتێ دەنووسی و نووسینەکەت پاکنووس دەکەیت، پێویستە ویست و خووەکانی خوێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت لەبەر چاو بگری. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بەکارهێنانی ئەم تۆڕەدا کراون ئاشکرایان کردووە کە خوێنەران ئارەزوو دەکەن بە سایتەکاندا بگەڕێن، زیاتر لەوەی ئارەزووی ئەوە بکەن بەوردی بیانخوێننەوە. هەروەها لە خوێنەری چاپکراوەکان و بینەری تەلەفزیۆن بزێوترن، ڕاوی زانیاری دەکەن نەک خۆیان بەدەستی ئەو شتەوە بدەن کە تۆ دەیخەیتە بەردەستیان.

بیر لەو وەرگرانە (بینەر، خوێنەر، گوێگر) بکەوە کە ئامانجی تۆن. لەبەرئەوەی خۆێنەرەکانت هەواڵ لە ئینتەرنێتەوە وەردەگرن، بێگومان زیاتر لە بینەرانی تیڤی و خوێنەرانی ڕۆژنامە پەرۆشی ئەو بابەتانەن کە پێوەستی ئینتەرنێتن، بۆیە کارێکی باشە کە بایەخی زیاتر بەم جۆرە هەواڵانە بدەیت. سەرەڕای ئەمەش سایتی تۆ دەشێ لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا ببینرێت، بۆیە کاتی نووسین و پاکنووسکردن پێویستە ئەوە لە بەر چاو بگری کە تۆ دەتەوێ لە چ ئاستێک: ناوخۆیی یان نەتەوەیی یان نێودەوڵەتی، وەرگر لە نووسینەکەت بگات.

– بیر بکەوە با بیرکردنەوەکەت جیاواز بێت: پێش ئەوەی دەست بە هەواڵناردن یان نووسین بکەیت، لە خۆت بپرسە: ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی دەمەوێ بینووسم چییە؟ دوای ئەمە بیر لەوە بکەوە باشترین ڕێگە بۆ گەیاندنی هەواڵەکە چییە: لە ڕێی دەنگەوە یان دەنگ و ڕەنگ یان ئەو وێنانەی بە یەک کلیک کردنێک دەکرێنەوە یان تێکست یان بە لینک... یان بە تێکەڵکردنی چەند ڕێگەیەک. هاوکاری لەگەڵ هەندێ بەرهەمهێنی بواری دەنگ و ڤیدیۆدا بکە. پلانێک داڕێژە بۆ ئەوەی لە کۆکردنەوەی



هەواڵ و پرۆسەی بەرهەمهێناندا ڕێنوێنیت بکات نەک تەنیا هەواڵێک پەیدا بکەیت و دوایی شتی جۆرەوجۆری بۆ زیاد بکەیت. بەدوای ئەو بابەتانەدا بگەڕێ کە خۆیان خۆیان دەخەنە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، بابەتگەلێک کە خۆیان زانیاری دەدەن و جیاوازن و باشترن لەوانەی لە هەر کەناڵێکی تری میدیادا بڵاو دەکرێنەوە.

– شێوەی کۆکردنەوەی هەواڵت داڕێژە: وەک چۆن دیمانەی هەواڵنێری ڕۆژنامە لەگەڵ هی تیڤی جیاوازن، لەبەرئەوەی هەر یەکێکیان بەدوای شتێکی جیاوازدا دەگەڕێ، واش پێویست دەکات ڕۆژنامەوانی ئینتەرنێت شێوازی خۆی لە ئەنجامدانی دیمانە و کۆکردنەوەی هەواڵ بە گوێرەی پێویستیی کارەکەی داڕێژێ. هەواڵنێری ڕۆژنامە بە دوای زانیاریدا دەگەڕێ، هی تیڤی لە ڕێی کامێرا و دەنگ و هاوشانیی وێنە و وشەوە بە دوای بزواندنی هەستدا دەگەڕێ.

بەڵام ڕۆژنامەوانی ئینتەرنێت پێویستە بەردەوام بیر لە توخمی جیاواز بکاتەوە، بیر لەوە بکاتەوە ئەو توخمانە چۆن تەواوکەر و یاریدەری یەکتربن: وشە بدۆزێتەوە لەگەڵ وێنەدا یەکتر بگرن، دەنگ و ڤیدیۆ لەگەڵ وشە، زانیاریگەلێک کە خۆیان ورووژێنەر بن... لە بیرت نەچێ وێنەی فۆتوگراف گەر بە وردی گیرابێ لە ئینتەرنێتدا جوانتر خۆی دەنوێنێ، تەماشاکردنی وێنەی ڤیدیۆ گەر باکگراوندەکەی سادە بێت و کامێرا زووم کرابێ لە ئینتەرنێتدا ئاسانترە. هەر کاتێک گونجا با دیمانەی تۆمارکراو (لەسەر تێپ) هەبێ، بەتایبەتی کاتێ کەسێک شتێک دەڵێ و ئەو شتە دەبێتە بابەتێکی بەهێز. بەدوای ئەو کەسایەتییانەدا بگەڕێ کە بەلای میوانانی چاتەوە گرینگن. بەردەوام بۆ ئەو زانیارییانە بگەڕێ کە لەگەڵ ئامرازەکانی ورووژاندندا بە کارتر دەبن.

– شێوازی نووسینت با زیندوو و توند و تۆڵ بێت: دەبێ نووسین بۆ ئینتەرنێت تایبەتمەندییەکانی نووسین بۆ میدیای پەخشکراو و چاپکراو بەیەکەوە گرێ بدات، پێویستە توندوتۆڵتر و تیژتر بێت لە نووسینی ڕۆژنامە و ئەدەبیتر و درێژتریش بێت لە نووسین بۆ ڕادیۆ و تیڤی. با نووسینت بەهێز و کاریگەر بێت. نووسینی باش لە میدیای پەخشکراودا پێویستە ڕستەکانی توندوتۆڵ بن و بە سادەیی زانیاری بگەیەنن و هەر ڕستەیەک یەک بیرۆکە بگرێتە خۆ. ئەم جۆرە نووسینە

خۆی لە ڕستەی درێژ و وشەی بێ کاریگەری، کە لە نووسینی نێو ڕۆژنامەکاندا هەیە بە دوور دەگرێ. لێرەدا بیرۆکەیەک یان زانیارییەک بێگومان بەرەو ئەوەی دوای خۆی دەتبا.

بەکارهێنانی ئەم ڕێنوێنییانە بۆ نووسین لە ئینتەرنێتدا وا دەکا تێگەیشتنی نووسینەکە بەلای خوێنەرەوە ساناتر و سەرنجڕاکێشتر بێت. هەوڵی نووسینی زیندوو بدە، بە پشت بەستن بە فرمانی بەهێز و ناوی زەق. نووسینەکە ئاوێتەی دەنگێکی دیار بکە تا لە جەنجاڵیی بابەت و پێکهاتەکانی ئینتەرنێتدا جیا بکرێتەوە. شتی زیندوو بەکار بێنە. هەوڵ بدە نووسینەکەت گاڵتەئامێز یان خاوەن هەڵوێست بیت. بابەتی گفتوگۆئامێز لە ئینتەرنێتدا بازاڕیان گەرمە، جگە لەمەش خوێنەری سایتەکان بەزۆری حەز لەو نووسینانە دەکەن کە جیاوازن لە ستایلی ئاسایی نووسین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەو یاسایانەی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی لەبیر مەکە.





# ڕێبەرێک بۆ سازدانی دیمانەی ڕۆژنامەوانی

## تەواوی پلانی دیمانە

**لێکۆڵینەوە:** چەندت کات لەبەردەستدا بێت بەر لە دیمانەکە، پێنج خولەک بێت یا پێنج ڕۆژ، لێکۆڵینەوە لەبارەی بابەتی دیمانەکە و ئەو کەسەی دیمانەی لەگەڵدا دەکەیت ئەنجام بدە.

زانیاری لەسەر هەردووکیان (بابەتی دیمانە و کەسەکە) کۆبکەوە چ نووسین بن یا وێنە. پرسیار لە هاوکارانی ئەو کەسە بکە بۆ ئەوەی زانیاریی لەبارەوە کۆ بکەیتەوە. چونکە ئەگەر پرسیارەکانت لە زانینەوە هاتبن بەهێزتر دەبن و تۆش لە دیمانەکەدا لێهاتووتر دەبیت.

پێویستە ئەم پرسیارانە لەخۆت بکەیت:

١. من چی دەزانم؟ و پێویستە چی بزانم؟

٢. مەبەستی ڕۆژنامەوانیم چییە؟

٣. بایەخدانە ئاکارییەکانم چین؟

٤. ئەو سیاسەتە ڕێکخراوەیی و ڕێنوێنییە پیشەییانە چین کە پێویستە پێیانەوە پاوەند ببم؟

٥. چۆن بۆم دەلوێت کەسانی تری خاوەن بیر و ڕا و دیدگەی جیاواز لە پرۆسەی وەرگرتنی بڕیاردا تێکەڵ بکەم؟

٦. لایەنە پێوەندیدارەکان کێن (ئەو کەسانەی بڕیارەکانم کاریان تێ دەکات)؟ پاڵنەرەکانی ئەوانە چییە؟ کام لەو پاڵنەرانەیان ڕەوایە؟

٧. چۆنە ئەگەر ڕۆڵەکانمان پێچەوانە بوون؟ و هەست بە چی دەکەم ئەگەر من لە شوێنی ئەو کەسانە بووم کە بڕیارەکانم کاریان تێ دەکات؟

٨. بۆ زیادکردنی بەرپرسیارەتی لە گەیاندنی ڕاستییەکان و کەمکردنی زیانەکان، بژارەکانم چین؟

٩. ئاخۆ دەتوانم بە تەواوی و بێ پێچ پەنا پاساو بۆ شێوەی بیرکردنەوە و بڕیارەکانم بهێنمەوە: لە بەرامبەر هاوکارەکانمدا؟ لە بەرامبەر لایەنە پێوەندیدارەکاندا (ئەوانەی بڕیارەکانم کاریان تێ دەکات)؟ لەبەرامبەر خەڵکدا؟

**پلان:** پلانێکی خێرا بۆ دیمانەکە دابنێ. لەگەڵ هاوکارانتدا تاوتوێی بکە. پێویستە یەکەم جار دیمانە لەگەڵ کێدا بکەیت؟ دیمانەکە لە کوێدا ساز دەکەیت؟ چەند کاتت بەدەستەوەیە بۆ دیمانەکە؟ ئاخۆ لەسەر کاسێتی دەنگ یان ڤیدیۆ تۆماری دەکەیت؟ ئەوەی باوە باشترین شوێن بۆ سازدانی دیمانە لەگەڵ کەسێک شوێنی کارکردنی ئەو کەسەیە. هەرچەندە بۆ دیمانە سازدان لەگەڵ ئەو کەسانەی شەرمن و ئەوانەی دوودڵن باشترە لە ماڵی خۆیان ئەنجام بدرێت.

دەتوانی سەرچاوەیەکی هەواڵی خۆت گەر نارەحەت بوو بۆ پیاسەیەک ببەیت، چونکە ئەم کارە ئاسوودەی دەکات. ژوانێکی نانخواردن لەگەڵ سەرچاوەی هەواڵدا لانی کەم سەعاتێکی پێویستە. دیمانە بە تەلەفۆنیش زۆر پەسند نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی باوە.

**ڕێکخستن:** چەند خاڵێک یا چەند سەرەداوێکی کورت بۆ خۆت لەسەر دەفتەرەکەت بنووسە، بۆ ئەوەی تەوەرەکانی دیمانەکەت وەبیر بخەنەوە.

کاغەز و دەفتەرەکانت ڕێک بخە بۆ ئەوەی لە نێو دیمانەکەدا بەدەم قسەکردنەوە بەدوای کاغەزە ونبووەکانتدا نەگەڕێیت. پرسیاری گشتگیر و هەمەلایەنە بۆ خۆت ئامادە بکە، نەوەک دیمانەکەت بەر لە کاتی خۆی لەبەر هەر هۆیەک کۆتایی پێ بێت. وێنەگر و ئەو کەسانەی تر کە لەگەڵتدان ئامادە بکە بۆ ئەوەی وەک تیمێک کار بکەن.

**دیمانەی نێوخۆیی:** دیمانەکەت بەسەرکەوتوویی بیهێنە بەرچاوی خۆت. وەک وەرزشوانێک بەر لەگەمەکە خۆت گەرم بکەوە. گومانکەر بە، بەڵام قەت گاڵتەجاڕ مەبە. بڕوات بە خۆت هەبێت و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو دەبیت.

**دەستپێک:** خۆناساندنی ڕاستەخۆ باشترین جۆری خۆناساندنە. کراوە بە و مەترسە لە قسەکەر، بەڵام هەرگیز درۆی لەگەڵدا مەکە.



**بەردەوامی بە دیمانەکەت بدە:** کاتێک هەستت کرد کە دەرگای وەڵامەکانی قسەکەر خەریکن بە ڕووتدا دادەخرێن هەوڵ بدە زەوینەیەکی هاوبەش لە نێوانتاندا بدۆزیتەوە، بە قسەی وەک "دەبینم تۆش جگەرە دەکێشیت" یاخۆ "حەزت لە کۆکردنەوەی شتی کۆنە" یا هەر قسە و حەزێکی تری لەو بابەتە کە تۆش هەتە. مەبەست لەو قسانە تەنیا درێژەدانە بە ئاخاوتنەکانتان، بەم شێوەیەش ئامانجەکەت، یاخۆ قسەکەر، لە قسەکردن بەردەوام دەبێت و لە کۆتاییدا ئەو قسانەت بۆ دەکات کە تۆ بۆیان هاتووی.

**ئامانجەکەت هان بدە باسی خەڵکانی تر بکات:** کە بۆ سازدانی دیمانە دەچیت با لیستێک بەناوی کەسانی ترت پێ بێت، هەر لیستێکی ناوان بێت کە پێت باشە لە لات بێت. جاربەجارێ ناوێک لەو لیستە بۆ ئامانجەکەت بخوێنەوە، خەڵک زیاتر حەز دەکەن باسی کەسانی تر بکەن. بەم کارەشیان زانیاریی زیاتر ئاشکرا دەکەن لە بارەی ڕێکخراوەکەیان و تەوەری تریش بۆ دیمانەکەت پەیدا دەکەن.





**ئەمە گرینگ نییە:** ئەگەر ئامانجەکەت گوتی "ناتوانم لێدوان بدەم"، پێویستە بۆی ڕوون بکەیتەوە کە تۆ هاتوویت بۆ لای بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو باسە داوای یارمەتیی لێ دەکەیت، ئەگەر قسەت بۆ بکات شتێکی ئەوەندە گرینگ نییە، تۆ لەگەڵ کەسانی تریش لەسەر هەمان باس قسە دەکەیت و تۆ هاتوویت بۆ لای بۆ ئەوەی شتێک فێر ببیت (بێگومان هەموو ئەم قسانەی پێ دەڵێیت بەڵام بەمەرجێک قسەکانت ڕاست بن).

هەموو ئەو قسانەش بە دەنگێکی نەرم بەڵام بە تۆنێکی توند بکە. جێگرەوە پێشکێش بکە. مشتومڕ مەکە.

با ئاراستەی دیمانەکە بە دەستی تۆوە بێت. مەهێڵە گوریسی ئاخاوتنەکان بپچڕێت. ئەگەر قسەکەر وتی "دەترسم لێدوان لەو بارەیەوە بدەم" هاوسۆزیی خۆتی پێشان بدە و دڵنەواییی بدەوە (بێگومان ئەگەر دڵنەوایییەکانت ڕاست بن). گوێ لە نیگەرانییەکانی خەڵک بگرە و تێیان بگە. ئەرکی ئاسانتر بخە پێش قسەکەر وەک داوای لە شێوەی "باسی کارەکەی خۆتمان بۆ بکە" یاخۆ "باسی شارەکەی خۆتمان بۆ بکە". ئا بەم شێوەیە و بەرەبەرە خۆت لە قەراخی بابەتە قورسەکان نێزیک دەکەیتەوە و دەچیتە ناویانەوە.



**گەورە بەرپرس و کەسایەتییە گرینگەکان:** ئەگەر یەکێک لەوانە لە دیمانەکەدا بە تۆی گوت "لێدوان نادەم" چونکە ئەو قسەیەی ئەو ئەگەر بڵاو بکرێتەوە زۆر خراپە، پێی بڵێ "با چارەیەک بۆ ئەم گرفتە بدۆزینەوە، تەنیا باسی ئەم لایەنەی بابەتەکەم بۆ بکە". ئەگەریش هەر قایل نەبوو ئەوە پێی بڵێ کە تۆ ڕاپۆرتەکە بڵاو دەکەیتەوە ئینجا ئەگەر لەگەڵت هاوکار بێت یان نا (بێگومان ئەگەر ئەم قسەیەی تۆ ڕاست بێت).

بۆی ڕوون بکەوە کە تۆ دەتەوەێ بنج و بنەوانی باسەکە بدۆزیتەوە. بەڵێن بە قسەکەر بدە بەر لە چاپکردنی بابەتەکە پێوەندیی پێوە دەکەیت و ڕەشنووسی ڕاپۆرتەکەی پێ ڕادەگەیەنیت (بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە کاتی دیمانەکەدا هەموو ژمارە پێویستەکانی تەلەفۆنی ئەو بەرپرسە یا کەسایەتییە وەربگریت).

**لادانی کاتی:** ئەگەر قسەکەر ئامادە نەبوو لێدوان بدات ڕوو لە هاوکارانی ئەو بکە لێدوانت بۆ بدەن. بەو شێوەیە زانیاریی زیاترت دەست دەکەوێت و ئاشنایی زیاتریش لەگەڵیاندا پەیدا دەکەیت.

**نەناس:** زانیاریی بێ سوود بە دڵێکی خۆشەوە وەرمەگرە. تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد دووبارە و سێبارە قسەکەر بدوێنە تاوەکو ڕازیی دەکەیت واز لە هەڵوێستی "لە دەرەوەی تۆمارەکە" بهێنیت. لەبەرئەوەی تۆ هیچ سوودێک لە زانیارییەکانی "دەرەوەی تۆمار وەرناگریت" چونکە تۆ پێت ناکرێت بە هیچ شێوەیەک بڵاویان بکەیتەوە.

بۆیە خۆت لەم جۆرە لێدوانانە دوور بخەوە چونکە کات بەفیڕۆدانە. بە سەرچاوەکەت بڵێ ئەگەر ناوی خۆی لەو لێدوانەدا ئاشکرا بکات باشترە چونکە خەڵکی زیاتر بڕوایان بە سەرچاوەی ئاشکرا هەیە.

**تکایە بە بێ پرسیار:** زۆر جار دەربڕینی بۆچوونێک باشترە لەوەی پرسیار لە قسەکەر بکەیت. لەم بارەیەوە باشە ئەگەر گوتە یا بۆچوونەکانی کەسێک یا لایەنێکی تری بۆ بخوێنیتەوە. چونکە ڕەنگە لەم حاڵەتە پرسیار تەنیا وەڵامێکی وەک "بەڵێ، یاخۆ نەخێر، یان نازانم"ی لێ بکەوێتەوە. بەڵام کە تۆ بۆچوون یا

لێدوانی کەسێکی تری بۆ دەخوێنیتەوە ئەوا قسەکەریش لەبەرامبەردا لێدوانی دەبێت. جاری وا هەیە زانیاریی زۆر گرینگت دەست دەکەوێت چونکە قسەکەر دەیەوێت بۆچوونێکی هەڵەی کەسێکی تر ڕاست بکاتەوە، ئینجا بەڵگە یاخۆ زانیاریی گرینگت بۆ ئاشکرا دەکات.

**یارمەتیم بدەن:** جاری واش خراپ نییە ئەگەر داوا لە قسەکەر بکەیت وەک یارمەتی شتێکت بۆ ڕوون بکاتەوە. بۆ نموونە پێی بڵێ: "کێ ئەم شتەم بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەگەر ئێو نەبێت؟"

**دووبارە و سێبارە:** کاتێک سەرچاوەی هەواڵەکەت دەرگات بە ڕوودا دادەخات، هەوڵبدە پاش ڕۆژێک یاخۆ هەفتەیەکی تر ژووانی دیمانەیەکی لێ وەربگریت. بەردەوام هەوڵ بدە تا ڕازیی دەکەیت دیمانەت لەگەڵدا ساز بدات. خەڵک بیروڕای خۆیان دەگۆڕن. ئەگەر بابەتی دیمانەکەشت زۆر گرینگ بوو، تەنانەت ئەگەر ساڵێکیشی بەسەرداچوو دیسان جارێکی تر هەوڵ بدە.

**لۆجیک:** گوێ بۆ لۆجیک شل بکە و بەدەنگ ئارەزووەکانتەوە بچۆ. ئەگەر لە شتێک تێنەگەیشتی بە ڕێزەوە داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر بکە.

ئەگەر شێوەی قسەکردنی ئامانجەکەت (قسەکەر) وا بوو بەسەر هەندێ شتدا باز بدات داوای لێ بکە ئەو شتانەی باسی نەکردوون بۆت ڕوون بکاتەوە، چونکە ڕەنگە گرینگترین زانیاری لەو شتانە بن کە باسی نەکردوون.

لە پرسیارکردن مەترسە. پرسیاری شەرمەزارکەر نییە بگرە تەنیا وەڵامی شەرمەزارکەر هەیە.

**چۆن و بۆچی؟** کاتێک قسەکەر شتێکی گرینگ دەڵێت ئەم پرسیارە سەرەکییەی لێ بکە: "چۆن ئەمە دەزانی؟" چونکە ئەم پرسیارەت ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕاستگۆیی، هەروا وردەکاریی زیاتر فەراهەم دەکات و دەرگاش بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی تری هەواڵت بۆ والا دەکات. پاشان یەکسەر ئەم پرسیارەی لێبکە: "چیی تر دەزانیت؟" هەروەها پرسیار لەقسەکەر بکە ئەو شتەی کە دەیکات بۆ دەیکات، لەبری ئەوەی تەنیا لێی بپرسیت بۆچی دەیکات.



**خەواندنی مۆگناتیسی:** کاتێک قسەکەر دەگاتە بەشی گرینگی باسەکەی، هێوری بکەوە و داوای لێ بکە لەسەرەخۆ باسەکە وەک چیرۆکبێژ بگێڕێتەوە.

پرسیاری لەبارەی ئەوەی لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکەدا لە کوێ ڕاوەستابوو، ئەوانی تر چییان دەکرد؟ چییان لەبەردا بوو؟ پلەی گەرما چۆن بوو؟ دەنگە دەنگی چی لە دەوروبەرتان دەهات؟ پاشان یەکسەر پرسیاری لەبارەی ئێستاوە لێبکە: تۆ ئێستا چی دەکەیت؟ برادەرەکەت چی دەڵێت؟

بەم پرسیارانە تۆ و قسەکەر وەک ئەوەی بەنێو گرتەکانی دیمەنێکی سینەماییدا بچن، بە نێو باسەکەدا دەچن. زۆربەی جار ئەم تەکنیکە لە سەرەتادا سەرکەوتوو نییە، چونکە خەڵک چیرۆکی خۆیان بە شێوە ئاسانەکە دەگێڕنەوە، واتە بەشێوە ئەبستراکتەکەی. بۆیە هەوڵیان لەگەڵدا بدە تا تۆش بخەنە نێو پێشهاتەکانی چیرۆکەکەیان. بە واتای ئەوەی ئەگەر قسەکەر گوتی: "تووشی پێکدادانی ئۆتۆمبیل هاتم" پێی بڵێ: "من لەوە تێ ناگەم وا هەوڵدەدەم وێنای ڕووداوەکە بکەم بەڵام ناتوانم. تکایە چرکە بە چرکە وەسفی ڕووداوی ئۆتۆمبیلەکەم بۆ بکە تا منیش لەگەڵ تۆ ئەو ساتانەی ڕووداوەکە بژیم". بەم شێوەیە تۆ چیرۆکەکەی لێ وەردەگریت نەک تەنیا کۆمەڵێک ڕاستیی سارد و سڕ.

**ئاگات لە ورد و درشت هەبێت:** ئەو ژوورەی هەردووکتان (لەگەڵ قسەکەر یا ئامانجی دیمانەکەت) تێیدا دانیشتوون بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە چاوی خۆت بپشکنە. تەماشای دیوارەکان بکە ئەو شتانەی لەسەر مێزی قسەکەرن بخوێنەوە، چ جلوبەرگی لەبەردایە. ئەمانە هەمووی لای خۆت وەک تێبینی بنووسە. تۆ وردەکاریی بەسوودت لەو پشکنینە دەست دەکەوێت. ئەم شتانەی دەیانبینی لە دیمانەکەدا بەکاریان بهێنە و پرسیاریان لە بارەوە بکە.

**هەڕەمەکی بە** Spontaneous**:** ئەگەر لە شوێنی ڕووداوەکەدا بوویت وەک چاودێر بە. گوێ بگرە و چاوەڕێ بە چی ڕوو دەدات، با شتەکان خۆیان ڕوو بدەن.

**تەلەفۆن:** ئەگەر نەتتوانی لە شوێنی ڕووداو بیت، پرسیار لەو کەسانە بکە کە لەوێن با وەسفی دەوروبەری خۆیان و وەسفی ڕووداوەکە بکەن، ئا بەم شێوەیە تۆ لە



لایەنی سۆزەوە دەچیتە نێو ڕووداوەکەوە. وا لە خەڵک بکە باسەکەیان بە تەلەفۆن بە شێوەیەکی ٣ ڕەهەندی بۆتی بگێڕنەوە. با شتەکان خۆیان ڕوو بدەن. گوێ بگرە و چاوەڕێی "چاوەڕواننەکراو" بە.

**گوێت بەکار بهێنە:** ئێمە لە دیمانەدا زۆربێژین. با ئامانجەکەت قسە بکات. بۆچوونەکانی خۆت لەبەر دەرگا بەر لەوەی بچیتە لای ئامانجەکەت جێیان بهێڵە، بە مێشکێکی کراوەوە گوێ لە بەرامبەرەکەت بگرە، با کاردانەوەکانیشت هەڵقوڵاوی مێشکێکی کراوە بن.

**بەدوای سەرچاوەی تردا بگەڕێ:** کاتێک لە دیمانەکەدای بەدوای سەرچاوەی تردا بگەڕێ. لەگەڵ سکرتێری ئامانجەکەت یا هاوکارانیدا قسە بکە و تێبینییەکانی خۆت لە بارەیانەوە بنووسە.

ئەم تێبینییانە بەکەڵکت دێن کاتێک ئەو کەسانە دەکەیتە سەرچاوەی هەواڵ بۆ خۆت.

**وەدەستهێنانی دانپیانانەکە:** لە ئامانجەکەت بپرسە ناوی ئەو کەس و لایەنانەت پێ بدات کە پشتیوانیی دەکەن. پاشان ناوی ئەو کەس و لایەنانەی لێ بپرسە کە



ڕەخنەی لێ دەگرن و ململانێی لەگەڵدا دەکەن. پاشان لێی بپرسە کە ڕەنگە ڕەخنەگران چی بڵێن.

ئەم پرسیارانە زانیاریی گرینگت بۆ فەراهەم دەکەن کە ڕەنگە ئامانجەکەت بیاندرکێنێت.

لە ئامانجەکەت بپرسە ئاخۆ هیچ جارێک لەسەر کار یا قوتابخانە دەرکراوە یاخۆ سزا دراوە، یان بە ئەنجامدانی تاوانێک تاوانبار کراوە، یان لەبەر ئۆتۆمبیل لێخوڕین بەسەرخۆشی دەستگیر کراوە، یان کەسێک داوایەکی لە دژی تۆمار کردووە یا لە دادگە گەواهیی داوە و لەم جۆرە پرسیارانە. چونکە هەموو ئەو شتانەی تۆ لەو پرسیارانەدا داوایان دەکەیت ئەگەر ڕوویان دابێت لە شوێنێکدا تۆمار کراون و هەڵگیراون، بۆیە ئامانجەکەت ناتوانێت درۆیان لە بارەوە بکات.

**درۆزنەکان:** ئەگەر زانیت ئەو کەسەی دیمانەی لەگەڵدا دەکەیت درۆ دەکات پەتەکەی بۆ شل کە تا کۆتایی. قسەی پێ مەبڕە مەگەر پرسیارێک لەبارەی وردەکارییەکی قسەکەی بێت. درۆزنان هەمیشە وردەکاریی زۆر باس دەکەن چونکە پێیان وایە بوونی ئەم وردەکارییانە ڕاستیی درۆکانیان پتەوتر دەکەن.

باش گوێیان لێ بگرە و تێبینیی باش لە لای خۆت تۆمار بکە. کاتێک درۆکە تەواو بوو – بگەڕێوە بۆ سەرەتای درۆکە و لۆجیکیانە خشت بە خشت تەلاری درۆکەی برووخێنە. با لەم کارەش پشووت درێژ بێت. ئەوسا درۆزن دەخەیتە گۆشەیەک، لەو گۆشەیەدا بیهێڵەوە تاوەکو چۆک دادەدات.

**لایەنگیرّ مەبە:** لەگەڵ سەرچاوەی هەواڵی خۆتدا هاوسۆز بە، بەڵام خۆت نەکەیتە لایەنگری. لە ئاشکرابوون بیپارێزە (گەر بەڵێنت پێی دابوو بیپارێزیت) نەک لە درۆ و نەفامیی خۆی بیپارێزە.

**قسە مەخە سەر زاری سەرچاوەکەت:** وریا بە لەوەی زانیاریی ئامادەکراو بدەیتە ئامانجەکەت، چونکە گەر وات کرد هەر ئەو قسەیەی تۆ وەک ڕاستییەک لە زاری ئەوەوە بۆت دەگەڕێتەوە.

لەم بارەیەشەوە بەگوێی ئامۆژگاریی پۆلیسەکان بکە کە دەڵێن: "تۆ بە گەواهیدەری

چاودیتە مەڵێ ئۆتۆمبیلە سوورەکەت دیت، بگرە پێی بڵێ چیت دیت؟".

**بەدواداچوون:** بە تێبینییەکانتدا بچۆوە و بزانە خاڵە لاوازەکان لە دیمانەکەتدا لە کوێن. پاشان بەدواداچوونێکی تر ئەنجام بدە. بە ئامانجەکەت بڵێ خۆت چی لەو دیمانەیە تێ گەیشتی.

ڕەنگە پاش ئەو قسەیەت ئامانجەکەت زانیاریی ترت پێ بدات. بەم شێوەیەش دەتوانیت درز و کەلێنە لاوازەکانی دیمانەکەت پڕ بکەیتەوە. ئەگەر پێویست بوو، ئەم بەدواداچوونە چەندین جار دووبارە بکەوە. جاری وا هەیە بەرلەوەی ڕاپۆرتەکەی خۆت بە چاپ بگەیەنیت پێوەندی لەگەڵ سەرچاوەکەتدا بکەوە و ڕاپۆرتەکەتی بۆ بخوێنەوە بۆ ئەوەی لە ڕاستییەکان دڵنیا بیت. ڕەنگە ئەم دواهەنگاوەش ڕاپۆرتەکەت پتەوتر بکات.

**دەستوەکر بە:** ئەگەر پرسیارێکی نابەجێت وەبیرهاتەوە و زۆر حەزت کرد بیپرسیت، بیپرسە. ڕەنگە سەرچاوەکەت وەڵامی بداتەوە.

**سەرچاوەکەت بدۆشە:** خەڵک ئاگەداری ئەوە نین ئەوان چەند زانیارییان پێیە. بۆیە پێویستە تۆ ڕێنیشاندەرییان بکەیت و بە نێو بیرەوەریەکانیاندا بیانگێڕیت. تۆ وەک ڕۆژنامەوان پێویستە ئامانجەکەت یاخۆ سەرچاوەی هەواڵەکەت وەک گۆزەیەکی پڕ لە زانیاری ببینی کە پێویستە بەتاڵی بکەیت.

**ڕاستگۆیی:** هەوڵ مەدە خۆت بە کەسێکی تر دەربخەی و هەرگیز درۆ مەکە. تۆ دەتوانیت هەندێ لە زانیارییەکان پشتگوێ بخەیت، بەڵام چەند زانیاریی زیاتر وەدەست بهێنیت ئەوەندەش سەرچاوەکەت هاوکارت دەبێت و هەستیش بە ئاسوودەیی دەکات.

**بێ بە دەرهێنەر:** دیمانەی نایاب وەک دەمەتەقێ وایە، بەڵام هەمیشە بەرەو ڕووکاری ئەو زانیارییانە مل دەنێت کە تۆ پێویستت پێیانە. بۆیە هەمیشە دیمانەکە بە نەرمی ئاراستە بکە.

**نەرمی بنوێنە:** تۆ ڕەنگە بزانیت چیرۆکەکەت باسی چی دەکات، بەڵام نابێت خۆت تووشی چەقبەستوویی بکەیت و هەر بەدوای بابەتەکەی خۆتەوە بیت، زۆر جار



دیمانەکە زۆر گرینگتر دەبێت ئەگەر بەتەواوی بوارت دا تەوەرەکانی دیمانەکەت بگۆڕێن. تۆ بە دوای ڕاستیدا بگەڕێ نەک بەدوای ئەوەی تۆ پێت وایە ڕاستییە.

**کەسایەتی:** با کەسایەتییەکەت (ئەگەر خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بیت) لەو ناوەدا ڕەنگ بداتەوە. خۆت وەک دیوارێکی بێ گیان پێشان مەدە.

**پرسیاری کراوە:** بەر لە کۆتاییی دیمانەکەت پرسیار لە ئامانجەکەت بکە کە بە بۆچوونی ئەو چیی تر ماوە تا خوێنەران بایەخی پێ دەدەن بۆ زانین. چونکە ڕەنگە سەرچاوەکەت لە وەڵامدا زانیاریی زیاترت لەبارەی پرسێکی ترەوە بۆ بدرکێنێت.

**بەدواداچوون:** پاش بڵاوکردنەوەی دیمانەکە پێوەندی بە سەرچاوەکەت یاخۆ ئامانجی دیمانەکەتەوە بکە و بزانە کاردانەوەی چییە. ئا بەم شێوەیە زانیاری و نهێنی زیاترت لەبارەی هەمان بابەتی دیمانەکەتەوە دەست دەکەوێت.

## تەکنیکەکانی سازدانی دیمانە

دیمانەکردن بێگومان گرینگترین ڕێگەیە کە هەواڵنێر بە هۆیەوە دەتوانێت زانیاری بۆ ڕاپۆرتەکەی خۆی وەدەست بهێنێت. دیمانەش وەک ژەنینی ئامێرێکی مووزیک یاخۆ وەک پرسیارەکانی تاقیکردنەوەیە کە فرەوەڵامن و دەبێ وەڵامی ڕاست هەڵبژێریت.

هەندێ کەس بۆ دیمانە سازدان بەهرەدارن و هەندێکیان بێ بەهرەن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو چالاکییانەی دیمانە سازدان، هەندێ شتی سەرەتایی هەن پێویستە ڕۆژنامەوان فێریان ببێت، ئەوانەی باش فێریان دەبن لە دیمانە سازدان باشتر دەبن لەوانەی باش ئەم شتانە فێر نابن. بوونی ڕۆژنامەوان بە دیمانەگێڕێکی سەرکەوتوو ڕەنگە جۆرە هونەرێک بێت، بەڵام بوونی بە دیمانەگێڕێکی لێهاتوو هونەر نییە، بگرە فێربوونە.

ئەمانەی خوارەوە هەندێ ڕێنوێنیی بە سوودن بۆ ئەنجامدانی دیمانە:

* ئەو جلوبەرگەی لەبەری دەکەیت بۆ دیمانەکە با لەگەڵ ئامانجی دیمانەکەتدا بگونجێت. ئەمەش بە واتای ئەوە نییە تۆ بە چاکەت و پانتۆڵ و کەرەواتەوە بچیت بۆ دیمانەکە – هەرچەندە ئەمەیان کارێکی خراپ نییە ئەگەر دیمانەکەت لەگەڵ



پارێزگاری شارەکە یاخۆ وەزیر یان بەرپرسێکی باڵادا بێت. بۆیە ناکرێت بۆ دیمانەکە بەپانتۆڵێکی کاوبۆی و تیشێرتێکی ڕەنگاوڕەنگەوە بچی.

* ڕێز لە کاتی ئامانجەکەت (ئەو کەسەی دیمانەی لەگەڵدا ئەنجام دەدەیت) بگرە، کاتی ئەویش وەک کاتی تۆ بە نرخە. هەوڵ بدە کاتی دیمانەکە بە پێی حەزی ئامانجەکەت ڕێک بخەیت.
* لەبەر هەمان هۆ پێویستە لەکاتی دیاریکراوی دیمانەکە لە لای ئامانجەکەت ئامادە بێت. بۆ نموونە ئەگەر دیدارەکەتان سەعات دووی پاشنیوەڕۆ بوو تۆ پێویستە سەعات یەک و ٥٥ خولەک لەوێ ئامادەبیت. چونکە ئەگەر تۆ دواکەوتی ئامانجەکەت هەست بە ناڕەحەتی دەکات و بوونت لەوێ ٥ خولەک بەر لەکاتی دیاریکراو تێڕوانینی باش لەلای ئامانجەکەت دروست دەکات.
* خۆت بۆ دیمانەکە ئامادە بکە. چونکە شەرمەزارییە ئەگەر بۆ دیمانەیەک چوویت و نەتزانی ئەو کەسە کە دیمانەی لەگەڵدا دەکەیت چی لەبارەی نووسراوە یا بڵاوکراوەتەوە. پرسیاری لەبارەی "باشە کاک فلان ئەوە چەند ساڵە لەم بوارەدا



کار دەکەیت؟" بێگومان دەبێتە سەرەتا بۆ دیمانەیەکی لاواز، کاک فلانیش پاش ئەو پرسیارەت کە دەری دەخات هیچت لەبارەی ئەو نەخوێندووەتەوە و کۆنەکردووەتەوە دەست پێ دەکات، ئینجا جاربەجارێ سەیری سەعاتەکەی خۆی دەکات و بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێت بۆ کۆتایی هێنان بەو دیمانەیە. بۆیە پرسیاری باشتر لەو بارەیەوە ڕەنگە ئەمە بێت "دەکرێت کاک فلان پێمان بڵێیت لەو ٤ ساڵەی کە تۆ لەو پۆستەدا کار دەکەیت چ گۆڕانکارییەک لەو دەزگایەدا ڕووی داوە؟".

* بیر لەو زانیارییانە بکەوە کە دەتەوێ لە ئامانجەکەت وەدەستی بهێنیت و چۆنیش وەدەستیان دەهێنیت. بەڵام لە سەرەتای دیمانەکەتدا پەلە مەکە و یەکسەر پرسیارە گرینگەکان ئاراستەی ئامانجەکەت مەکە، لە بیرت نەچێت دیمانەکە هەروەها کارێکی ئاشنابوونە لەگەڵ یەکتری، باشترین دیمانەش ئەو دیمانەیە کە یەک دوو خولەکی سەرتایی بە قسەی بەرێز لەبارەی کەش و هەوا یاخۆ شەوی ڕابردوو یاخۆ هەر شتێکی تر بێت.

هەرگیز دیمانەکەت بە پرسیارێکی سەخت دەست پێمەکە. بگرە سەرەتا کەمێک ئاشنایی لەگەڵ ئامانجەکەتدا پەیدا بکە و بۆی باس بکە تۆ کێی و بۆ چی بۆ لای ئەو هاتووی؟

کە چوویت بۆ سازدانی دیمانەکە ناوی خۆت و ڕۆژنامەکەت بە ئامانجەکەت بناسێنە، باسی سرووشتی وتارەکەت بکە کە بەتەمای پاش دیمانەکە بینووسیت. فێڵکردن لە خەڵک بۆ ئەوەی لە خشتەیان بەریت و ئەو قسانەیان پێ بکەیت کە نایانەوێت بیڵێن هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. حاڵەتی وا هەیە پێویست دەکات پەنا ببەیتە بەر فێڵکردن بەڵام ئەم حاڵەتانە زۆر کەم و دەگمەنن و بە دوایین چارەسەر دادەنرێن. هەر ناپاکییەک لە هەواڵنووسین – لەوانە چەواشەکردنی ئامانجەکەت و دیارینەکردنی سرووشتی وتارەکەت و هەورەها شاردنەوەی ناسنامەکەت وەک ڕۆژنامەوان – لە بەهای وتارەکەت کەم دەکاتەوە. ئەگەریش پێت وابوو ڕێگەی ڕاست بە کەڵکت نایەت ئەوا پێویستە لەو حاڵەتەدا داوای ئامۆژگاری لە نووسیارەکەت یاخۆ سەرپەرشتیارەکەت بکەیت.

* باشتر وایە پرسیاری یەکەمی دیمانەکەت کراوە بێت و بوار بە ئامانجەکەت بدات

باس لەو بابەتە بکات کە حەزی لێیەتی. چونکە مەبەستی سەرەکی لەو پرسیارە دروستکردنی کەش و هەوایەکی گونجاوە بۆ ئاخاوتن و ئامانجەکەت هانبدەیت دەست بە قسەکردن بکات.

* سەرنج بدە و باش گوێ لە ئامانجەکەت بگرە، بۆ ئەوەی بزانیت ئاخۆ کەسێکی کراوەیە یاخۆ مەند و دوورەپەرێزە؟ چیی باس نەکردووە؟ وریای ئەوەش بە دیمانەکەت نەبێتە دیمانەیەکی بێ سەروبەر و بێ کۆنترۆڵ و ئاراستە.
* لەم قۆناغەدا هەوڵبدە ئامانجەکەت بەرەو ئەو ڕووکارە ئاراستە بکەیت کە مەبەستتە. با پرسیارەکانت لۆجیکیانە یەک لە دوای یەک بن. بەر لەوەی پرسیاری سەختیش بکەیت یەک دوو وردە پرسیاری ئامادەکاری ئاراستەی ئامانجەکەت بکە.
* رەنگە بتەوێت هەندێ لە پرسیارەکان لای خۆت بنووسیت، بەڵام گێڕانی دیمانە بە پشت بەستن بە لیستێک پرسیار کە لەسەر کاغەز لای خۆت نووسرابێت ئەنجامەکەی دیمانەیەکی باش نابێت. بۆیە گوێ بۆ ئەو ئاماژانە بگرە کە ڕەنگە بیرۆکەی پرسیاری نوێت بۆ پەیدا بکەن کە بیرت لێ نەکردبوونەوە.

بەردەوامیش خۆت بۆ ئەو ئەگەرە ئامادە بکە کە ڕەنگە ئەو مەبەستەی تۆ بۆ ئەو دیمانەیە داتناوە گرینگ نییە یان ئەوە ناهێنێت زۆر خۆتی پێوە ماندوو بکەیت، ڕەنگە لە نێو دیمانەکەدا باسێکت دەست کەوێت زۆر لەو مەبەست و ئامانجەی بۆی هاتووی گرینگتر و سەرنجڕاکێشتر بێت.

نیشانەی ئەو هەواڵنێرانەی تازەن لە کاردا ئەوەیە کاتێک بۆ دیمانە سازدان دێن لیستێک پرسیاریان داناوە و لە نێوان هەر پرسیارێک و ئەویتردا دوو سێ دێری بەتاڵی جێ هێشتووە تا بە وەڵامەکانی ئامانجەکەی پڕیان بکاتەوە.

چاکترین کار کە پێویست بێت تۆ ئەنجامی بدەیت ئەوەیە وا بکەیت دیمانەکە بە ئاراستەی خۆیدا بڕوات و جاروبار دیمانەگێڕ جڵەوی دیمانەکەی بەدەستەوە بێت. وا باشە بە باشی گوێ لە وەڵامەکانی ئامانجەکەت بگریت و تێبینیی کورت بنووسیت لە جیاتی ئەوەی سەرجەم ئاخاوتنەکانی نێو دیمانەکە بنووسیتەوە.

* لە کاتی دیمانەکە بەردەوام بەخۆت بڵێ پاش تەواوبوونی دیمانەکە باسێکی



لەبارەوە دەنووسم و لەو کاتەی ئامانجەکەت خەریکی قسەکردنە تۆ بە خۆت بڵێ: "دەبێ بۆ سەردێری باسەکەم چی دابنێم؟ ئاخۆ تا ئێستا زانیاریی تەواوم لەبارەی باسەکەمەوە دەست کەوتووە؟".

* دوودڵ مەبە لە ئاراستەکردنی پرسیاری سەخڵەتکەر (محرج)، بەڵام بە مەرجێک بەر لە ئاراستەکردنی لە خۆت بپرسیت ئاخۆ ئەم پرسیارە تەوەرێکی سەرەکیی باسەکە پێک دەهێنێت یان نا؟ هەروەها لە ئاراستەکردنی پرسیاری سادەش مەترسە، تەنانەت ئەگەر خۆتیش بۆ دیمانەکە ئامادە کردبێت و شتت خوێندبێتەوە خۆ تۆ هەموو شتێک نازانیت.
* ئەگەر پێویستی کرد تەنیا بۆ سەرقاڵکردنی ئامانجەکەت و بۆ ئەوەی لە قسەکانی بەردەوام بێت جۆرە پرسیاری وەک "مەبەستت لەوە چییە؟" یان "ئەمەیان بۆ چییە؟"ی ئاراستە بکە. بە شێوەیەکی گشتی هەر شتێک لە دیمانەکەدا بەسەر زاری سەرچاوە یاخۆ ئامانجەکەتدا تێ پەڕێت بە قسەی ئەو دەژمێردرێت و دەچێتە نێو دۆکیومێنتەکان، کەواتە دەتوانیت لە وتارەکەتدا بەکاری بهێنیت. تۆ وەک هەواڵنێر کە لە سەرەتادا خۆت وەک ڕۆژنامەوان بە ئامانجەکەت ناساند و بۆ دیمانە سازدان هاتووی و ئەوەی گوێت لێ بێت بڵاوی دەکەیتەوە، ئا بەم شێوەیە تۆ وریاداریت داوەتە ئامانجەکەت کە تۆ پرسیار دەکەیت بۆ ئەوەی وەڵامەکانی بڵاو بکەیتەوە کەواتە ئەو هەر وەڵامێک بداتەوە ڕەنگە لە کۆتاییدا لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکەدا بڵاو بکرێتەوە. زۆربەی ئیشی هەواڵنێر دەبێ دۆکیومێنت کرابێت، چونکە ئەرکەکەی بریتییە لەوەی هەواڵ بدۆزێتەوە و بۆ خوێنەرانی بڵاو بکاتەوە نەک لای خۆی بیانشارێتەوە.
* بە ئاسانی دەستبەرداری وەدەستهێنانی وەڵامی پرسیارێک مەبە، تەنیا لەبەرئەوەی ئامانجەکەت گوتی "لێدوان نادەم no comment". هەمان پرسیار بەڵام بە شێوەیەکی تر بپرسە. ئەگەر هەر وەدەستت نەهێنا پێشنیازی ئەوە بکە بۆ ئامانجەکەت کە وەڵامەکەی بڵاو ناکەیتەوە. چونکە گەر لەبارەی شتێکی گرینگ بوو ئەگەر تەنیا بۆ خۆتیش بێت تۆ پێویستە وەڵامێکت دەست کەوێت.
* جاری وا هەیە گرینگترین ڕاستی یاخۆ قسەی ئامانجەکەت لە پاش کۆتایی هاتنی

دیمانەکەدا دەگوترێت. لەو کاتەدا کە تۆ خەریکی کەلوپەلەکانت کۆ دەکەیتەوە و خواحافیزی لە ئامانجەکەت دەکەیت. بە هەستێکی پڕ لە ئاسودەیی نهێنییەک یان قسەیەکی گرینگ دەدرکێنێت، داوات لێ دەکات تۆماری نەکەیت the off record، تۆش لەم بارەیەوە سەودای لەگەڵدا بکە. ئا لێرەشدا زاراوەی لە دەرەوەی تۆمارە و هاوشێوەکانی تری دێنە ئاراوە. ئەمەیان زاراوەیەکی ڕۆمانسییە و زۆر پۆزی تێدایە، کاتێک سەرچاوەیەک بە دیمانەگێڕ دەڵێت شتێکت پێ دەڵێم بەڵام با لە



"دەرەوەی تۆمارە بێت"، ئەوە دەقاودەق مەبەستی ئەوەیە کە تۆ بۆت هەیە ئەو زانیارییە بڵاو بکەیتەوە بەڵام نابێ ناوی من بڵاو بکەیتەوە. هەواڵنیر با بە وەرگرتنی زانیاری بە مەرجی "لە دەرەوەی تۆمار بێت" ڕازی بێت تەنیا ئەگەر هیچ ڕێگەیەکی تر نەبێت و تەنیا ئەگەر نووسەرەوەی هەواڵنێریش ڕازی بێت.

ئا لەم سەروبەندە نائاساییەدا پێویستە هەواڵنێر تاوتوێی یاساکانی دەرەوەی تۆمار بکات و بزانێ چین – کە ئاخۆ زانیارییەکان دەکرێت بەکار بێن یان



هەواڵنێر بۆی هەیە ئەم هەواڵە بداتە پاڵ "سەرچاوەیەک لە ..." یاخۆ هەر شێوەیەکی تر لەم شێوانە. بێگومان ئەو شتانەی لە دەرەوەی تۆمارن ناکرێت بە هیچ شێوەیەک لە هیچ وتارێک بەکار بێن و بڵاو بکرێنەوە، بەڵام سەرچاوەکانی هەواڵ مەبەستیان ئەوە نییە کاتێک دەڵێن با ئەم قسەیە لە دەرەوەی تۆمار بێت.

* بێگومان سەرچاوەیەکی نەناسراو لە نەبوونی سەرچاوە باشترە، بەڵام لە سەرچاوەیەکی ناسراو و ئاشکرای هەواڵ باشتر نییە. چونکە خوێنەر ناتوانێت بڕیار لەسەر ڕاستگۆیی سەرچاوەکە بدات ئەگەر ناسنامەی سەرچاوەکە نەزانێت. بەڵام ڕەنگە خەڵکانێک بۆ دەیان هۆ نەیانەوێت ناویان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکدا بڵاو بکرێتەوە. چونکە ڕەنگە لەگەڵ سەرووی خۆیان تووشی گرفت بن ئەگەر بۆیان نەبێت لێدوان بە هەواڵنێران بدەن.

ڕەنگە کەسانێک لە دەزگایەکی حکوومەت هەبن حەز بکەن چەند لایەنێکی گەندەڵیی دەزگاکە ئاشکرا و ڕیسوا بکەن بەڵام لە ترسی سزا و نانبڕین نەوێرن نهێنییەکان بدرکێنن. ئەگەری ئەوەش هەیە کارمەندی پەست تەنیا بۆ تانەلێدان شت بە هەواڵنێر بدەن بڵاوی بکاتەوە بێ ئەوەی ناویان ئاشکرا بکرێت.

بۆیە هەر زانیارییەکی نەرێنی (نیگەتیڤ) لەبارەی هەر کەسێکەوە نابێت سەرچاوەکەی نەناسراو بێت. ئینجا لەبەرئەوە هەر کەسێک ویستی ڕەخنەیەکی ئاشکرا لە یەکێکی تر بگرێت نابێت هەواڵنێر یان ڕۆژنامەوان بواری بداتێ خۆی لە پەنای نازناوی "سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی خۆی ئاشگرا بکات" بشارێتەوە.

لەم بارەیەوە هەر زانیارییەک کە تەواوی سەرچاوەکەی ئاشکرا نەکرێت دەبێت ببێتە مایەی سەودا لە نێوان هەواڵنێر و سەرچاوەی هەواڵ بەر لەوەی هەواڵنێرەکە وەریبگرێت. چونکە ڕێککەوتن لەسەر "سەرچاوەی نادیار" یەک لایەنە نییە و پاش درکاندنی ڕاستییەکان سەرچاوەکە بەسەر هەواڵنیردا بیسەپێنێت و پێی بڵێت "ئەمەیان لە دەرەوەی تۆمارە"، بگرە ڕێککەوتنە لە نێوان سەرچاوەی هەواڵ و هەواڵنێرەکەدا.

کاتێکیش سەرچاوەکە داوای کرد "ئەمەیان لە دەرەوەی تۆمار بێت" پێویستە

ڕۆژنامەوان یەکسەر پێی بڵێت: "ببورە، بەڵام من ڕازی نیم چونکە خوێنەران مافی ئەوەیان هەیە هەموو زانیارییەکانی نێو وتارەکەم بزانن و من ناتوانم بەم شێوەیە سەودات لەگەڵدا بکەم". سیاسەتوانان و ئەوانەی زۆر مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆژنامەواناندا هەیە لەوە ژیرترن بەم شێوەیە لەگەڵ هەواڵنێردا مامەڵە بکەن. ئەگەریش مامەڵەت لەگەڵ کەسێکدا کرد کە زۆر مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژنامەواناندا نەکردبێ وا چاکە کەمێک نەرم بیت. بەڵام ئەگەر زانیارییەکە زۆر گرینگ بوو بۆ وتارەکەت، ئەو کات زۆر ئاساییە بوار بە کەسێکی سڤیل بدەیت بەم جۆرە یاساکانی ناولێنانی سەرچاوەکانی هەواڵ بە خراپی بەکار بهێنێت. بەڵام ئەو بەرپرسانەی زۆر مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەواناندا دەکەن پێویستە لەو سڤیلە شارەزاتر بن.

* با پرسیارەکانت کورت بن، هەمیشە پرسیارەکانت بەر لە هاتنی کاتی گونجاو پڕ لە ڕاستی مەکە. پرسیارێکی تری چاکیش ئەوەیە "ئەگەر دەکرێت نموونەیەکی بەرجەستەمان لەو بارەیەوە بدەیتێ؟"
* هەرجارە و یەک پرسیار بکە. ئەگەر بۆ نموونە پرسیارت بەم شێوەیە کرد "بۆچی وات کرد و لە پاش ئەمە پێت وایە چی ڕوو دەدات؟" تۆ بەم شێوەیە بوارت بە ئامانجەکەت دا یەک لەو دوو پرسیارە هەڵبژێرێت و وەڵام بداتەوە یاخۆ وەڵامی هەردووکیان نەداتەوە. چونکە هەمیشە تۆ و ئامانجەکەتیش بەشی یەکەمی پرسیارەکە لە بیر دەکەن.
* ڕیزبەندی بە گوێرەی کات گرینگترین شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکە. بۆیە گرینگتر و بنچینەییترین پرسیار بۆ گوێگرتنی هەر چیرۆکێک ئەو پرسیارەیە "ئێ پاشان چی ڕووی دا؟" بەم شێوەیە تۆ باس و چیرۆکێکی ڕێکوپێک و تۆکمە بۆ بینەران یا گوێگران پێشکێش دەکەیت.
* پاش هەر دیمانەیەک تۆ پێویستە زانیاریت وەدەست هێنابێت کە بتوانیت بە ناوی ئەو سەرچاوەیەوە بڵاوی بکەیتەوە یان ڕاستەخۆ بەناوی ئەو کەسەوە بڵاوی بکەیتەوە. ئەو قسانەی کەسی دیمانە لەگەڵداکراو کە هەواڵنێرەکە دووبارە دایڕشتوون، لەبەرئەوەی مانا و مەبەستی قسەکەر دەگەیەنن پێویستیان بە



کەوانەی "......" خواستن نییە، کە تەنیا بۆ ئەو قسانە بەکار دێن کە دەقاودەق قسەکەر گوتویەتی و هەواڵنێر وەک خۆیان بڵاویان دەکاتەوە.

ئا لێرەشدا مشتومڕێکی زۆر لە ئارادایە ئایە ئەو قسە خواستراوانەی نێو دوو کەوانەکان دەبێت پاکنووس بکرێن و تا چ ڕادەیەک. زۆرجار خەڵک لە قسەکردن لە دیمانە وشەی وەک "ئێ، ئاخر و... تاد" و شتی لەم جۆرە بەکار دێنن. ئاخۆ پێویستە ئەم جۆرە وشانە لە نێو دوو کەوانەکەی خواستندا بنووسرێن؟

زۆربەی ڕۆژنامەکان ئەم جۆرە وشانە لە نێو ڕستەکاندا لادەبەن. ئەی چی بکرێت ئەگەر قسەکەر ڕستەیەکی گوت و قسەکانی خۆی بڕی و پاشان ڕستەیەکی نوێی گوت؟ لەم حاڵەتەدا زۆر باشترە خواستنەکە لە ڕستەی دووەمەوە دەست پێ بکات – چونکە بە واتایەک لە واتاکان هەموو خواستنەکان لەسەدا سەد نین. چونکە هەواڵنێر قەت ئەوە ناکات سەرجەم دیمانەکە لە یەکەمین وشەی "چۆنی" تا دوایین وشەی "خوا حافیز" بڵاو بکاتەوە.

باشترین سیاسەت لە بواری بڵاوکردنی خواستنەکاندا ئەوەیە: ئەو وشانەی لە نێو دوو کەوانەدان دەبێت دەقاودەق قسەکانی قسەکەرەکە بن.

هەندێک هەواڵنێر بە تایبەتی ئەوانەی لە کۆوارەکاندا کار دەکەن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن وشەکانی نێو خواستنەکان لە ڕووی ڕێزمانەوە پاکنووس بکەن بێ ئەوەی واتاکانیان بگۆڕن، بەڵام ئەمەیان کارێکی مەترسیدارە. چونکە شێوەی قسەکردنی خەڵک بەقەد ئەو قسانەی دەیانڵێن گرینگە. بۆیە هەوڵدانی ڕۆژنامەوان بۆ گۆڕینی شێوەی قسەکردنی خەڵک کارێکە هیچ پاساوی بۆ نییە.

## ستراتیجێک بۆ ڕێکخستنی تێبینییەکان

– ژمارە بۆ ئەو لاپەڕانە دانێ کە تێبینییەکانتی تێدا دەنووسیتەوە.
– یەک یەک بە لاپەڕەکاندا بچۆوە و گشت زانیاری و وردەکاری و قسەی ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا دوواوی کە دەتەوێ لە بابەتەکەتدا بەکاریان بهێنی، دیاری بکە.
– لە پەڕێکی جیاوازدا پێڕستێک بۆ ئەو زانیارییانە دروست بکە و بە کورتترین ڕستە ئاماژە بۆ هەر یەکێکیان بکە و ژمارەی ئەو لاپەڕەیەش کە لە تێبینییەکاندا

ئەو زانیـاریـیـەی تێدایە دیاری بکە. ئـەوەش لەبیـر نەکـەی چـەند زۆرتر خـەریکی ڕێکخستن و پێداچوونەوەی تێبینییەکانت بیت، نووسینی بابەتەکەت کەمتر کاتی تێ دەچێ.

## چەند ڕێنوێنییەک بۆ سازدانی دیمانەی ڕادیۆیی

### بەر لە سازدانی دیمانەکە

خۆت لەگەڵ کەلوپەلەکانتدا ڕابهێنە، ئەمەیان هەستێکی ئاسوودەییت لا دروست دەکات، کە خۆتیش لەگەڵ کەلوپەلەکاندا ئاسوودە بووی بەرامبەرەکەتیش هەستی بەهەمان شێوە دەبێت. هەموو کەلوپەلەکانت بپشکنە و پاک بکەوە و تاقییان بکەوە. پاتریی نوێ بخە نێو ئامێرەکان.

با هەموو پێداویستییەکان ساز و ئامادە بن بەر لەوەی بچیتە نێو دیمانەکەوە. دەتوانیت لە نێو ئۆتۆمبیل یاخۆ پاس یان لە شوێنێک بەر لەوەی بچیتە ناو شوێنی






دیمانەکە کاسێتەکەت ئامادە بکەیت و تاقیی بکەیتەوە و ناو و تێبینیەکانی لەسەر بنووسیت، هەروەها کاسێتی دووەم و... تاد.

### لە کاتی دیمانەکەدا

پێوەندیکردن بەچاو لەبیر مەکە. وا مەکە مایکرۆفۆن ببێتە دیوارێک لە نێوان تۆ و ئامانجەکەتدا. مایکرۆفۆنەکەت بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵبگرە وەک ئەوەی شتێکی بێ بایەخ بێت. بەم شێوەیە بە بەرامبەرەکەتی پیشان دەدەیت کە مایکرۆفۆن شتێکی مەترسیدار نییە و ترسی ئەو لە مایکرۆفۆن کەم دەکەیتەوە.

زۆر باشە ئەگەر دیمانەکەت بە پرسیارێکی ئاسایی وەک "ئیمڕۆ زۆر گەرمە" و پاشان بە ئەسپایی مایکرۆفۆنەکە لە بەرامبەرەکەت یاخۆ ئامانجەکەت نێزیک بکەوە و لە لایەکی دەمی قسەکەر ڕای گرە نەک لە پێش چاوی بێت.

ڕۆژ بە ڕۆژیش لەگەڵ بەکارهێنانی مایکرۆفۆن ڕادێیت تا وات لێ دێت بە شێوەیەکی سرووشتی بەکاری دەهێنیت.

مەترسە لەوەی هەمان پرسیار دووبارە، بەڵام بەشێوە و دارشتنێکی تر، بکەیتەوە. خۆ تۆ دیمانەکە هەر مۆنتاج دەکەیت بۆیە دەتوانیت دوو وەڵام بکەیت بە وەڵامێک و بینووسیتەوە. ئەگەریش جەنجاڵییەک وەڵامی قسەکەری لێ بزرکردی و گوێت لێ نەبوو، دووبارە داوای وەڵام لە ئامانجەکت بکەوە.

ئەگەر تۆ و قسەکەر بەیەکەوە قسەتان کرد ئەو کات ناتوانیت دەنگی خۆت مۆنتاج بکەیت و بسڕیتەوە بۆیە کە ئەو قسە دەکات گوێی لێ بگرە و بەچاو پێوەندی بکە و سەر بلەقێنە و زەردەخەنە بەکار بهێنە و پێشانی بدە کە تۆ گوێی لێ دەگریت.

## چەند ڕێنوێنییەک بۆ سازدانی دیمانەی زەحمەت

بەر لە هەموو شتێک باشتر وایە یەکەم جار دیمانە لەگەل سەرچاوەی دۆستدا ساز بدەیت. ئەو کەسەی سکاڵایەکی هەیە زۆربەی جار دۆستانەیە، چونکە دەیەوێت لایەنێک بایەخ بە سکاڵاکەی بدات.

بۆ سازدانی دیمانە لەگەڵ سەرچاوەیەکی زەحمەتدا هەوڵ بدە هەموو لایەنەکانی کێشەکە یاخۆ باسەکە لە سەرچاوەکانی تری هەواڵەوە بزانیت بەر لەوەی بچیتە لای

سەرچاوە زەحمەتەکە و ئەگەر چوویتە لای ئەویش وا باشە پێی بڵێی: "خەڵکی زۆر گلەییان لەبارەی فلانە بابەتەوە هەبوو و بە میدیاکانیان ڕاگەیاند، حەز دەکەین بزانین ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟".

بەر لەوەی بچیتە ئەو دیمانەیە، پێویستە بیر لە شێواز و ئاراستەکەی بکەیتەوە: دەتەوێ ئەو کەسە باسی چی بکات؟ ئەگەر پێت وایە ئەو بابەتەی باسی دەکات بابەتێکی زەحمەتە، بیر لە داڕشتنی چەند پرسیارێک بۆ چوونە نێو بابەتەکە بکەوە. پلانێک دابنێ بۆ ئەوەی بەر لە دەستپێکی بابەتەکە پرسیارێک یا دوو پرسیاری ئاسان بکەیت: پرسیاری بێ لایەن و واقیعییانە بن.

بۆ نموونە ئەگەر دیمانەکەت لە شوێنی کارکردنی سەرچاوەکەت (یان ئامانجەکەت بوو) ئەم پرسیارە باشە بکرێت: "دەکرێ باسی جۆری کارەکانتان لەم دەزگایەدا بکەیت؟"

زۆربەی خەڵک هیچ کێشەیەکیان لەبارەی باسکردنی کارەکانیان نییە، کەواتە ئەم پرسیارەی تۆ کەمێک ئاسوودەیی بە هەردوو لا دەبەخشێت و متمانەش لە نێوان تۆ و ئامانجەکەتدا دروست دەکات.

هەروەها ئەم پرسیارە دەرگا بۆ ئاخاوتنی هەردووکتان والا دەکات و وا پێشان دەدات تۆ گوێ لە بەرامبەرەکەت دەگریت: دەکرێت تۆش لەبەرامبەر وەڵامەکانی ئامانجەکەتدا قسەی وەک "بەڕاست؟ ئەمەیان جێگەی سەرنجە. من ئەم شتەم نەدەزانی...".

بەر لە دیمانەکە خولەکێک یا دووان تەرخان بکە بۆ ئەوەی لیستێکی پرسیار لای خۆت دروست بکەیت بەو شێوە و ڕیزبەندییەی دەتەوێت ئاراستەیان بکەیت.

بەڵام بوونی ئەم لیستە ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستە تۆ لە دیمانەکەدا لەسەری بڕۆی. بوونی لیستی پرسیارەکان تەنیا بۆ ئەوەیە یارمەتیت بدات دیمانەکە بە پێی پلانێک بەڕێوە ببەیت و زۆربەی جاریش دیمانەگێڕ هەر سەیری ئەو لیستەی پرسیارانە ناکات.

ئەگەریش دیمانەکە بەڕێکوپێکی بەڕێوە چوو تۆ هەر پێویستت پێ نییە تەماشای ئەو لیستی پرسیارانە بکەیت.



کە دیمانەکە دەست پێ دەکەیت، پێویستە بۆ ئامانجەکەتی ڕوون بکەیتەوە کە ئەم دیمانەیە چۆن و لە چی پرۆگرامێک دەوەشێنرێ و وردەکارییەکانی تر. ئەمەشیان زۆر گرینگە دیار بکرێت بۆ ئەو کەسانەی زۆر دیمانەیان لەگەڵدا نەکراوە.

هەروەها بۆ ئامانجەکەت ئاشکرا بکە کەوا تۆ دیمانەکە پاکنووس دەکەیتەوە، بۆیە ئەگەر ویستی بیرۆکەیەکی خۆی لەبارەی شتێکەوە بگۆڕێ بۆی هەیە ئەمە بکات و دووبارە قسەی لەبارەوە بکاتەوە.

پرسیاری دەستپێک دەبێت پرسیاری ناو و پلە و کاری ئامانجەکەت بێت.

زۆر گرینگە کە دیمانەگێڕ وای پێشان بدات کە بایەخ بە قسەکانی قسەکەر دەدات.

ئەگەر لە کاتی قسەکردنی ئەودا تۆ سەیری کەلوپەل یان دەفتەرەکەی بەردەستت بکەیت یاخۆ تەنیا بیر لە پرسیاری داهاتوو بکەیتەوە ئەوە قسەکەر یەکسەر هەست بە بایەخنەدانی تۆ دەکات.

لە کۆتاییدا تۆ پێت ناکرێ واز لە پرسیارە قورسەکان بهێنیت. ئەرکی تۆ ئەوەیە زانیاری و بیر و بۆچوونی جیاواز کۆبکەیتەوە بۆ ئەوەی پێشکێشی بینەر یا



گوێگرەکانتی بکەیت. بۆیە پێویستە پرسیارە زەحمەتەکان ئاراستە بکەیت و بە شێوەیەک لەو شێوانە ئاراستەیان بکە: "پێویستە پرسیارێکت لێ بکەم لە بارەی فلانە شتەوە". یاخۆ باشتر وایە بڵێی: "دەمەوێ بزانم بۆچوونی تۆ لە بارەی فلانە شتەوە چییە؟".

جاری وا هەیە قسەکەر یاخۆ ئامانجەکەت داوات لێ دەکات تۆمارکەرەکەت بکوژێنیتەوە. تۆ پێی بڵێ "تۆ دڵنیای لەوە؟"، ئەگەریش سوور بوو لەسەر ئەو داواکارییە، ئەو کاتە پێویستە گوێڕایەڵی داواکە بیت.

ئەگەر پاش ئەوە شتێکیان بۆت ئاشکرا کرد کە پێت وابوو زۆر گرینگە لێیان بپرسە ئاخۆ دەکرێت ئەم قسەیە تۆمار بکەیت.

ئەگەر تۆ هەواڵنێری ڕادیۆ بوویت پێیان بڵێ: "من لە ڕادیۆ کار دەکەم و لە ڕادیۆشدا دەنگ هەموو شتێکە. ئەگەر دەنگی تۆش لەنێو ئەم تەوەرەی باسەکەدا نەبێت ئەوا کەس گوێی لە بۆچوونی تۆ نابێت. تۆ دڵنیایت کە ناتەوێت ئەم بۆچوونەت بۆ تۆمار بکەم؟" ئەگەریش هەر ڕازی نەبوون ئەو قسەیە تۆمار بکەن ئەوا گوێ لە قسە بگرە و بزانە ئاخۆ بە تەواوی لە دەرەوەی تۆمارەکەیە یاخۆ دەکرێت بڵاو بکرێتەوە بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەکە بگوترێت؟

بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە کۆتایی بە دیمانەکە بهێنی ئەم پرسیارە لە ئامانجەکەت بکە: "چیتر ماوە باسمان نەکردبێت و دەتەوێت باسی بکەیت؟" جاری وا هەیە قسەکەر هیچی پێ نەماوە، جاری واش هەیە باشترین و گرینگترین قسەکان لەو کاتەدا دێنە سەر زاری قسەکەر.



## کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان چییان لە هەواڵنێران دەوێت؟

کاتێک بەڕێوەبەرانی هەواڵ هەواڵنێرێک دادەمەزرێنن، دەیانەوێت ئەو هەواڵنێرە:

١. زانیاریخواز و بزێو بێت و ئاکاری باشی لەکاردا هەبێت.
٢. حەزی دیسپلین و فێربوون بە درێژایی ژیان پێشان بدات.
٣. لەبواری کارامەییە بنچینەییەکانی هەواڵنێریدا لێهاتوو بێت.
٤. کارامەیی تەلەفزیۆنیی باشی هەبێت.
٥. هەندێ کارامەیی لە بەکارهێنانی لاپەڕەکانی ئینتەرنێتدا هەبێت.
٦. باش لەگەڵ کەسانی تردا بگونجێت.

ئەم خاڵانە واتەی ئەوە نادەن کە تۆڕی ئینتەرنێت شتێکی گرینگ نییە. بگرە پێچەوانەی ئەم قسەیە ڕاستە. چونکە پێویستە ڕۆژنامەوان بزانێت چۆن هەواڵ لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو دەکاتەوە بە بێ هاوکاریی شێوە ئاسانەکانی هەواڵ بڵاوکردنەوە (وەک تەلەفزیۆن). لە پاڵ لیستەکەی سەرەوەدا پێویستە هەواڵنێرانی تەلەفزیۆن ئەم خەسڵەتانەیان هەبێت:

١. **ژیر بن:** پێویستە بایەخ بە جیهان بدەن و ئەم بایەخەشیان بەرچاو بێت. کەواتە نەک تەنیا ژیر بن، بگرە ژیر و زیتەڵە و چەلەنگ و ئازا و بە وزە و خۆگونجێنەر و وریا بێت.

٢. **شەیدا بن:** پێویستە گرینگی بە پیشەی "ڕۆژنامەوانی" و بە بێلایەنی و دادپەروەری و گشتگیری بدەن لەگەڵ هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی ئابووریی دەزگاکەیاندا.

٣. **پێشچاو بن:** دەبێت پێشوازییان خۆش بێت و هەڵسوکەوتیان بەرێزەوە بێت و بڕوایان بەخۆ هەبێت لە نووسینەکانیان و لە هەواڵ پێشکێشکردنی ڕاستەخۆ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا.

٤. **كارامەیی لە پێوەندیكردن بەخەڵكەوە:** هەواڵناردن و دەنگوباس كۆكردنەوە و بەڵاوكردنیان، هەموویان وەرزشی بواری پێوەندیكردنن بەخەڵكەوە. بۆیە هەواڵنێر پێویستە بایەخ بە خەڵك بدات (ئەو خەڵكەی كاریان لەگەڵدا دەكات و ئەوانەی هەواڵیان دادەپۆشێت). هەروەها پیویستە بیسەلمێنێت كە توانای پێوەندی دروستكردنی لەگەڵ خەڵكدا هەیە و مایەی متمانە پێكردنە و هەستێكی پاوەندبوونی بەرامبەر كۆمەڵگەكەی هەیە.

## بێژیار

سەركەوتن لە بواری بێژیاریدا تەنیا بە بوونی بەهرەوە بەند نییە، ڕاستیەكەی ئەوەیە هەر كەسێك دەتوانێت تواناكانی خۆی لە بواری بێژیاریی بەرنامەی ڕاستەوخۆ و زیندووەكاندا بە مەشقكردن باشتر بكات. ئەمانەی خوارەوە هەندێك ڕێنوێنین كە لە لایەن بێژیاری پیشەگەری لێهاتووەوە پێشكێشتان دەكرێت:

* كە لە بەردەم مایكرۆفۆن قسە دەكەیت وا قسە بكە بۆ خەڵك وەك ئەوەی بڵێیت تۆ لە یەك ژووردا لەگەڵیاندا دانیشتووی.
* هەرگیز "وشە" مەخوێنەوە بگرە "بیرۆكە" و بڕگە بگوێزەرەوە. بۆ نموونە ناو و پلەی





كەسێك كە دەیخوێنیتەوە زنجیرەیەك وشە نین بگرە دەبێت وەك یەك بیرۆكە بیخوێنیتەوە. هەروەها ناو و فرمانێكیش بەهەمان شێوە دەخوێنیتەوە كە نابێت لە نێوان ناو و فرمانێك هەڵوەستەیەك لە خوێندندا بكەیت.

* هەمیشە بە ئاستی مامناوەندیی بەرزترین پلەی دەنگت قسە بكە، بە تایبەتی كاتێك دەتەوێت جەخت لەسەر شتێك بكەیت. بەڵام نابێت بە شێوەیەكی دەستكرد و دیار هەوڵ بدەی دەنگت نزم كەیتەوە.
* زۆربەی ڕستەكان لە دوو بەشی سەرەكی پێك هاتوون. تۆ تەنیا یەك وشە لەهەر یەك لەو دوو بەشە هەڵبژێرە بۆ ئەوەی جەختی لەسەر بكەیت و وشەكانی تریش بە شێوەیەكی ئاسایی وەك قسەكردنی ئاسایی بخوێنەوە و با دەنگیشت لە خوێندنی هەردوو بەشدا بەرەوە "نزمی" بڕوات.
* كۆنترۆڵی بەرزی و نزمیی دەنگت بكە. جەختكردن – گۆڕینی تۆنی دەنگ بۆ ئەوەی گرینگی یاخۆ جیاوازیی شتێك لە شتێكی تر دیار بكەیت، بەڵام زۆر بە بێتامی نەبێت. هەوڵ بدە جۆرەكانی تری قسەكردن بەكار بهێنیت بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك بۆ ئەو شتەی دەتەوێت ڕابكێشیت – هەڵوەستەكردن، قسەكردن بە خێرایی یاخۆ بە نەرمی.
* خۆت لە زێدەڕۆیی دوور بخەوە. زۆر خۆت ماندوو مەكە بۆ ئەوەی پێشانی بینەری بدەیت ئەوەی باسی دەكەیت چەند مایەی پێكەنین یاخۆ دڵتەنگییە. ئەگەر قسەكانت بەهێز بوون ئەوە بینەر خۆی بڕیاریان لەسەر دەدات.
* بڕوات بە وشەكانت هەبێت. بە دەگمەن ئاوەڵكار و ئاوەڵناو بەكار بهێنە. وشەی "زۆر" بۆ شتێك بەكار مەهێنە ئەگەر وشەی "كەمترین" بەس بێت.
* كاتێك شتێك لە دەرەوەی ستۆدیۆ دەوەشێنی چ بە ڕاوەستان بێت یا بە دانیشتنەوە هەمیشە بۆ مایكرۆفۆنەكەت قسە بكە و دەنگی خۆتی ئاراستە بكە. هیچ پێویست ناكات بۆ كامێراكەی دووری خۆت هاوار بكەیت. خۆ مایكرۆفۆنەكە لەبەردەمتدایە.
* لەبەرامبەر كامێرادا بە چاو پێوەندی بكە. چونكە چاوێكی بێ جووڵە پێوەندی بە بینەرەوە ناكات.

# تێبینیی گشتی لەسەر نووسینی ڕاپۆرت

* کاتێ لەسەر هەر پرسێک دەنووسیت بزانە کێ پێوەندی بەو پرسەوە هەیە. دەبێت ڕای هەموو لایەنەکانی پێوەنددار وەرگریت.
* کە دیمانە لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت و ئەو کەسە لایەنێک تۆمەتبار دەکات یان گلەیی لێ دەکات، دیمانە لەگەڵ لایەنەکەی تریش بکە بزانە ئەوان وەڵامیان چییە.
* بۆ خەڵکانی ئاسایی ناوی سیانی، تەمەن، پیشە زۆر گرینگە ئاشکرا بکرێت. تکایە نازناو دامەنێن. ناوی یەکەمین بەتەنیا دامەنێ، ئەحمەد وتی، کەمال وتی. دەبێت ناوی سیانییان بنووسیت.
* بۆ لێپرسراوان ناوی سیانی و پۆستەکەیان. ئەگەر کەسەکە زۆر باڵا دەستە وەک نێچرڤان بارزانی، جەلال تاڵەبانی ئەوا پێویست ناکات ناوی سیانییان بگوترێت، تەنیا ئەوە بەسە.
* بۆ کەسانی حزبی ناوی سیانی و پۆستی حزبییان.
* هەرگیز خاڵبەندیت لە بیر نەچێت.
* وردەکارییەکان لە ڕاپۆرتدا زۆر گرینگن. کە باس لە پرسێک دەکەیت. بۆ نموونە خوێندن، لە ڕاپۆرتەکەدا دیمانە لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت بڵێ ئەو کەسە تەمەنی ئەوەندە ساڵە و فێرخوازە یان مامۆستایە.
* کاتێک دیمانە لەگەڵ چەند کەسێکدا دەکەیت کە هەمان بۆچوونیان هەیە، بۆچوونی هەموویان لە ڕاپۆرتەکەدا بە کار مەهێنە. دەبێت لە ڕاپۆرتدا بۆچوونی جیاواز هەبن.
* بەهیچ شێوەیەک بۆچوونی خۆت لە ڕاپۆرتدا مەڵێ. چونکە تۆ ڕاپۆرت بۆیە ئامادە دەکەیت بۆچوونی خەڵک بخەیتە ڕوو نەک هی خۆت.
* بەهیچ شێوەیەک وشەکانی شایەنی باسە، شایەنی وتنە، پێویستە بوترێت، جێی وەبیرهێنانەوەیە و هتد... بەکارمەهێنە.



* هەوڵ بدە وشەی (من) بەهیچ شێوەیەک نەنووسیت. چونکە بۆ خوێنەر پێویست نییە.
* لە ڕاپۆرتدا پرسیار مەنووسەوە، بۆ نموونە لە وەڵامی پرسیارێکماندا سەربارەت بە... بەڕێزیان وتی:...

یان: بەرای تۆ تا چ ڕادەیەک باری تەندروستی لەچێشتخانەکانی سلێمانی پارێزراوە؟ ئەمە باش نییە.

* بە وشە ئیش بکە، ڕاپۆرتی شیکردنەوەی هەواڵ بەگشتی ٥٠٠ وشەیە.
* نیشانە دامەنێ بۆ خەڵک و دێر بۆ نموونە ئەم نیشانانە ï، –، /، #، *.
* کەوانە بەهیچ شێوەیەک دامەنێ. ساڵح قادری تەمەن (٢٣) ساڵ. کەوانەکەی لابە. زیاتر فارزە بە کار بێنە.
* ناونیشان بۆ ڕاپۆرت دامەنێ چونکە ئەوە ئیشی نووسیارە بەڵام دەتوانیت پێشنیازی ناونیشان بکەیت.
* خوازراوی دوورودرێژ دامەنێ. هەوڵ بدە درێژترین خوازراو دوو دێر بێت. بێگومان ئەو خواستنەش دەبێت ڕای کەسەکە دەربڕێت یان داواکارییەک بێت. "بە بۆچوونی من حکوومەت کارێکی باشی کردووە" یان "داوا دەکەم ڕێگە نەدرێت بەوان کاری وا بکەن".
* نیشانەی خواستن زۆر گرینگە، کە ئەم جۆرە کەوانەیە " ".
* هەرگیز بە قسەی خوازراو دەست پێ مەکە. "خەریک بوو گیانم دەرچێت" ئەمە وتەی شاکار بوو. ئەوە باش نییە. سەرەتا باسی دۆخەکەی بکە تا خوێنەر ئامادە دەکەیت ئینجا خوازراوەکەی پێ بڵێ.
* چاوشارکێ لەگەڵ خوێنەردا مەکە بە دانانی پیتی یەکەمی ناوێک (ا.ع) وتی. هەرگیز قبووڵ مەکە مافی ئاشکرا نەکردنی ناو بدەیتە کەسێک مەگەر زانیارییەکی زۆر گرینگی لا هەبێت و بەو مەرجە نەبێت نەتداتێ. ئەگەر کەسێکیش زۆر بارودۆخەکەی ناسک بوو وەک پرسەکانی ژنان دەتوانیت ناوەکەی بگۆڕیت، بۆ نموونە ناوی درووستی سازگارە دەیکەیت بە سایە. بەڵام لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا بڵێ کە ناوەکان لەبەر بارودۆخی ئەمنی یان هەر شتێکی تر گۆڕاون.

* خواستنی (ئیقتیباس) ناراستەوخۆ بەکاربهێنە. وەزیری پەروەردە باسی لەوە کرد کە ئەوان هەوڵدەدەن بۆ باشکردنی گوزەرانی مامۆستایان.

خواستنە ڕاستەوخۆکەی بریتییە لە: وەزیری پەروەردە وتی "هەوڵدەدەین بۆ باشکردنی گوزەرانی مامۆستایان." لە ڕاپۆرتدا پێویستە هەردوو شێوەکە بەکاربهێنرێت.

* باکگراوند زۆر گرینگە بۆ خوێنەر. هەرگیز گریمانەی ئەوە دامەنێ کە خوێنەر زانیارییەکە دەزانێت.

دانیشتووانی سلێمانی ٨٠٠ هەزار کەسە. مەڵێ خوێنەر دەزانێت، ئەگەر تەنیا کەسێکیش نەزانێت، لەبەرئەوەی خوێنەری ڕۆژنامەکەیە پێویستی بەوە هەیە بۆی ڕوون بکەیتەوە.

* هەرگیز لە سەرتادا کورتکراوە بەکار مەهێنە وەک ئەوەی بنووسی ح.ش.ع.، لە جاری یەکەمدا دەبێت بڵێی حیزبی شیوعیی عێراقی، ئینجا لەکاتێکی تردا کە ناوی یەکێتیت هێنایەوە دەڵێیت ی.ن.ک.

بەهەمان شێوە بۆ هەموو کورتکراوەکانی تر بە تایبەتی بیانییەکان، دەبێت ماناکەی بە کوردی بنووسیت، بۆیە پێت خەوش نەبێت لە کاتی سازدانی دیمانەدا پرسیار بکەیت ئەگەر کورتکراوەی ڕێکخراوێک یان شتێک نازانیت، بۆ نموونە UNOPS، MAG، CDO، هتد.

* ڕۆژنامەوان دەبێت لە ڕاپۆرتەکەیدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، کێ، چی، چۆن، لە کوێ، کەی، بۆچی.

گرینتگرین شت کە وەڵامی دەدەیتەوە بریتییە لە "بۆچی" دەبێت هەمیشە پرسیاری ئەوە بکەیت بۆچی. بۆچی خەڵک دەچن بۆ دەرەوەی وڵات؟ بۆچی گەنج بێزارە؟ بۆچی لە خوێندندا کوڕ و کچ جیا دەکرێنەوە؟

واتە دەبێت لە ڕاپۆرتەکەدا خوێنەر گرینگیی ئەو پرسە لە ڕێی وەڵامدانی "بۆچی"یەوە بزانێت.

* لە کۆتاییی ڕاپۆرتدا هەرگیز زانیاریی تازە بە خوێنەر مەدە. بۆ نموونە باسی پرۆژەی ئاو بکەیت لە کۆتاییی ڕاپۆرتەکەدا بڵێیت مانگی داهاتوو پرۆژەی



کارەباش دەست پێ دەکات. ئەوە هەڵەیە چونکە وا لە خوێنەر دەکەیت کە چاوەڕێی زانیاریی تازە بکات.

## لەبارەی ڕاپۆرتەوە بە گشتی

١. لە هەموو ڕاپۆرتێکدا بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکە هەیە پێی دەوترێت "لید Lead" یان پێشەکیی ڕاپۆرتەکە. لەم بەشەدا دەبێ بە ٢٠-٣٠ وشە کرۆکی ڕاپۆرتەکە دەربخەیت.

٢. پەرەگرافی یەکەم (هەواڵ) دووبارە باسی بکە چی ڕووی داوە، کێ لە ڕووداوەکەدا تێکەڵاوە، لە کوێ ڕووی داوە هەروەها کەی ڕووی داوە. ئەمە "بۆن و بەرامی" ڕووداوەکەیە نەک هەموو وردەکارییەکان.

٣. پەرەگرافی دووەم (گرینگی) ڕوونی بکەوە بۆ چی ئەم ڕووداوە تازەیە گرینگە، بە خوێنەر بڵێ ئەم ڕووداوە تازەیە لەوانەیە کار لە چی بکات و چۆن بارودۆخەکە لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە لە وڵاتدا دەگۆڕێت.

٤. پەرەگرافی سێیەم و چوارەم (ناواخن) پێشینەیەکی زۆر کورت، بە کورتی ئەو ڕووداوانە ڕوون بکەوە کە پێش ئەم ڕووداوە ڕوویان داوە. دواترین ڕووداو بخەرە ناواخنی تازەترین پەرەسەندنەوە.

٥. پاشان ئارگیومێنت بۆ سەلماندی پێشەکیی دوو سێ بابەت کە هەریەکەیان لە دوو سێ پەرەگراف پێک هاتبێت، لەهەر یەکێک لەو بابەتانە باسی لایەنێکی بابەتەکە بکە.

٦. فرەوانکردنی پێشینەی بابەتەکە، بەپێشکێشکردنی کۆمەڵە ڕووداوێک کە بوونەتە هۆی ئەم ڕووداوە تازەیە (بەپێی بەدوای یەکدا هاتنیان) هێنانی کۆمەڵە وتە و لێدوانێکی سەرنج ئامێز کە پێوەندیی بە ڕووداوە تازەکەوە هەبێت. تیشک خستنە سەر بابەتێکی لاوەکی کە پێوەندیی هەیە بەم ڕووداوە تازەیەوە و ئاماژە بە گرینگییەکەشی بدە.

٧. پەرەگرافی کۆتایی، بابەتەکە کۆتاییی پێ دێت بە بیرخستنەوەیەک کە ئەم ڕووداوە بۆ گرینگە، دوا وێنە لە مێشکی خۆێنەردا بەجێ بهێڵە و هیچ زانیارییەکی تازە زیاد مەکە. (بەهیچ جۆرێک بیرۆکەی تازە مەخە بەردەم خوێنەرەوە).

## بەزاندنی سنوورەکان

پێشتر باسی چەند ڕێگەیەکمان کرد بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ. کلیلی کردنەوەی دەرگەی هەواڵ لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە کە برێتین لە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو، ئەوی تر بیرفرەوانی. لێرەدا زۆرتر تیشک دەخەینە سەر هزری ڕۆژنامەوان وەک هێزێکی سەرەکی لە بەدەستهێنانی هەواڵدا.

پێویستە ڕۆژنامەوان بزانێت چ سەرچاوە و دۆکیومێنتگەلێک کە لەبەر دەستدان و چنگ دەکەون و ئەوانەش لەبەر دەست نین چۆن دەست دەکەون. زۆر جار، دۆکیومێنتی وا هەن بەوە ناچێ لە ڕووی هەواڵەوە هیچ نرخێکی ئەوتۆیان هەبێ، بەڵام کە بە بەرچاوی ڕۆژنامەواندا تێ دەپەڕن بیری تیژی ئەو دەیانکاتە هەواڵی نایاب.

بۆ نموونە گەر تۆ ڕۆژنامەوان بیت و سەرنووسیارەکەت داوای لێت کرد شوێنی







تاوەرەکانی تەلەفۆنی مۆبایل لە شارەکەتدا دیاری بکەیت، تۆ دەتوانی ئەمە بکەی بە هەلێک بۆ ئەوەی بتوانی نەخشەیەک بۆ شارەکەت دروست بکەیت و لەپاڵ ئەو کارەدا دەتوانی شوێنی زۆر شتی تر دیاری بکەیت. وەک دابەشبوونی قوتابخانەکان بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەتدا، لە وانەیە ئەمە بتگەیەنێتە چەند دەرەنجامێک وەک ئەوەی دەرکەوێ زۆربەی قوتابخانەکانی شارەکەت لە بەشی باشووری شاردان، ڕەنگە ئەمەیان ببێتە بابەتی سەرەکی و پاداشتی لەسەر وەرگری، نەک ژماردن و دیاری کردنی شوێنی تاوەرەکانی تەلەفۆن.

ئەمە دەری دەخات سەرچاوە بە تەنیا گرینگ نییە بۆ بەدەستهێنانی بابەت بگرە بیرفرەوانیی ڕۆژنامەوان دەتوانێ شتی کرچ و کاڵ بکات بە بابەتی باش. توانای بەکارهێنانی دۆکیومێنت و سەرچاوەکان بە بیرێکی فرەوانەوە بە هۆی زۆر کارکردن و پەیداکردنی شارەزایی و دروستبوونی هەستێکی هەواڵناسییەوە دێتە بەرهەم. لەلای زۆربەی خەڵکیش ئەم توانستە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دروست دەبێت.

ئەوەی لەم قۆناخەدا گرینگ بێت ئەوەیە تۆ نرخی ئەو دۆکیومێنتانە بزانی کە لەبەر دەستدان. دۆکیومێنتەکانیش لە زۆر لە فەرمانگە حکوومەتییەکان و ڕێکخراوە جۆرەوجۆرەکاندا دەست دەکەون وەک تۆمارەکانی دەزگا تەندروستییەکان و خزمەتگوزارییەکان و پۆلیس و دادگە، دەکرێ ڕۆژنامەوان سەردانیان بکات و بزانێ چ بەڵگەنامە و تۆمارێکیان هەیە و دەکرێ بێ کێشە بیخەنە بەردەستیەوە.

# ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەند

زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەوانانی خۆیان بە گواستنەوەی هەواڵی چەند لایەنێکی جیاواز کە شارەزاییان تێدا هەیە دەسپێرن، ئەو لایەنانە ناوچەیەکی جوگرافی یان بابەتێکی دیاریکراون و بە "لایەنی تایبەتمەند" پێناسە دەکرێن و بوار بە ڕۆژنامەوان دەدەن ناوچە و خەڵکەکەی بناسێت. تایبەتمەندی لە نووسینگەی بچووکی هەواڵدا زۆر دەگمەنە و ڕۆژنامەوانانی ئەو نووسینگانە داوایان لێ دەکرێت هەواڵ لەبارەی هەموو بابەتێک ئامادە بکەن. بەڵام بارەکە لە نووسینگەی گەورەی هەواڵدا زۆر جیاوازە و دەرفەت لە بەردەم ڕۆژنامەوانانی ئەو شوێنانەدا واڵایە تا هەر یەکێکیان کار لە سەر لایەنێکی تایبەت بکات.

هەندێک بواری تایبەتمەند هەن لە هەموو شوێنێکدا دووبارەن وەکو: دەسەڵات، پۆلیس، دادگەکان و بواری بازرگانی. بوارەکانی تریش بە پێی بارودۆخ، لەوانەیە تایبەتمەندییان بۆ ڕۆژنامەوانان هەبێت وەک ژینگە، پیر یان پەروەردە.

لەم هەموو بوارانەدا ڕۆژنامەوان دەبێ بەدواداچوونی بۆ تازەترین هەواڵ لە بواری تایبەتمەندییەکەی خۆیدا هەبێت، دەبێ بەردەوام ئاگای لە تازەترین هەواڵ، ڕاپۆرت، سایتی ئەلیکترۆنی و بابەتەکانی تر هەبێت و بۆ دۆزینەوەی هەواڵی نهێنی کۆڵ نەدەن.

ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند پەرە بە ئیشی خۆی لە ڕیی دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە بەردەوام زانیاریی تازەیان هەیە دەدا، ئیتر چ ئاشکرا بن یان نهێنی. بەو شێوەیە دەتوانن بەردەوام هەواڵی گرینگ بە خەڵک بدەن.

چیپ سکانلان ڕۆژنامەوانێکی تایبەتمەندی پێشووی ڕۆژنامەی نایت ڕیدەر بوو، ئێستاش لە پەیمانگای پۆینتەرە، دەڵێ: "باشترین ڕۆژنامەوانانی تایبەتمەند کە ناسیومن ئەوانەن ئیشیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەکەن و سوورن لە سەر ئیشی خۆیان، لە بواری خۆیان تێگەیشتوون و سەرچاوەی زۆر و هەمەبابەتیان هەیە".



## شارەزاییی گواستنەوەی هەواڵ لە ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەندا

خاڵێکی گرینگ لە ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەندا هەیە، ئەویش پلاندانان و نەخشەکێشانی هەنگاوەکانی گەڕان و گەیشتن بە ڕاستییەکانە.

ڕۆژنامەوان ئیریک نالدەر کە چەند چیرۆکێکی ڕۆژنامەوانیی ئاشکرا کردووە ئەم پرسیارانەی خوارەوە بەکار دەهێنێت:

١- کارەکتەرە سەرەکییەکان کێ بوون؟
٢- کێ بەرپرسیارە؟
٣- ڕێکخەرەکان کێن؟
٤- پرۆگرامەکان چین؟
٥- ئیشەکان چۆن ئەنجام دەدرێن؟
٦- هەڵە لە کوێدا ڕووی داوە؟
٧- خەرجییەکان چۆنن؟
٨- ئەو کەسە کێیە کە چیرۆکە ڕاستییەکە دەزانێ و چۆن دەست دەکەوێ؟

بۆ ئەوەی وەڵامی دروستت دەست بکەوێ دەبێ هەوڵێکی زۆر بدەیت. تا دەتوانیت لە بواری کارەکەتدا بخوێنەوە. ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند نابێت تەنیا پشت بە تەلەفۆن ببەستێت و پێویستە بچێتە ناو خەڵک و شارەزای ژیانیان بێت. ڕۆژنامەوانی لێکۆڵەوەکاری تایبەتمەند لە کەناڵی TV-WTKR مایک ماسەر دەڵێ "کەس ناتوانێت بە دانیشتن لە نووسینگەدا هەواڵ بدۆزێتەوە.

پێوەندی بە هەر کەسێکەوە بکە کە پێت وایە بتوانێ یارمەتیت بدا، کارتی تایبەتی خۆت بە هەموو کەسێک بدە کە پێوەندی بە بواری تایبەتمەندییەکەتەوە هەبێت. لیستێک بە سەرچاوەکانت ئامادە بکە و لە پێوەندی لەگەڵیاندا بەردەوام بە.

گواستنەوەی هەواڵی تایبەتمەند ڕێکخستن و کەسایەتییەکی بەهێزی دەوێ. هەمیشە لیستەیەکی ئامادەت بە ئەدرێسی ئیمەیل و ژمارەی تەلەفۆنەکانی ئەو کەسانەی لە بواری کارەکەتدا پێویستت پێ دەبن هەبێ، دۆکیومێنتەکانت لە کۆمپیوتەردا بپارێزە و هەمیشە با کۆپییەکی هەڵگیراوت هەبێ.

# بوارەکانی تایبەتمەندی

## حکوومەت و سیاسەت

ئەو ڕۆژنامەوانانەی هەواڵی حکوومەت دەگوازنەوە دەبێ کاریگەریی بڕیارەکانی حکوومەت لە سەر خەڵکی هەڵسەنگێنن و لە هەمان کاتدا لە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کارەکانی حکوومەت لە ناوەوە ئاگادار بن. ڕۆژنامەوانی باش ئەوانەن لە دوای هەر بڕیارێکی حکوومەت دەپرسن: "کێ گرینگیی پێ دەدات؟".

زۆر لە کارەکانی حکوومەت بە کۆبوونەوە بەڕێوە دەچێت بۆیە ڕۆژنامەوانەکان دەبێ ئاگەداری ئەو کۆبوونەوانە بن.

جەماوەر پشت بە ڕۆژنامەوان دەبەستن بۆ گواستنەوەی هەواڵی گرینگ. زۆربەی هەواڵە باشەکان پشت بە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە نابەستن بگرە بە کاریگەریی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەو خەڵکانەی پێوەندییان بە بابەتی کۆبونەوەکەوە هەیە.


Daily NATION
Moi named Kenya's special envoy
Ex-president's experience to be tapped in solving disputes in region

زۆر گرینگە بۆ ئەو ڕۆژنامەوانانەی هەواڵی حکوومەت دەگوازنەوە بزانن چۆن بودجە شی بکەنەوە. هەرچەندە ئەو هەواڵانەی پێوەندییان بەم بوارەوە هەیە وشکن، بەڵام گرینگیی خۆیان بۆ ئەو ڕۆژنامەوانانەی هەواڵی باج وچونیەتیی خەرجکردن دەگوازنەوە هەیە، خەڵکیش بەلایانەوە گرینگە بزانن ئەو پارانە چۆن سەرف دەکرێن. بەشێوەیەکی گشتی کارەکانی حکوومەت بە دۆکیومێنت بەڕێوە دەچن، بۆیە دەبێ ڕۆژنامەوانی پێوەندیدار بزانێت چۆن ئەو دۆکیومێنتانەی دەست دەکەوێت و تێیان بگات.

گرینگترین ئەرکی ڕۆژنامەوانی سیاسی لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا ئەوەیە



بەرچاوی خەڵک ڕۆشن بکەن تا بتوانن بڕیاری ڕاست بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی خۆیان وەربگرن. لێکۆڵینەوە لە باکگراوندی کاندیدەکان و وردبوونەوە لە مێژووی سیاسییان یەکەمین کارە کە ڕۆژنامەوان لەو بارەیەوە ئەنجامی بدات.

ڕاپرسیی ڕای گشتی لە خاڵە هەرە گرینگەکانی گواستنەوەی هەواڵەکانی هەڵبژاردنە، هەندێک ڕۆژنامەوان پێیان وایە ڕاپرسی کاریگەریی لەسەر کاندیدەکان دەبێت بەتایبەتی بۆ ئەو کاندیدەی دەنگی زۆرە چونکە خەڵک حەز دەکات دەنگ بە کاندیدی براوە بدات. لێکۆڵەوەکان دەڵێن گرینگە ڕۆژنامەوان لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە هەواڵەکانی هەڵبژاردن بگوازێتەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی بیکات بە خاڵی سەرەکی لەو گواستنەوەیەدا.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، دەبێ ڕۆژنامەوان تەنیا گرینگی بە لێدوانی کاندیدەکان نەدات، بگرە بەدوای ئەو زانیارییانەشدا بگەڕێت کە دەنگدەر خوازیارە بیانزانێت. زۆربەی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان ڕاپرسی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ئەو کێشانەی جەماوەر گرینگییان پێ دەدات ئەنجام دەدەن. هەندێک جار کاندیدەکان نایانەوێ گفتوگۆ لەسەر کێشەیەکی تایبەت بکەن با بۆ دەنگدەرانیش زۆر گرینگ بێت، خۆ ئەگەر کاندیدێک پێشتر لە پۆستێکی دیاریکراودا بووبێت، زۆر گرینگە ڕۆژنامەوان ئەدای ئەو کاندیدە لە پێشوودا بخاتە بەرچاو.

## بازرگانی و ئابووری

بواری ئابووری لە ژیانی هەموو کەسێکەوە نێزیکە. بێکاری و هەڵبەز و دابەزی نرخ و سووتەمەنی و وەبەرهێنان بوارگەلێکن مایەی بایەخی هەموو کەسێکن نەک تەنیا بازرگانان. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانێک لەم بوارەدا تایبەتمەند بێت دەبێ ئاگەداری جموجۆڵی بازرگانی، پیشەسازیی نێوخۆیی، هەواڵی خاوەن ئیش، کرێکار و جموجۆڵی بیناسازی بێت، بێجگە لەو کەرتانەی هێز و بەردەوامی بە ئابووریی ناوخۆیی دەدەن، چ کشتوکاڵ یان پیشەسازی یان چاودێریی تەندروستی بێت. ڕۆژنامەوانانی ئەم بوارە هەندێک جار لە بابەتی ئابووریی ئەوتۆ دەکۆڵنەوە کە بۆ خەڵکی ئاسایی زۆر قورسە و مایەی گرینگیی خوێنەری ئاسایی نییە وەک بازاری بۆرسە و کاری بانکەکان.

زمانی نووسینی ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەند لە بواری ئابووریدا پێویستە زۆر سادە و ساکار و زاراوەکانیان ئاسان بێت، بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕۆژنامەی واڵ ستریت تایبەتمەندە بە بواری بازرگانی، بەڵام ڕۆژنامەکە هەندێک زاراوە شی دەکاتەوە وەکو "سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی" واتا ئەنجامی گشتیی بەروبوومی وڵاتەکە.

زۆر گرینگە بۆ ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە هەواڵی جموجۆڵی بازرگانی دەگوازنەوە بتوانن داتا ئابوورییەکان و بودجەی گشتی و ڕاپۆرتی ساڵانە بخوێننەوە و زۆر جاریش لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەواڵ دەدۆزنەوە. یان بەراوردکردنی کاری ئەو کۆمپانیانەی لە یەک بواردا کار دەکەن و کێبەرکێ لە نێوانیاندا، شکستهێنانی هەندێکیان و کاریگەریی هەرەسی هەندێ کۆمپانیا لە سەر ڕێژەی بێکاری و ڕەنگدانەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا، ڕۆژنامەوانێک بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو ئەو کارانە بکات دەبێ زۆر باش شارەزای کۆمپانیاکان بێت.

نووسینی هەواڵی ئابووری پێویستی بە بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی ژمارە هەیە، ئەوە چاڵێکە دەبێ ڕۆژنامەوانی تایبەتمەندی ئەو بوارە خۆی لێ بپارێزێت، چونکە چەندبارەکردنەوەی ژمارە، هەواڵ وشک و خوێنەر وەڕس دەکات.

### تەندروستی و ژینگە:

تەندروستی و ژینگە بوارێکە ڕاستەوخۆ بە ژیانی خەڵکەوە گرێدراوە، بۆ نموونە ئەو ڕۆژنامەوانانەی هەواڵ لەبارەی نەخۆشیی ئەیدز دەگوازنەوە دەزانن نەشارەزایی بەو نەخۆشییە هێندەی ترسناکیی نەخۆشییەکە مەترسیی هەیە. ئەرکی ئەو ڕۆژنامەوانانە هێندەی بڵاوکردنەوەی هۆشارییە لەبارەی نەخۆشییەکەوە هێندە گواستنەوەی هەواڵی نەخۆشیی ئەیدز خۆی نییە.

ئەو ڕۆژنامەوانانەی هەواڵی تەندروستی و ژینگە دەگوازنەوە لەوانەیە ڕووبەڕووی هەموو هەواڵێک ببنەوە هەر لە ئینفلەوەنزای باڵندەوە تا نەخشەی جینیی مرۆڤ و دروستکردنی بەنداو لەسەر ڕووبارەکان و کاریگەرییان لەسەر ژینگە و ژیانی خەڵک. ئەوانە کێشەی قورسن و ئەرکی ڕۆژنامەوانە بۆ خەڵکی ڕوونیان بکاتەوە.

بێگومان ڕۆژنامەوانانی ئەم بوارە دەبێ لە زمانی پزیشکان و زاراوەکانیان





شارەزا بن. ڕۆژنامەوان دنیس بیکیرت لە ئاژانسی دەنگوباسی کەنەدا دەڵێ باشترە ڕۆژنامەوان ترسی لە زمانی پڕ لەزاراوەی پزیشکان نەبێت و لە هەواڵەکاندا بەکاری بهێنێت و بەدوای ماناکانیدا بچێت و بۆ خەڵکی شی بکاتەوە.

ئەو ڕۆژنامەوانانەی خولیان لەبارەی گواستنەوەی هەواڵی هەمەجۆر بینیوە زۆر جار لە گواستنەوەی هەواڵی زانستیدا هەڵە دەکەن.

گواستنەوەی ڕا و بۆچوونی دژ بەیەک بە پێی پرەنسیپی کاری ڕۆژنامەوانی بۆ بوارە جیاجیاکانی زانست لەوانەیە لێڵییەک لەلایەن خوێنەرەوە دروست بکات، بۆ نموونە زۆربەی زۆری زانیارییەکان دەڵێن بەر قورقوشم کەوتن بۆ ماوەی زۆر لەوانەیە زیان بە ڕادەی زیرەکیی منداڵ بدات. چەند زانایەک هەن بڕوایان بەوە نییە. بە پێی پرەنسیپی کاری ڕۆژنامەوانی دەبێ ڕۆژنامەوان هەردوو بۆچوونەکە بڵاو بکاتەوە، بەڵام لێرە دەبێ بە شێوەیەک بێت گومان نەخاتە سەر زیانی قورقوشم.

کارل ڕۆجەرز مامۆستای ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی مێریلاند و نووسیاری کتێبی زانستی، دوو پێشنیازی بۆ ڕۆژنامەوانانی تایبەتمەند هەیە. یەکەم، پێناسە و ئاشکراکردنی سەرچاوە زۆر گرینگە، زۆر جار ڕۆژنامەوانان وتەی شارەزایان

دەگوازنەوە بێ ئەوەی بەشێوەیەکی شایستە پێناسەیان بکەن. مافی خوێنەر یان گوێگرە بزانێت بۆچی وتەی زانایەک دەگوازیتەوە.

بۆ نموونە، هەواڵێک لەبارەی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەمەڕ گۆڕانی کەش و هەوا دەگوازرێتەوە و لە ناو هەواڵەکەدا وتەی بەڕێوەبەری نووسینگەی زانست و تەکنۆلۆجیا لە کۆشکی سپی گواسترایەوە بەڵام بە بێ ئەوەی بگوترێ کە بەڕێوەبەری ئەو نووسینگەیە یەکێکە لە زانیارە هەرە پێشکەوتووەکان لە بواری کەش و هەوادا، لە کاتێکدا ڕوونکردنەوەی کەسێتیی ئەو زانیارە بۆ خەڵک یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەواڵەکە بە ئاسانی بڕوای پێ بکرێت.

دووەم، ڕۆجەرز دەڵێ جەماوەر لە زۆربەی ئەو بابەتانەی کە دەگوازرێنەوە شارەزا نییە، بەتایبەتی بابەتە ئاڵۆزەکان. بۆیە ئەو ڕۆژنامەوانە کە هەواڵی کۆنفراسی زانستی دەگوازێتەوە نابێت وای دابنێت جەماوەر دوێنێ گوێیان لە بابەتی هەواڵەکە بووە، یان سبەی گوێ لەو هەواڵە دەگرنەوە. دەبێ بابەتەکەی بە جۆرێک بنووسێت وەک بڵێی خەڵکی بەیانی تەنیا بابەتەکەی ئەم دەخوێننەوە و هیچی تر.

## پۆلیس و دادگەکان

کەسێک کە هەواڵی دادگەکان دەگوازێتەوە پێویستە شارەزای سیستەمی پۆلیس و دادگە بێت. پۆلیس بەوە ناسراون بە ئاسانی زانیاری نادەن، بەڵام ئەگەر زانیاریت لەبارەی یاساگەل و سیستەمی کاری پۆلیس زیاتر بێت، ئەو کات دەتوانی پرسیاری باشتر بکەیت و دەرفەتی باشترت بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان بۆ دەڕەخسێت.

ئەو ڕۆژنامەوانانەی هەواڵی جموجۆڵی پۆلیس دەگوازنەوە پێویستە شارەزای پێناسە و تێڕوانینی کۆمەڵگە بن بۆ تاوانەکان. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا جیاوازی لە نێوان بەسەردادان و دزی هەیە. بەسەردادان هەڵکوتانە بۆ سەر شوێنێک و ئەنجامدانی تاوان، بەڵام دزی بەمانای بردنی پارە یان ماڵ وموڵکە بە زەبر. ڕۆژنامەوانی ژیر بەدوای زانیاریی زیاتردا دەگەڕێت، دەچێتە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە و بۆ وردەکاریی پتر دەگەڕێت.

جگە لە فایل و وردەکاریی پرۆسەی دادگاییکردنەکە، پارێزەر لە سەرچاوە هەرە باشەکانە بۆ ڕۆژنامەوانە تایبەتمەندەکان بۆ گواستنەوەی هەواڵی دادگە. گەڕان بە



دوای دەستەواژە یاساییەکان کارێکی گرینگە.

ئێس ئێڵ ئەلیکزاندەر نووسەری کتێبی "گواستنەوەی هەواڵی دادگە، ڕێپێشاندەری ڕۆژنامەوانان" دەڵێ پارێزەرەکان بۆ شێواندنی ڕۆژنامەوانەکان وشەی قورس بەکاردێنن. ئەگەر وشەیەک تێ نەگەیشتی پرسیار لەو کەسە بکە کە دیمانەی لەگەڵدا دەکەی.

## وەرزش



ڕۆژنامەوانانی وەرزشی باشترین کەرەستەی ڕۆژنامەوانییان لەبەر دەستە، ڕۆژنامەوان بیل شوانبیک لە بواری وەرزشدا تایبەتمەندە و لە زانکۆی کوینیاک لە ویلایەتی کنیتیکت مامۆستایە، دەڵێ: "هەموو هەواڵە وەرزشییەکان تەنیا لە ڕووداوە سەرنجڕاکێش و کەسایەتییە بەناوبانگ و جەماوەرییەکان پێک دێت" نووسەرە باشەکانی وەرزش بێجگە لە گواستنەوەی ئەنجامی یارییەکان هەندێک بنەما پێشکێش دەکەن، هەندێک جار ڕاوبۆچوونێک پێشکێش دەکەن کە جەماوەر لە کاتی سەیرکردنی یارییەکەدا هەستی پێ ناکەن.

ڕۆژنامەوانە تایبەتمەندەکان هەموو "چۆن" و"بۆ چی"یەکان شی دەکەنەوە و لایەنی بازرگانییەکەش دەگوازنەوە.

دەبێ ڕۆژنامەوان زانیارییەکی تایبەتی لەبارەی هەموو وەرزشەکان هەبێت. دەبێ بنەمای یارییەکان بزانێت، دەبێت ڕاپۆرتەکانیان بە کەمترین کات بنووسن بەتایبەتی هەواڵیکی وەرزشیی سەر لە ئێوارە دەگوازنەوە.

زۆر جار هەواڵە وەرزشییەکە لە ستاددا نییە، بگرە لە پەناپەردەدایە، ڕۆژنامەوانەکە دەیەوێت بزانێت لە ژووری گۆڕینی جل چی ڕوو دەدات. دەبێ ڕۆژنامەوانی وەرزشی لە دەستەواژەی ئاڵۆز و قورس دوور بێت.

مایک ڕایلی ڕۆژنامەوانی وەرزشیی پێشوو، ئێستاش بڵاوکاری سایتی "بوخچەی ڕۆژنامەوان" دەڵێ: "دەستەواژەی ئاسان بە کار بهێنە". ڕۆژنامەوان ئاگەدار دەکاتەوە کەوا هەندێک کێبەرکێ لەوانەیە بە شەڕ کۆتایی بێت بە تایبەتی کاتی دۆڕانی یارییەکە. ڕایلی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ "زۆربەی یاریزانەکان خۆشی لە ترساندنی بەرامبەر دەبینن بۆیە هەمیشە بۆ بەرگریکردن ئامادە بە".



## ڕۆژنامەوانیی تۆژینەوە

بەداخەوە لە ژووری هەواڵی ئەم سەردەمەدا، زۆربەی هەواڵنێران بە دەگمەن ئەوەندە کاتیان بەدەستەوەیە بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی تۆژینەوە (تحقیقات) تەرخانی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا گرینگە ئەوە لەبیر نەکەن کە مەزنترین دەستپێشخەریی ڕۆژنامەوانی (چ لە ڕۆژنامەی نێوخۆیی یان نەتەوەیی) لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی سەختەوە پەیدا دەکرێت. بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە چەند بابەتەکە گەورە بێت مەترسیی کەوتنە نێو کێشمەکێشی یاسایی، لە ئاکامی کەوتنە داوی هەڵەوە زیاتر دەبێ. دڵنیابوون لەوەی هەموو شتێک تەواو و جێی دڵنیاییە و گشت دۆکیومێنتە پێویستەکان بەردەست و دروستن، کاتی زۆرێ دەوێ. بۆیە ئەگەر بتەوێ هەواڵی گەورەت هەبێ (کە بێگومان یەکەمین ویستی بەڕۆژنامەوان بوونە) پێویستە کات بۆ بەدەستهێنانی هەواڵی مەزن تەرخان بکەیت کە زۆربەی جار ئەوە دەگەیەنێت لە دەرەوەی کاتی کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەکەتدا کار بکەیت.

**دەستپێشخەریی ڕۆژنامەوانیی مەزن لە کوێوە دێت؟** لە ڕاستیدا ڕەنگە لە هەر جێیەک پەیدا بێت و زۆر کەمیان هەیە لە نێو پاکەتدا دەستت بکەون، گەر بەو شێوەیە دەستت کەوت لێی بەگومان بە. لێرەدا هەندێ ڕێگە دەخەینە بەرچاو بۆ بەدەستهێنانیان:

– سەرەداوێکی باش یان چرپەیەک یان پێوەندییەکی باش.

– کەیسی دادگە: زۆربەی ئەو کەیسانەی دەخرێنە بەردەستی دادگە، جا هەر کەیسێک بێت، دەشێ هەر یەکێکیان دەرگەی چەند بابەتێک بکاتەوە کە پێوەستن بە هۆکارەکانی کەیسەکەوە، یان بەو کەسانەوە کە تێوەگلاون.

– توانای گرێدانی ئەو ناوانەی لە هەواڵدا دێن بەوانەوە کە لە بابەتەکانی پێشووی ڕۆژنامەدا بڵاوبوونەتەوە. زۆر کەس هەیە لە هەواڵێکدا ناوی دێت و پێشتر لە ڕۆژنامەدا لە هەواڵی تر و بۆ مەبەستی جیا لەوەی هەواڵە نوێیەکەدا ناوی هاتووە.

بۆ نموونە هەواڵنێرێک خەریکی داپۆشینی کێشەی کەسێکە بەهۆی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل بە سەرخۆشی دراوەتە دادگە، بەڵام بۆی دەردەکەوێ ئەو کەسە یاریزانێکی ناودارە یان لە شارەکەی خۆیدا کەسایەتییەکی ناسراوی بواری بازرگانییە.

– گەڕان بەدوای نهێنییەکاندا.
– ڕاپۆرت و تۆماری ژمێریاریی کۆمپانیاکان.
– بەڵگەنامە گشتییەکان (حکوومەتییەکان). کارکردن بۆ بابەتی گەورە مرۆڤ ماندوو دەکات و هەندێ جار پێویستە بۆ تەواوکردنی بابەتی لەم جۆرە پەیامنێرانی هاوکارت کارت لەگەڵدا بکەن.

بۆیە لە کاتی ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوەی گەورەدا گرینگە هێڵە سەرەکییەکان بەم خاڵانەوە پاوەند بن:

١– سەرنجی باش لە بارەی هەموو ئەو شتانەی خەڵکی پێتی دەڵێن تۆمار بکە.
٢– لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە قسە بکە، تەنانەت گەر مەبەستیشت بەکارهێنانی هەموو ئەوەی دەیڵێن نەبوو.
٣– هەوڵ بدە بگەیتە گشت ئەو بەڵگەنامانەی پێوەندییان بە بابەتەکەتەوە هەیە.
٤– قسە لەگەڵ پسپۆڕاندا بکە.
٥– لە ڕاستیی هەموو ئەو شتانەی دەستت دەکەون بکۆڵەوە.
٦– ڕاستییەکان بە بێلایەنی هەڵبژێرە و ڕێگەیەکی بێلایەنانە بۆ خۆت بکەوە.
٧– یاسای میدیا (یاسای بنەڕەتی بۆ ڕۆژنامەوانان) لەبیر مەکە.

زۆر بە سادەیی دەتوانین بڵێین بەردی بناخەی ڕۆژنامەوانیی تۆژینەوەی باش هەواڵنێری باشە، لەبەرئەوەی کارەکە بریتییە لە پرسیارکردن و قسەکردن لەگەڵ هەموو کەسێکی پێوەندیدار بە بابەتەکەوە و تاقیکردنەوەی سەرچاوەکان و نووسینەوەی تێبینیی باشە لە بارەی هەموو شتێکەوە بە شێوەیەکی بابەتییانە و بێلایەنانە. دیوەکەی تریشی بریتییە لەوەی گرتنە بەری ڕێگەی ڕاست وەک ڕۆژنامەوانێک، لە سەرەتای کارتدا، سوود و قازانجی زۆرت پێ دەگەیەنێت کاتێ دەست بەکار لە بابەتی گەورەدا دەکەیت.



# لەمەڕ داپۆشینی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

لە گشت وڵاتانی دنیادا بەتایبەت وڵاتە دیموکراتەکان و ئەوانەی لە پرۆسەی بەدیموکراتبووندان، هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکان گرینگی و بایەخی زۆریان هەیە چونکە ڕاستەوخۆ پەوەندییان بە ژیانی هاووڵاتییەوە هەیە. بۆیە داپۆشینی هەواڵی هەڵبژاردنەکان یەکێکە لە ئەرکە گرینگەکانی ڕۆژنامەوان. لێرەدا چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو کە لەم بوارەدا پێویستە ڕۆژنامەوان بیانزانێ و لە بیریان نەکات:

١- **بە پرسەکانەوە پێگیر بە:** ئاگەداری ئەو پاڵێوراوانە بە کە تاکتیکی ژیرانە بۆ پێوەندییەکانیان بەکار دەهێنێن کە هیچ پێوەندییان بە پرسە ڕاستەقینەکانی هەڵبژاردنەوە نییە. هەندێ پاڵێوراو پێیان وایە لە ڕێگەی هەڵمەتێکی ڕقئامێزی هەڵبژاردنەوە لە دژی ڕکابەرەکانیان، دەتوانن سەرنجی دەنگدەر زیاتر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن (هەواڵی تایبەت لەسەر کەسایەتی و خێزانی پاڵێوراوان زۆر گرینگن) نەک لە ڕێگەی باسکردنی پرسە گرینگەکانی وەک ئابووری و کارەکان.

٢- **ئاگەداری زیدەڕۆییی مشتومڕەکان بە:** زۆر ڕۆژی وا دەبێت هیچ هەواڵێکت دەست ناکەوێت، هەندێ هەواڵنێر و نووسیار هەواڵ لە ئەنجامی ململانێ و مشتومڕێکی بەهێزی نێوان دوو پاڵێوراو دروست دەکەن. ئەم هەواڵە زۆر باشترە لەوەی کە ڕۆژێک بە دەست بەتاڵی بمێنیتەوە و هیچ هەواڵت نەبێت. هەواڵی وا لە بێهەواڵی باشترە.

٣- **مافی هەموو پاڵێوراوێک بدە و بە یەکسانی کاتیان بۆ تەرخان بکە:** کات و شوێنی یەکسان بۆ هەر پاڵێوراوێک تەرخان بکە لەو کەناڵەی تێیدا کار دەکەیت. گەر هەواڵێک یان ڕاپۆرتێک تەنیا لەسەر یەک پاڵێوراو بێت ئەوا لای خوێنەر متمانە لە دەست دەدات.

٤- **دەنگدەر لەبیر مەکە:** هەواڵنێر دەبێ ئاگەداری ئەوە بێت دەنگدەر بیر لە چی

دەکاتەوە، نەک هەر تەنیا لە ڕێگەی ڕاپرسی و لێدوانێکی خێرای یەکێک لەسەر شەقام، بگرە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بەنرخ و بەسوود لەسەر ئەوەی خەڵک چۆن دەژین. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە هەموو ناوچەکان داپۆشی نەک چەند ناوچەیەکی دیاریکراو لە وڵاتدا.

٥- **ئاگاداری ڕاپرسییەکان بە:** دەکرێ ڕاپرسییەکان زۆر بەسوود بن، بەڵام ڕاپرسیی وا هەیە کۆنە و سوودی بۆ هەواڵ و ڕاپۆرتی نوێ نابێت. دەتوانی زۆرترین خزمەت بە خوێنەر بگەیەنی لە ڕێگەی ئەو ڕاپۆرت و ڕاپرسییانەی لەسەر ئاستی هەرێمیدا کراون و دیمانە و ڕای دەنگدەران و پسپۆڕانی تێدایە.

٦- **لە شێکردنەوەدا زیدەڕۆیی مەکە:** هەموو ڕۆژێک، زۆبەی کات و تواناکان بۆ شێکردنەوەی پاڵێوراوان تەرخان دەکرێن. زێدەڕۆیی لە شیکردنەوەی ئەواندا مەکە بگرە کەمێک گرینگی بە ڕا و بۆچوونی دەنگدەریش بدە، بزانە خەونی ئەوان چییە، چونکە خوێنەر زیاتر ئەمەی لا مەبەستە.

٧- **ئاگاداری هەواڵی بێ سەرچاوە بە:** زۆر دەزگا و تۆڕی هەواڵ هەن، هەواڵ لەسەر بنچینەی پروپاگەندە بڵاو دەکەنەوە، یان تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی مایەی گومانن دەبەستن. بۆیە زۆر گرینگە هەمیشە، نەک جارێک و دووان، لە ڕاستی و دروستیی هەواڵەکە بکۆڵیتەوە. زۆر بە وردی سەیری ئاکامی هەڵمەتە سیاسییەکان بکە کە پڕن لە پڕۆپاگەندە و ڕیسوایی. هەواڵنێر نابێ هەرگیز هەواڵێک لەسەر پاڵێوراوێک بڵاو بکاتەوە گەر زۆر لێی دڵنیا نەبێت. پێش ئەوەی هەواڵەکە بڵاو بکەیتەوە زۆر بە وردی ڕاستی و دروستیی بسەلمێنە ئینجا ئاشکرای بکە.



## ئاوێنەی جیهان، وێنە

گرینگترین شت بۆ وێنەگر کە پێویستە لە بیری نەچێ و زۆریش بنەڕەتییە و بە بەردەوامیش لە بیر دەکرێت: تۆ پێت ناکرێ هیچ جۆرە وێنەیەک بگریت ئەگەر کامێرات لەلا نەبێت، فیلمی تێدا نەبێت و بۆ وێنەگرتن ئامادە نەکرابێت.

گرتنی هەندێ وێنە پلانی پێویستە، بەڵام زۆربەی وێنەکانی کە دەگیرێن، ڕەنگە گرینگترینیشیان بن، ئەو وێنانەن کە لە کاتی ڕووداو یا پێشهاتێکدا وێنەگر لەوێ ئامادەبووە و گرتوویەتی. ڕاستە تۆ ناتوانیت هەموو دەمێ کۆنترۆڵی ئەوە بکەیت لە چ شوێنێک دەبیت کاتێک پێشهاتێکی پێشبینی نەکراو ڕوو دەدات، بەڵام خۆ دەتوانیت کۆنترۆڵی ئەوە بکەیت هەر کاتێک دەرفەتێکت بۆ ڕەخسا بەسەرکەوتوویی بیقۆزیتەوە. زۆر لە وێنەگرە تازەکارەکان تا ڕادەیەک پێیان شەرمە کامێرا لەگەڵ خۆیان هەڵگرن. بەڵام ئەم شەرمە پاش ئەوەی یەکەمین وێنەی گرینگ دەگرن کە پلانیان بۆ گرتنی دانەنابوو بەیەکجاری لەناو دەچێت. هەر بۆیە یەکەمین مەرجی وێنەگری سەرکەوتوو ئەوەیە کامێراکەی خۆی بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵ خۆیدا بگێڕێت. چەند لەگەڵ خۆتی بگێڕیت ئەوەندە وێنەی باشترت بۆ دەگیرێت.

ڕەنگە دوژمنی وێنەگران کۆنترۆڵکردنی گرفتی تەڵخبوونی Blur وێنەکان بێت. ئەمانەی خوارەوە هەندێک ڕێگەچارەن بۆ کۆنترۆڵکردنی شێلوبوونی وێنە:

– خۆت فێربکە کامێرا بەبێ لەرزین ڕابگریت. بەکامێرایەک کە زوومەکەی دەستکاری دەکرێت تۆ دەتوانیت گرتەی ڕوون بگریت تەنانەت بە خێرایی ١٥/١ی چرکەیەکدا و لەگەڵ ڕاهێنانی زیاتر وێنەی لەوەش خاوتر بگریت.

– ئەگەر کامێراکەت لەو جۆرەیە کە چاوەکەی shutter بە خاوی دادەخرێت ئەوا پێت دەکرێت لە کاتی وێنەگرتندا کامێراکە لە ناو لەپی دەستی چەپت دابنێی و ئەنیشکی چەپیشت بە سینگتەوە بنووسێنی.

– خۆت فێرکە کاتێک بەچاوێک سەیری ناو دووربینی کامێراکە دەکەیت با چاوەکەی

تریشت کراوە بێت. ئەگەر خۆت لەگەڵ ئەم کردارە ڕاهێنا تۆ دەتوانی نەک تەنیا بە چاوی کامێرا ببینیت، بگرە لەدەرەوەی چوارچێوەی کامێراش ئەو تەن و بابەتانە ببینیت کە خەریکن دێنە نێو کادیر یاخۆ چوارچێوەی وێنەکەت. ئەوکات ڕەنگە بڕیار بدەیت چرکەیەک ئارام بگریت تا بابەتەکە دێتە نێو چوارچێوەی ئەو وێنەیەی خەریکی دەیگریت. ڕەنگە بڵێی زەحمەتە بەهەردوو چاو دوو وێنەی جیا چۆن دەبینرێت، بەڵام هەر کەسێک نووسین یاخۆ خوێندنی بەدەم تەماشاکردنی تەلەفزیۆنەوە کردبێت ڕەنگە ئەم کارەی لە وێنەگرتندا پێ بکرێت. هەر کاتێکیش ئەو تەنە یاخۆ ئەو بابەتەی دەتویست هاتە نێو چوارچێوەی وێنەکەتەوە، ئەو کات هەناسەت ببڕە و بە خاوی نەک بە لێدان پەنجەت لەسەر دوگمەی وێنەگرتن دابگرە، چونکە چەند هێمنتر دایگری ئەوەندە وێنەکە جوانتر دەردەچێت.

– ئەگەر ویستت وێنەیەکی ڕوونی تەنێکی جووڵاو بگریت، پێویستە ئەم شتانەی خوارەوە ڕەچاو بکەیت. جگە لە جۆرەکانی فیلمی کامێرا کە هەندێکیان بۆ وێنەگرتنی خێرا بەکار دێن (ڕێژەی ASAیان ٤٠٠ یان زیاترە) کەواتە کاتێکی زۆری ڕووناکییان پێویست نییە لە چاوی کامێرا تا وێنەیان لەسەر تۆمار بێت. بەڵام لە هەر کامێرایەکی تر چەند تەکنیکێکی تر هەن بۆ گرتنی وێنەی ڕوونی تەنە جووڵاوەکان. بۆ نموونە ئەگەر تەنەکە بەرەوە کامێرا دێت یاخۆ لە کامێرا دوور دەکەوێتەوە ئەوا وێنەگرتنیان لەو تەنانە ئاسانتر دەبێت کە بە پێش چاوی کامێراوە تێ دەپەڕن (لەچەپەوە بۆ ڕاست یان بە پێچەوانەوە). کەواتە بۆ نموونە وێنەگران بۆ وەدەستهێنانی باشترین وێنە لە یاریی تۆپی سەبەتەدا پێویستە لە پشت هەردوو سەبەتەوە بن چونکە یاریزانەکان لە چاوی کامێراکە نزیک یان دوور دەکەونەوە، نەک لە دەرەوە لە ناوەڕاستی یاریگەکانی هەردوو تیم، کە یاریزانەکان لەو حاڵەتانە بەنێو چاو یا چوارچێوەکەدا تێ دەپەڕن. ئەم جارەشیان ئەگەر لە تەلەفزیۆن سەیری یارییەکی تۆپی سەبەتەت کرد، سەرنج بدە بزانە وێنەگرەکان لەکوێوە وێنە دەگرن.

ڕێگەیەکی تری گرتنی وێنەی ڕوونی تەن یا بابەتی جووڵاو ئەوەیە کامێراکەت لەگەڵی بجووڵێنیت بەو ئاراستەیەی بابەتەکە بۆی دەچێت، بەم شێوەیەش وێنەی



بابەتەکەت ڕوون دەبێت بەڵام دەوروبەرەکەی شێلوو دەبێت. بەم شێوەیەش پێشانی دەدەیت وێنەی بابەتێکت گرتووە کە بە خێرایی دەڕوات و وێنەکەشت ڕوونە.

– بە پێچەوانەی قسەکانی پیشەسازانی کەرەستەی وێنەگرتن، فلاش بۆ وێنەگر هیچ هاوکار نییە. پێویستە وێنەگر خۆی لەگەڵ بەکارهێنانی ڕووناکیی دەستکرد لە جیاتی فلاش ڕابهێنێت، ئەم کارەش لە سەرەتادا ئاسان و خۆش نییە بۆ تازەکاران. ئەو ڕووناکییەی فلاشی کامێرا دەیدات بە بەراوورد لەگەڵ ڕووناکیی سرووشتیدا ڕووناکییەکی زەق و پانە. ئەگەر بۆت ڕەخسا فلاشی کامێراکەت لێ کەوە بە دیوار یاخۆ بنەبانی ژوور یا وێنەکەوەی هەڵواسە ئینجا وێنە بگرە. بەم جۆرە هەندێک لە نەرمی و قووڵیی وێنەکە دەگێڕیتەوە کە لە ئەنجامی بوونی فلاش لەسەر کامێرا لە وێنەکەدا نامێنن. هەروەها فلاشی سەر کامێرا بیلبیلەی چاوی ئەو کەسانەی وێنەیان دەگریت سوور دەکات. ئەمەش لەبەرئەوەیە ڕووناکیی فلاشی سەر کامێراکەت لە چاوی گەسەکە دەدات و بۆ ناو چاوی کامێرا و لە ئەنجامدا لەسەر فیلمی نێو کامێراکە دەگەڕێتەوە. بەڵام ئێستا دەکرێت ئەم خەوشە (چاوی سوور) لە وێنەکاندا بە هۆی پرۆگرامی تایبەتی کۆمپیوتەر لاببەین.




ئەگەر وێنەگرتنەکەت پێویستی بە فلاش هەبوو ئەم خەوشانەی فلاشت لە بیر نەچێت. کاریگەریی فلاش لەوێنەگرتندا سنووردارە و لە مەترێکەوە بۆ ٣ مەتر و نیو تێ ناپەڕێت، ئەویش بە پێی هێز و تینی فلاشەکە. ئەگەر وێنەکەت لە مەترێک و ٢٠ سانتیمەتر نێزیکتر بێت ئەوا نوقمی نێو ڕووناکی دەبێت، ئەگەریش لە ٣ مەتر و ٦٠ سەنتیمەتریش دوورتر بێت ئەوا تاریک دەردەچێت.

– شوێنی وێنەگر. یەکێک لە هەڵە باوەکانی تری وێنەگرە تازەکارەکان ئەوەیە خۆیان باش لەو بابەتانەی وێنەی دەگرن نێزیک ناکەنەوە. کاتێک وێنەگر تەماشای ناو

دووربینی کامێراکەی دەکات (چاوی وێنەگر تەنیا جەخت لەسەر بابەت یا کەسەکە دەکات و بە جۆرێک لە جۆرەکان دەوروبەرەکەی پشتگوێ دەخات) بەڵام چاوی کامێرا (چ کامێرای ئاسایی بێت فیلمی سیلیلۆید بێت یان ناسکە چیپسی سیلیکۆنی کامێرای دیجیتاڵ) شتی تر جگە لە بابەت یان کەسەکە تۆمار دەکات. خۆ کامێراکەت بۆ نموونە نازانێت تۆ تەنیا جەختت لەسەر ئەو چەند کەسەی نێو هۆڵەکە کردووە کە بەتەمای وێنەیان بگریت، لەگەڵ ئەوانیش کورسی و مێزی پێشیان و گڵۆپەکانی هۆڵ و هەموو ئەو شتانەی لە قوڵایی و هەردوو لای هۆڵەکەدان تۆمار دەکات.

کاتێکیش سەیری وێنە لەچاپدراوەکان، یاخۆ وێنە دیجیتاڵەکان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەت دەکەیت، دەبینیت بابەتەکەت (ئەو چەند کەسەی وێنەت گرتوون) تەنێکی بچووکی نێو جەنجاڵییەکی بینراوی گەورەن. سەرت سووڕ دەمێنێت چۆن ئەو چەند کەسە لە وێنەکەتدا وا بچووکن. تۆ دڵنیای کاتێ وێنەکەت گرتووە ئەو کەسانە دیارتر و زلتر بوون لەوەی ئێستا لە وێنەکەدا دەیبینیت. ئەگەر ئەو وێنەیە بۆ بەکارهێنانی خۆت یان برادەرەکانت بێت ئەوە ئاساییە. بەڵام ئەگەر وێنەکە بۆ ڕۆژنامە بێت ئەوە دەبێتە گرفت.

ئەم گرفتە لە چییەوە دێت، تۆ لە دوورەوە وێنەی بابەت یان کەسەکانت گرتووە. چارەسەریش بریتییە لە خۆ نێزیککردن لە بابەتی وێنەکەت. تا دەکرێت و سنووری جەستەیی (نەک سنووری هەستی) بوار دەدات خۆت لە بابەتی وێنەکانت لە کاتی وێنەگرتندا نێزیک بکەوە.

– هەوڵ بدە داهێنەر بیت و خۆت لە گرتنی ئەو وێنانە دوور بخەوە کە تیایاندا خەڵک بە پۆزەوە وەستاون یاخۆ چاویان لە چاوی کامێرا ناوە و زەردەخەنەیەکی درۆزنانەیان بەدەمەوەیە. هەموومان لە هەواڵەکاندا ئەم جۆرە وێنانەمان دیوە کە تیایاندا دوو کەس تەوقە لەگەڵ یەکتردا دەکەن و زەردەخەنەی درۆزنانەیان لەسەر لێوە، ئەوەتا یان یەکێکیان بڕوانامەیەک دەدات بە ئەویتر یاخۆ جۆرە یارمەتییەکی پێشکێش دەکات (چ لە شێوەی پارە بێت یاخۆ شتی تر). پێویستە وێنەگر خۆی لە گرتنی ئەم جۆرە وێنانە (کە لە پیشەی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژئاوادا پێی دەڵێن وەرگرە و



پێ بکەنە – grin and grip) دوور بخاتەوە. ڕەنگە هەندێ جاریش هیچ ڕێگەیەک نەبێت بۆ خۆ قورتارکردن لە گرتنی ئەم جۆرە وێنانە بەڵام پێویستە هەوڵ بدەیت. چونکە خەڵک لە وێنەدا ڕەنگە هەندێ شتی زۆر سەرنج ڕاکێش بکەن کە تەنیا لە کاتی وێنەگرتندا دەیکەن، بۆیە پێویستە وێنەگر بەدوای ئەم گرتانەدا بگەڕێت. دەکرێت وێنەگر داوا لەو کەسانە بکات کە بەتەمایە وێنەیان بگرێت شتێک بکەن – دەست لەسەر شانی یەکتری دابنێن یان تەوقە نەکەن لە وێنەکەدا یاخۆ هەر شتێک بکەن جگە لەم پۆزە نەریتییانەی کە هەموو کەس لە کاتی وێنەگرتندا مەیلی لێدانی هەیە.



– شتێکی تری گرینگ دەبێت وێنەگر ئاگای لێ بێت، ئەو شتانەی لە باکگراوند یاخۆ قووڵاییی وێنەکەیەتی. چونکە زۆر وێنەی باش بە بوونی شتی جارسکەر و ناشیرین لە باکگراوندەکە تێکچوونە. بۆ نموونە تۆ وێنەی چەند کەسێک دەگریت و تا وێنەکە لە چاپ نەدەیت یاخۆ نەیخەیتە سەر مینای کۆمپیوتەرەکەت (ئەگەر وێنەکە دیجیتاڵ بوو) ئەوسا بۆ دەردەکەوێت تەلی کارەبا یاخۆ لقە دارێکی پشت بابەتەکانت وا دەرکەوتوون وەک ئەوەی لەسەر کەسەکان شین بووبن. چاوی وێنەگر ئەم شتانەی لە باکگراوندەکەدا نەبینیبوو چونکە تەنیا جەختی لەسەر کەسەکان دەکرد و ئەو شتانەی پشتگوێ خست، بەڵام وەک گوتمان چاوی کامێرا هەموو ئەو شتانەی بینی و تۆماری کردن. بۆیە دەبێت وێنەگر وریای ئەم جۆرە شتانە بێت و بە زوومی کامێرا چارەیان بکات و شێلوویان بکات بەر لە گرتنی وێنەکەدا.

– ڕەنگە زۆر جار وێنەگر حەز بکات بابەتی وێنەکەی لە ناوڕاستی کادر یان چوارچێوەی وێنەکەیدا بێت، بەڵام لەڕاستیدا ڕەنگە ئەگەر بابەتەکە لە لایەکی کادرەکە بێت وێنەکە سەرنج ڕاکێشتر دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش بەکارهێنانی

یاسای سێیەکان بۆ وێنەگر باشە. یاسای سێیەکان Rule of Thirds ئەوەیە تۆ لە لای خۆتەوە وای دابنێیت و دووربینی کامێراکەت بەهۆی دوو هێڵی ستوونی و ئاسۆیی خەیاڵی بکەیتە چوار بەش. کەواتە چوارچێوەکە بۆ خۆت بکەیت بە چوار بەش. هەر بەشێکیش لەو چوارە بابەتی وێنەکەتی تێدا بێت باشە. ئەگەر بابەتی وێنەکەت لە جووڵەدا بوو ڕەنگە پێت باش بێت کەمێک بواری بدەیت بجووڵێتەوە بێ ئەوەی لە چوارچێوەی وێنەکەت دەربچێت. جاری واش هەیە تۆ ڕەنگە بتەوێ وا پێشان بدەیت بابەتەکەت خەریکە لە چوارچێوەی وێنەکە دەردەچێت، بەڵام ئەمەیان کارتێکردنێکی خراپ لەلای بینەر دروست دەکات و ڕەنگە حەز بەوە نەکات تەنێک یا بابەتێک ببینێت خەریکە لە کادری وێنەکە دەردەچێت.

– هەرگیز لە بیرت نەچێت وێنەگری ڕۆژنامەوانی دوو شتە یەکەمیان ڕۆژنامەوان ئینجا وێنەگرە. بۆیە چۆن پێڕەوکردنی یاساکانی دادپەروەری لە ڕۆژنامەوانیدا پێویستن ئاوەهاش لە وێنەگرتندا پێویستییان زیاترە.

– سوود وەرگرتن لە سروشتی شوێنی گرتە یان وێنەکە وەک دار و درەخت و پەنجەرە بایەخی زیاتر بە وێنەکەت دەدات. ئەم جۆرە شتە سرووشتییانە قوڵاییی زیاتر و پێکهاتەیەکی بینراوی سەرنج ڕاکێش بە وێنەکەت دەبەخشن و سەرنجی بینەریش زیاتر بۆ وێنەکەت ڕادەکێشن.

– گرینگترین ڕەهەند لە وێنەگرتندا ڕووناکییە. ئەمەیان هەرچەند شتێکی زۆر گرینگ و بنچینەییە و ناکرێ لە بیر بکرێت، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە کە لەبیر دەکرێت. وەک وێنەگرێک خۆت ڕابهێنە بەردەوام سەرنجی ڕووناکی بدەیت. سەیرکە چۆن ڕووناکی لە پەنجەرەوە بە نێو ژوورەکەدا دەڕژێت و چۆن لەسەر ئاو و بەفردا تیشک دەداتەوە. تەماشای ڕووناکی بکە لە ڕۆژێکی هەوراویدا و لەگەڵ ڕووناکیی بەهێزی خۆری بەتین لە ڕۆژێکی ساماڵدا. وێنەی تاکە کەسی لە ڕۆژی هەوراویدا باشتر دەردەچن چونکە ڕووناکییەکە نەرمترە و شتەکان بە وردی دیار دەبن و سێبەرەکان کاڵتر و بۆ ڕوخساری کەسەکان بێ زیانتر دەبن.

ئەگەر کاتی نیوەڕۆ سەیری دیوارەکانی تەلارێک بکەیت پاشان لە کاتی خۆرئاوابوونیش سەیری بکەیتەوە دەبینیت چۆن ڕەنگەکانی دەگۆڕێن. تەماشا بکە





سێبەر و ڕووناکی چۆن گەمە لەسەر پلیکانەکانی تەلارەکە دەکەن. سەرنج بدە ڕوخساری مرۆڤ چۆن بە تەواوی دەگۆڕێت کاتێک لە لایەکەوە یان لە سەرەوە یاخۆ لە خوارەوە ڕووناکی لێی دەدات. سەرنج بدە چۆن بینایی چاوەکانت بەدوای هەردوو ڕێڕەوە تەریبەکانی ڕێئاسنی شەمەندەفەر یاخۆ شۆستە شەقامێکدا دەڕوات. ئێمە هەموومان سەرقاڵی تەماشاکردنی شتێکین و بۆ تەماشاکردنی ئەوی تر دەبەزین. بۆ ئەوەی بینایی چاوەکانت لەسەر یەک شتدا ڕابوەستێنی دەبێت تۆ پێشتر ئەم شتەت نەدیبێت، پاشان وێنەیەکی ئەم شتە نوێیە پێشکێش بە خەڵک بکەیت بۆ ئەوەی ئەوانیش بیبینن.

## وێنە و هێلکاری

هەندێ جار هەواڵنێرانی ڕۆژنامە بە ئەنقەست وێنە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بۆشاییەکی زۆر پڕ بکەنەوە، بەم شێوەیە بابەتەکەیان کورت دەکەنەوە و شوێنەکەی تر بە وێنە داگیر دەکەن. وێنەی باش ئەو وێنەیەیە شتێک بخاتە سەر بابەتەکە و سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و بابەتەکەیان بۆ ڕوونتر بکاتەوە. وێنە دەبی یارمەتیی هەواڵنێران بدات بۆ نووسینی بابەتێک نەک کەمکردنەوەی بابەتەکە. هەروەک نەخشەسازی ڕۆژنامە ڕۆن ڕیزن دەڵێت: "وێنە بۆ زیادکردنی زانیارییە نەک بۆ جوانکاری".

هەموو وێنەیەک دەبێ مەبەستێکی لە پاڵەوە بێت. وێنە نابێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی ڕۆژنامەکەت بەکار بهێنرێت (بەداخەوە ئەم دیاردەیەی پڕکردنەوەی ڕۆژنامە بە وێنە لە گەلێ لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت). وێنە دەبێ تێگەیشتن و ڕوانینی خوێنەر لە سەر بابەتەکە پتەوتر بکات. بۆیە پێوستە نووسیاران زۆر بە




باشی لە بنج و بنەوانی بابەتەکە بگەن ئینجا بڕیاری وێنەیەک بدەن کە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا یەک بگرنەوە: نابێ هەر لە خۆتەوە وێنە بۆ بابەت یان هەواڵ دابنێیت. زۆربەی جار وێنە وردەکاریی هەواڵەکە تەواو دەکات. زۆر شت هەیە باس ناکرێت چونکە وێنەکە بۆ خوێنەر قسە دەکات.

وێنە دەتوانێت ڕاستییە بنەڕەتییەکانی پرۆسەیەک پێشان بدات و ڕوونیان بکاتەوە. بۆ نموونە: تۆ ڕاپۆرتێک لە سەر پیسبوونی ژینگە لە وڵاتەکەتدا ئامادە دەکەیت. ئا لێرەدا، دەتوانی نەخشەیەک بەکاربێنی، بیخەیتە ڕوو لە کوێ هەوا پیسە و ناتەندروستە. دەتوانی هێڵکارییەک بکێشی و کاریگەریی پیسبوونەکە لە سەر سییەکانی دانیشتوان بۆ خوێنەر ڕوون بکەیتەوە.

نابێ وێنەیەکی ئاڵۆز لەگەڵ هەواڵێک دابنێیت کە زۆر شتی تیا بێت و خوێنەر سەری لی تێک بچێت، بگرە دەبێ وێنەکە زۆر ڕوون بێت و یەک هزرۆکە لە خۆ بگرێت. دەتوانین وێنە بە هێلێکی خێرا بچوێنین: شوفێر ناتوانێت لێکۆڵینەوەی هێڵە خێراکە بکات چونکە هەموو شتەکان بە خێرایی تێپەڕ دەبن، بۆیە زانیارییەکان دەبێ ڕوون و سادە بن لە بەر دیدەی خوێنەردا.

بۆ نموونە: تۆ بابەتێک لە سەر ئەوە دەنووسیت کە بودجەی ساڵانەی شارەکەت بە بەراورد لە گەڵ ١٠ ساڵی ڕابردوودا دوو ئەوەندە زیادی کردووە. تێبینیی ئەوەش دەکەیت زۆربەی پێشکەوتنەکان لە سێ ساڵی ڕابردوودا کراون. تۆ دەتوانی بە هێڵکارییەک زۆر بەڕوونی ئەمە بخەیتە بەر دیدەی خوێنەران و بۆیان سادە بکەیتەوە. خوێنەر ساناتر لە بابەتەکەت تێ دەگات گەر بە هێڵکاری شتەکان بخەیتە ڕوو،



نەک هەر تەنیا بە ژمارەی ڕووت. بۆ نموونە گەر بتەوێ باسی ڕێژەی پێشکەوتنی بازرگانی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکەت بکەیت، ئەوا دەبێ بە هێلکارییەک ڕێژەی شارەکەت و شارەکانی دیکەش بخەیتە ڕوو گەر مەبەستت بەراوردکردن بێت. یان دەتوانی بە هێڵکارییەک ڕێژەی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی کۆلێرا بوونە لە شارە جیاجیاکاندا بخەیتە ڕوو نەک هەر تەنیا بە ژمارەی ڕووت باسی تووشبووەکان بکەیت. ئەو نووسیارانەی کار لە سەر وێنە و هێڵکاری دەکەن دەبێ ئاماریان هەبێت و بە وردی و بەڕوونی بیانخەنە ڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر لە بابەتەکە تێ بگات.

## نووسینەوەی وێنە

### وێنە چۆن دەنووسرێتەوە؟

سنوورەکانی وێنە نووسینەوە ڕەوشتین زیاتر لەوەی هونەری بن. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوان تا پێی بکرێت ورد بێت، ئەوەتا ڕۆژنامەوانی وێنەگریش دەبێت هەڵکەوت وەک خۆی و بەبێ دەستکاری و گۆڕین پێشکێش بە خەڵک بکات. بۆ بەشی هەواڵ و ڕیپۆرتاج وێنەگر لە ڕووی ڕەوشتییەوە بۆی هەیە نووسینەوەی ئەلیکترۆنیی وێنە بەکار بهێنێت وەک چۆن وێنەگری ترادیسیۆناڵ لە ژووری تاریکی وێنە دەرهێناندا جوانکاریی وێنەکانی دەکات.




بەم واتایەش وێنەگری ڕۆژنامەوان دەتوانێت وێنە بچووک بکاتەوە و شتی نەویستراو لە باکگراوندی وێنەکەدا لاببات، بەڵام نابێت بڕین و بچووککردنەکە زەق و دیار بێت –


IN UGANDA, LIVES STEEPED IN AGONY

نابێت بڕینی وێنە پەل و پۆ یاخۆ تەوقی سەری کەسی ناو وێنەکە لەگەڵ خۆیدا ببات (مەگەر بۆ مەبەستی ئەوە بێت بتەوێ جەخت یاخۆ سەرنجی بینەر بۆ چاوی کەسی ناو وێنەکە ڕابکێشیت یان وێنەکە بەو شێوەیە سەرنجڕاکیشتر بکەیت). هەروەها نابێت وێنەگر ئەوەندە لە وێنە ببڕێت تا دەگاتە دەم و چاوی کەسی نێو وێنەکە – چونکە یاسای باوی وێنەگرانی ڕۆژنامەوان ئەوەیە تۆ تا ئەو شوێنە دەبڕیت کە دەکەوێتە ژێر گرێی کەرەواتی کەسەکە یاخۆ ئەو شوێنەی گرێیەکەی لێیە بۆ ئەو کەسانەی کەرەواتیان لەمل نییە.

بۆ لاپەڕی ڕۆژنامە ئەو وێنەیە هەڵدەبژێریت کە کەسەکە ڕووی لە ناوەوەی لاپەڕەکەیە نەک ڕووی لە دەرەوەی لاپەڕەکە کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش وێنەگر بۆی هەیە شوێنی وێنەکە لە لاپەڕەکەدا بگۆڕێت بەڵام بۆی نییە تەکنیکی وەرگێڕانی ڕووی کەسی نێو وێنەکە بە کار بهێنێت.






لە ژووێکی تاریکی ترادسیۆناڵی وێنەگراندا وێنەگر دەتوانێت بابەتی وێنەکەی ڕوون یا تاریک بکات بۆ ئەوەی بەپێی پێویست لە نێو وێنەکەدا بەدیار بکەوێت. بە هەمان شێوە ئەم کارە لەگەڵ وێنە دیجیتاڵەکانیشدا بە هۆی پرۆگرامی کۆمپیوتەری بۆ نووسینەوەی وێنە دەکرێت. هەروەها بۆت هەیە هەموو وێنەکە ڕوون یان تاریک بکەیت یاخۆ دەستکاریی ڕوونی contrast و ڕەنگەکەی بکەیت بۆ ئەوەی ڕەنگەکان زیاتر ڕاستی بێنە بەرچاو. هەروەها وێنەگر دەتوانێت خەوشی چاوی سوور لە وێنەکان لاببات کە بە هۆی بەکارهێنانی فلاشی کامێراوە دێتە ئاراوە.

بەڵام ئەوەی بۆ وێنەگر نییە بیکات ئەوەیە خەڵک یاخۆ شت یاخۆ ناتەواوییەکانی

نێو وێنەکە بسڕێتەوە، یان باکگراوندی وێنەکە بگۆڕێت، یان لە وێنەکەدا شت زیاد یان کەم بکات.

لەبەر ئەو هەموو سنووربەندە ڕەوشتییانە دەردەکەوێت وێنەگری تازەکار پێویستی بە پرۆگرامێکی زۆر پێشکەوتوو و بەهێزی نووسینەوەی وێنەی دیجیتاڵ نییە.

## زیندوو ڕاگرتنی هەستەکان (لەبارەی وێنەگرتنەوە)

بۆ ئەوەی وێنەی باش بگریت پێویستە بەم خاڵانەوە پاوەند بیت:

١ گوێ لە هەواڵ بگرە.

٢ هاوسەنگی لەنێوان کردار وکاردانەوەدا دروست بکە: نیوەی ماوەی کارەکەت بۆ وێنەگرتن تەخان بکە و نیوەکەی تری با بۆ وێنەگرتنی کاردانەوەی ڕووداوەکە بێت.

٣ زیاد لە ڕووداوەکە مەچۆ بۆ پێشەوە، بۆ نموونە تا دەکرێ ڕووناکیی ئاسایی بەکاربێنە و پەنا مەبە بۆ ڕووناکیی دەستکرد.

٤ کەسایەتییەکان بناسە، ئەگەر کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشت دۆزییەوە شوێنی بکەوە و هەوڵ بدە بەبێ کامێرا ماوەیەک لەگەڵیدا بە پێش ئەوەی وێنەی بگری. چونکە گەر ئەو کەسەت ناسی وێنەکانت ڕاستیی ئەو دەگێڕنەوە.

٥ کات بۆ وێنەگرتن خەرج بکە، هەوڵ بدە پەلە نەکەیت، زۆرترین ماوە ئارام بگرە تا وینەکانت دەگری، ئەگەر پێوسیتی کرد بەمانگ و ساڵ بەردەوام بە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی وێنەی باش.

٦ پێش ئەوەی داوات لێ بکرێ خۆت ئامادە بکە و لە بۆسەدا بە، لەوانەیە لەناکاو داوای وێنەت لێ بکرێ.

٧ خۆت خاوەنی کار بە: گەر کرا پێش ئەوەی هەواڵنێر ببەی وێنەکان بگرە بۆ ئەوەی تا ئەو ڕاپۆرتی خۆی ئامادە دەکات تۆ کاری خۆت بەباشترین شێوە ئەنجام بدەی.

٨ هەواڵەکانت بفرۆشە: زۆر گرینگە بزانی کام لەو هەواڵانەی وێنەیان دەگری بڵاو دەبنەوە، واتە بزانی خاوەن کەناڵەکان چییان پێویستە و کەی پێویستیان دەبێ.

٩ چێژ لە کارەکەت وەرگرە: چەند چێژی زیاتر لە کارەکەت وەرگری ئەوەندە کارەکەت ڕێک و پوختتر دەبێ.



## دروستکردنی ئەرشیفی هەواڵ

### ئەرشیفی هەواڵ چییە؟



ئەرشیفی هەواڵ بریتییە لە کۆکردنەوە و پاراستنی هەموو ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژنامەکەی تۆدا بڵاو دەکرێنەوە. ئامرازێکی بەژێدەرکرنی گرینگە. ئەرشیفی هەواڵ جیایە لە پاراستنی هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە. لە ئەرشیفی هەواڵدا هەموو هەواڵەکان لە ڕۆژنامەکە جیا دەکرێنەوە و بە ڕیزبەندیی ئەلف بێ بە پێی ناو و بابەتەکە ڕیز دەکرێن. هەر فایلێک هەموو ئەو هەواڵانەی تیایە کە کەسێک نووسیویەتی.

### بۆ دەبێ ڕۆژنامە ئەرشیفی هەواڵی هەبێت؟

هەموو ڕۆژنامەیەک دەبێ ئەرشیفێکی هەواڵی هەبێت چونکە زۆربەی هەواڵەکان بەشێکن لە پرسێکی درێژخایەن و بەردەوام. بۆ ئەوەی هەواڵنێرێک هەواڵی ئەمڕۆ بە باشی ئامادە بکات، دەبێ بزانێت پێشتر چی لەسەر ئەو هەواڵە نووسراوە، چ ڕووداوێک بووەتە هۆی هەواڵی ئەمڕۆ، بۆچی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ ڕوودەدەن. زانیاری

و پێشینەی ورد زۆر گرینگن بۆ ئامادەکردن و ڕاستی و دروستیی هەواڵێک. هەواڵنێر لە ڕێگەی ئەرشیڤی هەواڵەوە دەتوانێت ئەو زانیاری و پێشینەیەی دەست بکەوێت کە پێوەستن بەو هەواڵەی ئامادەی دەکات. فایلی هەر هەواڵێک یان بابەتێک وەک مێژوویەک وایە بۆ ئەو هەواڵە یان ئەو بابەتە. ئەرشیڤی هەواڵ ئامرازێکە بۆ پەروەردەکردن و پڕچەککردنی هەواڵنێران لەسەر هەواڵێک پێش ئەوەی دەست بە داپۆشینی بکەن. ئەو جۆرە مێژووە زۆر گرینگ و پڕبایەخە بۆ هەواڵنێرێکی نوێ کاتێ هەواڵێکی دەست دەکەوێت و دەست دەکات بە بەدواداچوونی. پربایەخ و گرینگە کاتێ هەواڵنێرێک دیمانە لەگەڵ یەکێکدا ساز دەکات پێشتر دیمانەی لەگەڵدا نەکراوە. یارمەتیدەرە کاتێ هەواڵنێرێک بەشداری لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا دەکات لەسەر بابەتێک کە زانیاریی لەسەر نییە یان پێی ئاشنا نییە.

ئەرشیڤێکی باشی هەواڵ زانیاریی پێشینە بۆ هەواڵە هەنووکەیی و ڕۆژانەکان دابین دەکات. هەروەها یارمەتیی هەواڵنێر دەدات هەڵە نەکات، یان کەمترین هەڵە بکات، چونکە زۆر زانیاری لەسەر پرسیارە بنەڕەتییەکان (کێ، چی، کەی، لەکوێ، بۆچی) دابین دەکات. هەواڵنێر گەر هەواڵێکی نوێی دەست کەوێت دەتوانێت لە ئەرشیڤی هەواڵەوە فێری ئەم شتانە بێت: ڕێنووسی ناوەکان، مێژوو و ڕیزبەندیی ڕووداو و هەواڵەکان، وردەکارییەکانی ڕابردوو لەسەر هەواڵ، چۆنیەتیی نووسینی هەواڵەکان، زانیاریی پێشینە لەسەر هەواڵ، بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر بنەڕەت و دروستبوونی هەواڵەکە. بوونی ئەرشیڤێکی هەواڵ بە ڕیزبەندیی ئەلف بێ ئاسانترین و سادەترین سەرچاوەیە بۆ هەواڵنێر. یارمەتیی هەواڵنێر دەدات بە کەمترین کات زانیاری لەسەر هەواڵ و ڕووداوی ڕابردوو بە دەست بێنێت. هەواڵنێر لە کۆڵ ئەوە دەکاتەوە بچێت بە هەفتە و مانگ بە نێو ڕۆژنامەکاندا بچێت و زانیاری کۆ بکاتەوە، ئەمە شتێکی بەردەست و ئاسانە.

## چۆن ئەرشیڤی هەواڵ بەکار دێنیت؟

هەواڵنێران ئەرشیڤی هەواڵ وەک قیبلەنومایەکی نهێنی بەکار دێنن. ڕاوێژی پێ دەکەن تا یارمەتییان بدات بۆ ئەنجامدانی کارێکی دانسقە و پڕ لە زانیاریی نوێ. هەواڵنێری باش ئەو هەواڵنێرەیە کە بە نێو ئەرشیڤی هەواڵدا دەگەڕێت تا پرسیاری



نوێ بدۆزێتەوە و کاری لەسەر بکات، ئەو بەڵێنانە بدۆزێتەوە کە بەرپرسێک یان سەرۆکێک کاتی خۆی بە جەماوەری فرۆشتوون و تا ئێستاش خۆی لە جێبەجێکردنیان دەدزێتەوە، سەرنج لەو شتانە دەدات کە باسکراون و تا ئێستا چارەسەر نەکراون و خەڵکیش لە بیریان چووەتەوە. هەواڵنێر دەتوانێت تەنیا بەسەر مانشێتەکانی ئەرشیڤی هەواڵدا بچێتەوە و بۆ بەدواداچوونی نوێ بیرۆکەیان لێ وەربگرێت. جاری وا هەیە لە ئەرشیڤی هەواڵ هەواڵێک دەدۆزیتەوە، پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە: زانیاریی نوێی لەسەر بڵاوبکەیتەوە. بۆ نموونە وەک ساڵوەگەڕەکان، کەسایەتیی بەرپرسێک، یان ڕووداوێکی زەقی نێو کۆمەڵگا.

وێڕای ئەمەش، هەواڵنێر و نووسیار دەتوانن لە کاتی پلان داڕشتن بۆ داپۆشینی هەواڵ یان پرسێکی هەنووکەیی ئەرشیڤی هەواڵ بەکاربێنن. چاوخشاندن بە ئەرشیڤی هەواڵدا بۆ بابەتێک، ڕەنگە ئەوەت بۆ ڕوون بکاتەوە کە لە داهاتوو ڕوودەدات. ڕەنگە ئەوەت بۆ ئاشکار بکات کە ڕاستییەکی ئەوکات زۆر بایەخی پێ نەدراوە، ئێستا تۆ دەتوانی زۆر بایەخی پێ بدەی و ببێتە هەواڵێکی زۆر سەرنج ڕاکێش. جاری وا هەیە هەواڵێک یان ڕاپۆرتێک بڵاو کراوەتەوە بەڵام هەواڵنێر مافی تەواوی خۆی نەداوەتێ، بۆیە تۆ دەتوانی بە تێروتەسەلی باسی لێوە بکەیت. ئەرشیڤی باش دڵنیات دەکاتەوە کەوا ڕۆژنامەکەت پەرت و بڵاو و بێ سەروبەر نییە.

بەشێکی گرینگی بەکارهێنانی ئەرشیڤی هەواڵ ئەوەیە کە تۆ دوای گەڕان بەنێو هەواڵەکاندا و خوێندنەوەیان چی دەکەیت. ئەوەی ئەرشیڤی هەواڵ بەکاردەهێنێت دەبێ دوای خوێندنەوە هەموو فایلەکان لە شوێنی خۆیان دانێتەوە و بە بێ سەروبەری جێیان نەهێڵێت، هەروەها بابەتەکان لە ژێر پیتی خۆیاندا بمێننەوە بۆ ئەوەی بابەتەکان تێکەڵ و پێکەڵ نەبن. بەم شێوەیە، ئەو کەرەستەیەی هەیە بۆ هەموو کات و هەموو کەس لە کاتی پێویستدا ئامادە دەبێت.

## چۆن ڕۆژنامەیەک ئەرشیڤی هەواڵ دروست دەکات؟

هەندێ ڕۆژنامە هەن هەموو کارەکانیان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە جێبەجێ دەکرێن. کاری ئەم ڕۆژنامانە ئاسانە و لە ڕێگەی بەرنامەیەکەوە دەتوانێت ئەرشیڤێکی ئەلف بێ دروست بکات و هەموو بابەتەکانی تێدا هەڵگرێت. بەڵام گەر ڕۆژنامەکەی تۆ ئەو

توانایەی نەبوو، یان ستافی هەواڵ بە ئاسانی نەگەیشتن بە کۆمپیوتەر، ئەوا ئەرشیفێکی ئاسایی دروست دەکەیت و بابەتەکان بەشێوازی ئاسایی بە نووسراوی سەر کاغەز هەڵدەگریت، زۆرجار ئەمە باشتریشە.

دروستکردنی ئەرشیفێک زۆر ئاسانە. ئەوەندە زەحمەتە تا دەستی پێ دەکەیت. دۆڵابێکی گەورە و چەند بۆکسفایلێک بەسە بۆ دروستکردنی ئەرشیفێکی هەواڵ.

کارەکە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیارییانە دەست پێ دەکات کە ڕۆژنامەکە بڵاویان دەکاتەوە و دوای ئەمە بەپۆلێنکردنیان. بەم شێوەیە، هەموو ئەو بابەتانەی لە لایەن یەکێکەوە نووسراون یان لەسەر پرسێک نوسراون لەگەڵ یەکتردا لە یەک شوێن هەڵدەگیرێن.

سەرەتا، ئەرشیفی هەواڵ دەبێ لایەنی کەم ئەم شتانەی تێدا هەبێت:

* هەموو ئەوانەی ناویان هاتووە لە بابەت، هەواڵ، ڕاپۆرتەکاندا.
* هەموو داودەزگاکانی حکوومەت و ئەو ئاژانسانەی ناویان هاتووە.
* هەموو ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی تر و کۆمپانیاکان کە ناویان لە ڕۆژنامەکەدا هاتووە.
* هەموو بابەتە تایبەتەکان کە شتیان لەسەر نووسراوە وەک: مووچەی خانەنشینی، باخچەی گشتی، کارەبا، مردن بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل، پیسبوونی ژینگە و تاد.

ڕۆژنامەی ئەمڕۆ لە بەردەستت دابنێ. بەسەر هەموو بابەتێکدا بچۆوە و ناوی ئەو کەسانە بنووسە کە گرینگن لە نێو بابەتەکاندا. بازنەیەک بکێشە بە دەوری داودەزگا حکوومییەکان و ئاژانس و ڕێکخراوە ناحکوومی و کۆمپانیاکان و تاد، بە تایبەتی ئەوانەی لە نێو بابەتەکەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. پاشان، ناوی هەر یەک لەمانەی سەرەوە بە ڕیزبەندیی ئەلف بێ بنووسە و هەر ناوێک بۆ سەر بۆکسفایلێک.

ئەم زانیارییانەی خوارەوە لەسەر بۆکسفایلەکە بنووسە:

ناوی سیانی

گرینگترین وشە لە بابەتەکە: بۆ نموونە گەندەڵی یان وەزارەتی (......).



## چاوپێکەوتن بۆ بەدەستهێنانی کار لە ڕۆژنامەوانیدا

هیچ ڕێنوێنییەکی وا نییە کە پەیڕەوکردنی لە چاوپێکەوتن بۆ دامەزراندندا پەیڕەو بکرێت و ئاکامەکەی دامەزراندنت لە سەدا سەد مسۆگەر بکات، لەبەرئەوەی ئەم دیمانەیە پرۆسەیەکی دوو لایەنەیە، لەوانەیە پشت بە کەسایەتی و خواستەکانی ئەنجامدەرەکەیەوە ببەستێ بەقەد ئەوەی پشت بە جۆر و توانای کاندیدەکەوە دەبەستێ.

هەندێ جار دەشێ لە کاتی ئەنجامدانی دیمانەدا ئەو کەسەی بۆ دیمانە بۆ کارکردن وەک ڕۆژنامەوانێک چووە، پێشبینیی هەندێ یان هەموو ئەم پرسیارانە بکات (ڕەنگە پرسیاری تریش هەبن).

– بۆ دەتەوێ لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کار بکەیت؟
– بۆ دەبێ تۆ باشترین کەس بیت بۆ ئەم کارە؟
– لە بواری ڕۆژنامەوانیدا هیچ شارەزاییەکت پەیدا کردووە؟
– گەر لە ڕۆژی یەکەمی کارکردنت وەک ڕۆژنامەوان، خۆت لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ ڕووداوێکی گەورەی ئۆتۆمۆبیلدا دیتەوە، چ دەکەی؟
– ئەگەر کەسێک پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت و پێش دەستبەکاربوونی پێویست بوو پێنج پرسیاری لێ بکەیت، ئەو پرسیارانە چی دەبن؟
– کام لە کارەکانت جێی شانازیی تۆیە؟
– پێت خۆشە بەتەنیا کار بکەیت، یان لە تیمێکی کاردا بیت؟
– چ جۆرە هەواڵێک زۆرترین سەرنجی تۆ ڕادەکێشی؟
– هیچ بوارێکی دیاریکراو هەیە کە حەز بکەیت تایبەتمەندیت تێیدا هەبێ؟
– لە کاری ڕۆژنامەوانیدا دەتەوێ چ ئامانجێک بەدەست بهێنی؟
– ئەگەر ئێستا بتنێرن بۆ هێنانی هەواڵێک چ دەکەی؟
– هەواڵەکانی ئێستا چین و چۆن دەتوانی بەدوایاندا بچی؟

ئەو کەسەی بەئاگا بێت لە کاروبار و ڕووداوەکان و هەندێ سەرچاوەی لەمەڕ ڕۆژنامەوانییەوە خوێندبێتەوە، لە بەرامبەر هیچ یەکێک لەم پرسیارانە بێ وەڵام نابێت.

بۆ نموونە دەتوانی وەڵامی پرسیاری یەکەم بەم شێوەیە بدەیتەوە:

(من بەردەوام حەزم لە هەواڵ و ڕۆژنامە بووە، لە منداڵییەوە کاتێ تەماشای کارتۆنی ساندی بێلم دەکرد ئارەزووم دەکرد ببمە ڕۆژنامەوان. هەروەها بۆم ڕوون بووەوە ژیانی خەڵکی تر سەرنجڕاکێشە و ئەوە دێنێ لە بارەیەوە زانیاریت هەبێ، بۆیە ویستم تا دەکرێ زانیاریی زیاترم لە بارەی جیهانی دەوروبەرمەوە بە دەست بهێنم و لەو زانیارییانەدا هاوبەشیی خەڵکی بکەم).

یان دەتوانی بڵێی:

(لە ڕاستیدا من خۆم زۆر لە شتان هەڵدەقورتێنم و باوەڕم بە هیچ شتێک نییە پێم دەگوترێ)، یان: (من لە بنەڕەتدا کارم بۆ ئەوە دەکرد ببمە سیاسەتوان، بەڵام دوایی بیرم لە کارێک دەکردەوە ڕەنگە بتوانێ جیهانی دەوروبەرمان بگۆڕێ)، یان بڵێی: (من بەردەوام بیرۆکەی بابەتی زۆر باشم بۆ دەهاتن، بۆیە بیرم لەوە کردەوە ئەو بیرۆکانە بکەم بە هوکارێک بۆ پارە پەیداکردن).

جاری واش هەیە وەڵامەکە لە جێی خۆی نابێ، بۆ نموونە گەر کەسێک بڵێ:

(من بۆیە دەمەوێ ببمە ڕۆژنامەوان لەبەرئەوەی باوکم ئامۆژگاریی کردووم گەر بمەوێ بەبێ ماندووبوون پارەم دەست بکەوێ ئەوا باشترین کار ڕۆژنامەوانییە) ئەم وەڵامە ئاشکرای دەکات خاوەنەکەی بەهیچ شێوەیەک ئاگای لە کاری ڕۆژنامەوانی نییە، یان کەسێک بڵێ: (لە ڕاستیدا من مەبەستمە کار لە کۆوارێکی نێودارادا بکەم بۆیە پێم وا بوو کارکردن لە ڕۆژنامەکەتان بۆ ماوەیەکی کەم ڕێگەکەم بۆ کورت دەکاتەوە).

بەهەرحاڵ، پێویستە باش بزانی ئەو کەسەی پێشوازیت دەکات و دیمانەت لەگەڵدا دەکات، نووسیار بێت یان هەر کارێکی تری هەبێت، دەیەوێ بزانێ چی تۆ دەبزوێنێ و ئاخۆ بەڕاستتە دەتەوێ کار لە بواری ڕۆژنامەوانیدا بکەیت، پرسیارەکان بەشێوەیەک داڕێژراون ئاشکرای بکەن تۆ چۆن لە هەواڵنێری گەیشتووی.



لە وەڵامی پرسیار بۆ دەبێ تۆ شیاوترین کەس بیت بۆ ڕۆژنامەوانی و ئەوەی دەپرسێ چ شارەزاییەکت هەیە، پێویستت بەڕاستگۆیییەوە و بە پشت بەستن بە شارەزاییی خۆتەوە وەڵامیان بدەوە. بۆ یەکەمیان ڕەنگە باشترین وەڵام ئەوە بێ کە بڵێی: (مەرج نییە من شیاوترین کەس بم بۆ ئەم کارە بەڵام منم کەسی گونجاو لەبەرئەوەی دەتوانم بابەتی ورد و هاوسەنگ و خوێندراو و ئاسان بۆ تێگەیشتنت پێشکێش بکەم).

کاتێ لەمەڕ شارەزاییت لە بواری ڕۆژنامەوانیدا پرسیارت لێ دەکرێت، دەتوانی باسی هەر کارێک بکەیت ئەنجامت داوە و ئەو بابەتانەت بخەیتە بەر دەست کە لە ڕۆژنامەدا بڵاوت کردوونەتەوە. لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتای کارکردنەوە ڕەنگە ڕووبەڕووی داپۆشینی هەواڵێکی گەورە ببیتەوە، بۆیە بێگومان پرسیارت لێ دەکرێ لەو کاتەدا چی دەکەی. پرسیارەکە بەو شێوەیە دەکرێ کە ئاشکرای بکات تا چەند دەزانی کار بکەیت و ئەگەر کارێکت پێ سپێردرا چۆن ئەنجامی دەدەی. لیستی ستانداری گەڕان بەدوای هەواڵدا ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێ:

– قسەکردن لەگەڵ زۆرترینی ئەو کەسانەی لە شوێنی ڕووداوەکەدان چ پۆلیس بن یان شایەتی چاودیتە و دڵنیابوون لەوەی هەموو وردکارییەکانت دەست دەکەون.
– تا دەکرێ مێژووی ڕووداوەکە بە وردی تۆمار بکەیت، هۆیەکان چین وچۆن دەستی پێکرد و ئاکامەکەی چییە و چەند کەسی تێوەگلاوە، چەند کەس تووشی بووە، چی دەکرێ...
– لە نێزیکەوە چاودێریکردنی شوێنی ڕووداوەکە، بۆ زانینی کۆمەڵێ شت کە لەوانەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە پێویست دەبن بۆ نموونە ڕووداوەکە لە نێزیک قوتابخانەیەک یان مزگەوتێک ڕووی داوە، شوێنی ڕووداوەکە چۆنە (باخ و داری لێیە، جادەی سەرەکییە) دەکرێ بەگشتی باسی بکرێت.
– تەلەفۆن بۆ ڕۆژنامەکە بکە تا لە شوێنی ڕووداوەکەوە وێنەیەکیان بۆ بگوێزیتەوە.

بێگومان وەڵامێکی لەم شێوەیە باشە و کاریگەریی باشی دەبێ لەسەر ئەو کەسەی پرسیاری کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا گەر بتەوێ زیاتر ئەنجامدەری دیمانەکە سەرسام بکەی ئەم چەند کارە بکە:

- یەکەم: بەر لە هەر شتێکی تر، تەلەفۆن بۆ نووسیاری هەواڵ بکە و پێی ڕاگەیەنە کە هەواڵەکە بەڕێوەیە و دەتوانن بەشی فرۆش لە ڕۆژنامەکە ئاگەدار بکەنەوە بۆ ئەوەی ژمارەی زیاتر بۆ ئەو ناوچەیە ببەن کە ڕووداوەکەی تێدا بووە.
- دووەم: تەلەفۆن بۆ بەشی وێنەگرتن بکە تا بە زووترین کات وێنەگرێک بۆ شوێنی ڕووداوەکە بنێرن، چونکە وێنە هێندەی وشە باس لە ڕووداو دەکات. هەروەها باشە برسیار لە شایەتە چاودیتەکان بکەی بۆ ئەوەی بزانی کەسیان وێنەی ئۆتۆمۆبیلەکەی پێش ڕووداوەکە یان لە کاتی ڕووداوەکەدا گرتووە، چونکە زۆربەی خەڵک لە مۆبایلەکانیاندا کامێرا هەیە و لە وانەیە بەو پرسیارە وێنەی خۆماڵیَ (حصری) و دڵهەژێنت دەست بکەوێ کە دوای ڕووداوەکە بە وێنەگرانی ڕۆژنامەکە ناگیرێن.
- سێیەم: هەموو ئەو خاڵانەی لە لیستی ستانداری گەڕان بە دوای هەواڵدا هەن ولە سەرەوە باسمان کردن، جێبەجێ بکە.
- چوارەم: داوا لە هاوکارێکت بکە بەپەلە بە نێو بابەتە بڵاوکراوەکاندا بگەڕێت بۆ ئەوەی زانیارییەکی بەسوود بۆ بابەتەکە، یان ڕووداوێکی هاوشێوە لە هەمان شوێندا، یان ئەو جۆرە ئۆتۆمۆبیلە زۆر جار تووشی ئەو جۆرە ڕووداوانە دەبێت، بدۆزێتەوە.

ئەگەر کاندیدەکە وەڵامی پرسیارەکە بەم شێوەیە بداتەوە ئەوا گومانی تێدا نییە پۆستەکە وەردەگرێ.

پرسیاری ئاخۆ چ پرسیارگەلێک ئاراستەی کەسێکی گرینگی وەک سەرۆک وەزیران دەکەی زۆر باشە بۆ ئەوەی بزانرێ توانای کاندیدەکە لە داهێنانی پرسیار لە کاتی کارکردندا چەندە. هیچ وەڵامێکی دیاریکراو بۆ ئەم پرسیارە نییە، بەڵام ئەگەر دیمانەکەت لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆییدا بوو، ئەوا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە بزانی بابەتی سەرەکیی هەڵمەتی ئەو ڕۆژنامەیە لەو کاتەدا چییە و ئەو بابەتانە چین کە کاریگەرییان لەسەر خوێنەری ئەو ڕۆژنامەیە هەیە. ئەم زانیارییانە دەبنە هەوێنی هەر پرسیارێک کە تۆ دەیکەیت و پێویستە پرسیارەکانت کراوە بن، واتە وەڵامی (بەڵێ) یان (نەخێر) هەڵنەگرن.



بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی دەڵێ کامە لە کارەکانت مایەی شانازیتە پێویستە بە ڕاستگۆییەوە وەڵام بدەیتەوە. دەشکرێ بە ئەنجامدەری چاوپێکەوتنەکە بڵێی باشترین کاری من هێشتا نەکراوە و بە هەموو کارەکانمەوە شانازی دەکەم، چونکە دەزانم هێشتا زۆر ماوە فێری بم و حەز دەکەم ئەنجامی بدەم.

پرسیاری ئاخۆ حەز دەکەی بەتەنیا کار بکەی یان لەگەڵ تیمێکدا، باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە دەربڕینی ئارەزووتە لەوەی پێت خۆشە کار بکەی بەبێ ئەوەی کەسێک بە دیار سەرتەوە بوەستێ، لەگەڵ ئەوەشدا وای نیشان بدەی تۆ خەڵکانی ترت خۆش دەوێ و ڕێزیان دەگری و شتی باشتریان لێوە فێر دەبی.

جۆرەکانی هەواڵ و ئەو پسپۆڕییانەی حەزیان لێ دەکەیت پرسیاری تایبەتن بە کەسایەتیی خۆتەوە و تەنیا تۆ دەتوانی وەڵامیان بدەیتەوە. بێگومان زیانی نابێ گەر بڵێی هەموو هەواڵێک سەرنجی من ڕادەکێشێ و جارێ نازانم لە چ بوارێکدا پسپۆڕی وەرگرم، مەبەستی بنەڕەتیی من ئەوەیە ببم بە هەواڵنێرێکی گشتیی بەسەنگ پێش ئەوەی پسپۆڕییەک هەڵبژێرم. هەمان ئەم وەڵامە بۆ ئەو پرسیارە لە بارەی ئامانجی بوونت بە ڕۆژنامەوان دەشێ.

کاتێک پرسیارت لێ دەکرێ جۆن دەتوانی هەواڵ بەدەست بهێنی هەلێکی باشت دێتە پێش بۆ ئەوەی زانیارییەکانت دەرخەی و دەتوانی لێرەدا باسی هەموو ئەو سەرچاوانەی هەواڵ بکەی کە باسمان کردوون و سەرنجی ئەنجامدەری دیمانەکەی پێ ڕاکێشی. دەشتوانی وا بکەی ئەم پرسیارەت ئاراستە نەکرێت، بەوەی لەگەڵ دەستی خۆتدا بیرۆکەی چەند هەواڵێک ببەیت و سەرچاوەکانیان بۆ دەستنیشان بکەیت. تەنانەت گەر ئەو پرسیارەشت لێ نەکرا لە کۆتاییی دیمانەکەدا پێیان بڵێ کارێکی وات کردووە و لەگەڵ خۆتدا هێناوتە.

پرسیاری دواهەواڵەکان بۆ ئەوەیە بزانن تۆ چەند ئاگەداری ڕووداوەکانی، بۆیە پێش چوونت، بە ڕۆژنامە ناوەخۆیی و نەتەوەییەکاندا بچۆوە و وەڵامێکی تێروتەسەل بۆ ئەم پرسیارە ئامادە بکە.

هەروەها هەوڵ بدە لە هەواڵە بڵاوکراوەکاندا بە دوای هەڵە و کەموکوڕییەکاندا بگەڕێی و بیخەیتە بەرچاویان. جگە لەمانەش، کاتێ بۆ هەر چاوپێکەوتنێک خۆت

ئامادە دەکەیت، وا باشە لە بیرکردنەوەتدا جەخت لەسەر پێنج خاڵی تایبەت بە خۆت بکەیت و لە کاتی دیمانەکەدا چەند جارێک دووبارەیان بکەیتەوە. بۆ نموونە جەخت لەسەر ئەمانە بکە:

- وردی.
- دەستپێشخەری.
- پەرۆشی بۆ فێربوون.
- هەستی هەواڵناسی (ڕۆژنامەوانی).
- زانینی سەرچاوەکان.

یان دەتوانی جەخت لەسەر ئەم پێنجە بکەیتەوە:

- کارکردن لەنێو تیمێکدا.
- نەبوونی متمانە بە دەسەلات.
- کارکردن بەپێی سیستمێک.
- داهێنان.
- بیرکەرەوەی لابەلایی.

هەر یەکێک لەم خالانە (یان خاڵگەلێکی تری لەم بابەتە) خزمەتی زۆری مرۆڤ دەکەن گەر بێت ڕاست و ڕەوان بن. باشترین کاریش ئەوەیە پاوەندی خۆت بە پێنج خاڵەکەوە نیشان بدەیت کە لە لای زۆربەی نووسیاران مەبەستن، ئەوانیش ئەمانەن: وردی، جێی متمانە، باوەڕ بەخۆبوون، کێبەرکێ و دەستپێشخەری لە کاتی گەڕان بە دوای سەرچاوەی هەواڵدا. بەم شێوەیەش گەر بتوانی ئەم خەسڵەتانە بنوێنی و بەو شێوەیەی باسمان کرد خۆت بۆ دیمانەکە ئامادە کرد ئەوا ئەو کات پێویست ناکات بپرسی ئاخۆ بە ڕۆژنامەوان وەردەگیرێم، بگرە دەبێ بپرسی کەی وەردەگیرێم.



# سەرچاوەکان


1. Source: SteveButtry,(+1402)444-1345,www.notrain-nogain.com
2. Committee of Concerned Journalists: Loosining Lips: www.concernedjournalists.org/node/101.
3. The New York Times: Mirroring the World in Images www.nytimes.com/learning/general/specials/weblines/6.html.
4. International Journalists Network: Demand More of Your Stories: www.ijnet.org/.
5. Society of Professional Journalists: Journalism Code of Ethics: www.spj.org/.
6. Getting Your Foot in the Newsroom Door: By Laurence Cawley: www.shorthandworld.co.uk/journalism.html
7. Fedler, Fred. Reporting for the Print Media. 1989.
8. Hollowell, John. Fact & Fiction: The New Journalism and the Non-Fiction Novel. 1977.
9. Ward, Hiley. Magazine and Feature Writing. 1993.
10. Scanlan, Christopher ed. Best Newspaper Writing 1996: Winners: The American Society of Newspaper Editors Competition. The Poynter Institute for Media Studies. 1996. 16
11. Steven Knowlton and Karen Freeman: The Promise of Online Journalism.
12. WWW.balagh.com
13. WWW.usinfo.state.gov
14. WWW.aliraqiyamag.com

# پێڕست


– پێشەکی ............ 5
– ئازادیی دەربڕین ............ 9
– تیۆرەکانی دەربڕینی ئازاد ............ 10
– ئازادیی ڕۆژنامەوانی ............ 21
– ئازادکردنی زانیاری ............ 26
– نموونەیەک لە یاسای ڕەوشتەکانی ڕۆژنامەوانی ............ 29
– هاوولاتی چیی لە ڕۆژنامەوان دەوێ ............ 34
– چۆن دەچیتە ناو پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە ............ 42
– کێن ئەوانەی لە ژووری هەواڵدا کاردەکەن ............ 43
– هەواڵ چییە؟ ............ 52
– کەرەستەکانی ڕۆژنامەوانیی سەرکەوتوو ............ 56
– دابینکردنی سەرچاوەی هەواڵ ............ 57
– برەودان بە بیرۆکەکانی هەواڵ – ئامۆژگاری بۆ نووسیاران ............ 78
– ئاشکرا کردنی ڕاستییەکان ............ 85
– نووسینی بابەتی هەواڵ ............ 88
– چەند ڕێنوێنییەک بۆ بەدیهێنانی: ڕاستگۆیی، وردی و هەڵەگری ............ 96
– ڕێگەی ڕاست بۆ ئامادەکردنی هەواڵ ............ 98
– نووسینی هەواڵی کاریگەر و سەرنجڕاکێش ............ 100
– جۆرەکانی بنیات ............ 103
– جۆرەکانی گێڕانەوە ............ 107
– چەند ڕێنوێنییەک بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت ............ 112
– پاکنووسکردن تەواوکەری هەواڵە ............ 113
– ڕێکخستنی کات ............ 122
– نووسینی هەواڵ بۆ تۆڕی ئینتەرنێت ............ 127
– ڕێبەرێک بۆ سازدانی دیمانەی ڕۆژنامەوانی ............ 130





– کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان چییان لە هەواڵنێران دەوێت؟ ............ 154
– تێبینیی گشتی لەسەر نووسینی ڕاپۆرت ............ 157
– بەزاندنی سنوورەکان ............ 161
– ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەند ............ 163
– ڕۆژنامەوانیی تۆژینەوە ............ 172
– لەمەڕ داپۆشینی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ............ 174
– ئاوێنەی جیهان، وێنە ............ 176
– دروستکردنی ئەرشیڤی هەواڵ ............ 188
– چاوپێکەوتن بۆ بەدەستهێنانی کار لە ڕۆژنامەوانیدا ............ 192